


کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی پێنجەم

کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر


بەرگی پێنجەم

چیرۆک | شانۆنامە

کۆکردنەوەی:

د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر

کوردستان ٢٠٢٥




**کۆبەرهەمی**

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی پێنجەم

کۆکردنەوەی: **د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر**

گرافیك و دیزاین: **بەلوگرافیک - ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

ساڵ و شوێنی چاپ: **٢٠٢٥ - هەولێر**

چاپخانە: **زانکۆی سەلاحەددین**

تیراژ: ١٠٠٠ **دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤١٤) ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێڕست

## چیرۆک


بۆ پێشەوە ........ ٩
زستان هەر.. ساردە! ........ ١٥
دڵداری لە دێ ........ ٢٣
یا (خانزاد و کاکۆ) ........ ٢٣
زارا ........ ٧٧
جەوانمەردیی ........ ٨٥
لە بەندیخانەوە ........ ٩١
مەمۆ ........ ٩٦
ئەوانەی نامرن ........ ١٠٦
یان مردووە زیندووەکە ........ ١٠٦
چاوەڕوانی ........ ١١٤
ورچ و مەیموون ........ ١٢٠
گوڕنەتەڵە ........ ١٢٧


## شانۆنامە


"دز بووا!" ........ ١٣٦
شێت ........ ١٥٢
رزگاری ........ ١٦٨
وانیە، بەڵام با وا بێ! ........ ١٨٠
ئەگەر بایە و .. ئەگەر باران (ئەو ڕەنجەی با دەیبا) ........ ٢٣٤
جیهانی جاویدانیی ........ ٢٦٢

# چیرۆک

# بۆ پێشەوە

له بەندیخانەی بەسرا نووسراوە، ١٩٦٠/١٢/٢٣
له گۆڤاری هیوا ژمارە ٣٥ ساڵی ٥ ئاداری ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە

ئـەو شـەوە، تـا درەنـگ خـەو نەچـووە چاوییـەوە. زۆر جـار لەنـاو پێخـەوە کۆنەکەیـا، لەسـەر زەویـی ژووره سـارد و چۆڵەکەیـا، ئەمدیـو ئەودیـوی ئەکـرد وەک بارێکـی لەبـردن نەهاتـووی ئێجـگار گـران و بـە سـەنگی نرابێتـە سـەر سـینە و هەوڵـی فرێدانـی بـدات ئـاوا بـووا! جۆرەهـا وێنـەی جیـاواز و دیمەنـی هەمـە ڕەنگـە، وەک شـانۆ لـە پـەردەی بادییـا تێپـەڕ ئەبـوون. زۆرەهـا بیـری هەمـە چەشـنه لـە ڕۆخـی پـەڕەی هۆشـی نیمچـە بـە ئاگایـا ئاڵـۆزو تێکـەڵاو بـوون. تەنیـا دیمەنـی کارگـە و وێنـەی خێزانەکـەی و بیـری (ئیـش و کامەرانـی)، لـە گشـت ئاشـکرا و ڕوونـتر لـە گێـژاوی زینـدە خەوەکەیـا هـەر تـاوە نـا تاوێـک بـە زۆر خۆیـان نیشـان ئـەدا و لەنـاکاو گـەرداوی پـڕ زوخمـی گۆمـی شـلەقاوی شـانۆ

لوولـی ئـەدان و گـوم ئەبـوون.

لـەو کاتـەدا کـە ویسـتی ئـارەزوی بـە تینـی خـەو بەسـەر هەمـوو شـتێکی تـرا بسـەپێنێ و بـە زۆر هەسـتی بـە کوڵـی دامرکێنێتـەوە و نەختـێ مێشـکی هەراسـان و مانـدووی بحەسـێتەوە، کـە پێلـووی چـاوە سـوور هەڵگەڕاوەکانـی پێـک دادا، کتوپـڕ شـێوەی ڕووداوی ئـەو ڕۆژەی هاتـەوە بەرچـاو کـە لـە دەمـی خۆرهەڵاتـا، لەگـەڵ هاوڕێکانیـا لـە حەوشـە زلەکـەدا، ڕیزکـران و بگێـڕی کارگەکـە، بـە ورگـی زل و ڕووی هەڵقرچاویـەوە، لـە ڕوویـان وەسـتاو، بەهـۆی چاویلکـە جـام ئەسـتوورەکانییەوە، نـاوی ئـەو کارگەرانـەی خوێنـدەوە کـە بڕیـاری دەرکردنیـان درابـوو. دیمەنـی یاسـاولە چەکـدارەکان کـە هەڕەشـە و خوێـن لەناوچاوانیانـا ئەبـاری، لـە ڕاسـت و چەپـی بگێڕەکـەدا نزیکبوونـەوەی کارەسـاتێکی کوشـندە و سـامناکی ئەگەیانـد!

ئەمەبـوو کرێـکارەکان یـەک دەنـگ و یـەک دڵ وەسـتان و داوای هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو بڕیـارە ناهەموارەیـان کـرد. چرپـە و فسـکە پەیدابـوو. بـازووی ڕووت و مەچەکـی پۆڵایـی لەگـەڵ لوولـەی ئاسـنا تێـک قـژان و بـوو بـە پاڵەپەسـتۆ!

چاویلکـەی گـەورە لەسـەر لووتـی خاوەنیـا سـەمای ئەکـرد، ورگـی زل هاتبـووە هـەژان! لـە قیـڕەی "بگـرە و بـەردە" و لـە هاتوهـاواری "بـژی و بڕوخـێ" دا شریخـەی شەسـتیر دەنگـی دایـەوە. بـە جارێـک شـەش لاشـەی گەرمـی بەردایـەوە.

سـیامەند کـە بەهـۆش هاتـەوە، نەختـێ سـەیری ئەولاوئـەولای کـرد و هەرچەنـد سـوار و سـمکۆی کـوڕی و هەمینـی دایکیـان کـز و خەمبـار بەلایـەوە هەڵتووترکابـوون و هەرچەنـدە نـەورۆزی کچـی وەک پـەری گـەش و بـێ بـاک ئەخولایـەوە و قیـژە و پێکەنینـی ژوورەکـەی پـڕ کردبـوو. سـیامەند خـۆی لـە شـوێنێکی لێڕانەهاتـوو بینـی! لێـوە هیشـکەکانی کـرەوە و کۆمەڵـە پرسـیارێک خەریکـی تەقیـن بـوون. هاتنـە ژوورەوەیـە پزیشـک و بریـن پێـچ و ئافرەتـە سـپی

پۆشـەکان لـەو کاتـەدا گومـان و سـۆی نەهێشـت و تـا ڕادەیـەک هەمـوو شـتێکی بـۆ ڕوون کـردەوە! دوای تیمارکـردن و دەرمانگـۆڕی پزیشـکەکە بەسـۆز سـەیرێکی منداڵەکانــی کــرد، دڵــی هەمینــی دایــەوە و چوونــە دەرەوە.

هەمیــن بــە چــاوی بەلەکــی پــڕ فرمێســک و زولفــی ڕەش لــە ژێــر لەچــەکا دەرهاتــوودا ڕووی بەفریینــی هەنــدەی تــر شــیرین و دڵگــر بــوو، لــە ســیامەند نزیــک بــووەوەو لێــی پرســی:" باوکــی ســوار، چۆنــی گیانەکــەم؟" لــە وەرامــا ســیامەند هەناســەیەکی پــڕ ئــازاری هەڵکێشــا و بــە دەنگێکــی وشــک و بێهێــزا وتــی " زۆر باشــم". یــەک لــە دوای یــەکا دەســتی بەســەر منداڵەکانیــا هێنــا و ئەمانیــش بــە گەرمــی ماچیــان ئەکــرد. پاشــماوەیەک بێدەنگــی هەســت بزوێــن، هەمیــن بــە نەرمــی و زۆر لەســەرخۆ، کەوتــە گێڕانــەوەی کارەســاتەکە و باســی ئەمــەی کــرد کــە چــۆن بریندارەکانیــان بــە خۆنیشــاندانێکی ئێجــگار گــەورەوە گوێزایــەوە نەخۆشــخانەکە، چــۆن تەرمــی شــەش شــەهیدەکانیان بــە شــەقامەکانی شــارا گێــڕا و هەزارەهــا قــۆڕگ تێکــڕا داوای (خوێــن و تۆڵە)یانــی ئەکــرد و چــۆن بــە ئاهەنگێکــی میللــی ســاماناکەوە ئــاوارەی خاکــی پیــرۆزی نیشــتمان کــران. ســیامەند هەناســەیەکی تــری هەڵکێشــا و خەندەیەکــی پــڕ هیــوای هاتــە ڕوو. بــە دەنگێکــی بەســۆز و باوەڕێکــی چەســپاوەوە گوتی:"دڵنیــام، کــە ئیمــڕۆ زۆربــەی زۆری گــەل هەســتی بــە دەردی خــۆی کــردووە و دوژمنــی هــەرە گــەورەی خــۆی ناســیوە کــە ئیمپریالیــزم و کۆنەپەرســتییە و ڕێگــەی ڕاســتی خەبــات و تێکۆشــان و یەکێتــی دۆزیوەتــەوە، دڵنیــام کــە پاشــەڕۆژی گــەش و ســەرکەوتن هــەر بــۆ ئێمەیــە. بــۆ گــەل!"

ئــا، ئەمــەو ئــەو هەمــوو ڕۆژە دوور و درێژانــەی دوای دەرچوونــی لــە نەخۆشـخانەدا سیامەند بـە شـوێن کارا ئەگـەڕا و ڕۆژگاری لـە چایخانـە و شـەقامەکانا ئەبــردە ســەر و منداڵەکانــی لاواز و ڕووت و برســی تــاڵاوی ژینیــان ئەچێــژا. تــا لـە ئەنجامـا لـە کارگـەی چیمەنتـۆدا بـە ڕۆژانەیەکـی زۆر کـەم دامەزرێنـدرا، کـە

لـه شـانۆی ژینـی ڕابوردوویـا ڕوویدابـوو، ئـەو شـەوە پێـش ئـەوەی بـە تـەواوی ئـاگای لەخـۆ نەمێنـێ و پرخـەی خـەوی لێـوە بـێ، لەسـەر "شـانۆی خەیالیـا" دوور و درێـژ دووبـارە کرایـەوە..

دیـل بەسەربەسـتی و تینـوو خـەو بـە ئـاوەوە ئەبینـی! خـەوی ئـەو نیوەشـەوەی سـیامەندیش بەشـێک بـوو لـە چیرۆکێکـی پـڕ کارەسـات و ڕووداوی زینـدوو. هـەر ئەمـە بـوو هۆشـی پەنـگ خـواردووی جلـەوی بـۆ شۆڕەسـواری خـەوا شـۆڕ کـرد. وەک زنجیـر ڕۆژانـی ڕابـوردووی تێـک هەڵکێشرانـەوە و سـیامەند لـە کـۆڕی هەمـان ژینـا ئەڵقـەی تـری پێـوە ئەبەسـت! لەخـەودا سـیامەند خـۆی لەگـەڵ هاوڕێکانیـا بینـی. پـۆل پـۆل کرێـکارەکان کـۆوە ئەبـوون و گفتوگۆیـان ئەکـرد، لەبـارەی مانگرتـن و خۆنیشـاندانە تیکراربیەکـەوە ئـەدوان و پیلانیـان بـۆ دائەنـا. لـەکات و شـوێنی دیاریکـراودا هـەر کۆمـەڵ بـوو ئەگەیشـت و دروشـمە نووسراوەکانـی بـەرز ئەکـردەوە. بـە ماوەیەکـی زۆر کـەم لـە شـەقامە درێـژ و بەرینەکـەدا زەلام زەلامـی ئەسـمی و. لەگـەڵ نیشـانە وەک شـەپۆلی دەریـا لافـاوی گۆشـت و خوێـن خـزی!

لەهـەر لایـەکا داخوازییەکانـی گـەل دەنگـی ئەدایـەوە. "بـژی یەکێتـی کرێـکار و جووتیـار، مـردن بـۆ دەرەبـەگ و کۆنەپەرسـتی. ئیـش بـۆ کرێـکار و زەوی بـۆ جووتیـار و ئاشـتی بـۆ گـەل، بڕوخـێ داگیرکـەر و کلـک و نۆکەرەکانـی، چیتـان ئـەوێ؟" نـان، دیموکراسـی، سەربەسـتیی، ڕزگاری! بـژی ئاشـتی لـە جیهانـا. بـا بـژی. بـژی!" سـیامەند لـەم گەنـدە خـەوەدا، خـۆی سـەرکردەیی ئـەو هێـزە نیشـتمانییە پتـەوە لـە شـکان نەهاتـووەی ئەکـرد و بـە چالاکـی ڕووە و ئامانـج هەڵمەتیـان ئەبـرد. لەبەرەنگاربـوون و پێکهاتنیـا کاروانـی نەبـەزی گـەل بەسـەر هێـزی چەکـداری دوژمنـا زاڵ بـوو. هەرچەنـد نرخـی سـەرکەوتنەکە، زۆرەهـا قوربانیـی دا و بـۆ گەیشـتن بـە قۆنـاخ و ئامانجـا.. لـە دوا هەنگاویـا بـوو ئەسـتێرەی ئـازادی و کامەرانـی لـە ئاسـۆدا ئەدرەوشـایەوە. کـە لـە بانگـە بانـگا سـیامەند

ڕاپــەڕی لەخــەو. هەمیــن، دڵتەنــگ و گەچــراو. لەنزیکیــەوە ڕەق ڕاوەســتابوو.

بەیانــی بــاش، باوکــی ســوار. هیــوادارم ئــەم هاتوهــاوارەت بــە بۆنــەی خەونێکــی خۆشــەوە بووبێــت! ســیامەند لەســەرەتاوە زنجیــرەی خەوەکــەی هاتــەوە یــاد، خەندەیەکــی زەرد لێــوە سیســەکانی لێــک ترازانــد، دەســتی هەمینــی خســتە نــاو لەپــی خۆیــەوە و بەســۆز وتــی: بەیانــی باشــتر، خۆشەویســتەکەم! چیــە وا دیســانەکە خــەم و پــەژارە باڵــی بەســەرا کێشــاویت؟ خــۆت لێــمان کردۆتــە بازرگانــی خەمبــاری!"

حاجــی بایــز لــە ســەری کردوویــن بــۆ پارەکــەی. ئێســتە بلــەی باجەســتێنی مــوژدەی بــۆ هێنــام، ئەگــەر ئیمــڕۆ کرێــی هــەر ســێ مانگەکــەی لەســەریەک نەدەینــی ئــەوا بەیانــی زوو خانووەکەمــان پــێ چــۆل ئــەکا و لێفــە شــڕەمان لــێ فــڕێ ئەداتــە دەرەوە. ئــاخ! ئــاخ لــەم ژینــە تاڵــە! لــەم کاتــەدا گارەگاری ســوار و ســمکۆ گەیشــتە گوێیــان کــە لــە هەیوانــا لەســەر تەنیــا کراســەکە یەکتریــان ئەهێنــا و ئەبــرد! "تــف لــەم ژینــە تاڵــە!" ســیامەند لێوەکانــی خــۆی کروشــت! وەک شــێری زامــدار لــە نوێنــە شــڕەکەیا دەرپــەڕی. ناوچەوانــی هەمینــی مــاچ کــرد و بــە دەنگێکــی نزمــی پــڕ بــڕواوە گوتــی" گــوێ بگــرە، هەمیــن. ئەمــڕۆ مانگرتــن و خۆنیشــاندانە. داوای گەڕانــەوەی دەرکــراوەکان و زۆرکردنــی ڕۆژانەمــان و هەشــت ســاعەت ئیــش و بەربوونــی دەستبەســەر و دوورخــراوەکان ئەکەیــن. ئیــتر خــۆت و جــەرگ و قارەمانەتیــت هــەروەک جارانــی پێشــوو ئــاگاداری منداڵــەکان بکــە و ئەبــێ گیانــی بەرهەڵســتیت هەمیشــە لەبەرزیــدا بــێ.

مانگرتن و خۆنیشاندان مافێکی دان پیاهێنراوی نووسراوە!

ئــەو ڕۆژە، ســیامەندو پاڵــەکان چەشــنی ئاگــر دەروونــی کۆمەڵانــی خەڵکیــان جۆشــاند. فەرمانــی ڕێکخســتن و پێشــڕەوی کردنــی خۆنیشــاندانەکەیان ئــازاو نەبەزانــە بــەدی هێنــا و لــە هــەر لایــەکا وەک شــێر نرکەیــان ئەهــات. گوێیــان نەدایــە هێــزی دوژمــن و لــە مــردن نەگەڕانــەوە. تەنانــەت لــە گیــزەی گوللــەی

شــارەکە بەســەریانا ئەبــاری، نەســلەمینەوە!

چــوار ژەندرمــەکان لەنــاکاو کــە پڕیــان دایــە و بــە زۆر مەچەکیــان خســتە کەلەبچــەی ئاســنەوە، ســیامەند هــەر هــاواری ئەکــرد: "بــۆ پێشــەوە. بــۆ پێشــەوە.."

هەمیــن کــە بــەدەم هەنســکی گریانــەوە چــوو بــۆ گرتووخانــە ســیامەند دەنــگ و باســی لــێ پرســی؟ هەمیــن بــە دزییــەوە ســەیرێکی ئــەولاو ئەمــلای کــرد و چرپانــدی بەگوێیــا: کــوژراو: هەشــت و پەنجــا و دوو برینــدار و لــە گیــراو هەرمەپرســە.." ســیامەند مــووی لەشــی لێبــوو بــە نەشــتەر! شیشــە ئاســنینەکانی هەژانــد و بــە دەنگێکــی ترســناک نەڕانــی: هــەی خاکیــان بەســەر، بــۆ کــوێ ڕائەکــەن؟ هەمیــن دڵنیابــە، ئەمــە دوا تیــری دوژمــن و لەقــە ژەنــەی ســەرەمەرگیەتی. ئــەم خوێنــە گەشــە کــە ڕشــتراوە درەختــی ســەرکەوتنمان ئەروێنــێ. لاشــەی ئــەم قارەمانانانــە پــردی ڕێگــەی خەباتمانــە و بــە ئامانجــمان ئەگەیەنــێ. ئێمــە لــە پێنــاوی گــەل و نیشــتمانا خــۆ بەخــت ئەکەیــن. ئــەو گەلــەی نرخــی سەربەســتی و ڕزگاری لــە گیانــی ڕۆڵەکانــی، بــێ ژمــار، ئــەدا، بێگومــان بــە ئــاوات هــەر ئــەگا و هەرگیزاوهەرگیــز نامرێــت..!

بــە پێچەوانــەی ئــارەزووی دەروونــی هەمیــن کــوڵاو گۆناکانــی بــە فرمێســکی جۆشــاوا تــەڕ و بــەراو کــرد. ســیامەند دڵــی دایــەوە و بەســۆز و ڤیانــەوە گوتــی:

هەمیــن گیــان، تــرس و گریــان بــۆ ئێمــەی (خەباتــکار) نەهاتــووە. بەتایبەتــی ئیمــڕۆ کــە ئافــرەت نیوەکــەی تــری کۆمــەڵ، پێویســتە چاکــی تێکۆشــانی لــێ بــکا بــەلادا و شــان بــە شــانی براکانــی بێتــە کــۆڕی خەباتــەوە"

لــە ڕێــگای ماڵــەوە، بــە دەنگێکــی ئاشــکرا و بــە ڕوویەکــی پــڕ بــاوەڕ و هیــواوە، لەبــەر خۆیــەوە هەمیــن ئەیــووت:

"ئــەو گەلــەی... ســیامەندەکانی... ســوار و... ســمکۆ و نــەورۆز و هەمیــن ئەکــەن بــە قوربانــی... ســوڕ ئەگاتــە ئامانــج و هەرگیــزاو هەرگیــز نامرێــت!!

# زستان هەر.. ساردە!

لە بەندیخانەی بەسرا نووسراوە، ١٩٦١/١/١٥

بەیانــی زوو ئـاودەل، وەک جـاران لەخــەو هەڵسـا، پـاش بەئاگاهێنانــی بەســێ، دوو ڕکات نوێــژی کـرد. بــەڵام ئــەو ڕۆژە، زێــدە لــە ڕۆژانــی تــر لەکاتــی دەس نوێــژ هەڵگرتنـا پەنجــە چرچەکانــی تەزیــن و زۆر خەریــک بــوو، دوا بــەدوای نوێژەکەیـا، تـا جگەرەیەکـی شـل و شـۆقی پێچایـەوە و بـە چرکـە چرکـی ئەسـتێ و بەردەکەیـا دایگیرســاند و کەوتــە هەڵمژیــن.. ســووی بەفــر و کڕێــوە خوێنــی لــە دەمــارا ئەمەیانــد.. بەسـێ خەریکـی چێشـت و چایـی کـردن بــوو..

(بــۆرە) لــە ترســی ســەرماوە خــۆی خزانــد بــووە ژێــر دەس و پێــی کــەرە (دێــزە)ەوە و تەنانــەت مریشــک و کەڵەشــێرەکان لەســەرمانا ئــەو بەیانییــە زۆر زوو گیشــەدارەکەیان بەجێهێتشــبوو، بــە قــاڕە قــاڕ و قــوو قــووەوە لــە ژووره تاریکەکــەدا

بەسـەر نوێـن و ڕایەخـە شـڕە کۆنەکانـا باڵـە فڕکـە و هاتووچۆیـان بـوو.. خەویـان لـە منداڵـە وردەکانیشـا تـاڵ کردبـوو.

لەگەنـی مـاش هەڵمـی لـێ هەڵسـا و تێکـڕای خێزانـە کلۆڵەکـە پێکـەوە دامەزرانـە سـەری! فـڕەی مـاش، قرتـەی مامـر، پڕمـەی دێـزە و مـڕەی بـۆرە و بـۆڕەی مانـگارەش لـە ژووره تەنگەبەرەکـەدا تیپەکـی مۆزیقـای ناسـازیان پێکهێنابـوو. گەرچـی بـەلای (ئـاودەل و بەسـێەوە) شـتێکی ئاسـایی و نیشـانەی دڵنیایـی و ترووسـکەیەکی هیـوای ژیـن و مـان بـوو. منداڵـەکان ورگـن و چلکـن، قـژ و پەرچـەم دووکەڵاویـی، زەرد و بێهێـز و چـاوزەق، ئەمەندەیـان (مـاش) فڕکـرد هەمـوو بـە ڕوومـەت و کۆنـە بەروانکەیانـا هاتـە خـوار.. هـەر تـاوە نـا تاوێکیـش پەنجـەی نینـۆک تیژیـان ئەنایـە قـژی ئاڵۆزیانـەوە، یـا سـنگ و بەرۆکـی خۆیانیـان هەڵئەکرانـد!

کـە تەققـەی پیاڵەکـە هـات هـەر منداڵـە بـوو خـۆی دایـە پـاڵ دایکییـەوە و چـاوی بڕیـە شـەکەردانی دار و بـە فسـکەوە ئەیـووت: "دایـە دیشـلەمەی ئەخـۆم" بەسـێ چەپەرۆکەکـی ئـەدا بـە دەمیـا و ئەیـووت "وەی ڕەششـاو زلفنجـێ خـۆی، کەسـکە! کـوڕە خـۆ ناهێڵـێ جـارێ بابەکەیـان ئیسـتکانە چایەکـی فـڕکا.. پەکـوو! دواتـان بـڕێ هـەی، چ نەوسـن و چڵێسـن!" ئـاودەل مژێکـی لـە سـیخارەکەیا گـرت و سـۆتەکەکەی بەسـەر ڕانکـە شـڕەکەیا پـژا و بـێ ئـەوەی سـەیری بەسـێ بـکا وتـی "قەیـدی نـاکا ئافـرەت، جـارێ ئەمانـە دابیـن بکـە" بەسـێ پیاڵـە چایەکـی بـۆ ئـاودەل دانـا و گوتـی: "کـوڕە دەی دەی، خوابیـان باتـەوە، دەبـا نەختـێ ئارامیانـا هەبـێ، خـۆ لەبەریانـا هەڵنایـەت". ئەنجـا تـۆزێ دەنگـی بـەرز کـردەوە" ئاخـر نـە هەمـوو فیـت لـە بـن سـەری تۆیـە ئـاوا فێـرت کـردوون، ئامـان! چەنـد زۆر خـۆر و بـێ ئابڕوونـە!! زەرداوێکـی تـێ کـرد و دەسـتی بـۆ منداڵـەکان ڕاگـرت، کەچـی لـە فـڕان فـڕان و تیتـک ڕاکێشـانا پیاڵەکەیـان وەرگێـڕا! زەرتـکاو ڕژایـە نـاو ئاگـردان و خۆڵەمێشـی ژوورەکـەی پونگانـدەوە، بەسـێ بـە مشـت کەوتـە گیانیـان

و قـاڕە و قووڕەیـان لـێ هەڵسـا..

بەسـێ لەسـەر دەسـتووری دێیەکـە، سـەرتاپای جـل و بەرگـی شـین و خماویـی بـوو.. بـە ساردی هەڵسـاو چـوو بـۆ لای سـەنووقە دارە ڕەنگاورەنگەکـەی بنەبانـی کونجەکــە و چەنــد پرێســکەیەکی کــردەوە. کــە هاتــەوە بەســەر ســەماوەریی تەنەکـە، بـە وشـکی وتـی " پیاوەکـە، شـەکر و دەرمـان چایەمـان نەمـاوە، ئەبـێ ئەمـڕۆ بچیتـە شـار، هەروەهـا خـوێ و دوو قالـب سـابوون و هەشـت گـەز چیـت بـۆ کراسـی مناڵـە وردەکان بێنـە". ئـاودەل جگـەرەی لـە مـووی سـمێڵ و ڕیشـی تێکەڵاوبـووی کـردەوەو بـە چاوێکـی مەترسـی تێـزاوا وتـی: "حـای خێـری پێـوە نەبـێ! ئەوجـا ئـەو پارەیـە لـە گـۆڕی باوکـت دەربێنـم! ئـەوە کێـڕا ئەمانـە بـڕان، خــۆ هەمــووی دوو کاروان نابــێ هێناومــن؟ بەســێ بــە تەســەوە وتــی" ڕاســت ئەکـەی، خـواردن ئـاگای لـە بـڕان نییـە! ئـەی گوایـە ئـەم دوا بـڕاوە ورگ دڕاوانـە بـە هـەوا ئەژیـن؟ هـەی خـوا لەکۆڵیـان کاتـەوە و منـی ڕەشـە کلۆنـە.. نـان بـڕاو مـاڵ وێرانیـان کردیـن.." ئـاودەل سـەری بـۆ لەقانـد و دوای کزبوونێـک وتـی: نازانـم چـی بکـەم! هەروەختـە لـە ناوتانـا ڕاکـەم.. لەمـلا پینـەی ئەکـەم لـەولاوە کونێکـی تـێ ئەبـێ.. خوایـە، کـەی لـەم ڕۆژە ڕەشـەمان ڕزگار ئەکـەی؟ نازانـم بەشـی ئێمـە بـۆ ئەمەندەیـە؟ چەنـدی ئەکـەم.. هەتـا پـتر ڕەنـج ئـەدەم، ڕۆژ و شـەو ڕاناوەسـتم کەچـی هـەر نانمـان بـە دۆ ڕانـاگات! برسـیەتی، ڕووتـی، نەخۆشـیی! ماندووبـوون.. بێـگار و جوێـن و نـاز و فیـزی ئاغـاش سـەرباری و بـێ بـار.." بەسـێ چایەکـی تاڵـی لـە پێـش دانـا و گوتـی: "ئەنجـا ئـەم ڕیـس و گوریسـە بـۆ ئێمـە بـۆ ئەڕێسـی؟ ئـەوە کاری خوایـەو زۆر شـوکر، خـۆ ئێمـە لـەو هەمـوو خەڵـک و خوایـە زێـتر نیـن.. ئەمـەش سـایەڵی ئـەو عالەمـە! لـە گشـتی باشـتر ئەمەیـە کووچـە کـەرێ بدەیتـە پێـش خـۆت و بزانـە بارێـک چیلکـەوە یـا باسـکەدار بارکـەو.. داروشـارەکەی بـۆ بکـە.. پیاوەکـە خواکەریمـە و سـەری بێنـان لـە ژێـر خاکـە!"

دەنگێـک لـە دەرەوە بانگـی ئاودەلـی کـرد و قسـەی پـێ بـڕی، سروشـت لـە

سـەرمانا کـش و مـات بـوو.. ئەتـووت مەترسـیی کارەسـاتێکی خۆرسـک لەگـەڵ بەفـرە کۆنەکـەدا باڵـی بەسـەر دارو پـەردوودا بشـارێتەوە! کابـرا بـە ئاودەلـی وت" ئاغـا داوات ئـەکا". هەتـا ئـاودەل بـە شـپرزەیی پرسـی" بـەم دەمـە ئاغـا چـی ئەوێـت؟ کابـرا لەسـەری کۆڵانـە کورتەکـەدا پێچـی دایـەوە.. گـوم بـوو. دوای کورتـە هەڵوێسـتەک، ئـاودەل بـە بۆڵـە بـۆڵ ڕووەو ماڵـی ئاغـاوە کەوتـە ڕێ و لـە دڵـی خۆیـا هـەزار و یـەک بیـری ئەکـرد.. بـەدەم ڕۆیشـتنا ئەیـووت: خوایـە دیسـان ئەبـێ ئاغـا چیـم پـێ بـکا؟ ئەزانـم لـە خۆڕایـی بـە شـوێنما نانێرێـت، ئینجـا بزانـە بـەو سـەرما و سـۆڵەوە بـۆ کام دێ، یـا بـۆچ دزییـەک ڕەوانـم ئـەکات، یـا بـۆ کوشـتنی کام قوڕبەسـەر هانـم ئـەدات! هـەی مـاڵ وێـران خـۆم! ئـەی خوایـە لـە ژووری سـەری هەڵـی نەگـری هـەی!"

ئـاودەل ئـاوا ورینـەی ئەکـرد کـە گەیشـتە بـەردەم دیوەخـان. ژوورەکـی ئاغـا! لـە سـێ لاوە تەخـت و قەنەفـە ڕیزکرابـوون.. زۆپـای ئاگـر گرپـەی ئەهـات و لـە زۆر شـوێنیا سـوور هەڵگەڕابـوو.. پارچـە کاشـانێکی چوارگۆشـە سەرانسـەری هۆدەکـەی داگرتبـوو.. ڕادیۆیەکـی پاتـری وشـک لـە سـووچێکا لەسـەر مێزێکـی ڕەشـا، ئـاوازی (چەچـای) لێـوە ئەهـات.

ئـاودەل کـە بـەدەم لێـوە لـەرزەوە خورپـەی لـە دەرگاوە هێنـا، ئاغـا لـە بـە جامـەی ئاوریشـم و شـەوڕۆییدا لەسـەر ئـاوازی مۆزیقاکـە خەریکـی مەشـقی دانـس و هەڵپەڕیـن بـوو.. کەچـاوی بـە ئـاودەل کـەوت، بـێ ئـەوەی خـۆی لـە هەڵپەڕیـن بـکا، بەسـەری لووتـی وتـی: "ئـاودەل، بچـۆ دووبـار دارمـان بـۆ بێنـە". ئـاودەل کـە تـا ئێسـتە حەپەسـابوو.. سـەری لـە هەڵپەڕینەکـەی ئاغـا دەرنەئەکـرد، بـە بیسـتنی فەرمانەکـە ڕاچلەکـی و هەنـدەی تـر پەشـۆکا.. بـۆ ماوەیـەک دامـاو نەیزانـی چـی بـکا. کـە نەختـێ هێـور بـووەوە، بەشـپرزەیی و پاڕانـەوە، بـەدەم کۆکینـەوە وتـی: میـرم، خۆمـان شـەکر و چایـە و کەلوپەلـی ترمـان نەمـاوە، بـە نیـاز بـووم... ئەمـم... بـارە دارێـک بـۆ شـارێک بەرم..مناڵەکانـم ڕووت و برسـینە".

ئاغـا هـەر بـەدەم هەناسـە بڕکـەی هەڵپەڕینـەوە، وتـی "خـۆ منداڵەکانـت سـندانیان ناگاتـێ، ئەمـڕۆ نـا سـبەی. ئـەوە بـۆ چەنـد ڕۆژە ڕووت و برسـی نەبـوون ئیمـڕۆ نەبـێ؟ یـا چونکـە ئێمـە دارمـان لـە دیوەخانـا کـەم بـووە؟ ئـاودەل کـە چـاوی بڕیبـووە گرپـەی سـۆبەکەوە، بـاش ئەیزانـی بـێ چارەیـە و توانـای ئـەوەی نییـە (فەرمانـی ئاغـا) بشـکێنێ، بـە کزییـەوە وتـی: "میـران ئاخـر چـۆن دوو بـار دارت بـۆ بێنـم، خـۆت ئـاگاداری، ئحـم تەنیـا کەچـە کەرۆکەکـم هەیـە؟" ئاغـا لـەو چەنـد و چۆنـە چـاوەڕوان نەکـراوەی ئاودەلـدا زۆر پەسـت و بێـزار بـوو.. دانسـەکەی ڕاگـرت و نەڕانـی بەسـەریا: "کـوڕە بـۆ هەنـدە کـەر و قسـە ڕەقـی؟ بەسـیە درێـژەی مـەدەرێ، یـا کەرێـک بخـوازە، یـا بـە کووچەکـەری خـۆت دوو ڕێ بکـە، خـۆ تەیـارەم بـۆ دروسـت ناکەیـت ئەمەنـدەم بـۆ ورد ئەکەیتـەوە.. دەبـڕۆ، ملـی خـۆت بشـکێنەو چیـتر دانسـەکەم لـێ مەشـێوێنە.. ئەمـەی وت، دەنگـی ڕادیۆکـەی بەرزتـر کـردەوە، کەوتـەوە، هەڵپەڕیـن.. ئـاودەل، بـە دڵشـکاوی کشـومات کشـایەوە و بـەدەم هەنسـکی کوڵـی بێزاریـی و ناچارییـەوە بـەرەوماڵـی خـۆی ڕاکێشـا!

هەورێکـی زۆر سـپی و بـۆر بەرزایـی ئاسـمانی داگرتبـوو! کینـە و داخێکـی ئێجـگار زۆر لـە دەروونـی ئاودەلـدا پەنگـی خـواردەوە، وەک قەفـەی زنجیـر هەمـوو ڕوداو و بەسـەرهاتی پێشـووی هاتـەوە یـاد کـە لەگـەڵ ئاغـا لێـی قەومابـوو.. هـەر لـە بێـگاری زۆران ڕۆژە جـووت و دروێنـە و شـەوە- چـۆم- ئـاودان و کەپـرو سـابات کردنـی بـە خۆڕاییـەوە تـا (دە دینـار) سـوورانە لـە ڕۆژی بەشـی خواسـتنیا و، جارەهـا دزی و ڕێگـری و شـەڕە تفەنـگا لـە تافـی لاوێنییـا، هەتـا پەرژیـن و ڕەزبڕیـن و موتوربـە و گـزرە و دارکردنـی سـەردەمی دوایـی گشـتی لـەم سـاتەدا هاتـەوە بەرچـاو! بـە جارێـک جیهانـی بەریـن و فراوانـی لا تەنـگ و تـار بـوو.. هـەر لـە دەرگای زنجـە قووڕەکەیـەوە قـاڕە و قیـژەی منداڵەکانـی کاسـەی تاسـاوی پـڕ کـرد و بەسـێی بینـی لەسـەر ئەژنـۆ مانـگا ڕەشـی ئەدۆشـی، هەسـتێکی سـەیری پیاهـات و هەناسـەیەکی سـاردی هەڵێنـا!

بەسێ لە ژێر گوانی مانگا ڕەشەوە ئاوڕێکی بەسەرشانیا دایەوە و زۆر بە وشکی وتی:" ئەوا لە کوێ بوویت پیاوەکە؟ ئاوا درەنگ داهات.. ئەدی کەنگین داران ئەکەیت و ئەچیتە شاری؟" ئاودەل بە دەم لیرخەی کۆکینەوە وتی: "بۆ داران ئەچم، بەڵام شار.. نەما" وەک هیچی لێ تێنەگەیشتبێ، بەسێ پرسی: "چی.. چی! کوو؟ ناچیە شاری! ئەدی هەروا بێ شەکر و چاو و خوێ و سابوون بین، ئەدی منالەکان بەم سەرما و سۆڵە و سایەقە هەروا ڕووت و ڕەجاڵ بن! دەنا (بە تەوسەوە گوتی) "دەنا مزگێنت لێ بێ، هەممانەی ئاردیشمان داوەشێتراوەو.." ئاودەل، لە مەراقانا ئارامی لێ هەڵگیرابوو، بۆیە هەر لە کورتییەوە قسەکەی پێ بڕی و ڕاستەوخۆ لە مستی نا و بە گرژییەکەوە وتی " بەسە، بەسە بەسێ چیترم بۆ مەڕێسە" من ئەبێ ئەمڕۆ بۆ.. بۆ ئاغا بچمە داران.. زانیت؟ ئەنجا بە تەوسەوە دەنگی هەڵبڕی "تۆش ئەحمەم، ئە.. ئە.. ئە.. تۆش بڕۆ ماڵی ئاغای چاوتێر و دەستبڵاو، بزانە چیت پێویست بوو ئەما، ئەحم، بە زۆرەوە پێتی ئەدەن.." بەسێ تف لە قۆرگیا نەما.. هەموو دیمەنێکی ڕەش و خەمناکی پڕ مەینەتی لەو کاتەدا هاتە بەرچاو..!

ئاودەڵ دوو پەتە گوریسی هەڵاوێزی.. کولە بیورەکەی لە قەرپوزی کۆپانی دێزەدا قایم کرد و تەورداسی نەبڕی نایە بەر پشتی خۆیەوە، کە دوو لینگانەی بەسەر دێزەدا هێنا و بەرەو چیا ئاواییەکەی بەجێهێشت و کزەبایەکی ئەوەندە ساردی ئەهات وەختابوو هەموو جەستەی ڕەق هەڵگەڕێ، ناچار بوو پاش ماوەیەکی زۆر کەم دابەزی و بە ویزە دێزەی گران ڕۆی دایە بەر نەقیزە..

لە قەد پاڵی گردێکی نەدیوا، لە چڕو دەوەنێکا قۆپەنە دارێکی ڕەچاو کرد و لێی دامەزرا. هەورە تریشقە کەوتە چەخماخە لێدان! تەققەی کولە تەور لەوبەر دەنگی دایەوە و دۆڵی گەلێ کش و مات و خامۆشی سامناکی پڕ کرد! لە ئاسمانی بێ ڕەنگا وردە ووردە، وەک پارچە جلۆکە، بەفرە بۆر

سـەرە و ژێـر گێژیـی خـوارد و دار بـەڕووی ئـاودەل لـە سـووی سـایەقەدا ئـاودەل بـاش دەس و پلـی تەزیـوی ... بیـور بێـزاری و دەردی ناچاریـش ئەوەنـدە گیـان و هۆشـیان لـە تاسـەوە بـرد، ئاگایـی لـە هیچـەوە نەمـا بـوو کـە زرمـەی تـەوری سـەنگین لـە قاچیـەوە هـات و لێشـاوی خوێـن لـە گەرمـە برینـی وەک زراوی ماسـی تـرازا و فڕکـەی کـرد و جۆگەلـەی بەسـت.

بەفـر تـا ئەهـات تەوژمـی ئەسـەند و تێـی ئەکـرد! گەرمایـی لـە لەشـی ئاودەلـدا نەمـا. هەرچەنـدە کۆنـە شـڕە پشـتێنەکەی لـە برینەکەیـا پێچـا سـوودی نەبـوو. خوێنـی گـەش نەوەسـتایەوە.. بەفـر و خوێنـی مەییـو تێکەڵاوبـوون. ئێـش و ئـازار بـە جـارێ پەکـی کار و لـە جووڵـەی خسـت.. بەفـر و سـەرما پشـتیان لـێ سـەند و جەسـتەی کڵـۆڵ و سـڕ بـوو، کوێلـەی زامـداری بـێ چـارە دەسـتی داو.. لـەم سـاتە گرنـگ و تەلەزگەیـەدا کـە بـێ ئـارەزوو پێڵـووی چاوەکانـی نووقـا، بـۆ دواجـار ڕووەو دێیەکەیانـا ئاوڕێکـی دڵبـڕی دایـەوە و ئاخێکـی ساردی نائومێـدی هەڵکێشـا.. وێنەیەکـی شـێواوی بەسـێ و مناڵەکانـی لـە یـادی بـێ هێزیـا تێپەڕبـوو، پێـش ئـەوەی دەمـی قووپـاوی پێکـدادا و هەتـا هەتایـە نەیکاتـەوە بـە چـاوێ هەمـوو مانایەکـی پاڕانـەوەو نائومێـدی و داوای چاکـە و یارمەتیـی تیـا ئەخوێنرایـەوە، سـەیری (کـەرە دێـزەی) کـرد کـە تاکـە گیانـدارێ بـوو لـەو کاتـەدا پەنـا و هانـای بـۆ بـەرێ و..تەنیـا هاوڕێـی هـاودەردی بـوو کـە ماڵئاوایـی سـەرەمەرگی لێبـکات!

لاشـەی سـاردیی بێـگان ڕاقەنـاو، گلـۆڵ بـۆوە..! دوای نیـوەڕۆ بارسـتایی بەفـر نزیکـەی دوو بسـت ئەبـوو! تـا ئەهـات لـوورەی بـاو و هوروژمـی زریـان تینـی ئەسـەند.

قاقـای پێکەنینـی ئاغـا لـە دیوەخانـەی گەرمـا دەنگـی دایـەوە! تێروتەسـەلی چێشـتێکی چـەور و بەتـام، لەگـەڵ چەنـد مێوانێـکا خەریکـی چایـی خواردنـەوە بـوون.. بـەدڵ و بەگیـان لـە خۆشـی کـەژی زسـتانی سـەخت و تووشـا ئـەدوان

و لــە پەنجــەرەی مینابەنــدەوە بــە مەســتیی ســەیری دیمەنــی جــوان و دڵگــری بەفرەبارانیــان ئەکــرد. لەنــاکاو هاتوهــاوارێ پەیدابــوو! کــە ئاغــا نۆکەرێکــی بانــگ کــرد و لێــی پرســی، خزمەتکارەکــە بــە ترســەوە گوتــی: میــرم ســەلامەت ئــەوا بەسێیە ئەڵــێ تــا ئێســتە ئــاودەل نەگەڕاوەتــەوە.. گوایــا دێــزە خــۆی و خــۆی هاتۆتــەوە ماڵــەوە. ئاغــا نەختێــک دامــا.. ئەنجــا بەتوڕەییــەوە گوتــی: ئــاودەل نەگــورگ ئەیخــوا و نــە دز ئەیبــا، جــا بڵــێ کۆنــە فلقــێ ئــەم قیــژە قیــژەت لەچــی؟ لــەوی وایــە شۆڕەســوارێکی نەوجەوانــی تــازە زاوای چۆتــە شــەڕ و نەگەڕاوەتــەوە. بــڕۆن بزانــن بــێ دەســەڵاتە عەمــر نەمایــەی لەکــوێ دێــزەی لــێ هەڵاتــووە بــۆی بەرنــەوە.. بەڵــێ چەنــە بــۆ گرتــووم.. لەبەیانییــەوە بــۆ دوبــار دار ڕۆیشــتووە، حــەک پاشــەلی بشــکێ و ئەســتووی وردبــێ. ئاخــر ئــەو تەحــرە مســکێنانەمان لەدێیەکــەدا هەیــە بۆیــە حاڵــمان ئــەم حاڵەیــە.. دەک چوونــی بــێ و هاتنــەوەی بــۆ نەبــێ..“

ســـەرما و ســـایەقە چـــی ئەکـــرد ئەیکـــرد! کـــەس زاتـــی نەبـــوو لەماڵـــەوە ســەر بێنێتــە دەر!! چەنــد هەرزەکارێــک لــە دراوســێکانی ئــاودەل پێیــان نایــە جەرگیانــەوە و ڕووە و چیاکــە خزیــن.. لــە گردێکــی نەدیــوا لــە چــڕو دەوەنێــکا لــە قۆپەنــە دارێکــی لــێ بڕیــاوا لــە ژێــر تەنکــە پۆشــینی بەفــرا گلۆڵــە تەرمــی ئــاودەل دۆزرایــەوە.. ڕەق هەڵگەڕابـــوو..!

لەکــۆڕی شــێوەن و گریانــا لــە ئاوایــی بــەدەم ســنگ کوتــان و لەخۆدانــەوە لەنــاو هەمووانــا دەنگــی باڵــۆرەی بەســێ بــە ســۆز بــەرز ئەبــۆوە و ئەیــووت ”ئاغــا، نەخــۆت بــێ و نــە دارت بــێ.. ژەهــراوت بــێ گارت بــێ!“ نــاوە ناوەیــش خەڵکەکــە ئاگریــان بــۆ مناڵــە هەتیــوە ســاوا لێقەوماوەکانــا بــەر ئەبــوو کــە بەلێــوە لــەرزەوە، بــە گریانــەوە، هاواریــان ئەکــرد ”دایــە.. دایــە کــوا بابــە؟ دایــە کــەی کراســـمان بــۆ دێ؟ وەی بابــە برســیمانە!!؟

# دڵداری له دێ
# یا (خانزاد و کاکۆ)

پێشکەشە..

بۆ ئەو ڕەنجەڕۆیانەی لادێ..

ئەوانەی نانیان بە دۆ ڕاناگات..

١٩٥٨

**سەرەتا**

کەسانی ئەم چیرۆکەیە

١- پیرەمام: پیرەمێردێکی کەلک لێبڕاوی بێکەسە، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدایە.

٢- کاکۆ: کوڕی پیرەمامە، سەربازی ئەکا و ئەگەڕێتەوە لای باوکی.

٣- خانزاد: ئافرەتێکی باڵابەرزی جوانی پانزە ساڵییە، حەز لەکاکۆ ئەکا.

٤- ئاغا: گەورە و دەست درێژی دێیەکەیە، زۆردار و دڵڕەش و تەماکارە.

٥- مەلا: کۆلکە مەلای گوندییە، زۆر کۆڵەوار و دەبەنگە، بۆ ماڵی دونیا بۆی هەیە دەست لە "شەرع"بدا و خۆی لە ئایین کا.

٦- مـام بایـز: یەکـە زەنگینـی دێیەکەیـە، پیروناشـیرینە، دڵپیـس و سـەگە، حـەز لـە خانـزاد ئـەکا و بـە هـەر نەرخێـک بـێ هـەر ئەیـەوێ!

٧- برای خانزاد و چەند نۆکەر و شوێن هەڵگری ئاغا و خەڵکی دێیەکە.

## کۆریت

زەمیــن بــە پۆشــینی ڕەشــی شــەو خــۆی پێچابــوو، دونیــا ئەمەنــدە تاریــک بــوو چــاو چــاوی نەئەدیــت، ناوەنــاوە هەنــدێ ڕۆناکــی کزکــز لەگوندەکــەوە دەرئەکــەوت کــە لــە ئاگــر و چرادانــی گوندییــە بەســتەزمانەکانەوە خۆیــان بــۆ دەرەوە ئەکوتــاو ڕەشــەبایە بەتەوژمەکــە ئــەولاو ئەمــلای پێئەکــردن، لــە پاشــان بەشــێوەی کەرەپووشــی ناوگەردەلــوول لەبــەر شــەوقی برووســکە ون ئەبــوون کــە زوو زوو ئاســمانیان بەشــەوق ئەکــرد و وڵاتیــان ئەکــردە ڕۆژی ڕۆنــاک. تــەرزە و بارانیــش چــۆن کوونــدەی ســەرەو ژێــر ئەهاتنــە خــوار، تەقتــەق و گرمەیــان ئەچـووە بـەری ئاسـمان و هـەر لـە گـووزەری ئاسـنگەرانی ئەکـرد. لەوبـەی دێیەکـە کۆریتێکــی تەنــگ و تاریــک هەبــوو. لــەم شــەوە زەنگــەدا ئاگرێکــی بچکۆلانــە لەنـاو کۆرێتەکـە ئەسـووتاو گـڕی بەولاوبەمـلادا ئەخولایـەوە. ئاگرەکـە گەلـێ جـار ئەکوژایــەوە و کۆرێتەکــەی گرفتــاری دوو دەردی تــاڵ ئەکــرد، یەکــەم ژوورەکــە ئەمەنـدە تاریـک ئەبـوو کـە ئەگـەر ئەنگووسـتیان لـە چـاوی خەڵـکا بنایـە کـەس نـەی ئـەدی. دووەم دووکەڵێـک لـە ئاگرەکـە هەڵئەسـتاو بـە ژوورسـەردا بڵاوئەبـۆوە مەردوومــی ئەهێنایــە خنــکان.

لەبەردەمــی ئاگردانەکــە حەوجۆشــێک هەبــوو تــۆزێ ئــاوی گەرمــی تێدابــوو بەچەشــنی شــەمەندەفەر هەڵمــی لــێ بــەرز ئەبــۆوە و لوولــی ئەخــوارد و لــە تەنیشــتیەوە شــتێک هەبــوو چــای تیابــوو هیــچ ناوێکــی بــۆ نــە ئەشــیا! جامــێ لــەو بــەرەوە دانرابــوو بێگومــان "پیرەمــام" لــە جیاتــی پیاڵــە چــای تیــا ئەخــواردەوە. کەچــە خرارێــک و لەتــە لبادێــک لــەرۆخ ئاگرەکــەوە ڕاخرابــوون. پیرەمــام لەســەر لبادەکــە هەڵتووترکابــوو ورد ورد قوومــی لــە قەنوونەکــەی

ئـەدا و سـەیری ئاگرەکـەی ئەکـرد. "پیرەمـام" لـە تەمەنـی هەشـتا ساڵیدا بـوو، سەروڕیشـی وەک بەفـری قەندیـل سـپی ئەچـوو، نـاو چـەوان و مـل و ڕو بەلـۆچ، کەچـە ڕانکەکـی شـڕی پینـاوی لـە پـێ و کورتەکەکـی کۆنـی لەبەردابـوو. تەنهـا دوو ددانـی درێـژی لـە زاردا مابـوو، چاوەکانـی کـز و گوێیەکانـی گـران بووبـوون! پیرەمـام بـە تەنیـا لـەم کۆرێتـە دانیشـتبوو، قەنوونەکـەی لەدەسـت نـە ئەبـۆوە، نـاوە نـاو چایەکـی تاڵـی تـێ ئەکـرد و گلۆتـە شـەکرەکی ئەخسـتە دەوی سـووک سـووکی دیشـلەمەی ئەخواردنـەوە. زۆری بیـر لـە کوڕەکـەی ئەکـردەوە کـە چەنـد سـاڵ بـوو سـەرباز بـوو، هیـچ نامـە و پەیامێکـی لێـوە نەبیسـتبوو، هەمـوو جـارێ کـە شـێوەی ئەهاتـە بەرچـاوی، کـزەی لـە جەرگیـەوە ئەهـات و چەنـد فرمێسـکی سـاردی بەسـەر کوڵمـە سیسـەکاندا ئەهاتنـە خـوارێ و سـەری بـۆ ئاسـمان هەڵئەبـڕی و لـە یـەزدان ئەپاڕایـەوە. کـە لەشـێوەی تێـر ئەبـوو سـێبوری ئەهـات و ئەنجـا بیـری لـە ڕەز و باخەکانـی ئەکـرد، لەبەرخۆیـەوە ئـەی وت: "ئـەوا کـەژی بەهـارە، لـە تەڕوتووشـی زوسـتانێ دەربـاز بوویـن، جـا کاتـی خۆشـی و گەرمـی و ئیشـە ئـەم تـەرزە و بارانـە تۆزێـک هێـور بێتـەوە، ئەوسـا دەسـت بـە ڕەز بڕیـن و جـووت و پێمـەڕە ئەکەیـن. لـەم ئاگـر و دووکەڵـە ڕزگار ئەبیـن و پێویسـتیم بـەم کەچـە لبـاد و خـرارە نامێنـێ، تیشـکی ڕۆژی بەهـارم لـێ ئـەدا و تەمەنـم لەنـوێ ئەنووسرێتـەوە.

پیرەمـام لـەم گفتوگـۆ لەگـەڵ خۆکردنـە دائەبـوو، بـەم جـۆرە خـۆی ئەخافلانـد و دڵـی خـۆی ئەدایـەوە تـا سـەردەمێک بەلاداچـوو، لـە ڕۆخ ئاگردانەکەیـا لەسـەر پارچـە لبادەکـەی خـەوی لـێ کـەوت و ئـاگای لـە مەحمـودی بـێ زەواد نەمـا.

## لەناو ڕەزی

بـۆ بەیانـی پیرەمـام لـە خـەو هەڵسـا و گـورج لـە کۆرێتـی هاتـە دەر، تەماشـایەکی دەروپشـتی خـۆی کـرد. بـاران خۆشـی کردبـوو بۆنـی بەهـار لـە زەوی و هەمـوو داروبەردێـک ئەهـات. سـەری بـۆ ئاسـمان هەڵبـڕی و سـاماڵ بـوو،

یـەک دوو ئەسـتێرەی گـەش ناوەنـاو دەرئەکەوتـن و جارجاریـش لەپـڕ هـەورەکان لەنـاو خۆیانیـان ون ئەکـردن. پیرەمـام دەسـتی بەریشـە بەفرینەکـەی داهێنـا و چـوو نوێـژی خـۆی کـرد. پـاش نوێـژ، پیرەمـام ئاگرێکـی خۆشـی هەڵکـرد و چایەکـی لێنـا. چەنـد پارووەنانێکـی ڕەقـی بەچـاوە خـوارد و قەنووکەیـی داگیرسـاند و کەوتـە مژینـی. زۆری خۆشـی بـەدڵا هـات و هەسـتی بـە بەختیـاری کـرد. خێـرا خێـرا شـەمەکی خـۆی پێچـا ڕووبـەڕووی ڕەزەکای خشـی. کـە گەیشـتە ڕۆخ ڕەزەکـەی جـارێ هەناسـەیەکی پـڕ ئومێـدی هەڵکێشـا و چاوێکـی کـزی پـڕ فرمێسـکی خۆشـی و ناخۆشـی بـز کـردەوە. لەپاشـان خـۆی کـردە نـاو ڕەزەکـە و زۆر بـە ئـارەزوو کەوتـە بڕینـی. بـەم جـۆرە ئیشـی کـرد تـا نیـوەڕۆ بەبـێ ئـەوەی بیـر لـە مانـدوو بـوون بکاتـەوە یـا پشـوو بـدات، تەنهـا جارجـار نەبـێ کـە لەسـەر بەرۆچکـە خـۆی هەڵئەخسـت و قەنووکـەی بەدڵسـۆزی تـێ ئەکـرد. پـاش نوێـژێ پیرەمـام کەوتـەوە سـەر ئیـش، بـەڵام هـەر هەنـدەی زانـی لەتـە هەورێـک لـەولا لەتـێ لەمـلا پەیدابـوون، ئـەم هەورانـە لێکیـان داوەو گرمەگـرم و بروسـکەیان لـێ هەڵسـا. هـەری کـردە ڕەشـەبایەک ئـەت وت هێشـتا هەمـوو درەختـێ لەڕەگـەوە هەڵئەقەنـێ.

پیرەمـام ناچـار بـوو دەسـت لـە ئیـش هەڵگـرێ و بـەرەو ئاوایـی بـڕوا! بەمجـۆرە پیرەمـام ڕای ئەبـوارد، هەمـوو ڕۆژ ئەگـەر تـۆزێ دونیـا خـۆش ئەبـوو یـا هەنـدێ هـەری ئەبرینگانـد، بـۆ ئیـش کـردن ئەچـوو، کـە بـاران دائەرژانـد و توونـدی ئەکـرد ئەگەڕایـەوە ماڵـەوە. تـا لـە هەمـوو بریـن و جـووت و قوونێـر و پێمـەڕە کـردن بـۆوە، ئەوسـا کاتـی دروێنـەی گەنـم و جـۆ دەسـتی پێکـرد، جـا ڕۆژێ لەجیاتـی نـاو ڕەزی بـەرەو پەرێـز ئەڕۆیـی.

## لە پەرێزێ

پەرێـزی پیرەمـام هەنـدە زۆر نەبـوو، تەنهـا بایـی ئەمـەی ئەکـرد کـە پیرەمـام بەشـی ئاغـای لـێ دەرکا و هەقـی سـەپان و دروێنەکەرانـی لێبـدا و نەختێکیـش بۆخـۆی

بمێنێتـەوە، پیرەمـام بـەری بەیانـی دەسـتی دایـە داس و ڕێگـەی پەرێزیـی دابـەر خـۆی، کـە گەیشـتە وێ، بینـی کـە هێشـتا سـەپان و تیلەکیـش دەرنەکەوتبـوون، جـا هــەر وەک ڕەوشــتی جــاران قەنوونــە بۆرینــی تێکــرد و قنجیلانــە هەناســەی پێــوە هەڵکێشـا. کـە ڕۆژ لـە سـەر کەلـی هـات چەنـد داوێکـی زێڕینـی بـە بلێسـە لـەم بــەرەی ڕۆژئــاواوە لەســەری لووتکــەی کێوەکانیــدا، بــە چەشــنی هەیاســەی نــووێ بــووک بەقــەدی چیاکانــەوە ئــاڵا و ئــەم درەختانــەی کەوتنــە بــەری چــۆن ئاوێنــە بریقەیـان دایـەوە. ئـەم دەنکـە شـەونمانەی بەسـەریانا باریبـوون لەشـێوەی زێـڕ لەنـاو تیشـکی خـۆر ئەبریسـقانەوە و بـە هەمـوو ڕەنگێـک خۆیـان نیشـان ئـەدا.

هەنـدەی پـێ نەچـوو سـەپان و کرێکارەکانـی تـر پەیـدا بـوون. پیرەمـام خـۆی لــێ گــورج کــرد و دەســتی کــرد بــە دروێنــە. بەڕاســتی پیرەمــام زۆر ئــازا بــوو، چونکـە لەگەلەوەشـەوە کـە سـەر بـوو بـوو، سـەپانەکانی تـر لـە چـاوی ئـەودا هەمــوو گەنــج بــوون، هێشــتاش نەیانتوانــی پیرەمــام لــە دورێنــە کــردن جــێ بهێڵـن. پیرەمـام نـەک هـەردەم لەگەڵیانـا جـووت بـوو، بگـرە گەلـێ جـار پێشـیان ئەکەوتــەوە و بــە زەردە خەنەکــەوە ئــاوڕی لــێ ئەدانــەوە و ئــەی وت: لاوەکان وەرنـە دووم“ ئەوسـا سـەپانەکان تانووتیـان لەخـۆ ئـەدا و بـە شـەوقەوە ئیشـیان ئەکـرد، بـەڵام هـەر پیرەمامیـان پـێ جـێ نـە ئەهێشـترا. بـەم تـەرزە ڕۆژیـان ئـاوا ئەکـرد، تـا پـاش چەنـد ڕۆژێـک لـە دروێنـە بوونـەوە. هەموویـان گیشـە کـرد و خەرمانێکـی باشـی لـێ هاتـە دی. جەنجەڕیـان بـە کـرێ گـرت، چونکـە پیرەمـام هەنـدەی نەخواردبـوو کـە باسـی جەنجـەر کڕیـن بـکات، جەنجـەڕ کەوتـە گـەڕ و پــاش چەنــد ڕۆژێکــی تــر خەرمانەکــە جەنجــەر کــرا و مــاوە شــەنەبا. بــە شــەماڵ دەســتیان ئــەدا شــەنەو شــەنەبایان ئەکــرد، کــە شــەماڵ کــز ئەبــوو یــا هــەورە و ڕەشــەبای ئەهــات شــەنەیان فــڕێ ئــەدا و وازیــان ئەهێنــا. بــەم جــۆرە ڕایـان ئەبـوارد تـا لـە هەمـو کارێـک بوونـەوە. ئەوسـا دەسـتیان بـە دابەشـکردنی دانەوێڵـە و خەلـە و خەرمانـی پیرمـام کـرد. نوێنـەری ئاغـا هـات بـۆ دیاریکردنـی

هەشــت یەکــی خــۆی، ســەپانەکان وتیلەکێــش و خــاوەن جەنجــەڕ هەرکەســە بەشــی خــۆی ڕەچــاو کــرد، ئەنجــا بەهەمــووی نزیکــەی چارەگێکــی بــۆ پیرەمامــی ڕەنجــەرۆ مایــەوە، ئەمیشــیان بــە کــرێ بــۆ کێشــایەوە ماڵــەوە و لەکوونــە کەرێتــی لەنــاو دوو کەنــدووی شــکایان کــرد. ئــەم دوو کەنــدووە دەغڵــە بــوو مایــەی هەناســە ســاردی  بــەری ڕەنجدانــی ســاڵێکی پیرەمامــی بەشــخوراو، بــەڵام لەســەر ئەوەشــەوە پیرەمــام هــەردەم کــووت و ڕازی بــوو. بۆچــی؟ چونکــە بــێ دەســەڵات بــووە هیچــی بــۆ نــە ئەکــرا! دەنــا خــۆ ئەویــش نەیئەزانــی بۆچــی ئاغــای زۆردار هەشــت یەکەکــی بــەری ڕەنــج و ئارەقــەی ناوچەوانــی ئەبــا و دووقــات کرێــی جەنجــەڕی لــێ ئەســتێنێ؟ تەنهــا چــی بــۆ ئەکــرێ؟ هیــچ. چەشــنی کــەوی نــاو قەفــەز ئەگــەر هــەر هــاوار و قاســپە قاســپ و باڵــە فڕکــەکان، تــا یەکێــک دەرگــەی قەفــەزی بــۆ نەکاتــەوە چــۆن ئەفــڕێ و ئــازاد ئەبــێ؟

## ئومێد

کــەژی دەغــڵ و دان بەســەرچوو، ئەنجــا دەمــی پەروەردەکردنــی ڕەزە، پیرەمــام هەمــوو ڕۆژێــک دوو دەو و تــەور داســی لەگــەڵ خــۆی ئەبــرد و بەســەر چیــا هەڵئەگــەڕا و بــۆ نــاو ڕەزەکــەی ئەچــوو.. مێــو ڕشــایەوە، پەرســیلە خــۆی خڕکــردەوە، هــەر کۆلکــە مێوێــک ئەمەنــدەی ســۆرە پەلــی ناســک و درێــژ هاویشــتبوو، وەکــو بووکــی یــەک شــەوی خــۆی داپۆشــیبوو، پەلکــی ســەوزی گــەش و پــان لەخۆشــی خــۆری بەهــاری پــێ ئەکەنیــن، کەژوکێــو هەمــووی بــە تاڵایەکــی ســەوز پۆشرابــوون. لەهــەر لایــەک گوڵــە نیســان و حاجیلــە و نەرگــز و وەنەوشــە و لاولاو و ڕێحانەکێــوی سووســن و بەیبــوون بۆنیــان دەمــار بــە دەمــار ئەڕۆیــی و لەگــەڵ کــزەی بــای شــەماڵ و قاســپە قاســپی کــەو و قولنــگ و زیقــە زیقــەی باڵــداران ســەریان بــەرز و نــزم ئەبــۆوە. وڵات پــڕ بــوو  لــە عەتــر و مۆزیقــە و وێنــەی گوشــادی.

پیرەمــام لــەکاری خــوا ســەری ســوڕمابوو، هــەر ئەمەنــدەی ئەزانــی کــە لــە

خۆشـیانا تەزییەكـی بـە تەوقـی سـەریدا ئەهـات و لـە بنـی پێـی ئەچـووە دەرەوە. زۆر بەشـانازی بـەلای مێوەكانـەوە ئەچـوو، هـەر لقێكـی بـێ كەلـك یـا هـەر قوتێرێكـی بدیبایـە، ئـەوا بـە وردی ئـەی بڕیـن و هەڵـی ئەدایـە سـەر پەرژینەكـەوە. ئەگـەر كەرێكـی باشـی كۆنـی چەنـگ كەوتایـە ئـەوا كووشـەكی لێدائەگرتـەوە و ئـەی كـرد بـە مێوەكـی سـەربەخۆ.

بـەم چەشـنە پیرەمـام ڕەنجـی ئـەدا و ڕەزی خـۆی پـەروەردە ئەكـرد، تـا هەمـوو ڕەزەكـەی پـاك و خاوێـن كـردەوە.

رەزەكـەی بەرێكـی باشـی گرتبـوو چەنـد جـارێ پیرەمـام تێـی ڕادەمـا و بیـری ئەكـردەوە دڵـی ئەگەشـایەوە و دەسـتێكی بـە ڕیشـی سـپی دا ئەهێنـا و لەبەرخۆیـەوە ئـەی وت:

”خوایـە، لـە چاوینـی بەدووركـەی ئەگـەر خـوا بـدا ئیمسـاڵ ترێیەكـی زۆر و باشـم ئەبـێ. ئەوسـا كوڕەكەشـم دێتـەوە و بـە جارێكـی ئاواتـی دڵـم دێتـە جـێ!“.

پیرەمـام تانوكیشـی تـازە كـردەوە و لەترسـی دەعبـا و دڕنـدە و پیـاوی ناكەسـی دز و درۆزن ئێـواران پـاش ڕۆژئـاوا، بـە چاوێكـی پـڕ ئاواتـەوە تەماشایەكی ڕەزەكـەی ئەكـرد و چەنـد دوعایەكـی بەسـەردا ئەخوێنـد و بـەرەو ئاوایـی ئەگەڕایـەوە. لەماڵـەوە هەروەكـو پێشـوو دیشـلەمەی خـۆی لـێ ئەنـا و قەنوونەكـەی دا ئەگیرسـاند. تەنهـا ئەمەنـدە بـو كـە دونیـا تـۆزێ گـەرم بـوو بـوو، لەبـەر ئەمـە پێویسـتی بـە ڕایـەخ و نوێـن نەمابـوو، لـە دووكەڵـی ئاگریـش ڕزگاری چێشـتبوو.

## هاوین

كـە هاویـن داهـات و وڵات گـەرم بـوو، وردە وردە ڕەزیـش بۆنـی تێگـەڕا و بەلەكـە پەیـدا بـوو، كـەژ و گیـا وشـك بـوون و بـوون بـە پـووش. گولـووك و لالـە سـیس بـوون بەسـەرچوون، قـاز و قولینـگ تێپەڕیـن و ڕوویـان كـردە كوێسـتانان. پیرەمـام گوتـی ”بەخـوا ئەمـە نیشـانەی هاوینـە، بەهـار بەسـەرچوو، ئەوسـا كاتـی وبەرهاتنـی ڕەنـج و تەقەلایـە“.

بەیانیان سەر لەزوو ئەڕۆیشت بۆ ناو ڕەزی تا پاش بانگی شێوان نەئەهاتەوە. زۆر لەسەرەخۆ لەناو ڕەزی خۆی ئەخافلاند، هەر کەمووکورتییەکی بەرچاوکەوتایە ئەی بڕی. گەلێ جار ئەیووت "ترێ ئەوا دێ خۆش بێ، ئەنجا دەعبا دەست بەخواردنی ئەکا، لەبەر ئەمە وا چاکە بە پەرژینەکەما بگەڕێم، بزانم هەر کون و کەلێنێکی هەبێ بیگرم چونکە هەروەکو ئەڵێن "کەر بەستە لەخەم ڕەستە!" با لە پێش تایە بەرێ بەخۆم دادەم!" ئەوسا هەڵئەستا هەر شوێنێکی بدۆزیباوە کە بۆی هەبوو دەعبای پێدا بڕوا ئەیگرت و زۆر توونـد و قایمی ئەکرد.

ئێوارەیەکی ڕۆژ لە زەردان بوو، بەناو ڕەزەکەیا ئەسووڕایەوە هەندێ تەماشای دەور و پشتی خۆی کرد گەلێ دڵی پەست بوو، ڕۆژ لەسەر کەلی کێوە بەرزەکانی ڕۆژئاواوە بەتەمایی بزر بون بوو، تیشکە بێهێزەکانی لە هەموو کەلێکەوە زۆر بە گرانی بەسەر شاخە بەرزە هەزار بە هەزارییەکانەوە ئەگەشایەوە، گژ وگیا و گوڵەکان بە ناوی پووش خۆیان لە دەسرۆکەکی زەردی زێڕین لوولدابوو، بەشێوەی دڵی پیرەمام پیر بووبوون. قەل و کۆتر و گاپەل و هەموو جۆرە باڵدارێک بەسەر لووتکەی شاخەکانا باڵە فڕکەیان ئەکرد و بەرەو لانەی خۆیان، بۆ لای فەرخەکانیان ئەگەڕانەوە. لەمبەریش لە نزیک مالان، مێگەلی مەڕ و بزن بۆڕە بۆڕ و باعەباعیان دانابوو. دەنگە دەنگی شوان و گاوان و وەڕە وەڕی سەگ و یخە و ئۆحەی کابان و مەڕدۆشان بۆ تاقی ئاسمان ئەچوو، کاریلە هەمووی لە دایکیان ئەگەڕان و ئەیان مژین. هەر ماڵاتێک بە ڕۆڵەی خۆی شاد ئەبوو.

پیرەمام هەناسەیەکی زۆر ساردی هەڵکێشا و ئاخەی گەرمی هەڵێنا. لەدڵی خۆی وتی "سەیرە.. بەهۆی بارانی زستان و ڕۆژی گەرمی بەهار ئەم گیاوگۆڵە سەوزانە هەمووی شین بوون و گەشانەوە، بەڵام ئەوا هاوین هات ئەبینم گشتی ڕوو زەرد و مەلوول بونە، چەشنی من پیر و بێکەلک و لێکەوتوونە.

ئـاخ منیـش کاتێـک بەشـێوەی گیـای بەهـار گەنـج ودڵتـەڕ بـووم، بـەڵام ئێسـتا هـەروەک ئـەم پووشـانە ڕەنـگ زەرد و بێهێـز و سـیس و وشـک بوومـە، کەلکـم نەمـاوە، هێـزم بـڕاوە. لەسەرەوەشـەوە جەرگـم بـرژاوە! بزانـە چـۆن ئـەم بەسـتە زمانانـە هەریەکـە بـە جەرگـی خـۆی ئەگاتـەوە.. تەنهـا منـی قووڕبەسـەر نەبـێ کـە لەتاکـە کـوڕەی خـۆم بێبـەش بوومـە.. ئـەوا چەندسـاڵە حکومەتـی بێـداد بەشـێوەی دیـل کردوویـە بـە سـەرباز و لەگەسـتی کردوومەتـەوە. ئـۆف بـۆ ئـەم ڕۆژەی کاکـۆی ڕۆڵـەم ئەگرمـەوە بـاوەش و ڕیشـی سـپی بـەروو دائەهێنـم! ئـۆف بـۆ ئـەم ڕۆژەی کـە یەزدانـم هەقـم لـە زۆرداران ئەکاتـەوە و جەفـا و زۆرداری لەسـەر ڕووی زەمیـن ناهێڵـن؟

پیرەمـام، ئـەم ئاواتانـەی خواسـت و فرمێسـکی سـاردی وەک گەواڵـە بارانـی بەهـاری بەسـەر ڕووی زەرد و ڕیشـی سـپی دابـاری، دوایـی نـاوی خـوای هێنـا و چەنـد دوعایەکـی بەسـەر کوڕەکـە و ڕەزەکەیـدا خوێنـد و بـەرەو گونـدی وردە وردە شـۆڕبۆوە خـوارێ..

### گەرما

پیرەمـام هیـچ حـەوش و هەیوانـی نەبـوو لێـی بخـەوێ، نەشـی ئەتوانـێ بەسـەربان کـەوێ، لەبـەر ئەمـە ناچـار بـوو کـە هـەر لـە ژووری کۆریتەکـەی بنـووێ! کـە نەختـێ شـەو زرنـگا، پیرەمـام وازی لـە دیشـلەمەوە خواردنـەوە و قەنوونـە مژیـن هێنـا. خـۆی لـێ والێکـرد و ڕاکشـا. تـا درەنـگ تامـی خـەوی نەچێشـت. چـۆن خـەوی لێبکـەوێ؟ لەلایەکـەوە هـاڵاوی گەرمایـی لەخـاک و دیوارەکانـی کۆریتەکـەی بـە چەشـنی هەڵمـی دۆزەخ ئەهـات و بەسـەر لەشـی پیرەمـام ئەگـەڕا. تـک تـک ئارەقـەی لـە بەدەنـی ئەتکایـەوە و چەنـد جـل و بەرگـی پیرەمـام هەبـوو هەمـووی ئەخووسـاندەوە لەشـی بەخوولـی ئەهێنـا. چەنـد جـاری پیرەمـام بـە نینۆکـە تیژەکانـی خـۆی ئەخولانـد، لەشـی سـوور هەڵئەگـەڕاو بـن نینۆکەکانـی بەشـێوەی ڕەژوو ڕەش ئەبـوون. لەلایەکـی تریشـەوە پێشـکە و مەگـەز و کێـچ و ئەسـپێ لەسـەر خواردنـی

پیرەمـام بەشـەڕ ئەهاتـن و هەڕەشـەو گوڕەشـەیان لێـک ئەکـرد.

پیرەمـام نەیئەزانـی پاسـی کامیـان بـکات، لەبـەر گیزەگیـزی تەپـۆ هەراسـان بووبـوو، کـە ئەوانـی دەرئەکـرد لـە بنـەوە کێـچ و ئەسـپێ ئەیـان قۆزتـەوە وقدیلەیـان ئەکـردەوە، بـەم چەشـنە پیرەمـام خـەوی لـێ هەڕمـا. لـەم کاتـە، مانگـی چـواردەی شـەوی هەڵاتبـوو، بـەرە بـەرە لەمەیانی بۆشـایی بـەرز ئەبۆوە، تا سـەردەمێک گەیشـتە ڕاسـتی کۆریتـی پیرمـام، کوولانکەییەکـی گـەورە لەبانـی کۆرێتـی پیرەمـام هەبـوو. کـە مانگەکـە گەشـتە سـەر کوولانکەکـە، باقەیـەک لـە شـەوقی مانگەشـەو بەشـێوەی ئەسـتونگە بـۆ کۆرێتەکـە چـووە خـوارێ، پیرەمـام لـە ژێـر کوولانکەکـە ڕاکشـابوو، لەبـەر ئەمـە دەسـت بەجـێ چـاوی بـە ڕووی خشـتی سـپی و جوانـی مانـگ کـەوت. دڵی گەشـایەوە، گـورج هەڵسـا قەنوونەیەکـی بـۆ پێکـرد و کەوتـە بیرکردنـەوە. خۆشـی و هێمنایـی بـەدڵا هاتـوو بەچاوێکـی پـڕ سـۆز تەماشـای هەیڤەکـەی کـرد. لەبەرخۆیـەوە گوتـی ”ئـەی یەزدانـی پـاک ئومێـدەوارم کـە لـە هەرگوناهــ و خەتایەکـی کردوومـە بـم بەخشـە، هەروەکـو ئێسـتا کۆرێتـی تاریکـت بـۆ ڕوونـاک کـردم، ئەوهـاش گـۆڕی تەنـگ و قـووڵ و ڕەشـم بـۆ ڕۆنـاک کـەی. هـەر بـەم جـۆرەش هیـچ لەبەیانـی زووتـر نییـە کـە دڵـی تەنگـم ئـاوەدان کـەی و بـە دیـداری کاکـۆی پارچـەی جەرگـم شـادکەی“

لـەم گفتوگۆیەدابـوو، پیرەمـام هەسـتی بـە بەختیـاری کـرد و بەبـێ ئـارەزوو لـە گۆمـی خـەودا دەسـتی بـە مەلەوانـی کـرد تـا بەیانـی ئـەگای لـە فـڕی دونیـا نەمـا. لەخـەوا، چەنـد خەونێکـی خـۆش و دڵگیـری دی، وای زانـی کـەوا کاکـۆی کـوڕی گەڕاوەتـەوە و بەرامبـەری دانیشـتووە، ڕوخسـاری وەک مانگـی شـەوی چـواردە شـەوق ئـەدا. پیرەمـام خـۆی پـێ نەگیـرا هەڵـی کۆتایـە سـەر و لـە باوشـی خـۆی گـرت، دەسـتێکی بەسـەر و کاکۆڵـی داهێنـا و بـە فرمێسـکی چاوانـی ڕووی کاکـۆی ڕشـاند و زۆر بـە دڵسـۆزییەوە ماچـی ئەکـرد و پێـی هەڵئەنـواری.

پیرەمـام لـەم خەونـە خۆشـەیا بـە ئاگاهـات، زۆر سووپاسـی یەزدانـی کـرد و هەڵسـا بـۆ نوێـژی بەیانـی دەرپەڕیـە دەرەوە.

## کاکۆ

پیرەمـام پـاش نوێژکـردن گـەڕاوە ماڵـەوە بـۆ نانخـواردن. زۆر بەدڵـی ڕۆنـەوە چـای لێنـا و بـەر لەهەمـوو ڕۆژێـک ئـەم بەیانییـە بەدڵیـا هـات کەبچـێ هەنـدێ ماسـت لـە دێیەکـەی وەرگـرێ جـا دەسـتی دا کۆنـە کۆتکەکـەی و بـەرەو خانـووی یەکێـک لـە برادەرەکانـی ڕۆیـی، نەختـێ ماسـتی باشـی هێنـا و گەڕایـەوە ماڵـەوە. تەنهـا چەنـدی ئەیکـرد دڵـی نـە ئەهـات ماسـتەکە بخـوا و چایەکـە تـەواوکا، ئەتـووت ئـەوا چاوەنـواڕی میوانەکـی بەڕێـز ئـەکات، چونکـە دڵـی پەیامـی دابـوو، هـەر بیـری لـە کاکـۆ ئەکـردەوە و باسـی گەڕانـەوەی لەدەمـا بـوو.

پیرەمـام لەگـەڵ دڵیـا لـەم کارەسـاتە ئـەدوا کـە تەقـە لـە دەرگـەوە هـات و مناڵێکـی بچکۆلانـەی مانـدوو بـە هەناسـە بڕکـە خـۆی کووتایـە ژورەوە و ڕووی لـە پیرەمـام کـرد و گوتـی" مزگێنـی بـێ مامـە.. کاکـۆ... هاتـەوە". مناڵەکـە نەیهێشـت پیرەمـام لـە ڕاچەنینـی نـاکاوی بەهـۆش بێتـەوە بـە چاکـی لـە پەیامەکـەی بـگات، دەرپەڕییـە دەرەوە و بـزر بـوو.

پیرەمـام، تـا ماوەیـەک زاری بـەش بـۆوە و واقـی وڕمـا، لەپاشـان وردە وردە هاتـەوە سـەرخۆ و بـۆ لای دەرگاچـوو، لـە دەرەوە هەسـتی بـە دەنگـە دەنـگ و قەڵەباڵغـی کـرد، بـۆ لای کۆمەڵەکـە ڕۆیشـت، لـە دوورەوە و چـاوی بـە بەژنـی کاکـۆ کـەوت، دێ ئـەوا هەمـوو خەڵکـی گونـدی لێـی کۆبوینـەوە و دەسـتی ئەگووشـی و هەواڵـی ئەپرسـی. پیرەمـام هیـچ خـۆی پێنەگیـرا، بەڕاکـردن بەلایانـەوە چـوو، هـەر لـە دوورەوە هـاواری کـرد و بـە نووکـە نووکـی گریانـەوە گوتـی:

"کاکۆ..کاکـۆ.. کاک..ۆ.. !" پیرەمـام ئەمەنـدەی ئـاگا لەخـۆ مابـوو کـە کۆمەڵەکـە بـدڕی و خـۆی بگەیەنێتـە کاکـۆ. هـەردوو دەسـتی لـە ملـی کاکـۆ کـرد و بـێ ئەمـەی کـە هیـچ قسـەی لـە زاری بێتـە دەرێ کاکـۆی داگـرت بـە ماچکـردن. لـە پاشـەوەی کـە گەلێکـی ئـەولاو ئەمـلای کاکـۆ هەڵمـژی و بـە فرمێسـکی چـاوی ڕووی تـەڕ کـردەوە، بـە چەشـنی کۆلکـە داری ڕەق تەپـەی هـات و کەوتـە خـوارێ،

لەخۆچــوو. قیژەقیــژ و گریــە و زاری لــە کۆمەڵەکــە هەڵسـا مشەوەشــی پەیدابــوو. ئافرەتێــک زۆر بەگورجــی چــوو هەنــدێ پــەڕۆی شــڕ و وڕی هێنــا و ئاگرێکــی هەڵکــرد. خێــرا خێــرا بۆنسـۆییەکی بەبەرلووتــی پیرەمــام هەڵــدا.. پیرەمــام پشــمی و دوایــە چاوەکانــی لێــک کــردەوە. تەماشــایەکی دەوروپشــتی خــۆی کــرد و چاوەکانــی لــە کاکــۆی کــوڕی قرمیســاند ولای نەبــرد. ئەنجــا بــە چــوار دەســتەکی پیرەمامیــان هەڵگــرت و بــۆ ماڵەوەیــان بــردەوە. لــەوێ لەســەر لەتــە لبادەکەیــان دانــا و کاکــۆ لــە تەنیشــتەوە دانیشــت. خەڵکەکــە هــەر کەســە بــۆ ماڵــی خۆیــان پەرتوبڵاوەیــان کــرد. کاکــۆ ئــاوی دا باوکــی و هەنــدێ سەروریشــی مــاچ کــرد.

پیرەمــام بەخــۆ هاتــەوە و قیــت و قــۆز هەڵســا ســەرقوون دانیشــت. ئەمەنــدە دڵــی ئەجۆشــا کــە نەیئەتوانــی چــاو لــە کاکــۆی دابــڕی. لەپــاش پێهەڵنۆرینێکــی زۆر بەگەرمــی، پیرەمــام دەوی بــەش بــۆوە و ڕیشــی ســپی کەوتــە ســەما کــردن. بەگــووڕ بەکاکــۆی وت:

"کــوڕم لێــم مەگــرە، ناتوانــم ئەمــەی لــە دڵمایــە بــە زوبــان پێــت بڵێــم، هــەر ئەمەنــدە ئەتوانــم بڵێــم کــە هێشــتا وا ئەزانــم تەمەنــم تــازە بۆتــەوە و لەنــوێ نووسراوەتــەوە، دونیــام لەپێــش چــاوا ڕۆنــاک بــۆوە، هــەر لەخــوای بەزیــاد بــێ.." دوای دوو فرمێســکی ســپی بــەرداوە و دەســتی بــۆ ئاســمان بڵنــد کــردو گوتــی: "یەزدانــی پــاک سوپاســت ئەکــەم".

کاکــۆ لاوێکــی بیســت ســاڵی شــۆخ و شــەنگ بــوو، بــاڵا بــەرز و چــاو ڕەش، ڕەنــگ ئەســمەرێکی گەنمــی، زۆر شــیرین و ڕەوشــت بــاش بــوو. دڵپــاک و زۆر ڕاســتگۆ بــوو، دوژمنــی بابەکوشــتەی درۆ بــوو، داوێــن پاکێکــی بــێ تــاوان بــوو، بەهــۆی ســەربازییەوە کــە لەشــارە گەورەکانــا گەڕابــۆوە هەنــدێ تێگەیشــتنی پەیــدا کردبــوو خــۆی پــاک و خاوێــن ڕائەگــرت و بێــزی لــە پیســی و پاتــاری ئەکــرد. بیــری ڕەوشــەن بــوو، هۆشــی ئــازادی و ســەربەســتی و ئاشــتی پەرســتی و بەرهەڵســتی کردنــی زۆرداری و شــەڕ و دەرەبەگیەتــی گرتبــوو.

کاکـۆ لەگـەڵ باوکـی بەدڵشـادی نانیـان خـوارد، هەنـدێ دیـاری بـۆ باوکـی هێنابـوو بـۆی هێنایـە دەرەوە. چەنـد ڕایـەخ و نوێنـی کڕیبـوو خێـرا ڕایخسـتن، نەختـێ ماڵەکـەی هەڵبـژارد و وێنـەی کوڕێتەکـەی گـۆڕی و هەمـوو شـتێکی ڕێـک وپێـک کـرد. ئەنجـا بەرامبـەر باوکـی پاڵـی داوە و هەردووکیـان دەسـتیان کـرد بـە چاخواردنـەوە و جگەرەکێشـان و گفتوگۆکـردن.

**خانزاد**

ڕۆژێـک کاکـۆ بـۆ نـاو ڕەز ئەچـوو، ڕێگـەی بەسـەر کارێـزی دێیەکـەدا بـوو، لەراسـتی کارێـزی کاکـۆ گوتـی: بـا بچـم نەختـێ ئـاوی سـارد بـە دەسـت و چـاوم داکـەم و نەختێـک بخۆمـەوە. کـە گەیشـتە دێ دی ئـەوا ئافرەتێـک دانیشـتووە کوونـدەی پـڕ ئـەکا، نـە بکـەی و نـە بخـۆی تەماشـای گـەردەن و ڕووی بکـەی. کێژێکــە لەتەمەنــی پانــزە ســاڵیدایە شــۆخ و شــەنگ و قــەد باریــک، ســۆر ئەســمەرێکی قژخورمـاوی چـاوکاڵ، خۆێـن شـیرین، نـازک و نـازدار، جوانییەکـی سـەرکۆڵمە ئـاڵ، چەنـد زولێکـی بەسـەر ناوچەوانـی داهاتبوونـە خـوارێ بەشـێوەی مـار لوولیـان خواردبـوو، لەگـەڵ ئەبـرۆ و برژانگـی کـە لـە تیـرو کـەوان ئەچـوو شــەریان ئەکــرد، بەڕاســتی ئەتــوت پــەری ئاســمانانە هاتۆتــە خــوارێ، لەســەر ئاوەکــە هەڵنیشــتبوو.

کاکـۆ چـاوی بـە ڕوخسـاری خانـزاد کـەوت دڵـی بـە چەشـنی سـەعات هاتـە لێـدان، ڕووی سـوور هەڵگـەڕا و هیـچ وشـەی بـۆ نەهـات. بـە دووچـاوی پـڕ واتـاوە تەماشـای چـاوە پیاڵەییەکانـی خانـزادی کـرد، گلپـەی چـاوی خانـزاد بەشـێوەی ئاگـری دۆزەخ جەرگـی کاکـۆی برژانـد، بڵێسـەی ڕووی بەشـێوەی تیـر جگـەری کـوون کـوون کـرد. هـەر ئەوسـاتە کاکـۆ کەوتـە داوی خۆشەویسـتیی. خـۆ خانزادیـش چەشـنی کاکـۆ پەشـۆکا، ئـەم چاوانـەی هەڵـی بـڕی و لەکاکـۆی کـردن، نەیگواسـتنەوە، ئەمیـش هیـچ وشـەی بـۆ نەهاتـو دڵـی دەسـتی کـرد بـە کووتـە کـووت. ڕەنگـی گـۆڕا، کوڵمەکانـی سـوور و ئـاڵ هەڵگـەڕاو لەگـەڵ ڕووی

بەچەشــنی خوێــن و بەفــر تێکــەڵ بــوون. بەمجــۆرە تــا ماوەیــەک هەردووکیــان ڕاوەســتان و چاویــان لــە چــاوی یــەک بــڕی. دوایــی خانــزاد زووتــر هاتــەوە ســەرەخۆ و جامێکــی ئــاوی ســارد پــڕ کــرد و بــێ قســەکردن دەســتی بــۆ کاکــۆ درێــژ کــرد. کاکــۆ دەســتێکی لــەرزاوی بــۆ بــرد و ئاوەکــەی وەرگــرت. تۆزێکــی بــە پەلــە پەلــە خــواردەوە و ئــەوی تــری داوە خانــزاد. خانــزاد بەچاوێکــی پــڕ مانــاوە تەماشــایەکی کاکۆکــی کــرد و بەرماوەکــەی خــواردەوە.

کاکــە لەخۆشــیانا خــۆی پێنەگیــرا و پشــتی لــە خانــزاد کــرد و بــە نەرمــە بەزیــن بــۆ لای ڕەزەکەیــان بەچپیــا هەڵگــەڕا.

بەڕاســتی لــەم کاتــەدا کاکــۆ زۆر بەختیــار بــوو، ژینــی لەچــاوا شــیرین بــوو، وای ئەزانــی کــە لەوەتــی لەدایــک بــووە کاتــی ئەوەهــا خۆیشــی نەدیــوە. زۆر بــە شــەوق و هــەوەس چــوو بــۆ لای باوکــی، بــە چســتی دەســتی کــرد بــە ئیــش و بــە بــەدڵ گۆرانــی ئــەوت. تەنهــا هــەر لەشــی لەنــاو ڕەزی بــوو، چونکــە هەمــوو هــۆش و بیرومێشــکی لەســەر کارێزەکــە بــوو. بەرامبــەر خانــزاد وەســتابوو، تەماشــای ئەکــرد و بەدەمیــا پێئەکەنــی.

پیرەمــام زۆر گوشــاد بــوو کــە کاکــۆی کــوڕی بــەم چەشــنە بــە بەختیــاری دیــت، بــەڵام چەنــدی ئەیکــرد نەیئەزانــی کــە ئــەم گۆڕانــەی بەســەر کاکــۆدا هاتــووە لەبەرچییــە، یانــە لەبەرچــی نــاوە نــاوە کاکــۆ بیابــان ئەبــێ و بــێ هەســت ئەوەســتێ و هۆشــی ئــەڕوا؟ هــەر لەخەوتــوو ئــەکا! پیرەمــام تــۆزێ بیــری چــوو کــە ئەگونجــێ کاکــۆ گرفتــاری داوی دڵــداری بووبــێ، بــەڵام نەیئەدرکانــد و لــە کاکۆشــی نــە ئەپرســی!

ئــەو شــەوە دونیــا بــۆ کاکــۆ زۆر گــەرم بــوو، هەمــوو لەشــی خــۆی لــێ ڕووت کــردەوە، نوێنەکانــی بەولاوبەمــلادا، چەنــدی ئــەو دیــو ئەمدیــوی ئەکــرد هیــچ خــەوی لــێ نەئەکــەوت. چاوەکانــی ئەچووقانــد بــەڵام ســوودی نەبــوو، چونکــە ئەنجــا چاکــتر شــێوەی خانــزادی ئــەدی و ڕاوەســتانەکەی ســەر کارێزێــی ئەهاتــەوە

بەرچـاو. تەنهـا ئەمجـارە کاکـۆ ئازاتـر بـوو. لەخانـزاد چـووە پێـش و گفتوگـۆی لەگـەڵ کـرد، دەسـتی لەمـل کـرد و دوو ماچـی بەسـۆزیان لێکـدی کـرد. لای دانیشـت و داوای مێـرد پێکردنـی لێکـرد. خانـزاد چـی لـەدڵا بـوو بـۆی هەڵڕشـت. کـوورەی دڵـی ئـەو لـە هـی ئـەم گەرمـتر و پڕتـر لەجـۆش بـوو. دووبـارە دەسـتیان لـە ملـی یـەک کـردەوە و یەکتریـان مـاچ کـرد. ئەمانـە هەمـووی زینـدە خـەو بـوون. کاکـۆ بەشـی زۆری شـەوەی بـەو چەشـنە بەسـەر بـرد، تاسـەردەمێک هێـزی لەبەربـڕاو خـەوی بەڕاسـتی لێکـەوت. تەنهـا تـا بەیانـی هـەر خەونـی بەخانـزادەوە دی، هەمـوو خەونەکانیشـی وەکـو زینـدە خەوەکانـی بـوون.

پاشـی ئـەم ڕووداوە کاکـۆ گەلـێ گـۆڕا. زۆر کەمـی خـواردن ئەخـوارد، بـەرە بـەرە کەمـی ئەکـرد و سـیس ئەبـوو، قسـەو گفتوگـۆ کردنـی کـەم بـوو، خـەوی نەمـا. گەلـێ جـار هیـچ ئـاگای لـە خـۆی نـە ئەمـا، چەنـدی باوکـی ئەیدوانـد و ئەیئاخافـت کاکـۆ هـەر ئەتگـووت لـە وڵاتێکـی تـرە و هـەر لەگـەڵ ئەویشـت نییـە. پیرەمـام گەلـێ تێکچـوو، چەنـدی لەکاکـۆی ئەپرسـی کاکـۆ دەنگـی نەئەکـرد و ئەیـووت "هیچـم نییـە!" کـە بەشـەو پیرەمـام ئەیـدی کاک هـەر ئـەو دیـو ئەمدیـو ئـەکا و ناخـەوێ. بەلایـەوە ئەچـوو ئەیگـووت:

"کـوڕم، ئـەوا هـەر نەنووسـتووی؟" بـە کورتـی کاکـۆ ئەیـووت "نـە" ئەنجـا پیرەمـام ئەیـووت "دەبنـوو، کـوڕم، بەرخـم، جەرگـم، بنـووە. وەسوەسـە لـە دڵـت مەهێڵـە. بیرمەکـەرەوە.. بەسـە". جـا تـا کاکـۆ کـڕ و بێدەنـگ نەبووبـا و خـەوی لێنەکەوتبـا، پیرەمـام دڵـی هێـور نەئەبـوو نـە ئەنووسـت!

## لە مازووان

ڕۆژێـک دانـی پـاش نیـوەڕۆ، کاکـۆ بـۆ مـازووان بەگـەڵ گەلـی کیـژو کارو لاوانـی دێ کـەوت. هەمـوو پێکـەوە تێکـڕا کەوتنـە ڕێ، کاکـۆ بـە گورجـی چاوێکـی بـە مازووکەرانـا گێـڕا و بـە قلینچەکـی چـاوی خانـزادی دی. کاکـۆ ڕەنگێکـی سـووری بـەڕوودا هـات و دڵـی هاتـە کووتانـێ. گـڕی خۆشـی پیـا هـات و گەشـایەوە. لـە

خۆشـیانا پێـی بـە عـەردی نەدەکـەوت.

گەلـی مازووکـەران کەوتـە پـاڵ چیاکـە و هـەر یەکـە بەلایـەک و بـۆ ژێـر دارێـک بڵاوەیـان کـرد. کاکـۆ شـوێنی خانـزادی هەڵگـرت و نزیـک و دوور دوا بـەدووای چـوو. کـە خانـزاد لەدارێـک دە ئـاڵا کاکـۆ لـە ژێـر درەختێکـەوە خـۆی ئەخڵافڵانـد و چاوەنـوارِی خانـزادی ئەکـرد کـە لـە دارەکـە بێتـەوە و دوورتـر بچـێ! بـەم جـۆرە کاکـۆ خانـزادی ون نەکـرد، لەلایەکـی تریشـەوە خـۆی بـۆ ئاشـکرا نـە ئەکـرد تـا خانـزاد شـۆڕ بـۆوە نـاو دۆڵـی. دۆڵ ئەمەنـدە بـە لێـڕەوار و دارسـتانا پۆشرابـوو کـە خـۆی بـە تەنیـا سـووکە جەنگەڵـی بـوو. خورشـیدی گـەش کۆچـی لەگەڵـی کردبـوو، نزارێکـی سـاردی پـڕ سـام قۆناخـی لـێ یەخسـتبوو، ژێـر درەختـەکان هەمـووی کوونـە شـاخ و ئەشـکەوتی هـەزاری بـە هـەزاری بـوون. ئەمەنـدە چـۆل و بـێ هەسـت بـوو کـە مەردوومێکـی زۆر بەجـەرگ و ئـازا نەبوایـە زاتـی نـە ئەکـرد بـەم دەرنـگ وەختییـە بچـێ مـازووی لـێ بـکا. ئـەم گەڵییـە سـامدارە لانـەی گـورگ و چەقـەڵ و دڕنـدە و زینـدەوەرە بـوو. کـوڕە لـە سـەر لـق و پۆپـی درختەکانـا بـازدان و یاریـان ئەکـرد، قرچـە قـرچ و سـڕە سـڕیان ئاشـکرا و سـامناک بـوو. تەیـر و تـوار هەریـەک بـە ئـاوازێ ئەیخوێنـد و لەگـەڵ شـنە شـنی شـەماڵ کـە لـق و پۆپـی درەختەکانـی بـەرز ونـزم ئەکـرد و هەندێـک لـە گـەڵا سیسـەکانی بـەر ئـەدا خـوارەوە، تێکـڕا تیپێکـی مۆزیقـەی سـووکی خۆرسـکی پێـک هێنابـوو. خانـزاد زۆر سـامی لـێ نیشـتبوو دڵـی دەسـتی کـرد بـە لێـدان، بـەڵام هـەر نەگەڕایـەوە خـۆی لـێ گـورج کـرد و نـاوی یەزدانـی هێنـا و لـە بـن تاریکـی درەختانـا گـووم بـوو. کاکـۆ بەدوایـا چـوو.

خانـزاد تووشـی دار مازوویەکـی بـوو سـەروبژی لەبـەر مـازوو زۆری داهاتبـوو. تەنهـا زۆر بـەرز و گـەورە بـوو. ئەمـەی لـە خـوارەوە بـۆی کـرا بەقەلانـگ خانـزاد کـردی، لەپاشـان کەوشـی فڕێـدا گـۆڕێ و چاپـووک بەسـەر نـەڕە دارەکـەوت. هەنـدێ مـازووی کـرد دوایـی خشـپەیەک هـات، بـە ترسـەوە سـەری هەڵبـڕی و

هەناسـەی لەخـۆی بـڕی، چـاوی گێـڕا بـەڵام چـی بدینـێ؟ دی ئـەوا سـمۆرەیەکی جوانکیلـە خـۆی بـە لقـە دارێکـەوە مـات و بێدەنـگ کـردوە، جانەوەرێکـی ڕەشـی بریقـەداری بـێ ڕەزاش زاری داپچڕیـوە و حەپـی ئـەکا، پێـی نـاگا، چونکـە نـەی ئەتوانـی بـۆ سـەر لقـە باریکەکـە بچـێ! خانـزاد واقـی وڕ و سەرسـام بـوو، لەترسـانا وەختابـوو گەشـکە دار بـێ، هـەر هەنـدەی توانـی چریکـەی لێـداو بـە ڕەنگێکـی بەفریـن لەسـەردارەکەوە خـۆی فڕێـدا خـوارەوە. ئەژدیهـای ڕەش لـە زیـڕەی خانـزاد ڕاچەنـی و لـە دەسـتی کـردە خشـیە، ویسـتی لەدارەکـە بێتـە خـوارەوە، خانـزاد ئەمـەی دی، وایزانـی کـە مارەکـە بـە شـوێن ئەمـا دێتـە خـوارەوە، لـە ترسـانا پاشـەلی شـکا و نەیوێـرا ڕاکا. دەسـتی گەیانـدە قەڵانـگ و مەردانـە لەگـەڵ مارەکـە کەوتـە شـەڕا. ئەنجـا پیـرە ڕەشـەمار بـە جـارێ کەوتـە شـەڕ و هـار بـوو. کلکـی لـە لقێـک ئاڵانـد و چەنـد جـارێ هـاڵاوی بـۆ لای خانـزاد ئەبـرد، خانـزاد پاشـە و پـاش ئەکـەوت و قەڵانگێکـی بـۆ ڕا ئەوەشـاند. مـارە ڕەش تـا ئەهـات تیـژ و هارتـر ئەبـوو. خانـزاد ترسـی زیاتـر و خـۆی ماندووتـر ئەبـوو. تـا بـە ڕادەیـەک گەیـی خانـزاد وای لێهـات دەسـت بـدا و لەخـۆی بچـێ، مـار پێـوەدان ژەهـراوی بـوون و مـردن لـە هەمـوو شـتێ نزیکـتر بـوون لـەم کاتـە ناسـکە، لـەم تەنگوچەڵەمەیـە لـەم دەمـە بـە نرخـە کـە خانـزاد چـاوی زەقـی ترسـاوی بـە یـەک دادا، کاکـۆ بـوو بـە فریشـتەی ئاشـتی و ڕزگاری بـوون، لـە چەشـنی بروسـکە بەپـاڵ خانـزاد گەیـی و زانـی خانـزاد زۆر شـڕ و شـەپرزەیە، جـا چاپـووک بازیـدا لای خانـزاد و بـە زەردەخەنەیەکـی دڵ ڕۆنکەرەوانـە وتـی "مەترسـە کۆترەکـەم".. خانـزاد چـاوی بەکاکـۆ کـەوت و واقـی وڕمـا. کاکـۆ هیـچ سـێ و دووی نەکـرد چەنـد گاشـەیەکی بەتینـی ڕاوەشـاند و لاشـەی مـار شـڵپەی هـات لەسـەردار کەوتـە خـوارەوە. جـا بـە قەلانـگ تێـی بەربـوو تـا لـە جووڵـەی خسـت و گیانـی پیسـی دەرخسـت، ئەوسـا گەڕایـەوە لای خانـزاد، دی کـەوا بەهـەر دوو دەسـتە نەرمۆڵـە بەفرینەکانـی چـاوە گەشـە گەلاوێژەکانـی گرتـووە و دوو دەنکـە فرمێسـکی گەرمـی

گەشی لەسەر کۆڵمە سوور هەڵگەڕاوەکانا وەستاوە. بەڕاستی وێنەیەکی جوان و نایاب و دڵگیر بوو، خانزاد بە خۆی چەند شیرین بوو، خۆ کە بە شەرما ئەکەوت یا کە ئەگریا سوور ئەبۆوە ئەوا هەزار هەندە دڵگر و بەڕێزتر ئەبوو. کاکۆ خۆیی پێ نەگیرا، چوو بەلایەوە دەستەکانی خستە گەردنی گەرم و گەرم یەکتریان مژی. بەڵام لە خۆشیان و لە شەرمانا هەردوو زوبانیان بەستراو کەسیان نووقەی لێوە نەهات. بەم چەشنە سەردەمێک مانەوە تا هەردوو هاتنەوە سەرخۆ، ئەوسا دەستیان کرد بە گفتوگۆ. کاکۆ وتی: خانزاد بڕوا ئەکەی گەر بڵێم تۆم لە هەموو شتێ خۆشەویست تر و شیرینتر و بە نەرختری؟ ئەزانی تۆ چاوی منی، ئایینی منی، گیانی منی، ژینی منی، دونیای منی و بەهەشتی منی! هیچ بەدڵتایەت کە تۆی تیا بەستە نەبی من ناژیم و ژینم ناوێ؟ ئەزانی سەرم، ماڵم، دڵم، گیانم، هێزم، ئیمانم، هەموو شتێکم ئی تۆیە و بێ تۆ هیچم ناوێ؟ ئەم وشە گەرمانەی کاکۆ بە وێنەی تۆپ دەرپەڕاند و لەبەر دڵەکووتە هەناسەبڕکێ چی تری بۆ نەهات. ئەنجا خانزادی ترساوی هێمن کراوە ڕووی تێکرد، هەناسەیەکی گەرمی دوور و درێژی هەڵکێشاو بە گوڕ گوتی: مەکولێنەوە، ئا مەکولێنەوە توخوا برینم.. من قسەم بۆ نایە، تەنیا ئەمەندە ئەڵێم کە بێ تۆ دونیا لەمنی قوڕ بەسەری زامدار وێران و تاریکە. لە دووریت ناژیم پاش تۆ ژین و شووکردن لەمن وەک گۆشتی سەگ حەرامە..“ بەمجۆرە سوێند بۆیەک خورا و پەیمان لەبەینی دوو دڵا بەسترا، خۆ وشەی چاو هەزاران جار لە وشەی زار بەسوود و ڕاسترە. تیری چاوی لە هەموو گوتە و پاڕانەوە و ناڵاندن بەکارترە، ئەمەی چاو بە ڕاستی بڕیاری لەسەرئەدا دڵ بە خوێن لە چاپی ئەدا و هەموو هێزی گەردوون بۆی ناسڕێتەوە..“

ئەوها سوێندیان خوارد و دیسانەوە یەکتریان مژی. خانزاد وتی ”هەڵسە دەرەنگە، با بە کوێرایی دوو زوبان و قسەگۆیان نەختێ مازوو بکەین تا زاری

بۆگەنـی پـڕ لـە بوختـان و درۆ و دەلەسـە و فیتنەبـازی ناپاکیـان کـووت کەیـن و ڕێگـەی ڕابـواردن و پێکەنینیـان بـە ئەنجامـی کوشـتنی دڵـی دڵـدار و پیسـکردنی نـاوی خەڵـکا بگریـن. بـا هەڵسـین کاتـی گەڕانەوەیـە، ئەنجـا زۆر بەچالاکـی هـەردوو چوونـە سـەر دار و مازویەکـی زۆر پوختیـان کـرد و کاکـۆ ئـەوەی خۆیشـی کردبـووی لەپاشـۆڵی خانـزادی کوتـی: ئەوسـا دەسـیان کـرد بـە گەڕانـەوە، خانـزاد لـە پێشـەوە تـا لەگەڵیـە پڕسـامە یـادی شـین بـوون و ڕوانـی درەختـی دڵـداری، جێگـەی دڕنـدە و دەعبـا و بـە یـاری تیاچاندنـی نەمامـی خۆشەویسـتی و هـۆی وەبەرهاتنـی، لـەم گەڵییـە بەترسـە هاتنـە دەرەوە. خانـزاد بـە تـەرزی ئاسـکۆڵەی کۆسـار کەوتـە ڕەوت و بەزیـن تـا خـۆی گەیانـدەوە گـەڵ مازووکـەران کـە تـازە ئەوانیـش ئەگەڕانـەوە، کاکـۆی دڵ پـڕ لـە کامەرانـی، کـەوای ئەزانـی لـەم ژینـە کەسـی بەختیـار نییـە خـۆی نەبـێ، بەلایەکـی تـرا خشـی و لـە پێـش کاروانـی مازووکـەران خـۆی گەیانـدەوە ماڵـەوە..

## خوازبێنی

ئـەم شـەو کاکـۆ زۆر دڵخـۆش و بەختیـار بـوو، لەگـەڵ باوکـی بـە هـەوەس گفتوگـۆی ئەکـرد، بەشـێوەی گوڵـی بەهـاری گـەش و ڕۆن بـوو، چەنـد جـاری کارەسـاتەکەی مازووانـی بـە یـادا ئەهـات لەخۆیـەوە ئەگرژییـەوە و ڕەنگـی گـەش ئەبـوو. گەلـێ جـار ئەیویسـت بۆباوکـی بگێڕێتـەوە و گڵپـەی دڵـی گەرمـی ساردکاتەوە، تەنهـا لـە شـەرمانا بەسـەر زوبانیـا نـە ئەهـات و لەخـۆی ڕانـە ئـەدی! پـاش وردبوونـەوە و بیـر بەکارهێنـان پیلانێکـی خسـتە بەرهـەم، ویسـتی دوو نیشـانە بـە تیرێـک بشـکێنێ، زوو پیلانـی بـەدی هێنـا. ڕووی کـردە باوکـی و هاتـە گوفتـار..

باوکـە گیـان ئێمـە بـێ ئافـرەت لەماڵـەوە ئیشـمان زۆر شـڕە، جـا بۆیـە وا بـاش ئەبینـم کـە پێـت بڵێـم، نازانـم چـۆن.. تەنهـا .. ئـا ئـا.. بـاوە ژنـم ئـەوێ.. ئـەم وشـە وەک گوللـە دەرپـەڕی، کاکـۆ سـوور هەڵگـەڕاو لـە شـەرما سـەری لەبەرخـۆی

نـا. پیرەمـام لەسـەرەخۆ پێکەنـی و وتـی: جەرگـی خۆشەویسـتم زۆر لەمێـژە مـن خـۆم چاوەنـواڕی ئـەم وشـە لەتـۆ ئەکـەم. ئێسـتەش زۆر دڵشـادم کـە تـۆ داوای ژن هێنـان ئەکـەی. سـا زووکـە، پێـم بڵـێ کێـت ئـەوێ تـا بچـم داخوازیـت بـۆ بکـەم. کاکـۆ سـەری هەڵبـڕی، بـەڵام چەنـدی ئەیکـرد دڵـی نـە ئەهـات نـاوی خانـزاد بـا، دوایـی باوکـی پرسـیارەکەی دووبـارە کـردەوە، ئەنجـا کاکـۆ پـڕ بـەزاری گوتـی: باوکـە گیـان.. مـن.. خـا.. خانـزادم ئـەوێ و بـەس. پیرەمـام تـۆزێ لـە ژێـر سـمیلان گرژییـەوە و دەسـتێکی لـەڕی دە مالاویـی بـە ڕیشـی چەرمـوک داهێنـا و گوتـی: وەی بەسـەر گلێنـەی چـاوم، بەرخـی گـەورەم".

بەیانـی پیرەمـام چەنـد پیـاوە ماقووڵانـی کـۆ کـردەوەو چوونـە ماڵـی باوکـی خانـزاد بـۆ داخـوازی، ئیشـەکەیان بـە سـانایی بڕیـەوە. بـەس مـاوە مـەلا و مارەکـردن، ئاغـا و دەوکوتکردنـی.. جـا چـۆن ئاغایـان تێگەیانـد، ئاغـا داوای تەنهـا پانـزدە دینـاری کـرد! تـا بـە هـەزار تـکا کـردن بـە دە دینـار ڕێـک کـەوت و زار بەسـت بـوو. پاشـان مەلایـان هێنـا، مـەلا بەخـۆ و سـەرو مێـزەری سـپیی و کـەواو سـەڵتەی ئەتـووت مـەلای مەشـوورە، دەسـتی کـرد بـە دوعـا خوێنـدن و ئامـۆژگاری کـردن، ئەوسـا چەنـد پەنجەیەکـی بـە ڕیشـی پانـی داهێنـا و پـاش ئەمـەی کـە خەڵاتـی خـۆی وەرگـرت خانـزادی لـە کاکـۆ مـارە کـرد. دەسـتێکی بەسـەری کاکـۆ هێنـا و گوتـی: لـە خـوا ئەخـوازم کـە بەخۆشـی بژیـن، تەمەنتـان درێـژ بـێ، هاتنـی بووکـت سـەرەو خێـر بـێ و بـە بـاوک و دایکـی چەنـد منداڵێکـی پەسـند بـن. بـڕۆن، لێـک پیـرۆز بـن.." مـەلا ئـەم داخوازیانـەی بـۆ بـووک و زاوا کـرد و قیـت و قـۆز هەڵسـا سـەرپێ، چەشـنی کـەو لەنجـەی کـرد و بـۆ مزگـەوت گـەڕاوە. داخوازیکەرانیـتر هـەر یەکـە پیرۆزبایـی لەکاکـۆ و پیرەمـام کـرد و بـڵاو بوونـەوە.. پیرەمـام و کاکـۆ بەخۆشـی بـۆ ماڵـەوە خشـین. بێگومـان کاکـۆ زۆر دڵخـۆش بـوو، نەیئەزانـی لەخۆشـیانا چـی بڵـێ و چـی بـکا، گوایـە چـۆن گووشـاد نەبـێ؟ ئـەی خانـزاد هەمـوو مایـەی ژینـی نەبـوو، ئـەی چەنـد لەمێـژ بـوو، هـەروەک لەسـەر

ئاگــر بــێ، چاوەنــواڕی ئــەم ڕۆژەی مرادانــی نــە ئەکــرد؟ ئــەی هەمــوو ئاواتــی لــە ڕۆژگار ئەمــە نەبــوو کــە بــە خانــزاد خاتوونــا شــاد بــێ؟ کاکــۆ وای ئەزانــی کــە تــازە هاتووەتــە دونیــا لــە زەمینــا کــەس نییــە ئــەو نەبــێ، کــەس غەمگیــن و دڵتەنــگ نییــە هەرکــەس لــە جەژنــە و ڕۆژی شــادی و ئاهەنگــە. لــە ڕێگــەی ماڵــەوە ســەیری بــەرد و داری ئەکــرد وایئەزانــی بــۆی پــێ ئەکەنــن. چــاوی بــە مەڕومــاڵات ئەکــەوت پــڕ بــە چــاو تەماشــای ئەکــردن و نەیئەزانــی چــۆن چاکەیــان داتــەوە چونکــە لــە دڵیــا وا تێئەگەیــی کــە هەمــوو پیرۆزبایــی لــێ ئەکــەن و بــە شــادیی دڵــی ئــەو شــادن، کەژوکێــو لــە بەرچاویــا بەســەما کەوتبــوو. تەنانــەت میروســتانیش لەخۆشــی ئــەوا لەشــانە دەرهاتبــوو.

## مام بایز

مــام بایــز پیاوێکــی پیــری پشــت کــووڕی ئێســک گــران بــوو، ســەر و ڕیــش بــۆزی مــل ئەســتووری بــێ فــەڕ بــوو. بەرخەبابــەی ژێرچەنــەی لــە پۆپیتــەی کەڵەشــێری ئەکــرد. مــام بایــز لــە گەنجــی تــا پاییــزی تەمەنــی لەخراپــە کــردن بــەولاوە هیچــی تــری نەبــوو، هــەر لــە خــواردن و داگیرکردنــی ماڵــی خەڵکــدا خێرابــوو. لــە دزی و ڕێگــری و پیاوکوشــتن و خەرمــان ســووتان چەوســابۆوە، بــە زۆرداری و دەســت درێــژی پــارەو ســامانێکی زۆری لــە زەوی و زاری و ڕەز و بــەراو و ورســت کۆکردبــۆوە، یەکــە زەنگینــی دەســت بــڕۆی دێکــە بــوو.

مــام بایــز دەمــی ئاغــای چــەور کردبــوو، گەلێکــی دەرخــوارد ئــەدا، بێگومــان لــــە هەمــــوو دزی و ڕێگــــری ڕووت کــــردن و خراپیــــەکا لەگەڵیــــا بەشــــداربوو، بەشــێکی باشــی وەرئەگــرت، مــام بایــز ســەرچاوەیەک بــوو ئاغــا ئــاوی ژینــی لــێ ئەخــواردەوە، لــە بــارەی چەوســانەوە و خوێــن مژینــی خەڵــکا، ئاغــا پشــتی بایــزی زۆر بــاش گرتبــوو، بگــرە هــەردەم هانیشــی ئــەدا و ڕێوشــوێنی بــۆ دائەنــا.

مــام بایــز، چەنــد ڕۆژێــک لــە پێــش مارەبڕینــی خانــزاد وکاکــۆ لــە ڕێــگا چــاوی بــە خانــزاد کەوتبــوو، زۆری بــەدڵا هاتبــوو، دانــی خــۆی بــۆ تیــژ کردبــوو، جــا ئــەم

ڕۆژەی بیستی خانزاد لە کاکۆ مارە کراو و بڕایەوە، بایز زۆر پێی تێکچوو، هەموو مووی لەشی لێ بوون بە دڕک و نەشتەر و چاوی سوور بوو..! زوو بە زوو خۆی گەیاندە پاڵ ئاغای پاڵ پشتی و دەستی کرد بە نەڕە نەڕ، ئاغا لای خۆی دانا و تۆزێ هێوری کردەوە، لێی پرسی کە بۆچ وا پەشێوە؟ بۆ و لەبەرچی وای ئەکرد؟ بایز چەشنی پیرە چەکەر هاتە پرمە پرمو گوتی: "چۆن؟ ئەگەر تۆ ڕێگا نەدەی کاکۆ ئەم تەرزە کارەساتە ناکات.." کاکۆ جارێ ئەمەندەی نەخواردووە، کە قەرەی لە قەرەی بایزدا هەندەی لە باڵاندا نییە کە ئەم جۆرە ناماقووڵییانە بکا.." ئاغا واقی وڕما، گوتی: "تۆ ئەڵێی چی و باسی چی ئەکەی؟" کاکۆ چی و ناماقووڵی کردنی چی و پەنجە لەپەنجەدانی چی؟ کاکۆ چی کردووە؟ من تێناگەم.. وا سەرم لە تۆ سووڕماوە".

بایز وتی "حم.. ئحم، ئەزانم تۆ تێناگەی.. ئەزانم. چاک ئەزانم، چۆن گوایە ئەمەی کاکۆ کرد و بە هێشتاش پێی ئەوێ". ئاغا هەر لەگێژی و وڕیا مایەوە، بۆیە وتی "کاکۆ جوێنی پێداوی، تەشقەڵەی پێکردووی یا هەڕەشە و گوڕەشەی لێکردووە؟ ڕێگەی پێگرتووی یا دزی لێکردووی؟ بایز وتی" بەڵێ ئەمانە هەمووی لێ کردوومە و ئەولاتریش.. ئەی لەمە زیاتر.. وەرە توخوا لەمەش تۆبە! هەڵسا خانزادی لەخۆ مارەکردووە، مام بایز ئەم قسەی دەرپەڕاند و کڕ بوو، بە ئاغای هەڵنواڕی و چاوەڕێی وەڵام بوو، ڕیشی پانی چەشنی باوەشێن لەسەر سینەیا ئەلەزرییەوە. دڵۆپی ئارەقەی تک تک لێ ئەچۆڕایەوە و لە ڕق و مەراق کردنا دەستە سیستەکانی ئەلەرزین، هەر زوو زووش بەنینۆکە قرێژاوییەکانیا ڕیشە بۆزەکەی دا ئەهێنا.

ئاغا هەر تۆپەکی لەخۆزانی و بە مام بایزی وت "بۆچ ئەمە چی بۆتۆیە؟ کاکۆ خانزادی مارە کردووە، چی زیانێکی بەتۆ ئەبەخشێ؟ کاکۆ هیچ تاوانی نییە، ئای مردۆت مرێ، هەی، داخوا گوتم چ خەتایەکی زلی کردووە، دڵت

ڕاچەناندم پیرە خەلفاو؟ بایز قەپۆزی شۆڕ بوو گوتی" ئاخر ئەزانم ئەمە هەمووی فیتی تۆیە و تۆ ئاگری ژێرکای، ئەگینا چۆن کاکۆ ئەمە ئەکا! تۆ نەبی ئەم هەتیوە حەدی هەیە پەنجەم لە پەنجەیدا؟"

ئاغای چەندی سەری هێناو برد نەیتوانی لە مەرامی مام بایز بگات، سا بە ڕووگرژی گوتی: "خۆ من شەقم برد مام بایز.. ئێستە ئەم پیاوەتییەم لەگەڵ ناکەی بە چاکی تێم بگەیەنی، بزانم تۆ چیت ئەوێ؟" بایز بە دووچاوی زەقی حەرامزادانە لەئاغا ڕاما و گوتی: "ئاغام سەلامەت.. نازانی خۆم خانزادم پێویستە و نابێ بدرێ بەکەسی تر..!" دەمێ ئاغا داما ئەنجا وتی" ئاخر خوا چەنت ئەگرێ، خانزاد مەلا لەکاکۆی مارە کرد و بڕاوەتەوە، چۆن ئەمە ئەبێ! ئەیکە تۆ تەمای خانزادت هەبوو بۆچ زووتر دەنگت نە ئەکرد تا بۆتی بخوازم؟ ئێستە پاش باران کەپەنەک بۆچییە! بایز هیچ سێ و دووی نەکرد و شڵپەی لە سینەی ئاغا هێنا، پرسێکەکی پێدادا، چڵپەی هات، ئاغا گەلێ سەری لەم کارە سووڕما و تا ماوەیەکی کەم لە تورەیی و ڕق و کینا خۆشی نەیزانی چی قەوما و بۆچ وا دونیای ڕۆنی لێ تاریک هەڵگەڕا، زوو دەستی گەیاندە پریسکەکە هەموو شتی بۆ ئاشکرا بوو. کلیلی ئەم تەگەرە ئاڵۆزەی دۆزییەو و لە خۆشیانا چەشنی شێت کەوتە قاقای پێکەنین. بە گورجی پرێسکەکەی ترازاند و ڕەنگی سووری پێنج دە دیناری خنجیلانەی دی، زوو بە زوو پرێسکەی پێچاوە و ڕووی کردە بایز وتی " ئەی مەلا چۆن؟" بایز هەروەک بەرازی خەزریو لووتی بەرزکرد و پێکەنی، لە پێکەنینا دەوی کەڵۆسی چەشنی ئەشکەوتی گەلی فرە داپچڕی و دوو کەلبی درێژی زەردی لە وێنەی شفرەی یەکانە دەرکەوتن، لە ئاغا چووە پێش، دەستی خستە سەرشانی و گووتی " گەر لەتۆم وێبێ، مەلا زۆر سانایە.." ئاغا نەختێ بیری کرد و گوتی "باشە.. تەنها یەکدوو ڕۆژی تر ڕاوەستە، چونکە خانزاد هەر ئیمڕۆ مارە بڕاوە، ناکرێ هەر ئیمڕۆش هەڵی وەشێننەوە، با خەڵک دڵمان

لـێ پیـس نەکـەن. بەڵکـە مـەلاش شـتێک ئەدۆزێتـەوە بـۆ ئەمـە بیگرێتـە دەسـت خـۆی کـە ئـەم تەگـەرە قورسـەمان بـۆ جێبەجـێ بـکات".

بایـز وتـی" باشـە! ئێسـتە لـە شـوێن مـەلا بنێـرە بابـێ، تـا لەگەڵـی ڕێـک کەویـن، جـا کـەی گرفتێکـی گرتـە دەسـت ئەوسـاکە ئیشـەکە ئاشـکرا ئەکەیـن." ئاغـا ئـەم تەگبیـرەی پەسـەند کـرد و هـەر ئـەم دەمـە نۆکەرێکـی بـە دوای مـەلا نـارد. هەنـدەی پێنەچـوو، سـەر و مێزەرێکـی سـپی دەرکەوتـوو مـەلا هاتـە دیوەخانـەوە. ئاغـا و بایـز لەبـەری هەڵسـان و لـە ژووری خۆیانـەوە دانـا. بەخێرهاتنیـان کـردوو و بایـز سـەر و جگەرەیەکـی پێـش کـەش کـردن. مـەلا چەنـد جـار جگـەرەی هەڵمـژی، ئەنجـا وتـی: "خـوا لێـم هەڵناگـرێ، ئەمـە تووتنەکـی زۆر خـۆش و پەسـندە، بۆنـدارە، بـێ شـەمایە، دەرمانـی کۆخـە و پیـری و سـەرمایە". بایـز ئـەم هەلـەی لـە دەسـت خـۆی نـەدا و خێـرا وتـی "مامۆسـتا وا تێنەگـەی تـۆم لەبیـر کردبـێ، لـەم تووتنـە بەشـی تـۆم دیـاری کـردووە و هـەر ئێسـتە کـە چوومـەوە بـۆت ئەنێرمـەماڵـەوە.."
مـەلا وتـی " بابـە بـە زیـاد بـێ، لەتـۆ و لـە ئاغـای خۆمـان دوو هـەزار هەنـدە، بـەڵام پێـی نـاوی جانـم. ئـەم بارگرانییـە بخەمـە سەرشـانی خـۆت". بایـز وتـی: ئـای. ئـای، مامۆسـتا نەکـەی نەکـەی تـکات لـێ ئەکـەم شـەرمەزارم نەکـەی، ئـەم توانجەشـت هاویشـت، جـا گـەر شـتێکی وا بـۆ ئێـوە نەبـێ، ئـەی گۆیـا بـۆ کـوێ بێـت؟ دوایـە نەیهێشـت مـەلا تووتـن و ئـەم هەڵدانـەی لەیـاد بچـێ بایـز خێـرا وتـی "مامۆسـتای زانـا ئەزانـی بۆچیـمان بانـگ کـردووی، شـتێکی زۆر سـانا و پـڕ سـوودمان پێـت کەوتـووە. ئینشـاڵلا ئەبـێ بۆمـان سـاز دەی". مـەلا خـۆی قیـت کـرد و گووتـی "وەی بەسـەر هـەردوو گلێنـەی چـاوم، هـەر کارێکتـان بەمـن هەبـێ، بـۆ جێبەجێکردنیـا سـەرم پێـوە نییـە.. ئـا فەرمـوون بزانـم ئـەم خزمەتـە چییـە". ئاغـا وتـی "اسـتغفرالله، اسـتغفرالله مامۆسـتا خزمـەت لـە ئێمـەوە، تـۆ گـەورەی ئێمـەی بناغـەی دیـن و دنیامانـی. ئەنجـا هەردووکیـان ئاواتـی پیسـی مـام بایزیـان لـە مـەلای قووڕبەسـەری واق وڕمـا و گەیانـد. مـەلا چـاوی زەق بوونـەوە

و ڕیشــی هاتــە لەرزیــن، ڕەنگێکــی هێنــا و بــرد و ســەری لەبەرەخــۆوە نــا، کەوتــە بیرکردنــەوە و زوبانــی لاڵ بــوو.. هیــچ قســەی پــێ نەکــرا.. بایــز وتــی "هــا.. مامۆســتا، چیــت فەرمــوو؟" مــەلا ڕووی دامــاوی هەڵێنــا و گوتــی: " پەکــوو، پەکــوو، پەکــوو، لاحــول و لاقــوە الا باللــە، خوایــە تۆبــە اســتغفرالله، اســتغفرالله العظیــم" ئەنجــا ڕووی تێکــردن و گوتــی" دەک ماڵــت وێــران نەبــێ مــام بایــز، تــۆ چــۆن ئەمــە لەمــن داوا ئەکــەی، چــۆن زارت هێنــا؟ مــن چــۆن خــۆم قیلــە شــەرع ئەکــەم! چــۆن ئیمانــم تەنــک و گــۆڕم تەنــگ و بەرامبــەر یەزدانــی خــۆم ڕوورەش و گوناهبــار ئەکــەم، هــەی مــاڵ کاول، چــۆن ئەمــەت بــەدڵا یــەت و داوای ڕوورشــی و ماڵوێرانــی لــە مــن ئەکــەی؟ مــام بایــز، ئاغــا ئاغــا تکاتــان لــێ ئەکــەم ماڵــم وێــران مکــەن، خانــە خراپــم مەکــەن، داوای هەرچــی تەنهــا ئەمــەم لێمەکــەن". ئەمــەی گوتــوو مــەلا دەســتێکی بەریشــی پــان تەنکــی داهێنــا و ســەری خــۆی لەقانــد. بایــز قامتــە جگەرەیەکــی لــە تووتنــە بۆندارەکــە دەرهێنــا و لەبەردەمــی مــەلای دانــا، جگەرەیەکیــش بــە جیــا بــۆ داگیرســاند و پێشکەشــی کــرد، مــەلا زۆر بــە گورجــی وەریگــرت و کەوتــە مژینــی، لــەم کاتــەدا ئاغــا پیاوێکــی بانــگ کــرد و فســەیەکی لــە بــن گوێــی کــرد؟ کابــرا ماوەیەکــی کــەم پــاش دەرچوونــی چــای هێنــاو گەڕایــەوە. ئاغــا و بایــز و مــەلا هەرسێکیان کەوتنــە جگــەرە مژیــن و چاخواردنــەوە. پــاش مەســت بــوون ئاغــا ڕووی لــە مــەلا کــرد و گوتــی:" مامۆســتای زانــا، ئێمــە داوای ئیــمان فرۆشــتن لەتــۆ ناکەیــن خوانەخواســتە! نەخێــر، حەیــف نییــە؟ تــۆ چۆنمــان تێئەگــەی؟ تەنیــا ئەمەندەمــان لەتــۆ گەرەکــە کــە ڕێچکۆڵەیەکــی شــەرعی بۆئــەم تەگەرەیــە بدۆزیــەوە و بــەس. جــا بــۆ مــن ئەبــێ ئەمەنــدە بکــەی". هــەر لــەم کاتــەش شــلپە لــە کۆشــی مەلاوەهــات. مــەلا دەســتی بــۆ لای درێــژ کــرد و پرێســکەی قوورســی هاتــە چەنگــی، وردە وردە لێکــی کــردەوە و زانــی کــە دە دینــاری تیــا لوولــدراوە. ســەری هەڵبــڕی، چــاوی لــە چــاوی مــام بایــز بــڕی، زاری داپچڕیبــوو، ئــارەزوی فەرموودەیەکــی کــرد، بــەڵام بایــز قســەی بڕیبــوو بــە چووســتی پێــی گــوت "ئەمــەش خەڵاتــی تۆیــە". مــەلا ئــازا

پارەکـەی خسـتە بـەر سـووخەی لـە ژێـر سـەڵتەکەوە و زۆر بـاش پەنهانـی دا و گوتـی" ئەگـەر ئێـوە بەشـەرع ئەجوڵێنـەوە و داوای ڕێـکاری ڕاسـت لـە مـن ئەکـەن ئـەوا زۆر ئاسـانە، ئومێـد دەکـەم ئـەم ئیشـە بەدڵـی ئێـوە ببڕێتـەوە.." بایـز وتـی: زۆر زۆر بەجێیـە، تەنهـا ئەبـێ تـۆزێ زوو بـی، دەمـەوێ پـاش دوو ڕۆژی تـر هەمـوو شـتێ ئامـادە بـێ".

مـەلا هەڵسـا سـەرپێ و مێـزەری قیـت کـردەوە و گوتـی "بەسـەرچاو.." هـەر هیـچ دڵـت خەتـەرە نـەکا و مەترسـە. ئـەی ئەگـەر مـن ڕێگەیەکـی شـەرعی لـە شـتێکی وا سـانا نەدۆزمـەوە، بەچـی مـەلای دوانـزدە عیلمـم پـێ ئەڵێـن؟ مـەلا بـە هەوەسـەوە ئەمـەی وتـو چەنـد جـار وردیلانـە کۆکـی و بـەلار و لەنجـە کـردن دیوەخانـەی چـۆل کـرد.. ئەنجـا بایـز دەسـتی ئاغـای گوووشـی و زۆر سوپاسـی کـرد و گوتـی: خۆشـم بـە بەختیـار ئەزانـم، گـەر ئێـوارە بـۆ نانخـواردن تەشریفتـان لەگـەڵ مـەلا گەورەمـان کـەن". ئاغـا وتـی: دڵـت ناشـکێنم. بـڕۆ ئومێدەواربـە کـە ئیشـەکەت جێبەجـێ ئەبـێ، خـۆم لـە شـوێن مـەلا ئەنێـرم و بەگـەڵ خۆمـی ئـەدەم بـۆ لات. "بایـز ڕۆیشـتوو ئاغـای بـە تەنیـا لـە دیوەخانەکـەی هێشـتەوە تـا دینـارەکان دەرخـا و بیانژمێـرێ لەنـاو دەسـتیا گەمەیـان پێبـکا و پێیـان هەڵبـڕێ.

مـام بایـز بـۆ شـەو ئاهەنگێکـی سـازدا، ئاغـا مـەلای بـەدوو خـۆداو بـۆ ماڵـی بایـز چـوون. ئێـوارە لـەوێ مـەلا قاوڵتێکـی زۆر چـەور و خەسـتیی کوشـیی، بەڕاسـتی ئەمەیـە کـە پێـی بوتـرێ "هەتیـو بیکـووش" دوایـی چـاو و قـاوە شـەوچەلەیان خـواردوو کـە هەڵسـا بچنـە دەرەوە مـەلا لەدڵـی خۆیـا ئەیـووت: "بەخـوا مـام بایـز پیاوێکـی بـەدڵ و باشـە خـوا لێـم هەڵنەگـرێ.. ئـا .. ئـەدی بەهەشـتی بـەم جـۆرە ئەبـێ، ئەمەیـە پیـاوی خوایـی، بابـە پێبینـاوێ کابـرا خـوا داویەتـێ، بەڕاسـتی مێوانداربـوو مـاڵ نەهاتنـە بەرچـاو ئەوهـا ئەبـێ.. بایـز ماڵـی خـۆی نایەتـە بەرچـاو.. تێـرە.. تێـر، تێـر.."

## دڵتەنگی

کاکـۆی هـەژار هیـچ ئـاگای لـەم پیـلان و پـڕۆژە خواروخێچانـە نەبـوو، بگـرە بـە پێچەوانـەوە وەك بـاو بـوو لـە دی، چـوو بـۆ جلوبـەرگ کڕیـن لەشـار. هەرچـی بـۆ بووکـی مـرادی پێویسـت بـوو کڕیـو گەڕایـەوە کەلوپەلـی نـاردە ماڵـی خانـزاد و بـۆ گواسـتنەوەی بووکـی کەوتـە خـۆ ئامادەکـردن. زۆر بەنیـازەوە چاوەنـۆڕی ڕۆژی دووشـەممەی ئەکـرد، کـە لـەم ڕۆژەدا ئومێـدی وابـوو بگاتـە ئاواتـی دڵـی. کاکـۆ لـەم سـەین و بەینەدابـوو، مـەلاش هـەر مێشـکی پووچـی خـۆی هەڵئەتەکانـد کـە گۆیـا ڕێگەیەکـی شـەرعی بدۆزێتـەوە بـۆ سـازدانی کاری بایـز و ئاغـا.. مـەلا زۆر خـۆی بـە ژێـر دانـا کـە پـاش دوو ڕۆژ بیرکردنـەوە کەچـە ڕێگەیەکـی دۆزیـەوە، بەخـۆ و هەمـوو سـەروو مێـزەرەوە کۆڵـە ڕیشـی سـپییەوە خـۆی ئەخەڵەتانـد و پێـی ئـەوت (ڕێگـەی شـەرعی) کەچـی تەنانـەت منداڵـی نەفـام بـێ تێڕامـان ئەیزانـی (شـەرعی نییـە و شـەیتانییە).

مـەلا کەچـە جبـەی ڕیایـی خسـتە سەرشـانی و لەنگـی و بـە لەنجـە کـردن خـۆی کوتاییـە دیوەخانـی ئاغـا. کـە چـاوی بـە مەلاکـەوت ئاغـا وتـی "هـاه.. مـەلا خێـرە؟ مـەلا گووتـی: خێـر ئەبـێ، بەتەمـای خـوای.. زووکـە ئاغـام.. بفەرمـوو کەسـێ بـەدوای بایـز بنێـرە، وا پـێ سـێپراوەکەتانم سـازداوە" نۆکـەرێ چـوو بایـزی هێنـا. کـە بایـز مـەلای دی خێـرا جگـەرە بۆنخۆشـەی داگیرسـاند و پێشکەشـی کـردن. ماوەیـەک کڕبـوون ئەنجا ئاغـا ڕووی کـردە مـەلا و گوتـی: ئـا بزانیـن چیـت کـردووە؟ مـەلا لـە وەڵامـا وتـی "ئێـوە باوکـی خانـزادم بـۆ پەیـدا کـەن و چیتـان بەسـەریەوە نەبـێ، جـا ئەبینـن مـن چـی ئەکـەم". یـەک لـە دەسـتو پێیـەکان لـە دوو باوکـی خانـزاد چـوو. باوکـی خانـزاد کـە هاتـوو ئاغـا و بایـز و مـەلای دی زۆر ترسـاو لـە دڵیـا ئەیـووت "ئەبـێ چـی ڕووی دابـێ؟" تەنیـا بەسـەرە خـۆی نەهێنـاو لایـان دانیشـت. بایـز بەخێـر هاتنـی کـرد و جگـەرەی بۆنـداری دایـە. پـاش جگەرەکێشـان باوکـی خانـزاد ڕووی تێکـردن و گوتـی: "ئاغـام.. خێـرە؟" ئاغـا

خـۆی سـڕ نەکـرد، بـێ دەنـگ بـوو، ڕووی کـردە مـەلا و مـەلا کەوتـە گـەڕ. مـەلا هەنـدێ پڕمەپـڕم و کۆکەکۆکـی کـرد و بـە بۆنـەی وەڵام گوتـی: "بـۆ کارێکـی زۆر گـەورەی شـەرعا تۆمـان بـۆ ئێـرە هێنـاوە، بەرخـم، دونیـا هـەروا ڕوون نابـێ، هەمـوو ئەمریـن هەرکەسـە حسـابی خـۆی لەگـەڵ ئەکـرێ، کـەس ناچێتـە گـۆڕی کـەس، ڕۆژی تاوانـکار تاریـک و دەیجـوور ئەبـێ، مـەردووم پێویسـتە لـە گوناهـی خـۆی پەشـیوان بێتـەوە و تۆبـە بـکات، موسـورمان ئـەم کەسـەیە لەیـەزدان ئەترسـێ و لـە شـەرعی لانـادا.." مـەلا هەڵوەسـتێکی کـرد، باوکـی خانـزاد تۆپەکـی لەخۆزانـی و سـامێکی هاتەسـەر و دڵـی کەوتـە کووتـان، دەمـێ بیـری کـردەوە، ئەنجـا کوتوپـڕ وتـی "فەرمووەکانـت گشـتی ڕاسـت و بێگومانـە مامۆسـتا، وا دڵـم تەقـی کـرد، ئـا تـۆ بیخـوا زووکـە پێـم بڵـێ چـی گوناهێکـم هەیـە چـی بـێ شـەرعیم کـردووە، تـا زوو لەسـەر دەسـتی ئێـوە تۆبـەی بکـەم.."

مـەلا دەسـتێکی بـە ڕیشـی پانـی داهێنـاو نەختـێ گرژییـەوە، پاشـان وتـی "ئافەریـن، پیـاوی ئیمانـداری دڵپـاک ئەوهـا ئەبـێ.. بزانـە دڵـت چـۆن نـەرم بـوو، چـۆن ڕووت ڕوون بـوو، چـۆن گەشـایەوە؟ مەترسـە کـوڕم مەترسـە، تـۆ هیـچ گوناهێکـی وات نەکـردووە تەنهـا ئێمـە هەموومـان تێکـڕا لـە کارەسـاتێ بەهەڵەچوویـن. تـۆ باوکـی خانـزادی، ڕۆژی دووشـەممە خانـزادی ئەگوازنـەوە چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبـەر، مـن هاتـم خانـزادم لـە کاکـۆی پیرەمـام مـارە کـرد، وایـە یـان نـا؟ ئـا. هـا.. زۆرباشـە کـوڕم، مـن خـۆم و ئێـوەش گوناهبـار ناکـەم. پـێ لـە خەتـای خـۆم ئەنێـم. ئـەم کاتـە کـە خانـزاد و کاکـۆم لێـک مارەکـردن، مـن دەسـتنوێژم نەبـوو، تەنهـا ئـەم دەمـە هیـچ لـە هۆشـم نەبـوو، ئیمشـەو لەوەختـی خوێندنـەوەی شـەرعا بەیـادم هاتـەوە. هـەر ئـەو هەلـە تەماشـای شـەرعم کـرد و سـەرنجێکی وردی  تەگەرەکـەم دا. شـەرع وا ئەفەرمـوێ ئەگـەر مـەلای بـێ دەسـتنوێژ کەسـی مـارە کـرد، ئـەم مارەکردنـە بـێ کەڵـک و بەتاڵـە، دروسـت و شـەرعی نییـە. ئەگـەر ژنـە بـە بـووک چـوو، ئـەوا مـەلا و بـووک و

زاوا هــەردوو خــەزوور و خەســوو گوناهبــارن. ئێســتە وا مــن خــۆم لــە گوناهــی خــۆم پــاک کــردەوە و ئێــوەش ئۆباڵــی خۆتــان لــە ئەســتووی خۆتــان، خوایــە تۆبــە أســتغفرواللە أســتغفرواللە العظیــم. خوایــە مــن کــردم تــۆ نەیکــەی، یاڕەبــی مــن بەندییەکــی ڕوورەش خەتابــارم، بــە ڕۆحمــی خۆتــم لەگــەڵ کــەی بــە خراپــە و پیســی خــۆم لەگــەڵ نەکــەی لــە گوناهــم خــۆش بــی..“ ئەمانــەی وت، ڕیشــی بــە پەنجــە شــانە کــرد و مــەلا ســەری لەبەرخۆنــا. باوکــی خانــزاد هەناســەیەکی ســاردی هەڵێنــا وگوتــی“ ئەنجــا چــارەم چییــە؟“ باشــە مامۆســتا، دووبــارە لــە نــوێ مارەیــان کــەوە بــا کــەس.. مــەلا قســەی بــڕی وگوتــی: ”باوکــم ئــەم ئیشــە دیــارە خــوا پێــی خــۆش نییــە، ئەگینــا چــۆن مــن وا ئەشــێوێم کــە بــێ دەســتنوێژ مارەیــان کــەم، وەرە پیــاوی بــاش بــە واز لەمــە بێنــە، دەســت لــەکاری یــەزدان مــەدە، چارەنووســی لەدەســت ئادەمیــزاد نییــە، دیــارە ئەمانــە بــۆ یــەک نینــە و بۆیــەک نابــن.. ” باوکــی خانــزاد پــاش ئیمانێکــی دوور و قــووڵ وتــی“ ئاخــر چــۆن ئەبــێ، مــەلا کاکــۆ وا هەمــوو شــتێکی ســازداوە، ئیشــەکە بڕاوەتــەوە و دووشــەممە ڕۆژی گواســتنەوەیە!“ مــەلا هەڵیدایــە گووتــی ”ئەنجــا چییــە؟ بــا هەمــوو شــتێکی ڕێــک خرابــێ، هــەی مــاڵ خــراپ، تــۆ بــۆ ماڵــی خــۆت کاول و وێــران ئەکــەی، بــۆچ خۆتــان لــە ئاییــن ئەکــەن، چــۆن بــێ ئەمــری خواتــان ئەکــەن؟“ باوکــی خانــزاد کــڕ و بێدەنــگ بــوو، ئەنجــا ئاغــا هەڵیدایــە وتــی“ بزانــە تــا کیــژت ســووک و ناوبــەد نەبــێ، بــۆ ئەمــەی هــەر لــە ڕۆژی دووشــەممە خانــزاد بگوازێتــەوە، تاکــو کەســتان دینتــان نەزرنگــێ، مــن وا پڕۆژەیەکتــان ئەخەمــە پێــش، چــارەی ئــەم ئابڕووچــوون و ماڵوێرانییــە ئەمەیــە کــە ئێســتە خانــزاد لــە بایــز مارەکەیــن و ڕۆژی دووشــەممە لەجیاتــی بــۆ ماڵــی کاکــۆی بــۆ ماڵــی مــام بایــز بگوازرێتــەوە و دەردەســەرییەکە کۆتایــی دێــت و ئەبڕێتــەوە. خۆشــت ئەزانــی بایــز بــە کیــژت قایــل بــێ ئەمــە چــی گەورەیــی و بەرزییــە بــۆ ئێــوە؟“ نەیهێشــت باوکــی خانــزادی واق وڕمــا و هیــچ بڵــێ کــە مــام بایــز بــە شــەیتانی هەڵیدایــە“ لاحــول و لاقــوە الا باللــە“ تۆخواکــەی

ئاغـام.. ئەنجـا چـۆن ئـەم سـووکایەتییەی بەمـن ئەکـەی، بـۆچ گوایـە مـن لـە ڕیـزەی ئەمانـەم... چییـە؟ لـە لایەکـی تریشـەوە مـن بەباوکـی خانـزاد ئەشـێم، ئەمـە چـۆن تـۆ کەسـت لەمـن کەمـتر و نزمـتر نەدۆزییـەوە تـا گرفتـاری ئـەم عەییـە و ئابڕووچوونـەم ئەکـەی و ئـەم حەیـا تکانـە ئەخەیـە ئەسـتۆی مـن و ئـەم بـێ ڕێزییـە بـە مـن پینـە ئەکـەی و شـانەی ئەوهـا لەسـەری منـا ئەشـکێنی. کـەس نەمـا تـا بەسـەر مـن سـاخ نەکەیـەوە؟ ئـەوا چـۆن دڵـت هێنـای ئەمـە بـۆ مـن پەیـدا کات؟ ئاغـاش بـە سـەگاتی مـام ڕێـوی فێڵبـاز وتـی: "پێـی نـاوێ مـام بایـز، خۆشـت بـێ و ترشـیت بـێ، مـن قسـەم تیـا کـردووە و ئەبـێ لەبـەر دڵـی مـن بـۆ باوکـی خانـزاد ئـەم ڕووداوە هـەر جێبەجـێ بکـەی، قـەی نـاکا، وا بزانـە کـە خـۆت لـە پێنـاو مـن دانـا.. بایـز وتـی "چبکـەم، ئاغـەم، بەخـوا دەسـەڵاتی تـۆم نییـە، ئـەوا بەناچـاری کـردم، خوایـە زۆر شـوکور بـۆم بـە چاکـە بگێـڕی!" ئەوهـا لـە شـێوەی ڕاوە ژیشـک باوکـی خانـزادی قوڕبەسـەری داماویـان سەرسـام و دەو کـوت کـرد، دوایـە بـە ناچـاری وتـی "باشـە مـن ئـەوا ئەیکـەم" ئـەی ماڵـی زاوای چـۆن؟ مـەلا و ئاغـا مـام بایـز تێکـڕا وتیـان "ئەمـە لەسەرشـانی ئێمـە بـێ.."

ئاغـا ئـازا نۆکەرێکـی نـاردە شـوێن پیرەمـام و کاکـۆ، ئەمانیـش زۆر بـە دڵخۆشـی هاتـن، کاکـۆ چەشـنی کارمامـز لەگـەڵ باوکـی ئەیکـرد ڕەوت، تـا بـە ژوور دیوەخانـی ئاغـا کـەوت، کـە ئاغـا و بایـز و مـەلا و خـەزووری دیـت، دڵـی کەوتـە کوتـان و تەنهـا ئـەو دەمـە مەترسـی پەیـا کـرد و دووچـاری دڵتەنگـی بـوو..

ئـەم قسـانەی بـۆ باوکـی خانـزادی کردبـوو، مـەلا هەمـووی بـۆ پیرەمـام و کاکـۆ دووبـارە کـردەوە، لـە پاشـان کوتوپـڕ وتـی "ئێسـتەش ئـەوا عەیـب و عارمـان لەسـەر لابـردن و لـە گوناهـمان دوورکردنـەوە. کاری خانزادیشـمان جێبەجـێ کـرد، ئێـوە خەمتـان نەبـێ، ئـەوا بـە هـەزار زۆرە ملـێ نالـی عەلـی بایزمـان هەڵخەڵتانـدوە کـە خانـزاد لەخـۆی مـارە بـکا..

کاکـۆ لـە جێگـەی خـۆی وەک شـەختە سارد و چـۆن بـەردی ڕەقـی بەسـەرهات، چەنـدی ئەیکـرد نەیئەتوانـی بـڕوا بـکا کـە نەخەوتـووە، بەڕاسـتی گوێـی لـەم تـەرزە قسـانەیە، هـەروای ئەچـووە کەللـە کـە لـە خەوایـە و بەسـەرهاتەکەش خەونـە، تـا ماوەیـەک سەرسـام و بێدەنـگ بـوو، ئەنجـا ڕەنگێکـی زەرد و سـووری هێنـا و پەردەیەکـی ڕەشـی تاریکـی بەسـەر چـاوا هـات، شـێوا و لەخـۆ چـوو، کـە بەخۆیـان هێنـاوە بەئـاو بـەدەم و چـاوا پـرژان و بـۆن سـۆ و بـە بەرلـووت هەڵـدان، مـەلا کەوتـە ئامـۆژگاری کـردن و پێـی وت کـە بـۆ هەمـووان واباشـە کاکـۆ دەسـت لـەم کارە بـەرداو بەردێکـی لەسـەردانێ، ئەوسـا کاکـۆ وردە وردە خوێنـی بەلەشـا گـەڕا و گەرمداهـات و بـە وێنـەی هـەوری بەهـاری تووندبـوو، هـەزار و یـەک بیـری ڕەش بەمێشـکا هاتووچـوو، دەمـێ ئەیـوت هەڵسـە بـە مەندیلـی خـۆی مـەلای بخنکێنـی، کاتـێ نیـازی ئەکـرد هەڵکێشـتە خەنجـەر و هەڵکوتێتـە سـەر ئاغـا و مـەلا و بایـز و هەمـووان لـە خوێـن سـوورکا، ناوەناویـش وێنـەی خانـزادی ئەهاتـە یـاد و جەرگـی برینـداری ئەکولایـەوە و هـۆش لەمانـە نـە ئەمـا، چەنـدی ورد بـۆوە کاکـۆ هیـچ ڕێگـە و تەگبیرێکـی نـەدی کـە بیگـرێ و بـەکاری بهێنـێ، لەبـەر ئەمـە خـۆی گرتـوو مەنـد بـوو، شـێرانە ڕوویکـردە مـەلا و گوتـی "لەبەرچـی ئەبـێ مـەلای نامـەلا، بـۆچ مـن واز لەخانـزاد بێنـم؟ ئـەی جەنابـت بـە ڕیشـی پانـی پـڕ لـە ئەسـپێت خانـزادت بـە شـەرعی خـۆت لەمـن مـارە نەکـرد؟ مـەلا وتـی کـوڕم هەروەکـو باسـم بـۆ کـردن، لـەم کاتـە کـە ئێـوەم لێـک مـارە کـرد بـێ دەسـتنوێژ بـووم، کاکـۆ تـۆزێ دامـا، هەنـدێ بیـری کـردەوە و بەسـەر مەلایـا قیژانـی: ئـەی مـەلا۔ تـۆ لـە پێـش چـاوی منـا دەسـتنوێژت نەشووشـت کەهاتـی بـۆ مارەکردنمـان؟" مـەلا درۆی لـێ سـپی بـۆوە ڕەنگـی زەرد هەڵگـەڕا، بـەڵام زوو خـۆی گرتـەوە، درۆیەکـی گەورەتـری ڕێکخسـت و گوتـی، ئاخـر کـوڕم لەشـم بـێ نوێـژ بـوو. تـۆ نەفامـی تێناگـەی.. تەماشـاکە تـووش چـی ئابڕووچوونێکـم ئەکـەی، هەتیـو لەشـم پیـس بـوو لـەش، شـەیتانم

پـێ پێکەنـی بـوو، ئـای هـاوار لەدەسـت کاکـۆ و خەڵکـی ئـەم دێیـە؟ ئـای چـۆن خەڵکـی سـوک و چـرووک ئەکـەن و دیـن و ئیمانـی ئەلەقێنـن؟

کاکـۆ نەیزانـی چـی بـکا و چـۆن خـۆی لـە دەردەسـەرییە ڕزگارکا، هـەر نەمابـوو شـەق بـەرێ و دڵـی بتەقـێ، چەشـنی ئـاو قوڵپـی ئـەدا و ئەکـوڵا نەختـی لێـوی خـۆی کـرۆژت و ڕق وکینـی بەربـەس کـرد، بـەڵام بـێ سـوود بـوو، جـام کـە پـڕ بـوو لێـی ئـەرژێ و کوشـین و پەسـتین ئەبنـە هـۆی تەقیـن، چـی تـر خـۆی بـۆ نەگیـرا و زامـی دڵـی بەسـەر مـەلادا هـەر ڕژانـد، وتـی "هـەی درۆزنـی ڕو ڕەش، پـاروو گـەورە! هـەی بـێ دینـی بـێ ئیمانـی بـێ ویـژدان! چـۆن تـۆ خـۆت بـۆ پـارە و پلاوکووشـین و تەماحـی دونیـا و ڕیایـی ڕووڕەش و مـاڵ کاول و خانەوێـران ئەکـەی؟ چـۆن لەترسـی ئاغـە و بەرتیلـی بایزبـەگ دەسـت لەشـەرعی دەی و ئاییـن ئەگـۆڕێ؟ کـوو پێـش چەنـد ڕۆژ خانـزاد لەمـن مـارە ئەکـەی و ئیمـڕۆ هەڵیئەوەشـێنی و ئەتـەوێ لـەم پیـرە گەمبۆلـە سەگسـارەی مارەکـەی؟ ئەمـە لـە چ ئایینێـک و لـە چ شـەرعێکا هەیـە؟ ئەمـە لەنـاو چ میللەتێـک و لـە چ کاتێکـدا ڕوویـداوە! ئێـوە بەخۆتـان ئەڵێـن مـەلا و جێنشـینی پێغەمبـەر و لـەم جـۆرە گوناهـەش لانـادەن، چـی بتوانـن بـۆ ماڵـی دونیـا و لـە شـەرمی ڕووان ئەیکـەن، ئـەی ئامـۆژگاری خەڵـک چـۆن ئەکـەن؟ کەواتـە چـۆن گلەیـی و گازانـدە لـەم نەفامـو بەسـتەزمانە بـێ ئاگایانـە ئەکـەن کـە هـەرە گونـاە و تاوانـی گەورەیـان ئەمەیـە ئاغەتـان ناپەرسـتن، یـا لـە جەژنـە هەندەیـان نابـێ بـۆ سـەر چاکردنـەوە چـاک دەوتـان چـەور کـەن؟ یـا لەبـەر ڕەنجەڕۆیـی و قـوڕ بەسـەری خۆیـان بۆیـان ناشـێ هەمـوو دەم سـوخرە و بێکاریتـان بـۆ بکـەن؟ یاخـود...، یـا... زۆر جـار...!! بـەم قسـانەی کاکـۆ، ئاغـا چـاوی سـوور و سـەری گـەرم بـوو، داوای بێدەنگـی لـە کاکـۆ کـرد، پاشـان کـە دیتـی کاکـۆ یەکجـار دڵ پـڕ و پەسـتە هەڕەشـەی لێکـرد و چەنـد نۆکەرێکـی بـەدکاری خـۆی بانـگ کـرد و بـە پیـل ڕاکێشـان بەدەرەوەیـان نـا، پاڵێکیشـیان نایـە پیرەمامـی بـێ تاوانـی هـەژاری بەسـتەزمانی بـێ هێـز، هـەر ئەمەنـدە نەکەوتـو گیانـی دەر نەچـوو،

باوک و کوڕ هەردوو بەناچاری و دڵبریندداری گەڕانەوە ماڵەوە، کاکۆ هۆشی لەکەللەدا برابوو، ئاگای لە هیچ نەمابوو، باوکی قوڕبەسەر چی بەدەستەوە نەمابوو، دڵی ئەدایەوە و هێوری ئەکردەوە ئەیگووت: کوڕم ئارام بگرە، هیچ ئیش نییە خوا چاکی نەکا، هەرچی خوا بیکا هەر ئەمە باشە، فەرماندەی یەزدان لەسەر سەرمان، لەسەرچاومان کە ئیمڕۆ ئێمە دەست کورت و بێ دەسەڵاتین، بەرامبەر بەم زۆرداره دەست درێژ و خوێنرێژانە ناتوانین بوەستین و هیچمان بۆ ناکرێ، جا پەنا ئەبەینە بەر ئەم خوایەی لە ژووری سەرییە و بە هەر شتێ ئاگادارە، هەر ئەو هەقمان بسێنێ و تۆڵەمان بۆ بکاتەوە، پشت و پەنامان بە ئەو، ئۆ خوایە هەر تۆ بەهەقی و گەورە و دادپەرست و پشت و پەنای هەژار و هەق خواردنی، خوایە زۆر شوکر..“

مەلا پێشەنگی گرت و ئاغا و بایز و باوکی خانزاد لەدوای ڕۆیشتن، ڕوویان کردە ماڵی باوکی خانزاد، مەلا چەشنی عیزرائیل لەخانزادی بێخەبەر چووە ژوورێ، هەموو کارەساتەکەی بۆ گێڕایەوە، ڕاو تەگبیر و پیلانەکەی خۆیانی تێگەیاند. خانزاد وەک گوڵی سوسن لەکاتی ڕۆژئاوا وشک و سیس بوو. ڕەنگی لەبەرنەما و دونیای ڕۆنی لە پێش چاوا ڕەش و تاریک بوو، هەندەی پێ نەچوو وەک کاکۆ ئەویش لەخۆ چوو.. مەلا بانگی باوک و دایکی کرد نەختێ ئاویان بە دەمو چاویا پرژند و بۆنسۆیان بەبەرلووتی دا تا بەهۆش هاتەوە، ئەوسا کەوتنە پاڕانەوە و ئامۆژگاری، بەڵام بۆ ئەم قسانە خانزاد وەک بەردی کەڕ وابوو، ئەوسەری نزمی کرد و بەرزی نەکردەوە ئەم ئەشکی باراندی نەوەستایەوە، نەزگرە و نووکە و گریە و هاواری بەردی ڕەقی نەرم ئەکرد و ئەتاواندەوە. کەباوکی زانی قسەکانیان بێ سوودە و چەشنی با لەم گوێیە دێ و لەمە ئەڕوا، سەری خانزادی پێ نالەقێ، ئەنجا کەوتە هەڕەشە و گوڕەشە، تەنها هەڕەشە و تۆقاندن بایی موویک دڵی خانزادی نەگووشی و بیری نەگۆڕی، ئەوسا باوکی هەروەکو زۆرترین باوک لەم تەرزە کاتە،

دەستی نایە سەر دەسکی خەنجەری دەبان، نەڕە خەنجەری جەوهەرداری هەڵکێشا و چەشنی قەساب هەڵیکوتایە سەر خانزاد، ئاگری لەناوچەوانا ئەباری، بەسەر خانزادا قیژانی و گوتی: یامێرد بەم مام بایزە ئەکەی، یا ئەتکوژم.. بەم خەنجەرە شەق و پیلت ئەکەم..“

بێگومان خانزاد هەزار جار کوشتن و پەلبوونی لاخۆشتر و سانا تر و مەردانەتر و پەسند بوو، تەنها لەم کاتە ناسکەدا شێوەی کاکۆی هاتە بەرچاو، لەمە بیری کردەوە ئەگەر خۆی بکوژێت ئەبێ کاکۆی قور بەسەر چی بکا و چی بەسەر بێنن چۆن پاش مەرگی ئەو ژینی لێ تاڵ و خۆی دەربەدەر بێ، بەم تێبینیە نەختێ باری کارەساتەکەی لاسووک بوو، هەندێ خۆی گرت و وردە وردە هۆشی هاتەوە بەرەخۆی و کەوتە بیرورا، لەدڵی خۆیا وتی ئەگەر بێتو تۆزێ لە مەکری ژنان بەکار بێنێ، ئەوا لەوانەیە هیچ دوور نییە، کەخۆی دەربازکا و لەگەڵ کاکۆی بڕۆن و پێک ببڕێن، کە خانزاد ئەم داوە باریکەی لە ئومێدا هاتە بەرچاو لە مام بایز مارەکردنی خۆی بەسەر کوشتنا پەسەند کرد.

باوکی خەنجەری گەورەی لەکالان نواند و کەوتە ماچ کردن و پێ هەڵگوتنی خانزاد، زۆر خۆشحاڵ و خەنی بوو، لەم کاتەدا ماڵ و سامانی بایزی هاتە بەرچاو و خۆی لێخۆشکرد.

خۆ باسی هەواڵی دڵی بایز ناکرێ، کە چۆن لەخۆشیانا هەڵئەپەڕی و شەقی لەخۆی هەڵئەدا و پەیمانی ماڵ بەخشینی ئەکرد.

ئاغاش سەری گەورە، زۆر تڕ زلی پیا هاتوو و خۆی بەڕێ و جێ و پیاوی ماقووڵ هاتە بەرچاو.

ماوە مەلای نامەلا، دەستی بەریشی پانی داهێنا و چاوی لە بایز هەڵتەکاند و پیرۆزبایی لێ ئەکرد و یەک لەدوو یەک جگەرە بۆنخۆشەی مام بایزی ئەکێشا..

## گواستنەوەی خانزاد

خانــزاد یەکجــار زۆر دڵتەنــگ و خەمگیــن بــوو، ســەری لێشــێوا و نەیئەزانــی چــی بــکا! لــە خەفەتــان نــە خــەوی هەبــوو نــە خــواردن، ڕۆژ تــا ئێــوارە بیــری ئەکــردەوە و فرمێســکی خوێنــاوی ئەبارانــد.. بــەم یەکــدوو ڕۆژە زۆری کــەم کــردوو و ڕووی گەشــی بەهاریــی چەشــنی گوڵــە نازنــاز کاتــی ڕۆژئــاوا ســیس و چــرچ بــوو، شــێوەی درەختــی زەردی خەزانــی بەســەرهات، تەنهــا لەگــەڵ ئەمەشــدا ئومێــد بــڕ نەبــوو، بەڵکــو بەهــۆی بیرکردنــەوە و مەنــدی پیلانێکــی ڕێکــی ڕێکخســتو و بــرا بچکۆلانەکــەی خــۆی ڕاســپارد کــە بچــێ کاکــۆ لــەم پیلانــە بگەیەنــێ وئاگاداریــان بــکا.. بــرای خانــزاد خــۆی گەیانــدە کاکــۆ و ڕاســپاردەکەی پــێ گەیانــد کــە بەڵێــن بــوو لەمــە: "خانــزاد لەکاکــۆ ئەخــوازێ کەهیــچ پەســت و نائومێــد نەبــێ، ئــارام بگــرێ و دڵنیــا بــێ، بەڵــێ ڕاســتە خانــزاد ئەگوازنــەوە بــۆ پیرەبایــز، تەنهــا ئــەم کارە هیــچ مەترســی نییــە، خانــزاد توانــای هەیــە بــە هــەر جۆرێــک بــێ ئــەم شــەوە بایــز بخەڵەتێنــێ و نەهێڵــی دەخلــی بــکات. نــەک هــەر ئەمــە بگــرە بــۆ بەیانییەکــی تــر پێــش گزنگــی هەتــاو ئەبــێ کاکــۆ بــە ئەســپ و هەمــوو پێویســتییەکەوە لــە پشــت کانــی پیــاوان ئامــادە و چاوەنواڕبــێ، بەهــەر فێڵــێ بــێ خانــزاد خــۆی ئەگەیەنێتــێ و هــەردوو خۆیــان دەربــاز ئەکــەن، بــەرەو شــوێنێ لەســەر زەوی کــردگار ســەرهەڵئەگرن.." کاکــۆ کــە ئــەم ڕاو و تەگبیــرەی زانــی، دڵــی چەشــنی گــوڵ گەشــایەوە و خانــزادی ســەد ئەمەنــدەی تــر لا شــیرین و نــازدار بــوو، گومانــی نەمــا لەوەفــای خانــزاد و دڵــداری مەردایەتــی ئــەم فرشــتەی لابــەرز بــوو، لــە یــەزدان پارایــەوە کــە خانــزادی لــە شــەڕ و بــەڵای بایــز و ئاغــا بــۆ بپارێــزێ.. هــەر لــە ئێســتەوە وێنــەی ئــەم کاتــە خۆشــەی ئەهاتــە بەرچــاو کــە دوو بــەدوو لەگــەڵ خانــزاد بــە تــاک و تەنیــا بــە ســواری ئــەڕۆن بەڕێــدا بــۆ شــوێنێکی نەنــاسراو، کــە چــۆن لــە چەنــگ ئــەم تەنــگ و چەڵەمەیــە ڕزگار ئەبــن و پــاش ئــەم هەمــوو ناخۆشــی و دەردەســەرییە کــە تــا ئێســتە چێژتوویانــە لەمەفتەنــی خۆیــان،

خۆشـاوی دڵـداری و ئاهەنگـی سەربەسـتی ئەنۆشـن لەنـاو بێگانـە دووره وڵاتـی.

پـاش ئـەم زینـده خەونانـە بەخـۆ هاتـەوه و دەسـتی کـرده پیـلان دانـان و پێویسـتی کۆکردنـەوه و ئامـاده بـوون.

رەورەوەی زەمـان سـوڕا و ڕۆژی دووشـەممە هـات، بـەڵام بەهاتنـی ئـەم ڕۆژه ڕەشـە دونیـا گـۆڕاو هـەور و هـەرا لـە ئاسـمانی شـینا پەیدابـوو، هەڵـی کـرده ڕەشـەبا و هـەور دەسـتیان کـرده بـە شریقـە و گـرم و هـۆڕ.. ئەتـووت سروشـت ئەیزانـی کـە ئـەم ڕۆژه شـووم و بەدوومـە چـی کارەسـاتێکی سـووری خوێنـاوی لـە ڕێگـەی ڕوودانـە!! نمـە نمـی بـاران پێشـڕەوی کـردو و سـووی هـەروا سـارد بـوو، هـەوری سـپاتی بـەرزی ترسـناک دەرکەوتـوو لەگشـت کـەس ئاشـکرابوو نیشـانەی بەفـر و کڕێـوه بـاری.

لەمـلاش بایـز وەک لەنـاو ئاگـری چاوەنـواڕی هاتنـی ئـەم ڕۆژەی ئەکـرد، چـۆن نـە، ئەمـە ڕۆژی زاواییەتـی، ڕۆژی بەخانـزاد خاتـوون شـادبوونیەتی، ڕۆژی تەمـەن لـە نـوێ نوسراویەتـی وڕۆژی بـە ئـاوات گەیشـتنیەتی.

کـە تیشـکی ئـەم ڕۆژه لـە لووتکـەی کێـو و تەپۆلکـەی گـرد و چیاکانـی دا، بایـز زۆر چەنـد مەڕێکـی خسـته ژێـر بریقـەی چەقـوو ئاهەنگێکـی گـەورەی سـازدا.. گەلـێ کێخـوا دێ و سـەرکار و خەڵکـی بانـگ کردبـوون بـۆ سـەر شـایی و ئاهەنگەکـە ئـەم بانگکراوانـە بەخـۆ و پیـاوو دەسـتو پێیانـەوه هاتبـوون، ڕۆژی دووشـەممە بـە پێچەوانـەی لـوورەی هـەواو سـەرماو سـۆز و کـزه بـاو نمـەی بـاران شـایی و ڕەشـبەڵەک، دەهـۆڵ و زوڕنـا و ڕمبـازی و تفەنـگ هاویشـتن کارێکـی ئەکـرد، دونیـا شـڵەژاو سـەگ خاوەنـی خـۆی نـە ئەناسـییەوه. خەڵکـی چەشـنی مـەڕو بـزن تێـک هەڵقـژا بـوون، کـەس ئـاگای لـە کـەس نەمابـوو، قـڕه قـڕ و گرمـە گرمـی نـاو گونـدی تێکەڵـی شریقـەی هـەوری تریشـقەی ئاسـمانی نـزم و نـوێ بـوو. باڵـداری لـە هـەوادا و دڕنـدەی لـە دەرەوه نەهێشـتبوون.

ئەمـان بـەم بـەزم و ئاهەنگـە بووکیـان گواسـتەوه، بـەڵام چـی بـووک؟ خانـزادی

هەناسـە سـارد و قـوڕ بەسـەر لـە پرسـە دابـوو، هەرکـە بیـری لـەم بـەزم و هـەراو هۆریـا و چارەنـووسراوی نەزانـراوی شـەوی داهاتـووی ڕەش ئەکـردەوە ترسـی لـێ پەیـا ئەبـوو و دڵتەنگـی لـێ ئەهاتـە کووتـە کـووت. شـێوەی کاکـۆی سـووتاوی بـێ چـارە و ڕەش بەختـی ئەهاتـە بەرچـاو دواڕۆژێکـی ڕەشـی تاریکـی ئـەدی..

کاکـۆی ماڵویـران و پیرەمامـی لـێ قەومـاوی باوکیشـی ئـەم ڕۆژە سـەری خۆیـان هەڵگرتـوو لـە پەسـتی و نامرادیـا ڕوویـان کـردە نـاو ڕەز و خۆیـان لـەم هاتـو هـاوارە دوور کـردەوە. کاکـۆ زوبانـی بەسـترابوو، قسـەی بـۆ نەئەکـرا و لـە هیـچ شـوێنێک خـۆی پـێ ڕانەئەگیـرا، لەبـن ئەمـدار بـۆ ژێـر ئـەودار ئەچـوو، لـەم مێـو بـۆ ئـەم ئەسـووڕا، لـەو لا بـۆ ئەمـلا ئەگـەڕا، دڵـی بـە هیـچ سـێبووری نـە ئەهـات و خـۆی پـێ نەئەگیـرا.

نـاوە نـاو پیرەمـام خـۆی لەکاکـۆ ون ئەکـرد و پـڕ بەچـاوی خـۆی ئەشـکی ئەڕشـت، دوایـی چـاوە بلۆقاوییەکانـی ئەسـڕیەوە و لای کاکـۆ ئەهاتـەوە، دەسـتی بەسـەری دا ئەهێنـا و دڵـی ئەدایـەوە.. تەنهـا هیـچ سـوودی نـە ئەبەخشـی و خۆڕابـوو، چـما ئـاوی هەمـو زەوی و دەریاکانـی جیهـان گـڕی ئاگـری کـوورەی دڵـی کاکۆیـان پـێ کـز ئەبـوو؟ ئـەم دڵـە سـووتاوە چەشـنی بـەردی ڕەق سـەخت و توونـد بووبـوو، ژینـی لـێ تـاڵ و ڕووناکـی چاوانـی لـێ تاریـک بووبـوو، هـەر بیـری لـە دواڕۆژ و بەسـەرهاتی خوێنـاوی ئەکـرد و ناوەنـاو، لەخۆیـەوە وەک شـێت ئەیدایـە قاقـای پێکەنیـن و دەمدەمیـش وەک بـەردی بـن گـۆم بێدەنـگ و کـڕ ئەبـوو..

## رزگاری

ئـەم شـەوە وەک پارچـە جلۆکـە بەفـر هاتـە خـوار، دونیـا وردە وردە سـاردبوو، تەڕایـی دەسـتی کـردە بەسـتە، بـوو بەسـایەقە و شـەختە و بەسـتەرۆک، پـاش لـە پـەردە کردنـی خانـزاد و پـەرت بوونـی خەڵکەکـە، مـام بایـز بەشـێوەی یەکانـە بـەرازی بـە حـەوت گوللـە هـەر گەرمـە برینـە لەخانـزاد چـووە ژوور، لەیەکـەم

سـەرهەڵبڕین و بینینی خانزاد بە وێنەی هەرس و کەمتیاری هاتە پێش چاو، بایز بۆ لای خزی، کەلبە سەگانیەکانی گڕ کردەوە و دەستی بۆ برد، خانزاد نەیکردە نامەری تاهێزی هەبوو زللەیەکی لە بن گوێیدا، بایز وەک دارێکی لە لووتی بەراز دەی پاشە وپاش کشایەوە و واقی وڕما، لەم بەرەی ژوورەکەوە بەرامبەری وەستاو گوتی: "خانزادی ناسک و نازدار، ئەی گلێنە و بیبلیلەی چاوەکانم، ئەمە چییە؟"

خانزاد وتی: هەی گلێنەی چاوەکانت بڕژێ، هەی کوێرایی چاوت دایێ، هەی بتۆپی، بڕۆ ئەی سەگی پیسوگڵاو نەکەی لێم نزیک بیەوە.."

بایز هەندێ داما، پاشان دەستی بۆ بەرکی برد، دەستە دینارێکی دەرهێنا و بۆ خانزادی هاویشت، خانزاد پارەکەی بەرووی مام بایزدا دا و گوتی: "ئەزانم دەسەڵاتی ئەم ئاوەگرە تا چی ئەندازەیەک ئەبڕێ، تۆش چاک بزانە کە نەک هەر تۆ بگرە گەلێ لە پوول پەرستە بێ هۆش و دڵڕەشەکان، ئەم کەسانەی هەموو شتێکی پیرۆز، هەموو بیروباوەڕێک، گشت خوو و ڕەوشت، هەرچی نەرخدارێک هەبێ، ئەمانە هەمووی لە پێناوی ئەم کرمە ئەنێن کە بە پارە ناو ئەبرێ، کۆزی ئادەمیزادی پێ ئاگر ئەدەن، شەڕەف و ناموسی بۆ ئەفرۆشن.. برا برای خۆی بۆ ئەکوژێ، باوک و منداڵ لێک جیا ئەبنەوە، خزمایەتی و دۆستایەتی و ناسیاری و ئاشنایی هەمووی لە ژێر تاریکی ڕەش ون ئەبێ... لاتان وایە لە ژینا جگە لەپارە چ شتێکی تر نییە، پارەکردگارە و ئەبێ کڕنۆشی بۆ بکەن، بی پەرستن، لەسەر سەرتانی دانێن، چراو ڕۆناکی ڕێگەی تاریکی دوورودرێژی ژینی سەختتان بێ، چی فەرموو جێبەجێی کەن، خوێنی سووری بێگوناهانی بۆ برێژن، ژنانی بۆ بێوەژن کەن، دایکانی بۆ جەرگ سووتاو کەن، منالی بەسەزمانی بۆ هەتیم کەن، پارەیە کە لەم زەمانی هەرکەسێ نەیبێ ئادەمیزاد نییە، نابێ بخرێتە ژمارەی مرۆڤایەتی، هەتیوچەو ناکەس بەچە و ڕووتە و سووک و چروک بێ نەرخ و

بـێ پایـە و سـواڵکەر و دەرۆزەکـەری پـێ ئەڵێـن خـۆ لاتـان مێشـوولەش تـەواو نییـە ئـەم جـۆرە گیرفانـە بۆشـانە تەنانـەت ئەگـەر ژیـرو دانـا و زانـا و دڵپـاک و ڕووخـۆش و بێگونـاح و بەشـەڕەف و خزمەتگـوزار و پـڕ سـوودیش بـن، ئەگـەر گیانـی بـەرزی خۆیـان لـە پێنـاوی چاکـە و ڕاسـتی و داد و ئاشـتی کۆمەڵانـی چەوسـێنراوەکان و میللـەت و مەفتـەن و ڕەوشـتی بەڕاسـت دانـا، خۆیـان کـردە قۆچـی قوربانـی بـۆ کۆمـەڵ ئـەم کاتـە لای ئێـوە شـێت و نەفـام و گێلوبەدبەخـتن، ئـەم کەسـەی باخەڵـی گەرمـە، دەسـت درێـژە، پالـووی چـەورە، خـاوەن سـامانە، پـوول و پـارەی زۆرە، ئـەم کەسـە هەرچەنـد تاوانکـەر و گوناهبـار بـێ، هەرچەنـد دڵـرەق و زۆرداربـێ، ماڵخـۆر و بەدکاربـێ، خوێـن ڕێـژ و غـەدار بـێ، دز، درۆزن، پیاوکـوژ، ڕێگـر، خەرمـان سـووتێنەر، بنەچینـەی خێـزان تێـک دەربـێ، چـی خراپـە هەبـێ لێـی نەڕەوێتـەوە، دۆسـتی شـەیتان بـێ، دوژمنـی چاکـەو ئاییـن و ژیـان بـێ، ئـەم کەسـە ئەنجـا بـەرز و بەنـەرخ و سـامدار و خانەدانـە، بۆچـی، چونکـە خاوەنـی ئـەم بۆگەنەیـە کەتـازە بـۆ منـت هاویشـت کـە لەشـی پاکـی منـت پـێ گڵاو کـرد، چونکـەلای ئێـوە "هەرچـی پوولێکـی نەبـێ پوولـێ ناهێنـێ". هەروەهـا ئەمـەش بزانـە کـە مـن چـاک ئەزانـم بـەم پارەیـە چـاوی ئاغـات کوێـر کـردووە، ئەزانـم بـەم کرمـە دینـو ئیمانـی مـەلات کڕیـوە، ئەزانـم بـەم نەخۆشـییە هەمـوو شـتێ ئەکـڕی و هـەر کارێ ئەکـەی، مـن ئەمانـە ئەزانـم، تـۆش پیـرە گورگـی دان لـە سـینە هاتـوو، بەرامبـەر بـە مـن چـاک بزانـە کـە نـەک هـەر بەمەنـدە پارەیـە بگـرە بـە هەمـوو دونیـا، دڵـی منـت پـێ ناکـڕێ و مـن لەمـە بەرزتـرم کـە بـۆ شـتێکی ئەوهـا بـێ نـەرخ و سـووک خـۆم لـە سـەگێکی وەک تـۆ پیـس گڵاوکـەم یاخـۆت پـێ بفرۆشـم؟

بـۆ مـام بایـز ئاشـکرابوو کـە خانـزاد لەمانـە نییـە، بـە پـارە و قسـەی خـۆش یـا پاڕانـەوە بەردەسـت بـێ، ئەنجـا دەسـتی کـردە هەڕەشـە و گوڕەشـە و خەنجـەر هەڵکێشـان، خانـزاد دڵنیـا بـوو کـە مـام بایـز هەنـدە بـەدکار و بـەرازە کـە

کوشــتنی ئــەوی لا ســاناترە لــە ئاوخواردنــەوە. لــە هیــچ ناگەڕێتــەوە و لەکــەس ناترســێ، گۆیــا لــە کــێ بترســێ؟

نەبــێ خانــزاد لــە کوشــتنی خــۆی ترســابێ، بەڵکــو هــەروەک ئەوکاتــە کــە بەزەبــری خەنجــەر مارەیــان بــڕی ئەوهــا کاکــۆی دیســانەوە هاتــە پێــش چــاو و پیلانەکەیانــی کەوتەوەیــاد.. بۆیــە، نەختــێ خــۆی شــل کــرد و چەکــی تیــژی ژنانــی خســتە کار..

ســەیرێکی مــام بایــزی کــرد و بــە بێــزەوە پێکەنــی، بایــز لــە خۆشــیانا هــۆش لەمێشــکیا فــڕی و گــڕی ئاگــری گــرت. خانــزاد ڕووی تێکــرد و گوتــی" ڕاســت ئەکــەی تــۆ منــت خــۆش ئــەوێ؟" بایــز گوتــی: "بەڵــێ لــە هەمــوو کــەس زیاتــر". خانــزاد گووتــی" کەواتــە وەرە مــەرد بــە دڵــم مەشــکێنە، ئافرەتێکــی بــێ دەســەڵاتی وەک مــن لــە ڕاســتی تــۆ چــی پــێ ئەکــرێ؟ مــن تــازە بۆتۆمــە، ئەگــەر منــت خــۆش ئــەوێ، ئــەوا ئەبــێ بــۆم جێبەجــێ بکــەی". بــای لــە خۆشــیانا ســەرخۆش بــوو، چــی لەیــاد نەمــا و کەوتــە ســەما و هەڵپەریــن گوتــی: گیانەکــەم ئــەی بووکــی تــازەی نــازدارم، هــەر فەرموودەیەکــت هەیــە مــن لــە خزمەتــا وەســتاوم، هــەر داخوازییــەک ئەکــەی ئامــادەم، بفەرمــوو کــە ئــەم کێــوەت بــۆ دابنێــم، ئێســتە تــا بەیانــی بــۆت دادێنــم."

خانــزاد گوتــی "ئاواتــی مــن هەنــدە گــران و گــەورە نییــە" بایــز وتــی " دەهــا چاتــر.." ئەوســا خانــزاد هەناســەیەکی ســاردی هەڵێنــا و گوتــی " ئەمــە داخوازیمــە، کــە مــن و تــۆ بــۆ یەکتریــن خــۆ دونیــا شــەو بــڕان نییــە، خــۆ هــەر ئیمشــەو نەمــاوە، ئەزانــی مــن لەکاکــۆ مــارە کرابــووم، بــەڵام بــەو نەبــڕام و بۆتــۆ بــووم، هەمــوو شــتێ بــەش و چارەنووســە، ئــاخ.. خــۆت ئەزانــی ئەبــێ دڵــی کاکــۆ ئێســتە چــی بــکا و لــە چــی ژینێــک بــێ؟ بۆیــە مــن شــەرت و پەیمانــم لەگــەڵ خــوای خــۆم بەســتووە کــە ئەگــەر مێــرد بــە هــەر کەســێ بکــەم، لەبــەر دڵــی برینــداری کاکۆیــی بەشــخوراو، یەکــەم شــەوی بووکاتیــم کــەس دەســتم لــێ نــەداو

نەیـەت بەلامـەوە، چونکـە شـەوی یەکـەم تازیمانـەی دڵمـە و نابـێ بشـکێ. جـا ئەگـەر تـۆ وەک خـۆت ئەڵێـی منـت خـۆش ئەوێـی و ئاواتـم بەجـێ ئەهێنی،ئـەوا پیاوبـە ئیمشـەو لێمگـەڕێ، مەشـکێنە دڵـەی سـاوام، مەکووڵێنـە برینـی پـڕ ئێـش و زامـدارم، لای یەزدانـم بـێ شـەرت و ڕوورەشـم مەکـە، واز بێنـە پەیمانـم بەجـێ بێنـم، ئەوسـا لـە بەیانییـەوە تـا کاتـی مـردن، ئەبـم بـە دیلـی تـۆ و هیـچ لـە گـۆڕێ نامێنـێ..“

ئـەم وشـانەی گـوت و خانـزاد گریانـی هێنـا خـۆی چەنـد فرمێسـکی بـەرداوە، جەرگـی ڕەشـی مـام بایـزی سـووتاند و ناچـاری کـرد بڵـێ ”ئەگـەر تـۆ وات پێخـۆش بـێ، ئـەوا ناچـارم لـە فەرمانـت دەرنەچـم، تەنیـا ئەبـێ هـەر ئیمشـۆ بـێ“ خانـزاد گەشـایەوە پـڕ بـە دڵیـەوە گوتـی: ”بەخـوا بەڵێنـت ئەدەمـێ کـە هـەر ئیمشـۆ بـێ!“ ئـەم وشـەی خانـزاد لـە دڵـی خۆیـدا هـەزار و دوو مانـای تیابـوو..

بەمجـۆرە چەکـی خانـزاد کاری کـرد و بایـزی خەڵەتانـد، بایـز لـە لاییەکـەوە ڕاکشـا و پرخـۆ هـۆڕی خەویـی بـۆ ئاسـمان چـوو، خانـزاد کەوتـە پیـلان نانـەوە و خـۆ ئامادەکـردن.. جـارێ لـە پێشـەوە دەمانچـەی بایـزی لـە ژێـر سـەرینەکەیا دەرهێنـا و لـە ژێـر جلەکانـەوە بـە قـەدی باریکـی خۆیـەوە کـرد. شـەوە خـەو نەچـووە چاوانـی، وەک لەسـەر درکان چاوەنـواڕی بەیانـی ئەکـرد و کـوت کـوت دڵـی لێـی ئـەدا، بـەم جـۆرە ئـەم شـەوەی لـە دۆزەخـی بایـزا ڕابـوارد تـا قرتـە قرتـی مامـر و بانگـی کەڵەشـێر مـوژدەی شـەبەقیان پێـدا..

کاکـۆش ئـەم شـەوە هـەر لەسـەر ئـاو ئاگـران بـوو، چ خـەوی نەبـوو، چەنـد جـار ئەبـۆرژاو لـە پـڕ ڕائەچەنـی و ئـاگای ئەبـۆوە، تـا بـەری بەیـان، هێشـتە جـارێ سـەگو گـورگ لێکجیـا نـە ئەکرانـەوە خـۆی گـورج کـرد، شـمەک و کەلوپەلـی لـە پاشـکۆی خـۆی قایـم کـرد و بـۆ ژوانـێ چـوو. چەشـنی بروسـکە دەرپەڕییـە دەر و ڕووی کـردە ”کانـی پیـاوان“ لـەم شـوێنە چاوەنـواڕی خانـزادی کـرد، هـەر دەقێکـی لـێ بـە هـەزار سـاڵ ئەچـوو، لـە ژینـا هیـچ لـەم جـۆرە چـاوە نـواڕ، لـەم چەشـنە

کاتــەدا، بــۆ ئــەم تــەرزە کەســانە تاڵــتر و خەمناکــتر نییــە! کاکــۆ هەمــوو ئەندامــی لەشــی لــێ بوونــە گــوێ، چەشــنی گورگــی برســی و وشــت و گــوێ کــوڕ بــوو، لەهــەر چڵپەیــەک ڕا ئەچەنــی و هەســتی ڕائەگــرت. بــۆ کــزەی شــەماڵ ئەهاتــە لەرزیــن، تەڕاشــو زیپەکانــی نــاو بەفــری لــێ بوونــە ســوار، دەنگــی کونــدی لــە دووری لا نیشــانە و نەگبەتــی و بەدبەختــی بــوون هــەزاران بیــری خــۆش و ناخۆشــی یــەک لــەدوای یــەک بــۆ ئەهــات و مێشــکی ماندوویــان لــێ ئەشــڵەژاند، کاتــێ بــۆ ڕۆژی مــراد پــێ ئەکەنــی کــە گزنگــی هەتــاوی ئــەو ڕۆژە دەســتی پــێ ئەکــرد، دەمــێ هــەوری ماتــەم چــاوی تاریــک ئەکــرد و هەســتی بەشــکان و برینداربوونــی وەفــای دڵــداری ئەکــرد، چونکــە زۆر گوومانــی پەیــا ئەکــرد کــە خانــزاد لــە دەســت بایــز ڕزگار بووبــێ، یــا بتوانــێ پەیمانــی خــۆی بێنێتــەدی و بــۆ ژوان بــێ، هــەر جــارێ ئــەم وێنــە ڕەشــەی ئەهاتــە بەرچــاو دڵــی ســارد ئەبــوو، چەنــد فرمێســکێک بەســەر ڕوومەتــە شــەختاوییەکانیا ئەهاتــە خــوار و بیــری مــردن، خــۆ کوشــتن، شــەڕ کــردن، دونیــا وێــران کــردن بــۆ ماڵــی بایــز چــوون و هــەزار تــەرزە شــتی تــری ئەکــرد، بــەم شــێوە لــەو شــوێنە چاوەنــواڕی کــرد، تەنهــا خانــزاد هــەر دەرنەکــەوت، کاکــۆ زۆر تێکچــوو، دڵــی گــووشراو ئەیــووت" ئــەی خانــزاد تووشــی نســکۆیەک بووبــێ، یــا چــی بەســەرهاتبێ، یــا بــۆی هەڵنەکەوتبــێ بێتــە دەرەوە، یــا پیلانەکــەی لــێ ئاشــکرا بووبــێ و بایــز پێــی زانیبــێ، ئەگینــا بێگومــان تــا ئێســتا هــەر ســەر و شــوێنی ئەبــوو، ئــاوا کاکــۆ دڵــی هــەزار و یــەک ڕێــی ئەکــرد، نــاوە نــاوە چــاوی ڕەشــکە و پێشــکەی ئەکــرد، شــێوەی خانــزادی ئەهاتــە بەرچــاو، ئەیگــووت ئــەوا هاتــوو بــە پیریــەوە ئەچــوو، ئەوســا ئەیــدی کــە هیــچ نییــە و دونیایەکــی بــێ هەســت و خوســتە.

لــەم تەنگوچەڵەمەیــەدا کاکــۆ واقــی وڕمابــوو، کــە خشــپەیەکی کەوتــە بەرگــوێ، هەســتی ڕاگــرت و هەناســەی لەخــۆی بــڕی، شرقــەی ناڵــی وڵاخــێ نزیــک ئەبــۆوە، کاکــۆ خــۆی لەســەر بەفــرا درێــژ کــرد و ســەیری لای چرپەکــەی کــرد، لــە ســێرەی

ئاسـمانا سـوارێكی دی بـۆ لای ئـەوی ئەكووتـا، دڵـی هاتـە لێـدان و هەمـوو لەشـی كەوتـە جـۆش، خـۆی ئامـادە كـرد و مـات بـوو، تـا تارمایيەكـە هاتـە پێـش، ئەنجـا كاكـۆ تێـی ڕاخـوڕی، دەنـگ دان و ڕادانـی گوللـەی بـۆ بـەر تفەنـگا یـەک بـوو. گوتـی "كـوڕە زەلام نەبـزوی كـوژرای!" سـوارە جلـەوی وڵاخـی گـرت و دەنگێكـی شـێواوی ترسـاوی ژنانـە وەڵامـی دایـەوە "سـواربە.. وەرە دوام!" كاكـۆ دەنگـی خانـزادی ناسـیەوە، لـە پڕێـكا دڵـی گەشـایەوە و ژینـی لا شـیرین بـوو، زەمینـی لا بـووە بەهەشـت، گرێـی دڵـداری جەسـتەی لـەرزاوی بەسـتراوی گـەرم كـردەوە و گوتی:"گیانـی بـەرزم تـۆی؟" خانـزاد گوتـی "ئـەوم، ئـەوم خۆشەویسـت" كاكـۆ بەلایـەوە چـوو، خانـزاد سـەری داهێنـا و دەسـتیان خسـتە گەردنـی یەكـتری، یەكتریـان تێروپـڕ ماچـو بۆنكـرد ئەمەنـدەی نەمابـوو لـە خۆشـیانا لـە خـۆ بچـن و ئاگایـان لـە ڕۆژگار ببـڕێ، پاشـماوەیەک هەسـتیان بـە مەترسـی ئـەم چۆنیەتـە كـرد، كاكـۆش پێـی لـە ڕكێفـی نـاو هەردووكیـان بـە جۆتـە كووتایـان بـەم جـۆرە بۆنـی ئازادییـان كـردو لـە بەنـدی زۆرداری و تاریكـی ڕزگاربـوون.

تـا ئەژنـۆ بەفـر باریبـوو، زەمینـی بەپۆشـینی سـپی پـۆش بـوو، وشـە بـا بەسـەریا ئەهـات و زۆر سـوزێكی ساردی ئەبەخشـی، لـە ژێـری پۆشـینەكەیا هیـچ شـتێ دیـار نەبـوو، نـاوە نـاو لەسـە گردۆچكەیـەک درەختێـک دەرئەكـەوت كـە تـا ناوقـەدی لـە بەفـرا گیرابـوو، لـە كـزەی بـا لـق و پۆپەكانـی ئەجوولانـەوە ئەتـووت لـە سـەرمانا ئەلەرزیـن، كاكـۆ و خانـزاد لەسـەرمانا قـەسری بـوون، تەنهـا لەبـەر گـڕی گەرمـێ ئاگـری جەرگـی خۆیـان ئاگایـان نەبـوو لەسـەرما و گەرمـا، بـە پێچەوانـە، وایـان ئەزانـی كـە زۆر گەرمایـە! زۆر چاكیـان داژوا، چـۆر چـۆڕ ئارەقـە بـە لەشـی وڵاخەكانیـان ئەچۆڕایـەوە و لـە ڕاسـتەخۆی ئەبـوو بـە كەفـی سـپی و ڕەق ئەبـوو. بـەم جـۆرە هیـچ ئاگایـان لـە خـۆ نەمابـوو، تاسـەرەمێک دەسـتوو پێـی خانـزاد ڕەق بـوو، سـەرما و سـایەقە لەسـەر وڵاخـەوە بەسـتین ئاخـەی لێـوی هاتـوو هنـدەی نەمـا بـەر بێتـەوە خـوارێ، كاكـۆ بەلایـەوە چـوو، وڵاخەكانـی

هـۆش کـردەوە و تـا نووتـی لەخانـزاد دا وتـی ”مایـە ژینـم تـۆزێ خـۆت بگـرە، ئـەوا لـە دوورەوە گونـدێ دیـارە، هـەر بگەینـە وێ زوو خۆمـان ئەکەینەماڵـێ وگـەرم ئەبینـەوە“. کاکـۆ لـەم قسـانەدابوو کـە هـەوری ژوور سـەریان دەسـتی کـردە شرق و هـۆڕ و هەلـی کردەبـا و ڕێژنـە بارانێـک دونیـای وێـران ئەکـرد، تەنیـا بارانەکـە لـە سـووی بەفرەکـە گـەرم و خۆشـتر بـوو، لـە ئەنجامـا شـەختە و بەسـتەرۆک وردە وردە خـاو بـۆوە و دەسـت و پەنجـەی خانـزاد ڕووی لـە نەرمـی کـرد تـا هەرچۆنـێ بـوو بـەدێ گەیشـتن و خۆیـان کـردە خانـووێ.

خانەخوێیەکەیـان زۆر باشـیان مێوانـداری کـردن، ئاگرێکـی گەورەیـان بـۆ هەڵکـردن، کاکـۆ و خانـزاد خۆیـان چـاک وپـاک پێگـەرم کـردەوە، لەشـی تەڕیـان هیشـک کـردەوە و کـە چێشـتیان بـۆ هێنـان نانیـان خـوارد، پـاش ماندووحەسـانەوەیەکی کـورت ماڵئاواییـان خواسـت و لێـی سـواربوونەوە بـە جووتـە سـوارە کەوتنـەوە ڕێ، بـەس ئەمجـارە لەسـەرخۆتر ئەڕۆیشـتن، چونکـە لـە لایـەکا وڵاخەکانیـان هیـلاک و مانـدوو پەکیـان کەوتبـوو، لەلایەکـی تریشـەوە خۆیـان وا تـێ ئەگەیشـتن کـە لـەداوی فەلاکەتـی ئاغـا و بایـز دوور کەوتوونەتـەوە. ئەوهـا جەلەویـان شـل کـرد و بـە قسـە و گفتوگـۆ کـردن، ناوەناویـش تێکڕامـان، سـەری خۆیـان هەڵگـرت و بـۆ نـووسراو چارەنـووس بەردەسـت بـوون. باکیـان بەهیـچ نەبـوو، چونکـە ئەیانگـووت ئەمـەی بۆیـان نووسرابـێ هـەر دێتەجـێ، بەختـی نـووسراو هەرگیـز بەکـەس ناگـۆڕێ، وەنابـێ دەسـت لـەکاری پـەروەردەگار بدرێـت، ئەمـەی ئـەو بیـکا هـەر ئـەوە ئەبـێ.

دڵیـان پـڕ لـە بتمانـی، پـڕ لـە ئیـمان، پـڕ لـە ئـاوات، پـڕ لـە ئومێـد و پـڕ لـە دواڕۆژ بـوو، هـەر کەسـێ ئیمانـی تونـد و بەتیـن بـێ هەرگیـز تـرس لـە بەدەنیـا نامێنـێ و هـەر ئومێـدەار و دڵنیایـە.

## جەرگ سووتان

مـام بایـز کـە لەخـەو هەڵسـا و تەماشـای جێگـەی خانـزادی کـرد واقـی وڕمـا، تەزییەکـی ساردی لـە تەپڵـی سـەرراهاتوو لـە بنـی پێـی دەرچـوو. نوێنـی خانـزاد کەسـی لـە ژێـرا نەبـوو، چەنـد جـار بانگـی کـرد هیـچ هەسـت نەبـوو، دڵـی کەوتـە خەتـەرە، وەک گورگـی پیـر ڕاسـت بـۆوە، ژوورەکـەی ڕۆنـی و کەسـی نەدیـت، گـەڕاوە جێگـەی خـۆی و دەسـتی بـۆ ژێـر سـەرینەکە درێـژ کـرد.. دەسـتی ڕەق بـوو: دەمانچەکـەی نەمابـوو: گـورج ڕاپـەڕی بـۆ دەرەوەی بچـێ، تەنیـا دیتـی دەرگاکـە لـە دیـوی دەرەوە داخـراوە، چەنـدی خەریکـی بـو، بـۆی نەکرایـەوە، جـا چەنشـی سـەرخۆش کەوتـە لێدانـی بـە مسـت و پێلەقـە، لـە تەقەتەقـی مـام بایـز خەڵکەکـە بـە ئـاگا هاتـن، خێـرا چەنـد نۆکەرێـک بـە ڕاکـردن بـۆ ژوورەکـە چـوون، مـام بایـز قیژانـی وتـی ”ئـەم دەرگایـە بشـکێنن“ نۆکـەر، ئـازا لـە ڕێسـمەیان بـرد و دەرگایـان کـردەوە سـەر گازەی پشـتێ. مـام بایـز دەرپەڕیـو، وەک بـەراز چاوەکانـی سـوور هەڵگەڕابـوون، نەڕانـی ”خانـزاد نەمـاوە!“ بـە گورجـی نۆکـەران کـون و قوژبنـی خانووەکەیـان سـەرو بـن کـرد، کـە هیـچ نەبـوو، هاڵاویـان بـۆ دەرگـەی حەوشـە بـرد، ئەمیـش لـە دەرەوەڕا داخرابـوو! ئـازا ئەمیشـیانی واری کـرد، بـۆ ماڵـی باوکـی خانـزاد بەزییـن، لەخـەوا هەڵیـان سـاندن، داوای خانزادیـان لێکـردن، بـەڵام خانـزاد لـەوێ نەبـوو، ئەنجـا هێرشـیان بـردە سـەر پیرەمامـی بـێ کـەس، لەخـەو ڕایـان پەڕانـد، چەنـد جوێنێکیـان پێـدا هەڕەشـەیان لێکـرد کـە خانـزاد بداتـەوە. پیرەمـام، چـاوی پـڕ فرمێسـک، وتی“باوکـم خانـزاد لێـرە چـی ئـەکا؟ خانـزاد وا لـە باخـەڵ مـام بایـز خەوتـووە“ نۆکـەرە چلکاوخـۆرەکان وایانزانـی گاڵتەیـان پـێ ئـەکا، لـە پڕێـکا قسـەیان پـێ بـڕی و بەدڵرەقـی وتیـان“ بەریشـی سـپیتەوە درۆ مەکـە، کەلکـت ناگـرێ، فرمێسـکی فێـڵاوی چاوەکانـت لای ئێمـە کاری نییـە“ ئەمەیـان وت و چەشـنی دڕنـدەی هـار چوونـە ژوورەوە کوونـە کورێتیـان پشـکنی و خانـزاد نەبـوو، تەماشـایانکرد کاکـۆش لـەوێ نییـە، ئەنجـا

یەکیـان وتـی "ئـەی کـوا کاکـۆی کـوڕت؟" پیرەمـام چەنـد هەناسـەیەکی سـاردی دڵ پـڕی هەڵکێشـا و گوتـی "بەخـوا نازانـم.. هـەی خـوا ماڵتـان وێرانـکا.. ئـەی ئێـوە سـەری کاکـۆی کوڕمتـان بـە فەتـەرات نـەدا؟ نازانـم، لـە دوێنـێ ئێـوارەوە نەهاتۆتـەوە، هەمـوو دونیـام لێکـردووە نەمدۆزیوەتـەوە. ئـۆف خوایـە هـاوار، خوایـە هـاوار، پەنـام بـە تـۆ ئـەی یـەزدان..." ئەنجـا نۆکەرێـک وتـی: "کەواتـە مەترسـە، ئیمـڕۆ ئێمـە کاکـۆت بـۆ ئەدۆزینـەوە و بـە بـەزم و ئاهەنـگ بـۆت ئەهێنینـەوە گونـدی" نۆکـەران گەڕانـەوە و پیرەمامیـان جێهێشـت، ئەمیـش خـۆی بـۆ نەگیـرا، لەتـاو جەرگـی شـێت و هـار بـوو، بـەڵام لـە ناچـاری هیچـی بـۆ نـە ئەکـرا، لەبـەر ئەمـە بـە شـێوەی ژنـی جـەرگ سـووتاو دەسـتی کـرد بـە گریـان و لەخـۆدان..

مـام بایـز پەیامـی لەهیـچ شـوێنێک نەبوونـی خانـزادی وەرگرتـوو گوتـی: "ئەزانـم خانـزاد ئەسـپەکەمی بـردووە و ئەوەتـا شـوێنی دیـار و ئاشـکرایە بـە ئـازا بچـن ئاغـا ئـاگادار کـەن!".

بەخـۆ و چەنـد نۆکەرێـک ئاغـا هـات، لەگـەڵ مـام بایـز و نۆکەرانـی شـوێنی خانزادیـان هەڵگـرت تـا گەیاندیانـە پشـت کانـی پیـاوان لـەوێ شـوێنی وڵاخێـک و پیاوێـک هەبـوو، بـە جووتـە لەگـەڵ خانـزاد ڕێگەیـان گرتبـوو. مـام بایـز وتـی: ئەمەتـا شـوێنی خانـزاد وکاکـۆ، دەی بکەونـە دوایـان، شـوێنکە ون نەکـەن، هـەر ئیمـڕۆ خانـزاد و سـەری کاکـۆم ئەوێـت." ئـەم فەرمانـە دڕندانەیـان وەرگـرت و نۆکـەران خۆیـان چـەک پـۆش کـرد و سـواری بـوون کەوتنـە سـەر شـو شـوێنی بـووک و زاوا ئەوتـووت تـاژی و توولـەی ڕاوچینـە کەتوونتـە شـوێن نیچێـری زامـدار کـراو..

لەسـەری بەفـرە ئەسـتوورەکە شـوێنی خانـزاد و کاکـۆ زۆر ئاشـکرا بـوو، جێـی ناڵـی وڵاخەکانیـان لـە بەفـرا بـۆ سـەگانی ئاغـا و مـام بایـز ڕابـەر بـوو. شـوێن هەڵگـر شـوێنیانی بـردە ئـەم گونـدەی کاکـۆ و خانـزاد چـوو بـوون و لـەم ماڵەیـان

کـرد کـە تیایادادابـەزی بـوون. لـە خـاوەن ماڵیـان پرسـی لـە وەڵامـا خـاوەن مـاڵ وتـی "بـۆ، ئەمانـە چـی بـوون.. بـۆچ ئێـوە بەدوایانـە ئەگەڕێـن؟" یـەک لـە نۆکـەران هەڵیدایـە و گوتـی " ئەمانـە کـوڕ و بووکـی ئاغـەم بـوون، کـوڕی ئاغـام لـە باوکـی تـۆراوە و لەگـەڵ خێزانـی ڕۆیشـتوونە، ئێمـەش ئـەوا بـە دوایـان ئەچیـن تـا دڵیـان چاکەینـەوە و بگەڕێنـەوە ماڵـێ.." خـاوەن مـاڵ وتـی "ئەنجـا بەخـوا نازانـم، ڕوویـان لـە کـوێ کـرد، بـەڵام هەنـدە لەمێـژ نییـە، لێـرە دەرچوونـە، ئەگـەر نەختـێ خێـرا بـاژۆن بـەم نزیکانـە ئەیانگەنـێ.." نۆکـەران سـەری وڵاخیـان هەڵسـوڕاند و پـاش دۆزینـەوەی کەوتنـەوە سـەر شـوێنەکە.

خانـزاد و کاکـۆ گەلێـک مانـدوو بـوون، وڵاخەکانیـان بـە هیـچ جـۆرێ خێـرا نـە ئەڕۆیشـتن، جارێکـی پەکیـان کەوتبـوو. ڕێگەکەیـان لـە بەینـی دوو کێـوی بـەرزی بەفـر پۆشراویـا تـێ ئەپـەڕی.. جێگەیەکـی چـۆڵ و بیابـان و بـێ هەسـت، لووتکـەی چیـاکان لەمبـەر و لەوبـەرا بـۆ تاقـی ئاسـمان کشـابوون، پۆشـینی بەفرینیـان هـەر لەمێـزەری مـەلای ئەکـرد. هەورێکـی ڕوونـی سـپات خـۆی پیـا کێشـابوون.

کاکـۆ ڕووی کـردە خانـزاد و وتـی: ئـەی ئومێـدی دونیـا و دواڕۆژم، سـەیری ئـەم کێوانـە کـە، ئەمانـەن مـەلای ڕاسـت، ئەمانـەن بـە پاکـی لێـک مـارە ئەکـەن، نـەک کۆلکـە مـەلای چڵێـس حـەق داپۆشـی دونیـا کـڕی دیـن فـرۆش، خانـزادی دڵـم، گیانـم زۆر تەنـگ وتاریکـە زۆر ئەترسـم بـەم زووانـە ئێمـە لێـک دابڕییـن و نەگەینـە ئـارەزوو. ئـا توخـوا گەردەنـم ئـازاد کـە..! ئەمانـەی وت و کاکـۆ لـە خانـزاد چـووە پێـش و وڵاخەکانیـان بـە جـووت ڕاگـرت، دەسـتیان هاویشـتە گەردەنـی یەکـدی و تێروپـڕ یەکتریـان مـاچ کـرد. دڵۆپـی گەرمـی فرمێسـک بـە گـوڕ لەچاویـان هەڵـژڕا و لەسـەر کۆڵمەیـان شـوێنی شـەختاوی کـرد. خانـزاد کەوتـە گفتوگـۆ، هـەی لەمـن نەکـەوێ، ئـەم بیـرە ڕەشـانە لـە مێشـکی خـۆت فڕێـدە، تـازە لـە مـەدا نەمـا کـە.. تەنیـا لەبـەر نووکـە نووکـی گریـان و نزگرانـەوە بـۆی تـەواو نەکـرا.. چەنـد فرمێسـکی گـەش بەسـەر کولمـەکان هاتـە خـوار هـەر

لـەم دنکـە خونـاوەی ئەکـرد کـە بەیانـی بەهـار لەسـەر گوڵـی تـازە پشـکووتوو ئەتریسـکێتەوە.. بـە ناچـاری ئەنجـا لێـک جیابوونـەوە و کەتنـەوە ڕێ..

نۆکـەران شـوێنیان هێنـا تـا سـەردەمێک زۆر لـە کاکـۆ و خانـزاد نزیـک بوونـەوە، بـەڵام چۆنیـان ئەکوتـا وڵاخەکانیـان هەمـوو باڵیـان گرتبـوو. لەخۆیـەوە کاکـۆ جارێکـی لـە پڕێـکا ئـاوڕی دایـەوە، دڵـی هاتـە لەرزیـن و ڕەنگـی تێکچـوو، لـەدوور لەسـەر پۆشـی سـپی چـاوی بـە چەنـد نۆکـەری ئاغـا کـەوت. ئەنجـا ڕووی کـردە خانـزاد، نەختێکـی پـێ هەڵنـواڕی، ئاخێکـی سـاردی دوورو درێـژی هەڵکێشـا، وتـی: بینایـی دیـدە و ڕووناکـی چـاوم.. خـوات لەگـەڵ وا کاتـی دەسـت لێکبەردانـە.. هیـچ خـەم مەخـۆ کار لـە کار تـرازا لەشـکری جەفا و زۆرداری گەیشـتە سـەرمان.. ئیمـڕۆ ڕۆژی هێـز و بـێ دادییـە، حـەق لـە زەمیـن شـوێنی نییـە، تەنیـا مەترسـە، ئـەم بەیانییەنزیکـە تیشـکی حـەق تیـا هەڵـێ بەسـەر خـاکا، تۆڵـەی هـەزاران خوێنڕژاوانـی وەک مـن بسـێنرێتەوە. دەسـتی دەسـت درێـژ و زۆدار ببـڕێ، هەقـدار هەقـی خـۆی پێبـدرێ و ڕەنـج و ئارەقـەی بـێ دەسـەڵات و ڕەنجەرۆیـان بـە ئەتـک نەخـورێ و بـە فیـڕۆ نەچـێ..“

کاکـۆ لـەم باسـەدابوو کـە شـەش سـوار وەک زنجیـر چـوار لایـان گرتـن. کاکـۆ هـاواری کـردە خانـزاد و وتـی ”خـۆت ڕزگار کـە و خەمـی منـت نەبـێ، مـن وا ئـەڕۆم لـەم دونیـا چاوەنـواڕت ئەبـم.. ئەوسـا چەشـنی نەڕەشـێر لەسـەر ئەسـپی خـۆی فڕێـدا، بـەڵام چـۆن خـۆی هەڵـدا ئـاوا نەگەیشـتە سـەر بەفرەکـە، چونکـە لـەم کاتـەدا کەویسـتی بـاز داتـە خـوارەوە، نۆکـەران دسـتەدرێژێکیان کـردێ و شـەش گوللـە بەجـارێ لـە لەشـیا تەقینـەوە، چەشـنی نیچیـری زامـدار کاکـۆ شـەپەی هـات و بەسـەر بەفـرا گلـۆڵ بـۆوە، خوێنـی گـەش جۆگەلـەی بەسـت و تێکەڵـی بەفـر بـوو، کەمـێ فڕکـەی ئەکـرد و لـە ڕاسـتەخۆی ئەمەیـی.

خانـزاد هۆشـی لـە کەللەیـا نەمـا، وەک شـێتان خـۆی پیادەکـرد و بـۆ لای کاکـۆ بـەزی، سـەری کاکـۆی نایـە سـەر کۆشـی خـوێ دەسـتی کـردە شـیوەن و گریـان و

لـە خـۆدان، فریشـتەی ئاسـمانان لـە زریکـەی هاتنـە لەرزیـن.

نۆکـەران لـە خانـزاد و لاشـەی کاکـۆ نزیـک بوونـەوە. پـاش ئەمـەی زانیـان کاکـۆ گیانــی بــە کــردگار ســپاردووە، لەخانزادیــان ڕاخــوڕی "خانــم.. وا هەتیوچەکــەت ڕۆیـی ئەوسـا هەڵسـە بـا بۆماڵـەوە بڕۆیـن هـەروا مـام بایـز چاوەنـۆڕت ئـەکات.." کـە ئەمــەی بیســت خانــزاد ئاگــر لــە جەرگیــا بەربــوو، زۆر بــە مــەردی دەســتی بــۆ قــەدی خــۆی درێژکــرد و هەڵکێشــایە دەمانچــە و ڕووی لــە دوژمنــان کــرد و پەنجــەی پیاکێشــا، بــەڵام لەبــەر خــەم و ڕقــا نەیئەزانــی دەمانچــەکان لــە کــوێ ئەگــرێ؟ دوو گوللــەی لــە دەفــەی ســینگی نۆکــەرێ ڕاکێشــا، دەســت بەجــێ گیانــی دەرچــوو، یەکێکــی تریشــی برینــدار کــرد، فیشــەکاکانی تــری بــە بۆشــاییا چــوون. پـاش نەمانـی گوللـە خانـزاد دەمانچەکـەی پیـادان و گـەڕاوە سـەر لاشـەی خۆشەویســتی. هــاوار و فیغــان گەیشــتە بــەری ئاســمان. بەکاکــۆی هەڵئەگــوت و بەســـەر و مێشـــکی خۆیـــا ئـــەدا، ســـینەی خـــۆی ئەکووتـــی و قـــژی نەرمـــی ئەڕنیــەوە، نۆکــەران چوونــە پێــش و داویــان کــرد بــە گەڵیــان کــەوێ.. خانــزاد هیــچ گوێــی لەمــان نەبــوو، تەنهــا کــە لەشــێوەن و گریــان شــل و کــووت بــوو چەنـد هەناسـەیەکی بەسـۆزی هەڵێنـا و دەسـتی کـردە بـە پاکردنـەوەی لاشـەی کاکـۆ. بەدەسـتی ناسـکی برینەکانـی سـڕیەوە و لاشـەی لـە گۆمـی خوێنـی مەییـان دەرهێنـا. کاکـۆی بێگیـان چەشـنی بەرخـی سـەربڕاو لـە خوێنـی خۆیـا گەوزیبـوو، دڵــی بــەردی بــۆ نــەرم ئەبــوو، تەنهــا ئــەم نۆکــەرە دڕندانــە نەبــێ، کــە لەمــان وابــوو هیــچ نەقەومــاوە و چ ڕووی نــەداوە!

کەوازیــان لــێ نەهێنــا و خانــزاد زانــی چــارەی نییــە بەهــەر جۆرێــک بــێ هــەر ئەیبەنــەوە، نەختــێ بیــری کــردەوە و پیلانێکــی شــێرانەی کەوتــەدڵ، ڕووی لەنۆکـەران کـرد و وتـی: ئـەی دڵڕەقینـە، ئـەی دڕنـدەی بـێ شـەرمینە، کـە هـەر لێـم ناگەڕێـن مـن ئـاوا لەگەڵتانایـا یـەم کـە کاکـۆم بـۆ هەڵگـرن، بـە وێنەیەکـی جـوان و نایـاب بـی هێننـەوە ماڵـەوە، لـەوێ زۆر بەڕێـز ئـاوارەی گـۆڕی کـەن.."

نۆکــەران وتیــان: چــی تــۆ بفەرمــووی وا ئەکەیــن.“

ئەنجــا دارەمەیتێکیــان هێنــا، تەرمــی کاکــۆی نازداریــان لەنــاو نــا و لــە پشــتی وڵاخــی خۆیــان دابەســت، نۆکــەرە بریندارەکەشــیان ســواری کــرد و ئــەوی مردوویــان خســتە ژێــر بەفــر و جێیــان هێشــت.

خانــزاد ســواربوو، کــۆی خــەم ڕووی کــردەوە ماڵــی.. مــام بایــز بەهێنانــەوەی خانــزاد زۆر هەوەســی هــات، کــە پەیامــی کوشــتنی نۆکەرێــک و برینداربوونــی ئــەوی تــی وەرگــرت تــۆزێ گرژییــەوە وتــی: ئەنجــا چــی تیایــە؟ ســەی ڕەش چــوو ســەی ســپی لەجــێ“. لەبــارەی جەوانەمەرگــی کاکــۆ وتــی: ئەمــە ســزا و ئەنجامــی ئــەم کەســانەیە بــە پێچەوانــەی دڵــی مــن ئەجوولێنــەوە..“ بــە پێــی بڕیــاری خانــزاد کاکۆیــان بــردە ســەر کێوەکــە لەنــاو ڕەزی پیرەمامیــان شــاردەوە.

دایــک و باوکــی خانــزاد ویســتیان بچنــە لای تەنیــا مــام بایــز نەیهێشــت وتــی تــا بەیانــی کــەس نابــێ بێتــەلای خانــزاد بــەس بــرا بچکۆلــەی خانــزاد گوێــی نــەدا قســەی مــام بایــز خــۆی گەیانــدە پــاڵ خوشــکی. کــە خانــزاد چــاوی بــە براکــەی کــەوت یــادی ئــەم ڕۆژیــە کــردەوە کــە پیلانــی ڕۆیشــتنی بــۆ کاکــۆ پیــا نــارد، دڵــی کزایــەوە و دەســتی کــردە گریــان دوایــی دەســتی بەســەریا هێنــا زۆر بــە گەرمــی ماچــی کــرد و پێــی ووت: بــرای پــڕ ســۆزم ئەمجــارەش ”ئەگــەر هاتــوو مــن مــردم پێویســتە لەنــاو ڕەزی پیرەمــام لەتەنیشــت گــۆڕی کاکــۆم بنێــژن“. براکــەی کەوتــە نووکــە نــووک و گریــان. بــەڵام خانــزاد دڵــی دایــە و گوتــی“ خــۆ ئێســتە ناڵێــم، ئــەی هەمــوو هــەر نامریــن؟ مــن مەبەســتم ئــەم کاتەیــە کــە ئەمــرم، هەڵســە بچــو هیــچ خــەم مەخــۆ گیانــی خوشــکت.. بــەم گفتوگۆیــە نەختــێ براکــەی هێــور بــۆوە و بــە پەشــۆکاوی چــووە دەر.

مـــام بایـــز تـــا ســـامی خـــۆی بەســـەر خانـــزادا بشـــکێنێ و تۆڵـــەی ئـــەم ئابڕووچوونــەی لــێ بکاتــەوە، بڕیــاری دا کــە هــەر ئــەم شــەوە بــۆی لــە پــەردە بکــەن و ئاواتــی پیســی بێتــە دی. ئــەم بڕیارەیــان گەیانــدە خانــزاد. زۆر ژیــر بــوو،

دڵنیابــوو کــە ئەمــەی هــەر لــە پێشــە ئەوســا خــۆی ڕاگــرت و بــە بیســتنی ئەمــە خانــزاد نەختــێ ڕووی خۆشــی نوانــد..! مــام بایــز کــە ئەمــەی زانــی دیســانەوە لــە خۆشــیانا لەخۆچــوو، خانــزاد ویســتی ژوورەکەیــان بڕازێتــەوە داوای ئاوێنەیەکــی کــرد کــە لــە نزیکــی دەرگاکــەی هەڵواســی. شــەو هــات، مــام بایــز لــەم ترســە کەخانــزاد هیــچ نیــازی خراپــەی نەبــێ، نەبــا دیســانەوە خــۆی بــەر دەســت نــەدا، خەنجەرێکــی جەوهــەرداری گــەورەی لــە پشــتەوە خســتە بــەر پشــتی و چــۆن ســەگی پیــر بــۆ ژوورەوە خــزی.

دەرکــە کــراوە ســەر گازەی پشــتێ و داخرایــەوە، لەگــەڵ تەقــەی دەرگــە دڵــی خانــزاد خرتــەی کــرد. مــام بایــز کتوپــڕ پەیدابــوو، چاوەکانــی چەشــنی گورگــی هــار ســوور هەڵگەڕابــوو، دوو کەلبــە گڕەکــەی وەک شــفرەی بــەراز کەوتــە بەرچــاوی خانــزاد. خــۆی هیــچ شــێلوو نەکــرد، کــە پشــتی کەوتــە بــەر ئاوێنەکــە خانــزاد بــە تیلــەی چــاوی تەماشــای ئاوێنەکــەی کــرد، دەســتبەجێ خۆشــی لــەدڵا گــەڕاو گەشــایەوە، لەچاوەکانــی هەوەســی تۆڵەســەندن چەشــنی ڕۆژ هــەڵات، خــەم و دڵتەنگــی هەمــوو ڕەوییــەوە و هەناســەیەکی ســاردی دڵنیایــی هەڵێنــا. لەبەرخۆیــەوە گرژییــەوە و چــاوی لــە چــاوی مــام بایــز بــڕی کــە وەختابــوو لــە بریقــەی ئاگــرداری کوێــرە بێــت.. بایــز دەوی بــەش بــۆوە، لــە بڵێســەی چــاوی خانــزاد لەبــەری هەڵســا و بــە پیــرەوە چــوو لــە باوەشــی خــۆی گــرت و دەســتی لــە قــەدی وەرێنــا و ســەری نایــە ســەر ســنگی، کــە بایــز هەســتی بەگەرمــی ســینەی نەرمــی خانــزاد کــرد خۆشــی ســەرکەوتن و باغــری لــەدڵا گــەڕا، مەســت و ســەرخۆش بــوو، کەوتــە ماچکــردن و لێســینەوەی قــژ و پەرچەمــی. زۆر بەمەنــدی خانــزاد خەریکــی پیلانــی خــۆی بــوو. وردە وردە پەنجــەی لــە پشــتی مــام بایــز گێــڕا تــا لەنــاکاو دەســکی خەنجــەری جەوهــەرداری بەپــڕی کەوتــە دەســت، وریــا و چاپــووک تیخــی ڕووتــی لەکالانــا کێشــا، ئەوســا تەنیــا ئــەم کاتــە ســەری لــە ســینگی مــام بایــز هەڵگرتــوو بــە جووتــە چــاوی پــڕ شــەڕی ئاگریــن تەماشــای

کـرد. مـام بایـز لـەم سـاتی تەلەزگەیـی ڕاپـەڕی و زوو تێگەیـی، بـە گورجـی دەسـتی بـۆ پشـتێند درێژکـرد و پەلامـاری خەنجـەر بـوو، کـە هێنایـەوە پێـش بینـی تەنیـا کالانـی لەدەسـتە. لـەم دەمـە مەرگـی خـۆی هاتـە بەرچـاو. گلێنـەی زەق بـوو، ویسـتی چارەیەکـی خـۆی بـکا و دوا گـورزی بوەشـێنێ، لەنـاکاو پـڕی دایـە دەسـتی خانـزاد. بـەڵام خانـزاد لـەم ئـاگادار و چوسـتر بـوو هیـچ نەیکـردە نامـەردی خەنجـەری گـەورەی بسـتێک لـە دڵـی بـردە خـوار و هەنـدە بـە زەبـر و سـۆزی وەشـاند نووکـی خەنجـەر لەمدیـو لـە قولنجـی بـازی هاتـەدەر.. لەگـەڵ ئـەم کارەسـاتە سـامناکە خانـزاد نەڕانـی، ئـەی پیـرە سـەگ بگـرە لەدەسـتم. ئەمـە لـە تۆڵـەی کاکۆیـە، ئەمـە تۆڵـەی هـەق و هەقدارانـە. ئەمـە بـۆ کاکۆیـە! بایـز وەک بـەرازی بـۆز بـوڕەی هـات و سـەگ تـۆپ بـوو.

کـە دڵنیابـوو گیانـی پیسـی بایـز دەرچـوو، خانـزاد پەیوەنـدی خـۆی و کاکـۆی هێنـاوە پێـش چـاو، هـەر لـەم ڕۆژەوە کـە لەسـەرکارێز یەکتریـان دیـت و دڵـداری دڵـی کـردن بـە کۆتـەوە تـا ئـەو ئێوارەکـەی مـازووان تـا ڕۆژی داخـوازی و تـا ئـەم شـەوەزەنگەی هەڵاتنیـان هەمـووی چەشـنی شـەریتی سـینەما لـە خەیاڵیـا خۆیـان نوانـد. وێنـەی کوشـتنی یادگارێکـی سـامدار و ڕەش بـوو، لەشـی هێنایـە هـەژان و ژینـی لا تاریـک کـرد، تـرس و هەسـتی نەمـا.

خەنجـەری گـەورەی لـە کەلەشـی مـام بایـز دەرهێنـا و لـە خوێنەکـەی پـاک کـردەوە، هەمـوو دەسـتوپەلی خوێنـاوی بـوو، چاوەکانـی بـوون بەکانـی خوێـن، سـەیری خەنجەرەکـەی ئەکـرد وای ئەزانـی هەمـوو زەمیـن بەسـەر خوێنـا گـەڕاوە، لـە خوێـن ڕشـتن بـەدەر چیـتر نەمـاوە، شـێوەی کاکـۆی کـو فـارەی خوێـن لەسـەر بەفـرا فیچقـەی ئـەکا و ئەمـەی لاشـەی مـام بایـز وا لەبەردەمیـا خوێـن ئەتکێنـێ و گۆمیلکـەی لـە ژوورەکا ئەبەسـتێ، ئـەم دیمەنانـە بـەری چاویـان گرتـو خانزادیـان شـێت کـرد، هـۆش لـە کەللـەدا نەمـا خەنجـەری بڵنـد کـرد و نەختێکـی پیانـۆڕی، سـەردەمێ سسـت و مـات بـوو، جەسـتەی شـل بـوو ڕەنگـی زەرد هەڵگـەڕا،

زەردەخەنەیەکـی پیاهاتـوو لەبەرخۆیـەوە، بـە نووکـە نـووک هەناسـە تەنگـی وتـی: ئـەی کاکـۆی نـازدار ئـەی کاکـی دڵ و دەروون پاکـی ئـەی کاکلـی وەفـاداری و مرۆڤایەتـی، ئـەی مـەردی مەیدانـی ژیانـی پـڕ ڤیـان، ئـەی نەمامـی بەناکامـی بـڕاو، ئـەی جوانەمەرگـی کۆچکـردوو، ئـەی قوربانـی جـەور و جەفـا، ئـەی دامـاو لـە بەهـاری ژیـن، چـۆن هەمـوو خواسـت و ئـاوات و نازونیـازت ئـاوارەی گـۆڕ کـرا، چـۆن دەسـتی ڕەشـی ژەهـراوی هێنـای لەسـەر بـەردی زۆرداری وەک بەرخـی سـاوات سـەربڕێ! ئایـا کەسـێک نەبـوو ئـەم دەسـتە بگـرێ، بـۆچ تیرێـک نەیـدا لـەم پەنجـە تاوانکەرانـە، یەکێـک نییـە هـەر ئێسـتا یـا سـبەی یـا دوو سـبەی یـا لـە پاشـەڕۆژا تۆڵـەی ئەمکارەسـاتە ڕوورەش کـەرە بسـێنێ و تاوانکـەری نابـەکار بێنێتـە بـەر دادگای ویژدانـی هەقومرۆڤایەتـی! مەترسـە ئـەم ڕۆژەیـەت خوێنـی ڕژاوت بێتـە چـرای خەڵـک و ناوونیشـانت بکەوێتـە هەمـوو زارێـک و بـۆ وێنـە باسـت بکـرێ.. ئـەی شاسـواری دڵـداری، لـە دونیایـی بـۆ کـەس نەمـا کتوپـڕ کوژرایـەوە و نەگەیشـتیت بـە ئامانـج، خـەم مەخـۆ وا لـە دونیـای نەمـر ئەمـە بووکـی ڕازاوەی خەیاڵـت. بـا وەشـتم بـۆ بگـرە وا بـۆ لات هاتـم! ئەنجـا خانـزاد خەنجـەری تیـژی لەبەرینـی هـەردوو مەمـکان چەقانـد و دوا وشـەی ئەمـە بـوو:" کاکـۆ ئەمـەش لەبەرتۆیـە ئەمـە نرخـی دڵدارییـە، چاوەڕوانـی.." پێـش تەواوکردنـی جوولانـەوەی بـڕاو گیانـی پاکـی لەگەردوونـی پـڕ خـەم و دەسـتدرێژی بـاری کـرد. لاشـەی نـەرم و شـلی لـە خەڵتانـی خوێنـا گەوزیـوی بێکـەس و خەمخـۆر لـە ژووری مـەرگا لـەدووری کەلـەش بۆگەنـی مـام بایـزی تۆپیـو ڕاکشـا.

کـە ئـەم هەواڵـە وەک بروسـکە لەدێیکـە پـەرت بـوو، خەڵکـی گونـدی هەمـوو خۆیـان ڕەش پـۆش کـرد و تازیـە بەسـترا، پـەردەی ماتەمـی بـە وڵات درا، لەماڵـی باوکـی خانـزاد بـوو بـە شـیوەن و گریـان و فیغـان و هـاوار و لەخـۆدان، تەنیـا لەلایەکـی تـرەوە کەسـێک درۆپـە فرمێسـکێکی بـۆ مـام بایـز نەڕژانـد.

بـرا بچکۆلـەی خانـزاد ئێجـگار پـەرش و پەسـت و خەمگیـن بـوو، ئەنجـا

ئاواتـی خوشـک کەوتـەوە یـاد و بـە دایـک وباوکـی گەیانـد.. ئەوسا پـاڵ بـە پاڵـی کاکۆکـی جەوانمـەرگ لەنـاو ڕەزی پیرەمـام لـە کوێسـتانی بـەرزی سـەرچیا خانـزادی داوێـن پاکیـان ناشـت و ئـاوارەی ژێـر گڵیـان کـرد.

پیرەمامـی قوڕبەسـەر بـە تاقـی تەنیـا بەپشـتی کـووڕی چەمـاوەی گۆپاڵێکـی گرتـە دەسـت و بـە هانکـە هانـک و هەناسەسـاردی خـۆی گەیانـدە سـەر گـۆڕی جـەرگ و بووکـی.

دای بەمێشـکی سـەریا و کەوتـە گریـە و زاری، دڵـی هاتـە جـۆش و دەسـتی بـە ناڵیـن کـرد. ئەشـکی گەرمـی ڕشـت هەروەکـو بارانـی بەهـاری، تـا تەڕایـی لـە چـاوا هیشـک بـوو، دەنگـی نوسـاو کـەرخ بـوو. خـۆی بـە گۆڕەکانـا هێنـا وئەیـووت "جەرگـی بـڕاوم، ژینـی نەمـاوم، چـرای کـوژاوەم، ڕۆڵـەی کـوژاوم، ئێـوە لـە خـەم و خەفـەت و دەردوبـەڵای دونیـا دەربـاز بـوون، لەتەماحـی دڵپیسـی، زۆرداری داوێـن گـڕاوی و دەسـتدرێژی مـەردوم ڕزگار و ئازادبـوون. خۆتـان گەیانـدە بەهەشـتی پاکـی و دادوخۆشەویسـتی و سەربەسـتی و ئاشـتی، منـی چـارەرەش ئاخـر شـەڕتان لێـرە هێشـتۆتەوە، بەخـوای لـە ژووری سـەری بـێ جـەرگ و بـووک لێـرە مـن ناژیـم، ئـەم تروسـکە کـزەی ئاواتـم کەوتـە ژێـر زەبـری گـەرداو و پسـوولەی کۆچکردنـی نـام دەسـت. ئێـوەش لـەوێ پیرەباوکێکـی قسەخۆشـی وەک منتـان پێویسـت ئەبـێ.

جـا وا بـۆ لاتـان هاتـم تکایـە بەدەسـت لەمـلان و پێکەنیـن پێشـوازیم بکـەن و بـە پیرمـەوە بێـن!" پیرەمـام ئەمـەی وت و بەلاداچـوو، وەک داری بـێ ڕەگ ڕاقەنـا، لەسـەر گـۆڕی خانـزاد و کاکـۆ ڕەق و ئیشـک بـوو.

# زارا

صوێره له دوورخراوەیی- زستانی ١٩٦٤

لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٦٢ دا، دوابـەدوای تاقیکردنـەوە و داخرانـی قوتابخانـەکان، لەبـەر چەنـد هۆیـەک بەتایبەتـی لـە یاسـا لادان و ڕەشـبگیری و سـتەمی ڕژێمـی ڕەشـی خۆپەرەسـتی یەکدەسـی و هێـز، پەنـا بـاری بـێ ڕێ و شـوێنی کەریـما، کـە وەک گورگـی هـار بەگـژ نەتـەوە قارەمانـە ڕاپەڕیوەکەمانـا چووبـوو، وەک زۆر سـەدانی تـر، بـۆم نەشـیا ڕووەو نیشـتمانی ڕەنگینـی پێشـێلکراو بچمـەوە، لـە پەنـای فێنکایەتـی سـێبەر و نـزاری کێـوە بەرزەکانـا لـە سروەی شـەماڵی گوڵاوییـدا هەناسـەی خەمڕەوێنـی دڵ دابینکـەر هەڵێنـم و، لـە بـۆی عەتـر و گوڵاڵـە سـوورەی دەشـتی سـەوز و کنـار جـۆ و ڕووبـارە زیوینەکانـا پـڕ بـە سـێ ڕاوی ژیـن هەڵمـژم و، لەسـەر قالیچـەی ڕەنگاورەنگـی خاکـی پیـرۆز و لـە ژێـر باڵـی بـە سـۆزی

ئاسـمانی شـینی بێگـەردی خۆمانـی گـڕو گڵپـە و داخـی دەروونـی پـڕ بریـن و بـە ئـازار نەختـێ دامرکێنمـەوە و پشـوویەکی حەسـانەوەی دەربەدەریـی لێبـدەم، بەناچـاری لـە (بەغـدا) دا مامـەوە و ماوەیەکـی زۆریـم لـێ ڕابـوارد!

هەمـوو ڕۆژێـک سـەرلەبەیانی لـەو هاوینـە ئێجـگار گەرمـەدا، لـە (سـەلاحەدینا) ئەچوومـە دەرەوە و خـۆم ئەکوتایـە یەکـێ لـەو چایخانـە بچکۆلانـەی لـەو دیـو میوانخانەکەمانـا، کـە مۆنجەیـان لـە بێـکار و هـەژار و کارگەرانـی کارخانەکـەی جگـەرەوە لێـوە ئەهـات، تـا نیـوەڕۆ تیشـکی خـۆر ئـەم نیمچـە دەربەندیـەی نەئەدۆزیـەوە. فێنکاییەکـی تایبەتـی خـۆی بەوێـدا کێشـابوو! ئـەوەی سـونجی کێشـابووم، جگـە لـەو هەمـوو خەڵـک و خواییشـە هەمەجۆریـەی لەوێـدا هـەر دەسـتەیە بـە شـتێکەوە خەریـک بـوون، یـا بەوێـدا گـورج ڕا ئەبـوردن، دیمەنـی هەمیشـەیی ئـەو مـرۆڤ و نیوەیـە بـوو کـە وەک داوەری سـەپان لـە هەمـان شـوێنا بـێ ڕۆژ بـوار، هـەڵ ئەکونجـان. جارێکیـش نەگونجـا بەشـێوەیەکی جیـاواز ببینرێـن و یـا سـاتێکیان بلێـی ڕەنـگ و ڕوو یـا جـل و بەرگیـان بگۆڕێـت، نەخێـر، بگـرە هـەر ڕۆژێ ئەمەنـدە بـەوی بەرایـی ئەچـوون ئەتـووت یاسـای گـۆڕان لێیـان زوێـر بـووە یـا هیـچ دەسـەڵاتێکی بەسـەر ئەوانـا نەمـاوە!

مـام قوربانـی لـە دانیشـتنا وا دیـار بـوو هەرگیـز سـڕ نـە ئەبـوو، چونکـە بەدرێژایـی کات لـەو شـوێنەیا کـە پاڵـی بـە دیوارەکـەوە ئـەدا و سـەبەتە ڕەش پۆشراوەکـەی لەبەردەمیـا دائەنـا.. ببـڕای ببـڕ نـە ئەجولایـەوە و جـێ گۆڕکـەی نـە ئەکـرد، تەنیـا مەگـەر هـەر تـاوە ناتـاوێ لـە ئەنجامـی فسـکەیەکی زاراوە دەسـتە چرچـە دەماراوییـە لەرزۆکەکانـی بخسـتایەتە ژێـر پەرۆکـە ڕەشـەکەوە و بـە گوێـرەی ڕاوێـژی زاراوە چەنـد سـەموونێکی سـپی و خاوێنـی دەربهێنایـە و بەژمـار لـە دەسـتە ناسـکۆڵە بچووکەکانـی بهاویشـتایە! یـا کـە سـەبەتە هیچـی تیـا نـە ئەمـا لەسـەر سـەری خـۆی بنایـا و دەسـتێکی بێهێـزی بگەیاندایـە زەوی و دوای چەنـد تەکانێـک هەڵسـابایە سـەرپێ، دەسـتی بخسـتایەتە سەرشـانێکی

نزمـی زاراوە و بـە نیمچـە کوڕییەکـەوە بەهێواشـی بڕۆیشـتنایە! پاشـماوەیەک بـە هەمـان شـێوە سـەبەتەی پـڕ کراوەیـان بـۆ هەمـان شـوێنا ئەهێنایـەوە و کـرداری پێشـوویان دووپـات ئەکـردەوە.

لەشـێوە و بـێ کەسـی و ئاخافتنیانـا زانیـم کـە کـوردی لێقەومـاون! چەنـد کەرەتـێ بـە بیانـووی سـەموون کڕینـەوە خۆمـم هەڵسـووی و هەوڵمـدا سەرگوزەشـتەی خۆیانـم بـۆ بگێڕنـەوە، کەچـی مـام قوربانـی بـە جـۆرێ کدوولـەی ڕاز ونهێنـی داخسـتبوو وەک مـن بـە ئاواتـەوە بـووم ئـاوا بـە سـانایی بۆمـی نەکـردەوە. ماوەیەکـی کـەم نەبـوو ئـەوەی بەسـەر هـەوڵ و تەقەللامـا ڕابـورد پێـش ئەمـەی بتوانـم بوخچـەی گرێـدراوی دڵـی بۆخـۆم بکەمـەوە.. ڕۆژێکیـان بانگـم کـردە لای خـۆم و پیالـەی چاییـم بـۆ کـڕی، جگەرەییەکـم بـۆ داگیرسـاند و بـە ڕێگایەکـی زانایانـەوە گرێـی زمانیـم لـێ ترازانـد و کووپەلـەی پـڕ پەنهانیـم پـێ هەڵڕشـت! ئێسـتێ جگەرەکـەی فـڕێ نەدابـوو کـە دیـم ڕەنـگ و ڕووی نەختـێ هەڵبـزرکا، هەناسـەیەکی دوورودرێـژی هەڵکێشـا، هەنـدێ شـان و شـەپیلکی چەمـاوەی قیتـەوە کـردەوە، دووچـاوە تاریکـە پێکـدا قووپاوەکانـی زەقـەوە کـردەوە و و نوقاندنیـەوە.. ئینجـا وەک لـە یـادی کارەسـاتێکی ترسـناکا سـام گرتبێتـی، چـرچ و لۆچەکانـی دەم و چـاوی کـرژەوە بـوون، زەردییـەک بـە ڕوویـا تێپـەڕی، ئاخێکـی سـاردی هەڵێنـا و گوتـی: ئـەرێ بـرا خـاس، چیـت بـۆ بگێڕمـەوە و باسـی چیـت بـۆ بکـەم! ئـەوەی بەسـەر ئێمـەدا هاتـووە خوایـە هـەر بەسـەر کەسـا نەیـەت. ناتوانـم زنجیـرەی داسـتانی دوورودرێـژی ژینـی ڕابردوومانـت تێکـڕا قـەف بـە قـەف بـۆ لێکبدەمـەوە. ئەمـەی شـایانی بـاس بـێ کـەوا بـۆم دەرئەکـەوێ تۆیـش هـەر بـە دوای ئـەوا ئەگەڕێیـت دوا پلـەی ئـەو کارەسـاتەیە کـە سـەرەنجامی ئێمـەی بـە ئێـرەدا گەیانـد و لـەم بـارەی هاویشـتین کـە تیایـا ئەمـان بینیـت.“

”خـۆر تـازە کەوتبـوو، هێشـتا دونیـا گـەرم دانەهاتبـوو، لەژێـر لێفـەی (لـەرز و تـا)وە ئارامـم لـێ هەڵگیرابـوو، عـەوڵای کـوڕە گـەورەم و فاتـەی خێزانـی و زارای

تاقانەیـان لەگـەڵ ئۆمـەری کـوڕە بچکۆلـەم کەتـازە حەبـەی مـام (ئاودەل)مـان لـێ مـارە کردبـوو قژومـۆی گواسـتنەوەی ئەکـرد لـە بەیانییـەوە چووبوونـە پەرێـزێ بـۆ دروێنـەی ئـەو قـەدە جۆیەیـەی کـە لـە دونیـادا لـەو بـەولاوە چیترمـان گومـان نەئەبـرد. زارایـان ناردبـووە ئاوایـی بزانـێ نـەوەکا مـن چیـم پێویسـت بـێ. زارا نزیـک ئاوایـی ئەبـێ کـە لـە وێـزەی فڕۆکـەوە ڕائەچڵەکـێ و لـە ژێـر درەختێـکا خـۆی بەزەویـدا ئـەدا و لـە گرمـە گـرم و تەقوتۆقـا هەتـرەش ئەچێـت، بـەڵام لـە ترسـانا سـەر دەرناهێنـێ تـا گـەردوون کشـومات ئەبێتـەوە، ئەنجـا بەخۆیـا ئەنووسـێ و تـا ئەگاتـە ماڵـەوە لـە هیـچ کۆسـپێکا سـڵ ناکاتـەوە. سـەیر ئـەکا خانـوو ڕووخـاوە و باپیـرەی تـاداری لـە ژێـر گڵکـۆدا تەنیـا قاچەکانـی دیـارە و لەقەژەنەیەتـی! دەس ئەکاتـە هـات و هـاوار و زریکـە لێـدان! پـاش ماوەیـێ ئەوانـەی بەدگمـەن ڕزگاریـان بـووە لەخەڵکـی دێکەمـان بـە دەنـگ و هاوارییـەوە دێـن و منـی لـە ئاوزەنگـدان لەژێـر بارەخـۆڵا ڕائەکێشـێنە دەرەوە. مـن سـەلامەت ئەبـم، بـەڵام چـۆن سـەلامەتییەک! هـەر ئەوەتـا نـووزەم لێـوەوە هاتـووە، ئەگەرچـی ڕۆشـنایی چاوەکانـم نرخـی ئـەو تـۆزە هەناسـەیەم بـووە کەتیامـا مابـووە! گـەر بڵێیـت تەنیـا خانوویـەک بـە پێـوە مابووبـێ، خوانـەکا! یـا لـەو هەمـوو هـەرزەکار و پیـرو مناڵانـەی لـە پەرێزانـا خەریکـی نـان پەیداکـردن بـوون نیوەیـان بـە شـەل و شـەکەتی و برینـداری لـێ ڕزگار بووبـێ ئـەوا زۆر زۆرە! خـۆ مناڵەکانـی ئێمـە هـەر لـە شـوێن خۆیانـا تێکڕایـان لەناوچـوو بـوون و هاواریـان بەهیـچ لایـەکا نەگەیشـتبوو.. ئـاخ، ئـاخ.. کـوڕم، تـۆ بـۆ برینـت کولاندمـەوە، خـوا هەڵناگرێـت!" لەگـەڵ هەنسـکی گریانـا مـام قوربانـی پشـوویەکی باشـی دا و کـڕ بـوو، دوای دڵدانـەوەی و بەشـداری خەمبارییـەوە نەختـێ هاتـەوە سـەرخۆ و لەسـەر داسـتانەکەیا ڕۆیشـت، گوتـی "کـوڕم تـۆ خـۆت بیـری لێبکـەرەوە کـە ئێمـە چیـمان بەسـەرهاتووە، چ نەگبەتییەکـی ماڵوێرانـی و لەناوچووغـان چێشـتووە. بەچـی هەناسەسـاردی و جـەرگ بڕیـاوی و خانـە وێرانییەکـەوە کۆچـمان کـردووە

و ئـەو جوانەمەرگـە نازدارانەمـان لەگەڵـدا ناشـتوە و شـوێنەواری سـەدان سـاڵەی باوباپیرانمـان جێهێشـتووە و بەدەربـەدەری و لێقەومـاوی ئاوارەیـی شـاران گەڕاویـن. ئەمـەش نـەک تەنیـا بەشـی ئێمـە بووبـێ، بگـرە چارەنووسـی زۆربـەی زۆری شـار و دێهاتـە خاپوورکراوەکانـی وڵاتـە داگیرکراوەکەمـان بـووە، ئـاخ ڕۆڵـەم بـۆ ئـەو لاوە شـۆخ و شـەنگانەی بـێ تـاوان ئاواتـی پاکیـان ئـاوا کوتوپـڕ بـردە ژێرخاکـەوە، ئـاخ بـۆ ئـەو کونجـە بچکۆڵەیـەی بـە دەسـتەکانی خـۆم دروسـتم کردبـوو! هەرگیـزاو هەرگیـز شـێوەیان لـە چاومـا ون نابێـت، لێـم مەگـرە ڕەنگبـێ بڵێیـت ئـەم پیـرە چاوکوێـرە چـۆن شـت ئەبینـێ! بـەڵام وانییـە هەرچەنـد ڕۆشـنایی لـە چاومـا نەمـاوە، تەنیـا دیمـەن و نیـگاری ئـەو هەمـوو شـتە خنجیلانەیـەی لـە دەسـمانا چـوون هەمیشـە وەکـو ڕۆژ لـە یادمـا ئەترووسـکێنەوە! ئـۆف خوایـە، بـۆ چ سـەگمە حەسـارییەک منـت هێشـتەوە! بـۆ نەتکـردم بـە قوربانـی ئـەو گەنـج و هـەرزەکارە جوانەمەرگانـەوە. خوایـە ئـەم زۆرداریيـە هەڵنەگرێـت.

لـە ڕاسـت ئـەم دیمەنـەدا ڕووبـەڕووی پیرێکـی کوێـری بـێ پشـتیوانی هـەژاری لێقەومـاوی ڕەنـج بابـردووی بێکەڵـک و بـێ دەسـەڵاتی جـەرگ سـووتاوی ماڵوێرانـی دەربـەدەر و ئـاوارەی دڵ بەداخـی قـورگ بەهەنسـکا، مرۆڤێکـی ئـاوا شـپرزە و بـێ چـارە کـە لـە ڕۆژێکـی ئـاوا ڕەشـا لـە شـوێنێکی چەندیـن قۆنـاغ دوور لـە مەفتەنـی بۆمبارانکـراودا بـە چـاوی بیرەوەرییـەوە یـادی ڕۆژانـی گەشـی ڕابـوردووی نـاو هـەردە و کێـوە کەشـە بـەرزەکان ئەکاتـەوە، سـام دایگرتـم و تـەزووی ڕاچلەکیـن بەسـەراپای لەشـما هـات، وەک بـەردی بـن گۆمـا بـە جـۆرێ کـڕ و بێدەنـگ بـووم کـە مـام قوربانـی هەسـتی پێکـرد و بـە ڕاوێژێکـی پڕسـۆزەوە لـەو گریانـە بـێ هەسـتیەیا هۆشـیاری کردمـەوە. وتـی " کـوڕم، بمبـوورە، ئەگـەر پەسـت و دڵتەنگـم کردبیـت، ئـا ئەمـە کەمێکـە لـەو داسـتانەی بـە شـوێنیا ئەگەڕایـت. بەرخـم، چـی بکەیـن ئەمـە ژیانـە! ئەگـەری هەرگیـز لـە خەویشـا بـە خەیاڵـما نـە ئەهـات ژیـن ئەمجـۆرە ڕووداو کارەسـاتانەی تیـا بێـت!"

پـاش ئەمـەی جۆگەڵەیـێ فرمێسـکی نەبیـنراوم لـە دەروونـدا ڕشـت و بڕێـک هێـور بوومـەوە و لێـم پرسـی کـە چـۆن هاتووەتـە بەغـدا و چـۆن ئەژێیـت! لـە وەڵامـا مـام قوربانـی وتـی "کـوڕم، دوای کارەسـاتەکە هەموومـان دەربـەدەر و پەراگەنـدە بوویـن، هـەر دەسـتەیە بـۆ لایـەک، لـەو دێ بـۆ ئـەم دێ، ئەوشـار و ئەمشـار تـا چارەنووسـی ئێمـەی هێنایـە ئێـرەوە. لـەم گەشـتەی قوربەسـەریمانا لەهــەر شــوێنێکا ڕا ئەبوردیــن کــە کەســی تیــا مابووبــێ لــە یارمەتــی و دەسـتەبەریدا درێغیـان نەکـردووە و خـوا ئـەم میللەتەیەمـان پارێـزراو کات، لـە کۆنگـەری شـپرزەیی و تەنـگ و چەڵەمـەدا وازیـان لـە مرۆڤایەتـی و هـاوکاری و ڕەوشـتی جوانمـەردی هـەر نەهێنـاوە. ئیـتر وا لێـرە لـە تـەک زارای هەتیـوی کوڕەزامـا کـە لـەم دونیایـەدا لـەو زیاتـر کەسـێکم نەمـاوە لـە ماڵـی کوردێکـی نانـەوای خـاوەن پیاوەتیـدا کونـە ژوورێکـمان وەرگرتـووە وتیایـا خۆمـان لـە جـەور و سـتەمی زەمانـەدا پەنهـان داوە. خـوا پاداشـتی چاکەیـان بداتـەوە ئـەم کارەیشـیان پێداویـن کـە سـەموونیان بـۆ ئەفرۆشـین و بەهۆیـەوە نەمـرو نەژیـن وا جـارێ خۆمـان ڕاگرتـووە، چاوەڕوانـی دەروازەیەکیـن کـە خـوا لێـمان بکاتـەوە. کاکـە مـن هیـچ هیوایەکـم لـە ژینـا نەمـاوە، جگـە لـە سـەرکەوتنی نەتەوەکەمـان، تەنیـا پەرۆشـی زارای بەسـەزمانی نەگبـەت گرتـووم کـە هـەم دارەدەسـمە و هـەم تاکـەترووسـکەیەکە لـەم دونیـا دوونـەدا بـەدی بکـەم!"

لـەم کاتـەدا زارا هاتـەوە کیژووڵەیەکـی دە ساڵانەی خنجیلانـە و گەنـم ڕەنـگ، کراسـێکی ڕەشـی چڵکنـی لەبەردابـوو شـێوەیەکی دڵگـر و شـیرینی پێـوە بـوو، هـەر لـە دوورەوە کـە چـاوی بـە مـام قوربانـی کـەوت لای مـن دانیشـتووە نازانـم لەشـەرما یـا لـە ترسـانا بـوو ڕووی سـوور هەڵگـەڕا، هەڵوێسـتەیەکی کـرد ئینجـا بـە دەنگێکـی نەرمـی بەسـۆز و شـپرزاوا وتـی: بـاوە هەسـتە بـا بڕۆیـن ڕۆژ درەنگـە" مـام قوربانـی وەک جـاران دەسـتی خسـتەوە سەرشـانی زاراوە و داواخوازییەکـی گەرمـی لێمکـرد و وردە وردە ڕۆیشـتن، تـا لەوسـەر کۆڵانەکـەدا خولیـان دایـەوە و

لــە چاومــا ون بــوون، بــە حەپەســاوییەوە چــاوم تــێ بڕیبــوون و لــە ناخــی دڵــما ئــەم وت: خوایــە بەزەییــت بەمانــەو و بــە هەزارەهــای وەک ئەمانــەوە بێتــەوە.“

بەهــۆی فەرمانێکــەوە بــۆ کارێکــی تایبەتــی مــاوەی چەنــد هەفتەیــەک لەبەغــدا دوورکەوتمــەوە، لــە گەڕانەوەمــدا ڕۆژی دوایــی بــە ئارەزوویەکــی گەرمــەوە بــۆ دیدەنــی مــام قوربانــی و زاراوە چوومــەوە چایخانــەی گۆڕیــن بــەو ئاواتــەوە کــە موژدەیەکــی خۆشــیان لەبــارەی ســەرکەوتنی گەلەکەمــان بدەمــێ، بــەڵام بــۆ واقــی وڕم شــوێنەکەی هەمیشــەیی قوربانــی لاتەختێکــی لــێ دانرابــوو. تاوێکــی بــاش چاوەڕوانیــم کــرد، کەچــی نــە قوربانــی پەیدابــوو، نــە زارا. دوو ســێ ڕۆژ بەمجــۆرە ڕابــورد، تــا وام لێهــات خۆمــم بــۆ نەگیــرا و لــە چایچییەکــەم پرســی، کابــرای خــاوەن چایخانەکــە بــە وردییــەوە چاوێکــی تێبڕیــم و ســاتێ حەپەســا، ئینجــا وتــی ”بــۆ تــۆ نازانــی قوربانــی و زارا چییــان لێهاتــووە!“ خورپــەم لــە دڵــەوە هــات، ماوەیــەک تێپــەڕ بــوو بەرلــەوەی بتوانــم لێوەکانــم لێــک بترازێنــم و بڵێــم ”نــە، ســا تــو بــی خــوا چییــان لێهاتــووە؟ بــە هەناســەیەکی ســاردی بــێ بــاکا وتــی ”بــرا دەمێکــە تــۆ خــۆش، مــردوون!“

”مــردوون؟ زارا و قوربانــی مــردوون! ئــای کلۆڵــی! کــوڕە چــۆن.. هەمــووی مانگــێ نابــێ لێــرە بەســاخ و ســەلامەتی بەجێــم هێشــتن؟“ کابــرای چایچــی وتــی ”بــرا، نەگبەتیــی ئەمــە ناپرســیت“ وتــم ”ئاخــر چــۆن، خــۆ نەخــۆش نەبــوون؟ وتــی ”نەخــۆش! نــە بەســەری خــۆم ئــەو ڕۆژەی پێیــا چــوون لــە هەمــوو کاتێــک لــەش ســاخ و هیوادارتــر بــوون.. ئــای دەســتی شــکاوم بــۆ مــام قوربانــی نەگبــەت! بــۆ زارای نــەو خونچــەی بەهــاری نەپشــکوتووا!“ ئەمەنــدە پەشــۆکا و شــپرزە بــووم ئــارام لــە وزەمــا نەمــا، بــە دەنگێکــی بــەرز و ئاڵــۆزەوە هــاوارم کــرد“ کــوڕە جەرگــت بڕیــم، توخــوا زووکــە پێــم بڵــێ چــۆن مــردن.. چــۆن، چــۆن؟“ وتــی ”بــرادەر لــەو ڕۆژەوە کــە تــۆ دواجــار لێــرە بویــت، تــا چــوار پێنــج ڕۆژ وەک جــاران قوربانــی و زارا ســەموونی خۆیانیــان ئەهێنــا و لــە هەمــان شــوێنا هەڵئەکونجــان

و ئەیانفرۆشــت. تــا ڕۆژێکیــان لــەدوای ڕۆیشــتنیانا بــە ماوەیەکــی کــەم دەنگــە دەنــگ و پەشــێوییەک لــە شــەقامەکەی ئــەو دیــوا پەیــدا بــوو. هــەر خەڵــک بــوو ڕای کــرد، منیــش بــە شــوێنیانا چــووم، بــەڵام چــی ببینــم! ئــۆف خوایــە! ســەیرم کــرد وا لاشــەی پلیشــاوەی زارای ناســکۆڵە و قوربانــی ڕەق هەڵگــەڕاو ئەخەنــە ئۆتۆمبیلــی نەخۆشــخانەوە! ئەمــەش ئاوابــوو کــە لــەو کاتــەی لــە شــەقامەکەدا ئەپەڕنــەوە، ماشــێنێ زۆر بەخێرایــی بەســەریانا ڕا ئــەگات و لــە پێشــەوە زارا ئەپلیشــێنێتەوە، کەچــی کوێــری هەناســە ســارد کــە لــە چریکــەی ســەرە مەرگــی زاراوە ڕاچڵەکیــوە و نەیزانیــوە چــی بــووە و چ بــکات پەلــی کوتــاوە گوایــە زارا بدۆزێتــەوە، ئۆتۆمبیلێکــی تــر لــەولاوە تیــژ هاتــووە و ئەمیشــی کــردووە بــە ژێــر چەرخییــەوە.. ئــا بــەو جــۆرە قوربانــی و زارای لەشســاخ ســەریان نایــەوە، تــێ گەیشــتیت؟"

ئەمجــارە ئەشــکی چــاوم چەشــنی بــاران بــە گــوڕ هاتەخــوار و لەبــەر قولپــی گریانــا هیچــم پــێ نەوتــرا. لەدڵــی هەتــەرە کراومــا ئەمــوت: "کەواتــە زارا و قوربانــی ئــاوا کۆچییــان کــرد و ئــاواش بــە ئاوارەیــی ئــاوارەی گڵ کــران! ئــەو ئاواتــە گەشــەدارەی بــۆ زارا لەگیانــی مــام قوربانیــدا ئەدرەوشــایەوە تــا هەتایــە کوژایــەوە و قوربانــی کــەچ بەخــت بــوو.. بــوو بــە قوربانــی تاوانــی ناکەســی زۆردارا!".

# جەوانمەردیی

هەولێر، ١٩٧٠/١١/٥

هاوڕێیەکی عەرەب کە مامۆستایە لە قوتابخانەکەماندا بۆمی گێڕایەوە وتی:

شەوێکی هێجگار تووشی زستانی ١٩٦٦ بوو. سەرماییەکی بێ ئەندازە و سامناکییەکی بێ سنوور باڵیان بەسەرشارا کێشابوو. کەس زاتی نەدەکرد سەر بێنێتە دەرەوە. لە گەڕەکی (تەیراوە) سەرکۆشکێکی دوو ژووریم بەکرێ گرتبوو، دەرگە و ناو قادرمەیەکی سەربەخۆی هەبوو. بەتەنیایی تیایدا ئەژیام. ئەو شەوە هەروەک شەوەکانی تر دەنگی نافرەجامی گوللەتۆپ و تەقەی تفەنگ و مەترەلۆز ئاسمانی شارەکەیان دزێو کرد و ئەو نیچمە کشوماتییەی پچڕاند کە پێشتر شەوەکەی لەخۆ لوولدابوو. بەجارێ پیرە هەولێری سەرلێشواوی شڵەژاند. لێ ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو ئەمجارەیان تەقە و هاڕژنی

دەستەڕێژ لە کووچەکەی ئێمەوە کە نزیکی بارەگای میرییەوە بوو دەهات و بگرە هەر زۆریش لەشوێنەکەی منەوە نزیک بوو. لەو کاتەدا بوو کە لە پڕ هاتەوە بیرم دەرگای دەرەوەم دانەخستبوو. ناچار تانووتم دایە بەرخۆم و بە ئەسپایی و بێ خشپە بۆی خزامە خوارەوە، لە ترسانا گلۆپی ناو قادرمەکانم دانەگیرساند. لایتێکی دەستیی بچووکم هەبوو لەگەڵ خۆمم برد. کاتی گەیشتمە ناو قادرمەکانەوە و لایتێکم لێدا، بۆ واقی وڕم دیم زەلامێ دەمانچەی ڕووت بەدەستەوە، دەمامکی خۆی داوە و لە دیوی ژوورەوە لە پشت دەرگاکەوە خۆی پەنهانداوە. دڵم داخورپاو عەیبی تێدا نییە، لەڕاستیدا زۆر ترسام. سامێک دایگرتم لە شوێنەکەی خۆمدا دایکوتام و نەمتوانی شەقاوێکی تر بهاوێژم.. بە حەبەساوییەوە بیرم لەم هەڵوێستە سەیر و ترسناکەمەوە دەکردەوە و نەمزانی چۆن بجووڵێمەوە.. کابرا دەنگدەدەم بچمە نزیکییەوە؟ یان لووس و باریک پاشەوپاش بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەمەوە و بێ ورتە دەرگاکە لەسەر خۆما داخەم وەک هەر هیچم نەدیتبێت! ئا، لەم ساتە وەختە ناسکەدا بوو کابرا بە زمانێکی عەرەبیی زۆر پوختە و ڕەوان لەسەرەخۆ بانگی کردم و گوتی:

مامۆستا ئەگەر دەتوانی چاکەیەکم لەگەڵدا بکەیت! سەعاتێکم لای خۆتەوە بهێڵەرەوە، نەمردبم یەک بە دە پاداشتت دەدەمەوە. وتەکەی ئەوەندە پڕسۆز و هێمن بوو لەناخی دەروونمی کارکرد و متمانەیەکی تەواوی پێبەخشیم. لەچرکەیەکدا هەرچی ترس و لەرز بوو هەمووی لەبار بردمەوە. منیش بە چرپەیەکەوە گوتم:

فەرموو نەک سەعاتێ، بەڵکو ساڵێک لێرە بمێنەوە، برام" هەر بەپەلە پرۆزێ دەرگاکەم توند کرد و بە جووتە سەرکەوتینە سەر کۆشکەکەوە. لە ژوورەوەڕا دەرگاکەم توند قایم کرد و بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕم لێی کرد. ماوەیەک بێدەنگی ڕابورد، پێش ئەوەی زاتی ئەوە بکەم لێی بپرسم: "جەنابت چیت و بۆ هاتوویتە ئێرەوە، ئەمە چ قەوماوە؟ بە زامێکی بەرزەوە وەڵامی دامەوە

وتـی: "مـن چیـم و کێـم، تـۆ خۆتـی پێـوە خەریـک مەکـە، مـن هەرچییەکـی هـەم وا پەنـام هێناوەتـە بـەر تـۆوە، بـۆ ماوەیەکـی زۆر کـەم. بـەڵام ئـەوەی ڕوویـداوە ئەمەیـە، چالاکیـی ئەنجامـدراوە، بۆیـەکا هێزێکـی ئەسـتووری سـەرباز و جاشـەکان لـەم شـەوەدا هێرشـیان هێناوەتـە سـەر ئـەم گەڕەکـە و (حەسـارەکەی) ئەوبـەری شـەقامەکەیان گەمـارۆ داوە." هێشـتا وشـەکانی هـەر لـە گوێـما دەزرنگانـەوە کـە زرمـە لـە دەروازەی دەرەوەمانـدا هەڵسـا و، زیلەکەمـان بەتوندیـی لێـی دەدا. خیسـەیەکی میوانـە نامۆکەمـم کـرد وەک ئـەوەی ویسـتبیتم ڕای ئـەم وەرگـرم. خێـرا وتـی:

- بڕۆ بزانە چییە، بەڵام دان بەخۆتدا بگرە و مەشڵەژێ وتم:
- چاکە دە تۆش بچۆرە نێو پێخەفەکەمەوە و خەو لەخۆت بێخە".

بـە ئەسـپایی چـووم دەرگاکـەی دەروەم ترازانـد، سـەیرم کـرد ئەفسـەرێک و چەنـد سـەربازێک بەچەکـەوە دەچنـە سـەربانی کۆشـکەکەوە ڕێگەیـان پـێ نیشـاندە" وتـم" فەرموون".

بـە قادرمەکانـدا سـەردەکەوتین بـە ترسـێکەوە پرسـیارم لێکردن"چـی قەومـاوە؟" حەسـارەکەی بەرامبەرتـان هەواڵـمان پێـدراوە یاخیبـووە بەکرێگیراوەکانـی تێدایـە. لەهەمـوو لایەکـەوە ئابڵوقەمـان داوە".

یەکێکیـان ئاوەهـای وەرامدامـەوە، دواتـر لەسـەری ڕۆیشـت "لەهـەر چـوار لایشـەوە سـەربانەکانمان گرتـوون و شەسـتیرمان لـێ دامەزرانـدوون تـا بـواری دەربازبوونیـان نەدەیـن". ئەمـەی وت کـە ڕێـگای سـەربانەکەم نیشـاندان بەرپرسـەکەیان وتـی "تۆیـش بچـۆرەوە ژوورەکـەی خۆتـەوە و بخـەوە. هەقت بەسـەر هیچـەوە نەبـێ".

هەمـووی نیـو سـەعاتێکی نەخایانـد لـە پەنجـەرەی ژوورەکەمـەوە دیـم هەرچـی ژن و منـاڵ و مێـردی لـە (حەسـار)ەکەدا بـوون هەموویانیـان وەکـو ئـاژەڵ لـە زیلەکانـی سـوپا ئاخنیـن و لـە ژێـر قـرم و هـۆڕی ڕێژنـەی گوللـەدا لـەو ناوەیـان دوورخسـتنەوە.

سەربازەکانی سەربانەکانیش سەنگەرەکانیان بەردان و بۆی درەچوون. شەوگار نەختێ ئارام بۆوە، میوانە نەناسراوەکەم بە گەرمیی دەستی گوشیم و سوپاسی کردم. هەڵسا بڕوات. هندێ کردم نەیسەلماند ئەو شەوە هەتا سەر لام بمێنێتەوە و گوتی "زۆر سوپاس، ئەتۆ فەرمانی خۆتت بەجێگەیاند، هیوادارم ڕۆژێک بەیەک بگەینەوە. شەویکی شاد!" ئەمە وت و وەک چۆن کتوپڕ هاتبوو هەر ئاوەهاش کتوپڕ بۆی دەرچووە دەرەوە. منیش لەسەر سوڕمان و لە ترسانیشا حەپەسابووم.. ڕووداوەکەم تێکڕا هەر لە شێوەی خەوێکی ئاڵۆزکاو دەهاتەوە بەرچاو. ئەڵبەتە ماوەیەکی زۆری لەو شەوگارە ترسناکەوە بوو بەرلەویە بتوانم چاوان لێک بنێم و زڕە خەو بمباتەوە!

دوابەدوای ئەوشەوە پڕ لە کارەساتەوە بە چەند مانگێک ڕۆژێکیان گەڕامەوە بۆ کۆشکەکەم، سەیرم کرد دز ژوورەکەمیان بەسەرکردبۆوە، ڕادیۆ و موسەجیلە و کامێراکەمیان بردبوو. منیش مامە حاجی خودانی کۆشکەکەمم کە هەر لە ژێرخانی کۆشکەکەدا دەژیان لە کارەکە ئاگادار کرد. حاجیی خەیلێ پەشۆکاو، دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ داوای لێکردم دەنگ نەکەم هەتا کارەکە ئاشکرا نەبێت و گوتی "پارەی شتوومەکەکانت چەندە خۆم بۆتی دەبژێرمەوە. با کەسمان پێوە نەیە و نەچێت، خۆمان بەری ئەم چەند و چوونەیە ناگرین. خۆت دەیزانیت لەم زەمانەدا ماڵ دزراو داوای مافی خۆی بکات هەر خۆی تاوانبار دەکرێ و دەیشی گرن! جا تکات لێدەکەم بەردێکی لەسەردانێ و ببڕێتەوە". منیش لەسەر نزای مامە حاجییەوە بێدەنگیم لێکرد و کڕبووم و هەر باسیشم لێوە نەکردەوە، تەنانەت خەریکبوو لە بیرم دەچۆوە کە لەناکاوڕا، ئێوارەیەکی سەر لە زوو چەند مانگێک دواتر تەقەقەی دەرگاکەی دەرەوەمان هات و مناڵکارێکی شەش حەوت ساڵی نامەیەکی نایە دەستمەوە و وەک بەرزەکی بانان لێیدا ڕۆیشت! دیسانەوە حەپەسام! نەمزانی ئەو مناڵە جنۆکە بوو، چی بوو ئاوا کتوپڕ هات و بزر بووا! هەر لە شوێنەکەی خۆمەوە بەدەستێکی لەرزۆک نامەکەم هەڵپچڕی و بە خێرایی چاوێکم پیایدا خشاند. دوو ئەوەندەی تر

ناوەرۆکـە سـەیر و زۆر کورتەکـەی سـەری سـوڕماندم. "ئەمشـەو کاتژمێـر دوانـزدە چاوەڕوانبـە. کەلوپەلـە دزراوەکانـت بـۆ دێنـەوە". ئـە ئـاوا نووسرابـوو. منیـش ئـەوەی ڕاسـتی بـێ زۆر ترسـام". تـۆ بێـی ئەمـە ڕاسـتی بـێ؟ یـان پیلانێکـە و بـۆ زیانـی مـن نراوەتـەوە! حاجیـی دراوسـێم تێبگەیەنـم، یـا هـەر خـۆم بیزانـم و چاوەڕوانـی ڕووداو بـم!؟ ئاوەهـا لێکـم دەدایـەوە. سـەرەنجام بڕیارمـدا نەیدرکێنـم و خـۆم بنێمـە دەسـتی چارەنووسـەوە، وام بەدڵـدا هـات کـە هـەر شـوورەیی و ئابڕووچوونـی بـەدواوە بـوو گـەر دەنگـم بکردایـە. هـەر هیـچ نەبـا بـە ترسـەنۆک ناویـان دەبـردم.

ئـەو شـەوگارە هـەر خـۆم دەزانـم چـۆن بەنیوەبـوو، سـەرجەم ئەندامەکانـی لەشـم بـە جۆرێـک بـوو بـوون بـە گوێچکـە و بەهەسـت تەنانـەت لـە چرکـە چرکـی کاتژمێرەکـەی سـەر مێزەکـەش ڕادەچڵەکیـم. بـە هەرحـاڵ وەک ئـەوەی سـاڵێک چاوەڕوانیـم کردبـێ، نیوەشـەو سـەرەتاتکێی کـرد و میلەکانـی کاتژمێرەکـە جـووت بـوون و لـەو سـاتە وەختـەدا بـە ئەسـپایی تەققـە لـە دەرگاکـەوە هـات. وەک بـۆ مەرگـی خۆمـم پەلکێـش بکـەن ئـاوا بـە تـرس و دڵەکوتـەوە چوومـە خـوارەوە. قاچێکـم ڕەپێـش دەکـرد ئەویتریانـم لـە دوو نەدەهـات. دڵـم وێنـەی پاسـاریی سـەرهەڵکەنراو هەڵدەپـەڕی.. بەتـرس و بێزارییـەوە دەرگاکـەم ترازانـد و سـەیرم کـرد، میوانـە نەناسراوەکـەی گۆرینـە وێسـتاوە و هەگبەیەکـی لەبـن هەنگڵدایـە، تەزوویـەک بەسـەرتاپای گیانمـدا هـات، نەمزانـی لـە خۆشـیا، یـان لـە ترسـانا بـوو! گورجـی خـۆی کوتایـە ژوورەوە و دەسـتی نایـە نـاو دەسـتم و چاکوچۆنییەکـی گەرمـی لەگەڵـدا کـردم، پـاش هەواڵپرسـین داوای لێبوردنـی خواسـت کـە بـەم نیوەشـەوە گوایـە ئـازاری داوم، زوو بـە زوو هەگبەکـەی ترازانـد و بـۆ واقـی وڕو هۆشـی کاسـم کامێـرا و موسـەجیلە و ڕادیۆکەمـی دەرهێنـا و گوتـی "ئەمانـە هـی تـۆن؟" بەچاوپیاخشـاندنێک و بـە دەنگێکـی ئاڵۆزاوییـەوە گوتـم "بەڵـێ! وتـی" فەرمـوو وەریـان بگـرەوە". وتـم: چاکـە، بـەڵام پێـم بڵـێ چۆنـت زانـی ئەمانـە هـی منـن؟ ئـەی کـێ بردبوونـی و چـۆن دۆزراونەتـەوە؟ وتـی:

”کارت پێـدا نەبـێ. هــەر ئەوەنــدە بزانــە جاشـێکی چڵکاوخـۆر دزیبوونــی و ئێمــە گرتمــان و ناونیشــانی تــۆی پێدایـن، ئیـتر وا شـتەکانی خۆتـت بـۆ هاتــەوە و کابـرای دزەیـش نێرایـە (سـەرەوە) پـاش ئـەوەی سوپاسـێکی زۆرم کـرد و بەگەرمـی لێـی پاڕامـەوە ئـەو شـەوە لای مـن بمێنێتـەوە خزمەتـی بکـەم و ئـەو ڕێـی نـەداو نەمایـەوە. دیسـانەوە ئەوەنـدەی پرسـیم و هەوڵمـدا پێمـی نـەوت (ئـەو) خـۆی کـێ و چ کارەیـە! هێنـدەی نەخایانـد بـۆی دەرچـوو، منیشـی لـە دەریـای بیرکردنـەوەو سەرسـوڕمانیدا جێهێشـتم.

ئەو ڕووداوانە گشتیان بەسەرچوون.

دوابـەدوای ڕێکەوتنەکـەی یانـزدەی ئـاداری ١٩٧٠ گەشـتێکم بـۆ بەهەشـتی ئـەو (سـەرەوەی) کوردسـتان کـرد. شـەو لـە دەربەنـدی ڕایـات مامـەوە، ئـا لەوێـدا بەرێکەوت (میوانــە نەنــاسراوە) مەردەکــەی خۆمــم چاوپێکەوتــەوە. زۆری دڵ پێــم کرایــەوە و میوانداریيەکـی کوردانـەی کـردم. منیـش بەوپـەڕی شـادیی و بەختەوەریيەوە ئـەو هەلەم قۆسـتەوە. جـا هـەر لێـرەو تەنیـا ئـەو سـاتە نهێنـی هـەرە گەورەکـەم بـۆ ئاشـکرابوو کـە بـۆم دەرکـەوت (میوانـە نەناسراوەکـەم) پێشـمەرگەیەکی قارەمانـەو پیشـەی مامۆسـتای قوتابخانـە بـووە!). لـە دڵـی خۆمـدا پـاش گێڕانـەوەی داسـتانەکەی هـاوڕێ عارەبەکـەم کـە وادیـار بـوو ئەوەنـدە کاری تێکردبـوو دەنگـی پـڕ بـوو لـە سـۆز و خۆشەویسـتی و دوو دڵـۆپ ئەسریـن لـە چاوەکانیـا قەتیـس وێسـتابوون، لەبەرخۆمـەوە دەمگـوت ”هـەی ئافەریـن بۆخـۆت و جەوانمەردیـت، ئـە ئـاوا دەبێـت مامۆسـتای ڕاسـتەقینە و ڕۆڵـەی جگەرسـۆز. کوردیـش بـام دڵنیابـێ، هەتـا بێچـووە شـێری ئەوهـا ئـازا و تێکۆشـەر و ڕەوشـت بـەرزی هەبـێ، بێگومـان هـەر سـەردەکەوێ و دەگات بەئامانـج“.

هەولێر/ ١٩٧٠/١١/٥

*تێبینـی: ئـەم چیرۆکـەم کاتـی خـۆی لـە (ڕێژنـە)دا بڵاوکـردەوە کـە بەدەسـت دەمانووسـی و بـە ڕۆنیـۆ سـەد دانەیەکـمان لـێ بڵاوکـردەوە، بەنـاوی یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتانەوە، بـە پەسـەندم زانـی ئێسـتا پێشکەشـی (دەنگـی پێشـمەرگەی) نۆبـەرەی بکـەم. (م.ئاسـنگەر).*

# له بەندیخانەوە

تەمەنـی لـە هـەژدە تێپـەڕ نـاکات لاوێکـی شـۆخ و کەڵەگەتـە. هەرگیـز نیشـانەی خـەم و پـەژارە و لـە دەم وچاویـا نابینرێـت بگـرە، لەبـەر گاڵتەوگـەپ و پێکەنینـی منداڵانـەی هەمیشـەییدا لەیەکـێ ئەچـێ کـە بـۆ گەشـت و سـەیران هاتبێتـە چیمـەن و گوڵـزار و لـەم سـەیرانەیدا.. ئـا لـەم شـوێنەیدا ئێجـگار سـەرفراز و بەخیتـار بـێ! پرسـیارم لێـی کـرد: بـۆ چەنـد لـە بەندیخانـە نەتبینیـت؟

له وەرامی پرسیارەکەمدا بە تەوسەوە وتی "بیست ساڵ"

دۆش دامـام، ئـاوا ئـەم گەنجـە لـە بەهـاری ژینـا: تافـی لاوێتـی لـە کونجـی زینـدان و لـە نـاو چـوار دیـواری بەندیخانـەدا ئەدۆڕێنـێ، بـە هەمـوو سـزا و ناخۆشـی و سـەگە حەسـارییەکەوە، بیسـت سـاڵ، لـە جیاتـی ئـەوە کەئـەم بیسـت

ساڵە بە هەوڵ و کۆشش لە ڕێگایەکی ڕاستدا خەریکی نان پەیداکردن و ماڵ پێکەوە نان بێ و گوڵی ژینی لە خەباتدا هەڵوەرێنێ بۆ ڕاژەی گەل و نیشتمانەکەی.. بیست ساڵی ڕەبەق لە بەندیخانەدا ئەباتە سەر؟ بۆ "خوشکی خۆم کوشتووە". ئەمە هێندەی بە ساردی و بێ باکانە وت وەک باسی (کوشتنی قەلێکی) کردبێ، یا هەر باسی "کوشتنی" نەکردبێ.

"کوشتن!" ئەم وشەیە کە تەنیا (پێنج تیپی) بچووک ئەینووسێ.. ئاوا سووک و سانا دێتە سەر زار.. "کوشتن" کە ئاوا نیچمە پیاوان چەشنی بەزم و یاریی خۆیانی پێوە ئەخافلێنن.. گەورەترین تاوانە و کارێکی ئێجگار ناهەمواری جەرگ بڕە و لە سەرووی هەموو پیشەیەکی نزم و مەخابنایە! کە تەنیا ترسنۆک و جانەوەر و نادان و ڕوورەشان پەنای بۆ دەبەن.

زەردەیەکی سارد و پڕ قیز لێوەکانی ترازاندم، پێکەنی! وتی "ئەبینم داماوی!؟"

بۆیە داماوم چەندی ئەکەم هۆیەکم چنگ ناکەوێ بزانم تۆ خوشکی خۆت بۆ کوشتووە؟" چاوەکانی بڕییە خاک. دوای ماتبوونێکی کورت بە شپرزەییەکەوە وتی: "لەسەرداوێن پیسی" ئەنجا نەختێ گرژودەنگی وشک بوو، پڕ بە زاری هاواری کرد (لەسەر شەڕەف) کوشتم، شەڕەف!"ئای لەبەر ئەم وشەیە بێ چارەیەش، چۆن لە پەنایدا هەزاران گیانی پڕ ئاوات و هیوا لەناو براوە، چۆن بەزۆر بەستراوەتە ڕەورەوەی وشەی (کوشتنەوە) و بێ ئارەزوو کراوەتە داردەست و ڕێ خۆشکەری!؟

- لەم ورد بوونەما وەک پەست و سورمابێ، کابرا وتی: "چییە، تاساوی! ئەڵێی ئەمەت بەدڵ نییە؟"

زۆر سەیرە ئەم ئەندازەیە و پێوەری کۆمەڵایەتیمان! لە ڕوو بەڕووی گەورەترین تاوان و شەرمەزاریدا، لە ڕاستی سامناکترین خەتاو بێ دادیدا، بەرامبەر کارەساتێکی کوشندەی جەرگبڕ.. پڵیشانەوەی گیانی ئافرەتێکی

بـێ دەسـەڵات کـە بـووە بـە قوچـی قوربانـی کۆمـەڵ، داوام لـێ ئەکـرێ بڵێـم "ئافەریـن و دەسـتت خـۆش بـێ!؟"

- نەخێـر، نەخێـر، خەڵکینـە هەرگیـزاو هەرگیـز (ئەمـەم بـە دڵ نییـە!) بەتایبەتـی کـە ئـەم تاوانبـارە لـە بەندیخانـە.. ئێسـتە لـە (داوێـن پیسـی)دا شـوێنی خوشـکە نێژراوەکـەی گرتۆتـەوە، ئەمـە ئەگـەر (شـەڕەف) بـێ.. ئـەوا بـە دڵـی مـن.. نەبـوو! فەرمـوو ئەمـەش نموونەیەکـی تـر.

- مـام (...) تەمەنـی لـە پەنجـا و شـتکدایە، تووکـی سـەری وەک بەفـر وایـە، لـە بێهێـزی و خەمخواردنیـا بـەلادا ئەچـێ.. لـە هەڵسـوکەوت و گفتوگۆیـدا وەک بەسـەریا کەوتبـێ ئاوایـە! زۆر جـار بـە ترسـی لێـدان و سـەربڕینەوە شـەوگار ئەباتـە سـەر و ڕۆژ ئەکاتـەوە، وا ئەزانـێ هەمـوو کـەس خەریکـی پیـلان دانانـن بـۆ کوشـتنی.. تەنانـەت ئـەو ماخولیایـەی بـە ئاشـکرا دەری ئەبـڕێ، لـە نوێـژ و ڕۆژوودا هاوتـای نییـەو لەبـارەی ئاینـەوە بڕوایەکـی ئێجـگار بەتینـی هەیـە! ئەمیـش لەسـەر (شـەڕەف) ئەبـێ لەبەندیخانـەدا بیسـت سـاڵ ڕابوێـرێ.. چـۆن!؟

- "پێـش چەنـد سـاڵێک لـە (کوێـت) ئیشـمان ئەکـرد، شـەوان هاوکارەکانـم بـە یـاری کـردن خەریـک ئەبـوون، منیـش ناچـار لایـان دائەنیشـتم، یەکـێ لـە هاوڕێکانـم زۆرجـار کـە ئـەی دوڕانـد بەقـەرد پـارەی لـێ وەرئەگرتـم.. ئەویشـی لەسـەردا ئەنـا.. شـەوێکیان بـەو دەسـتوورە داوای پـارەی کـرد، منیـش بـۆ ئـەوە کـە ئەمەنـدە تووشـی زیـان نەبـێ پارەکـە لـە دەسـتمان نەچێـت هیچـی تـرم نـەدا. ئـەو هـەر داوای کـرد، منیـش هـەر وەڵامەکـەی پێشـووم دایـەوە.. کابراکـە ئەمـەی زانـی بـە هەڕەوگیڤێکـەوە ڕووی کـردە یـاری کارەکانـەوە و گوتـی "ئـەم مـام (....) ە ئەبینـن! مـن جارێکیـان بەیـەک دینـار (ئیشـی خراپـەم) لەگەڵـدا کـردووە، کەچـی وا ئێسـتە ئەمەنـدە بـێ شـەرم و ڕوو هەڵـماڵاوە بەقەردیـش پـارەم ناداتـێ.."

ئیـتر چەنـدم کـرد هـاوکارەکان ماوەیـان پـێ نەدایـن دەسـتمان بـە یـەک بـگات و منیـش لێـم نایـە نـاو دوو نانـی گەرمـەوە!

چارەنــووس ئێمــەی بــۆ عێــراق هێنایــەوە.. چــوار ســاڵی ڕەبــەق بەشــوێنیدا گــەڕام، بــەر دەســت نەبــوو، جارێکیــان لــە ســەرپیلانێکی دانــراودا پەیامێکــم وەرگــرت کــە (ئــەو قوماشــەی بەدوایــدا ئەگەڕێــم لــە بــەسرا چنــگ ئەکــەوێ!) ســەری خــۆم هەڵگــرت و.. چــووم بــەڵام (قوماشــەکە نەمابــوو!) هەتــا لــە دوای ماوەیەکــی تــر پشــکنین و چاوەڕوانــی بــە هەمــان شــێوە و مانــاوە نامەیەکــم وەرگــرت. هەمدیســان دەمانچــە بچکۆلەکــەم نایــە باخــەڵ و لــە (هەولێــرەوە) ڕۆیشــتم بــۆ بــەسرا، ئەمجــارە نێچیــر کەوتــە داوەوە، لەپــاش ئــەو هەمــوو ڕق و کینــە و زامــی هەســتە و ڕاوەمــا، بــە گوللــە کڵپــەی دەروونــی برینــدار کــراوم دامرکانــدەوە بەپێــی خــۆم بــە دەمانچــەی ڕووتــەوە خــۆم دایــە دەســت کاربەدەســتانەوە..“

ئەمەتــا پیــری چــارەڕەش! چرایەکــی کوژاندۆتــەوە و پاشــەڕۆژی خێزانێکــی بــێ تاوانــی خســتۆتە گێــژاوی گەردەلوولــی چارنووســی نەزانــراودا.. تەنیــا چونکــە بەدبەختــی لــە ســاتێکی هەڵچــوون و بــێ هۆشــی و کەللەڕەقیــدا هەڵەیەکــی نالەبــاری کــردووە و قســەیەکی نــەزم و ناشــیرینی بــەزاردا هاتــووە. گوایــە ”کوشــتن!“ تیــماری ئــەو برینــەی کــردووە کــە ”شــەڕەفی“ پــێ زامــدار کــراوە! بــام خۆیشــی بــەم پیــری ســەرییەوە بیســت ســاڵی ڕەبەقــی بــۆ بژمێرێــت.. مــاڵ و مناڵەکــەی هەردووکیــان هــەر قــوڕ پێوانیــان بــێ!

بێگومان ئەمیش چاوەڕوانە دڵنیاشە پێی بڵێم ”دەستت خۆش بێ!!؟“

ئــەم کارەســاتەیان جۆرێکــی تــری تایبەتیــە و لــە ڕێگەیەکــی جیــاوازەوە قەومــاوە.. باوکێکــی کڵۆڵــی بەدەســتی خــۆ ماڵوێرانکــراوی جــەرگ ســووتێنراو کابرایەکــی کەڵەگەتــی چوارشــانەی بەخــۆوە، دەســتبەدارێکی پەنجــا ســاڵەی هــەردوو چــاوا کوێــر، لەســەر (شــەڕەف) هاتۆتــە بەندیخانــەوە تــا پێنــج جــار گــۆی زەوی بــە دەوری ڕۆژدا خــول ئەخواتــەوە، ئەبــێ لــەم شــوێنە تەنگەیــدا بەدەســت زەبروزەنگــی ڕۆژگاردا بتلێتــەوە! چەنــد کارەســاتێکی ترســناکی جەرگبــڕ

و چ دەردێکی سەختی کوشندەیە پیاو چنگ بنێتە بێنا قاقەی پارچە جەرگی خۆیەوە، یا خەنجەر لە خوێنی گەشی کچەکەیدا بشواتەوە! نەوەکا لە کۆمەڵدا سووک و ڕیسوا بێ و ببێتەمایەی پەند و بالۆرەوە لە ئاستی خەڵکدا نزم و چاوشۆڕ بێ... بەو هۆیەوە کە ئەو کیژەی بە هەناسە ساردی و هەزار دەردی سەرپێگەیاندووە و دوای ڕەنج و ئەرکێکی بێ پەڕوا، بەهەژاری پەروەردە کردوە، کارێکی لێ ڕوویداوە لە ڕاست پێوەیی کۆمەڵدا چەوت و چەویلە و شایانی سزایەکی ئێجگار سەخت و پێویستی بە لەناوچوونە!

بەڵێ.. ئەشیا ئەم کارەساتە ڕووی نەدایە، ئەم باوکە بەسەزمانە دڵسۆزە ناچاری کوژاندنەوەی ئەو تەنیا تروسکەیە نەبوایە کە لە ئاسۆی ژیندا گومانی ئەبرد دوچاری سزا و بەندەگی نەهاتایە.. بنچینەی ئێستە و پاشەڕۆژیی دوو بنەماڵەی نەگبەتی شان گرتوو هەڵنەوەشێتەوە و نەرمیایا ئەگەر پەیوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتیمان لەم شێوە جێماوەی ئێستەیدا و ئاستی خوێندەواریی گشتمان لەمبارە ئاڵۆزە دواکەتووەیدا نەبوایە. بەروبۆمی ڕەنج و سامان و سەرمایەی نیتشمانیمان بەجۆرێکی ڕاست و پڕ دادی ڕەوا دابەش بکردایە کە ئاوا زۆربەی ڕەنجکێشانی گەلەکەمان لە هەژاریی و چەوساندنەوە و بێدادیی و دەردەداریدا نەئەتلایەوە.. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ڕێ و شوێنی پەروەردە کردن و پێگەیاندنی چینی تازەمان جیاواز و پێشکەوتووانە بوایە! بەڵام کوا؟؟

# مەمۆ

(لە داستانێکی فۆلکلۆری بادینی بە دەستکارییەوە وەرگیراوە)

هەولێر، ١٩٧٠/١٠/٢٠

سوپای سەرما و سۆڵە پشتی دابوو، شەختەو بەستەڵەک بێ پشتیوان لە کۆڕی توانەوەدا وزەی خۆڕاگرتنی نەمابوو، هەر شتێ کە زۆر دەمێک بوو سست و بێ جووڵە لە ژێری پۆشینی بەفرا سڕوبەند کرابوو، خەریک بوو جووڵەی تێ ئەکەوت و بە ئارەزوویەکی سروشتیی بەهێزەوە سەری دەر ئەخەست و خۆیی نشان ئەدایەوە، لە هەرلایەکا جموجۆڵ کەوتبووە گیانلەبەر و گیا و درەختا، لێرەو لەوێ چەند گوڵێکی ڕەنگاورەنگی بۆندار دیمەنی زەمینیان ڕازاندبۆوە، درەخت هەندێکیان بە تارای سوور و سپی پۆشرابوون، ئەوانی تر کە تازە پشکووتبوون تۆزەرەی سەوزی ناسک لق و پۆپەکانیانی داگرتبوون. کانیی و سەرچاوەکان بڵقیان ئەدایەوە و قەلبەزەی

ساردی سازگار لە تاڤگە بەرزەکانەوە زۆر بە خوڕ ئەهاتنە خوار و تێکەڵ بە زریق و هۆڕی باڵدارەکان لەگەڵ کزەی شەماڵدا ئاوازێکی دڵڕفێنی شیرینیان سازدابوو، نەورۆز بوو، بەهارە نەمرەکەی کوردستان بوو!

مەمۆ کە لە تافی لاوێتی دابوو، نەمامێک بوو لە بەهاری ژینا تازە هەڵئەچوو، خونچەی هیوا و ئاواتی خەریکی پشکووتن بوو، بە دڵێکی پاک و شادەوە بە ڕوویی ژیانا پێ ئەکەنی، ئەتووت هەموو جوانی و تام و بۆی بەهار لە دەروونی ئەوایە و وەک ژین لە بەهار بەولاوە هیچ کەژێکی تری نەبێ ئاوای هەست پێئەکرد. ئەو خۆی دڵ و دەروونی ئەوەندە پاک و بێگەرد بوو وای ئەزانی گەردوون گوڵزارێکە بۆ یاری و ڕابواردن و تەنیا هەر تاکە دڕکێکی تیادا نییە!

ئەو بەیانییە زوو کە لە خەو هەڵسابوو هەموو هەست و هۆشی لای بووکە شۆخەکەی بوو کە تەنیا دوو شەو بوو بۆی لە پەردە کرابوو. ڕووداوەکانی ئەو دو ڕۆژو شەوەی کە نموونەی کامەرانی و بەختەوەری بوون، بە وێنەی شەریتی سینەما ئەهاتەوە بەرچاوی، ئەم وا بووە بە خاوەن ژن و ماڵ، بە پیاو، ئیتر نابێ چیتر وەک هەرزەکارێ بجووڵێتەوە، ئەوە نەما جارێکی تر ڕێگا بەدەستەی کیژوکارانی دیکەیانا بگرێ و گاڵتە و گەپیان لەگەڵدا بکات. یا وەک مەلێکی ئازاد لەم شاخ بۆ ئەو شاخ و لەم باخ بۆ ئەو باخ باڵە فڕکە بکات.. ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون و جارێکی کە گەڕانەوەیان بۆ نییە. ئەوا دوو ڕۆژی زاوینیشی تێپەڕین، ئەبێ لەمەولا هەر لەم ڕۆژەوە ئەرکی بەڕێوە بردن و خۆشگوزەرانیی خێزان بگرێتە ئەستۆ و دایک و بووکی تازەی بە جۆرێکی لێ وەشاوەوە بەخێو بکات. هەندێ جاریش وەک سێبەر، لە پەردەی هۆشیا بیرێکی سەیر و دڵگر هاتووچۆی ئەکرد.. بیری باوکایەتی! ئەبێ ئەمانیش مناڵێکیان بێ، مناڵەکەش پێویستە نێر بێ! باشە ئەی ئەگەر هاتوو نۆبەرەیان کوڕ نەبوو.. ئەشێ خۆشی بوێت؟ دوور نییە دایکی توانج

بگرێتـە بـووک و لەسـەر نۆبـەرەی کـچ هـەر سەرزەنشـتی بـکا و تووشـی تـۆران وناخۆشـی و پـلار لـە یەکگرتـن بـن و گـرێ کوێـرەی بـووک و خەسـوایەتی لـە بنەماڵـەی ئەوانیشـا بەرپـا بـێ و ڕەگ دابکوتـێ.

هێشـتا بەتـەواوی چایـەی بەیانـی نەخواردبـووە، پیاڵەیـێ دیشـلەمەی لـە دەسـتا بـوو خەریـک بـوو بیـکا بـە دەمیـا کـە لەنـاکاو چەنـد ژەندرمەیەکـی (عوسـمانلی) لێـی بـە ژوور کەوتـن و بـە پاڵەپەسـتۆ و جنێوپێـدان، لەنـاو زیڕوهـۆڕ و لەخـۆدان و پاڕانـەوەی بـێ سـوودی بـووک و خەسـوودا بـە پێشـە خۆیانیانـدا، بردیانـە گۆڕەپانەکـەی بـەر دەرگای ماڵـی کوێخـا و لەگـەڵ هەمـوو هـەرزەکار و گەنجـو پیاوانـەی تـری گوندەکـە کـە بەردەسـتیان کەوتبـوون و لەوێـدا کۆیـان کردبوونـەوە، وەک ئـاژەڵ دایاننـە بـەر نووکـی نێـزە و قۆنداخـەی تفەنگانـەوە و بـەرەو شـاریان بـردن. پەردێکـی ڕەش بەسـەر هەمـو خەڵکـی دیکـەدا هـات و بـە جـارێ ئـەو بەهـارە ڕەنگینـە شـیرینە و زۆرەهـا بەهـاری تریشـی لـێ تـاڵ و ژەهـراوی کـردن. بەتایبەتـی بووکـی دوو شـەوەی مەمـۆ و دایکـی هەناسـە ساردی کـە بـە جـۆرێ کارەسـاتە کتوپڕەکـە کاری تێکردبـوون و حەپەسـاندبوونی کـە وەک خەونێکـی ترسـناکی کوشـندە چەنـدەی ئەیانکـرد لـەو وەزەیانـا نەبـوو لێکـی بدەنـەوە، یـا کـوورەی دەروونـی سـووتاویان دامرکێننـەوە! خـۆ مەمـۆ هێنـدە سـام گرتبـووی چەنـدی سـەری ئەهێنـا و ئەبـرد نەیئەتوانـی بـە ڕووداوەکـە بـڕوا بـکات. جـارێ لـە ڕێـگا پێیەکـی لەپـاش و یەکێکـی لـە پێـش بـوو، هـەر وای ئەزانـی لـە ماڵـەوە بەرامبـەر بووکـی تـازە دانیشـتووە و دایکـی چاییـان بـۆ تێئـەکات و بیـر لـەو دواڕۆژە خۆشـە ئەکاتـەوە کـە لـە ئاسـۆی ئەندێشـەیا وەک ئەسـتێرە ئەدرەوشـایەوە. تـا لوولـەی تفەنـگ لـە ناوشـانی هەڵنەبەزییـەوە و لـە زینـدە خەوەکەیـڕا هۆشـیاری نەکـردەوە، زۆرجـار شـتێکی نهێنـی لەناوەوەیـدا پەنگـی ئەخـواردەوە وەک گێـژی گەردەلوولـی هەسـت و هۆشـی شـاراوەی هەڵئەپێچـا و هانـی ئـەدا کـە سـەری بەرهەڵسـتی لـە ڕووی

لێخوڕەکانیـدا بـەرز کاتـەوە و بـە چەنگـە ئاسـنینەکانی بەربێتـە قوڕگیانـەوە و گیانیـان لـێ ببڕێـت. کەچـی بیـری هەسـتیاری ساردی ئەکـردەوە و لـە دەروونیـا پێـی دەسـەلماند کـەواز لـە شـەڕی خۆتڕێـن بهێنـێ و کارێکـی ئەوتـۆ نـەکات ئەنجامـی تێچوونێکـی مسـۆگەر بـێ، چونکـە هـەر چۆنـێ بـێ ئەوکارەسـاتەی ئێسـتە پێـوەی ئەناڵـێ ئەشـێ و بـۆی هەیـە ڕۆژێ لـە ڕۆژان بـە دڵـی خـۆی کۆتایـی بـێ و یـا هـەر هیـچ نەبـێ بتوانـێ سـەری خـۆی بـۆ هەڵگـرێ و لـە دەرفەتێکـدا بـۆی دەرچـێ و ڕزگاری بـێ. هیـوا سـەرچاوەی ژینـە، تاکـو ژیـن مابـێ هیـوا هـەر ئەمێنـێ! کەواتـە دوور نییـە جارێکـی تـر وەک ئـەو دوو ڕۆژەی پێشـوو ئەسـتێرەی بەختـی بگەشـێتەوەو بـە دیدەنـی بووکـی تـازە و دایکـی کڵۆڵـی شـادبێتەوە.

جـاری وا هەبـوو ئـارەزووی ڕاکردنـی ئەکـرد، بەڵکـە سـەرکەوتن لـە هەڵاتنابێـت! چـی ئەبـێ ئەگـەر لـە هەڵدێرێـکا، لەنشـێوێکی سـەختدا، لـە پێچێکـی ڕێگـە شـاخاوییەکانا هـای لـە پێیەکانـی بـکا و سـەری چارەنووسـی هەڵگـرێ و بـە ئاواتـی دەربازبوونـا بکەوێتـە گومـەزە لێدانـەوە! نـە.. گوللـە، ئـەو دوژمنـە باڵـدارە سـووک و تیـژڕەوە هـەر ئەیپێکـێ و گـرەوی لـێ ئەباتـەوە.. بـام خـۆی بخاتـە دەسـتی چارەنووسـی نادیـارەوە بزانـێ چ نوخشـەیەکی بـۆی کێشـاوە، ئـەوە لای خـواوە هاتـووە هـەر ئـەو باشـە، خـۆ ئەمیـش لـەو هەمـوو خەڵکـە زیاتـر نییـە لـەو کاروانـە بـێ قۆناخـەدا قەتـار کرابـوون، ئەمیـش بەشـی لەسەربەشـی ئـەوان بـێ، خـۆ وەک ئەڵێـن مردنیـش بـە کۆمـەڵ بـێ وەک جـەژن وایـە! دایـک و بووکیشـی بـام چـاو لەخـزم و کەسـی ئەوانـەوە بکـەن، چییـان کـرد بیکـەن و بـۆ کـوێ چـوون بچـن.

ڕەشـبگێڕێکی سـامناک بـوو، جەنگـی جیهانـی.. سـەفەربەربوو! لەهـەر لایـەکا بـە مێگـەل ئـەوەی نێربـا و هـەر تەنیـا توانـای ڕێ ڕۆیشـتنی بوایـە، جـا پیـرە یـا مناڵـە بیانـوو نییـە چونکـە بـۆ کارێ هـەر ئەشـێ.. وەک هـەوری

بابـــردوو لێکیـــان ئەدایـــەوە، داروبـــەرد هەڵـــی نەئەگرتـــن، هێنـــدە زۆر بـــوون، ئـــەم شـــارو ئەوشـــار، لـــەم قۆنـــاخ بـــۆ ئـــەو قۆنـــاخ، تـــا مەمـــۆ و هاوەڵەکانـــی لـــە (ئەنـــەدۆڵ) خۆیـــان گرتـــەوە. ڕووبـــەڕووی جەنگێکـــی دڕندانـــەی لەناوبـــەری بـــێ پـــەروار و لەنـــاو دۆزەخـــی ئاگرێکـــی ســـووتێنەری بـــێ پایانـــەوە! کوورەیـــەک بـــوو بـــۆ ئادەمیـــزاد هەڵگیرســـابوو! ئـــەوەی لـــە دووریشـــیا ڕابوردبایـــا پەڕوباڵـــی هەڵئەکڕوزانـــد و ئـــەی پـــڕوکان. قڕانـــی مرۆڤایەتـــی بـــوو.. مـــردن بەســـەر شـــار و دێهاتەکانـــدا ئەبـــاری، بەهـــەزاران خەڵکـــی بـــێ تاوانـــی لەنـــاو ئەبـــرد، داروبـــەرد نەمابـــوو پێشـــێل نەکرابـــێ، بنەماڵەیـــێ نەبـــوو شـــیوەن و لەخۆدانـــی تێنەکەوتبـــێ، نەخۆشـــی و برســـیەتی بەجـــۆرێ تەمـــی بەســـەر زەمینـــا گرتبـــوو چەنـــدان کـــەس پێکـــەوە زینـــدە بەچـــاڵ ئەکـــران، تەنانـــەت ســـەگ و پشـــیلەش بـــۆ خـــۆراک دەســـت هەمـــوو کـــەس نەئەکەوتـــن!

مەمـــۆ لـــە زۆر شـــەڕدا بەشـــداربوو، بـــێ ئـــەوەی بزانـــێ بـــۆ، تەنیـــا ترســـی نەیکوژێـــت ئەتکـــوژێ وای لێکردبـــوو وەک هەڵـــۆ ڕووی لـــە هـــەر لایێـــی بکردایـــە ســـەنگەری پـــێ بەرئـــەدان و ئەیشـــکاندن، چەنـــد جاریـــش دووچـــاری مەترســـیی و تەنگانـــە ئەبـــوو، ئەهـــات بکەوێتـــە داوی مەرگـــەوە، تـــا دواجـــار لـــە هێرشـــێکدا برینـــدار کـــراو هـــەر ئەوەتـــا بـــە دگمـــەن لـــە مـــردن ڕزگاری بـــوو، لەمـــاوەی تیمارکـــردن و بریـــن ســـارێژبوونیا خولیـــای بیـــری نیشـــتمان و گەڕانـــەوەی بـــۆ باوەشـــی بـــووک و دایکیـــا وا کەوتـــە مێشـــکیەوە خـــۆراک و خـــەوی هێنـــدە پـــێ تـــاڵ کردبـــوو بڕیـــاری دا هەرچۆنێـــک بـــێ ڕێگایـــەک بدۆزێتـــەوە ســـەری خـــۆی پێـــدا هەڵگـــرێ و بگەڕێتـــەوە.

دوو بەهـــار بەســـەر ڕاکێشـــانی مەمـــۆدا تێپەڕیبـــوو، دایکـــی کلۆڵـــی هەناسەســـارد باڵـــی بەســـەر بووکـــی بـــێ زاوادا کێشـــابوو، لەلایـــێ خەمـــی کۆرپـــەی جگەرســـۆزی خێرلەخۆنەدیتـــووی جـــەرگ و هەنـــاوی ئەســـووتاند و لەلایەکـــی تـــر ئەرکـــی پاراســـتن و دەســـت بەســـەرداهێنانی بووکـــی لێقەومـــاو تانوئێکـــی وەهـــای وەبەرهێنابـــوو

هێــزو توانایەکــی تایبەتــی لــە دەروونیــا ژیابــووەوە، بەوێنــەی مێردێکــی بــەکار کاروبــاری ڕۆژانــەی ماڵــەوەی بەڕێــوە ئەبــرد، پشــت و ســەنگەرێکی پۆڵایــی بــوو کــە بــووک لــە پەنایــا خــۆی پەنهاندابــوو، دایــک و بــاوک و مێــردی بــوو، ســۆز و ئەڤینــی بــۆ مەمــۆ لــە باوەشــی ئــەودا ئەمرکایــەوە و کــپ ئەبــوو، لــەو ســاتەوەی مەمۆیــان لــێ ڕفاندبــوو ڕۆژ و شــەو لــە خەســووی وەفــاداری دانەئەبــڕا و بســتێ لێــی دوور نەئەکەوتــەوە.. مەگــەر کاتــی خەوتــن نەبێــت کــە هەریــەک لــە ژووری خۆیــدا ئەنووســت.

دایکــی کلــۆڵ هەمیشــە پێــش نووســتن شــەو نوێــژی ئەکــرد و لــە یــەزدان ئەپاڕایــەوە کــوڕە تاقانەکــەی بــۆ بپارێــزێ و مەرگــی ئــەم پێــش مەرگــی ئــەو بخــات. هەمــوو خواســت و ئاواتیشــی ئەوەبــوو جارێکــی دیکــە بــە دیــداری شــاد بێتــەوەو بــەس. وەک ئەڵێــن چاوەڕوانــی لەمــردن تاڵــترە. هەرشــەوێک بــۆ بووکــی تــاک ســەرینیش وەک ســاڵێ وابــوو، ڕۆژ هــەر نەئەبــوووە، ڕۆژیــش هــەر ئــاوا نەئەبــوو، کات ئەتــووت دەســت و پــێ بەســتراوە و پەکــی ڕۆیشــتنی کەوتــووە. بیــری لــە هەمــوو شــتێک ئەکــردەوە.. ئەبــێ مەمــۆ مابــێ؟ ئەگــەر مــاوە ئاخــۆ لــە کــوێ بــێ و چــی بــکا، چــۆن ڕابوێرێــت. ئــەی بــۆ هــەر هیــچ نامــە، یــان پەیامــێ نەهاتــووە مــوژدەی مانــی ئەویــان پێبــدا، باشــە ئەبــێ ئــەم ئەوانــی لەبیــر نەکردبــێ؟ هەرچــۆن بــێ ئەگــەر خــوا ئەیــکا ئەمجــارە مەمــۆ بــە زیندوویــی ئەگەڕێتــەوە هــەر خــۆی ئەیزانــی چــی بــۆ ئــەکا و چۆنــی ئەگرێتــە باوەشــییەوە.. مەگــەر گیانــی لــە لەشــیا دەربێنــن دەنــا جارێکــی تــر هەرگیــز مەمــۆی لەژێــر چنــگا نایەتــەوە دەرێ.. لــەو ڕۆژەوە کــە مەمــۆ لــە نەخۆشــخانەکەدا ڕایکردبــوو زۆرەهــا کۆســپ و مەترســی تــووش هاتبــوون. بەشــی زۆری ڕێــگا درێژەکــەی بەشــەو ئەبــڕی، چەندەهــا شــار و دێ تێپــەڕی بــوو، لــە چەنــد ڕووبــار و زێ پەڕیبــووەوە، برســیەتی و ناشــارەزایی و مەترســی گرتنــەوەی بــە جــۆرێ تەنگیــان پــێ هەڵچنــی بــوو ئەگــەر بێزاریــی لــە جەنــگ و ئــارەزووی ئاگرینــی دیــدەی

دایـک و ژنەکـەی نەبوایـە هێنـدە لـەم گەشـتە ژەهراوییـەدا پەشـیمان بـوو، هـەر زو خـۆی ئەدایـەوە دەسـت. بـەڵام کـە وێنـەی بووکـی لانـە هـەژار و دایکـی جـەرگ سـووتێنراوی ئەهاتـەوە یـاد. دیمەنـی جەنگـە تۆقێنەرەکـەی ئەهاتـەوە بەرچـاو، هەمـوو گرفتێکـی لا سـووک و هەمـوو ئازارێکـی لاسـانا ئەبـوو، ئامانجـی ئەوەبـوو بگاتـەوە ماڵـەوە، جـا ئەگـەر لـە پێنـاو ئـەو ئامانجـەدا بشـکوژرێت هـەر خۆشـە، ئـەوە لـەوە پیرۆزتـرە کەبـێ ئامانـج لـە جەنگـدا بکوژرێـت! مەمـۆ لـەو گەشـتەی هاتوونەهاتەیـدا گیانێکـی خـوای لـە ماینەشـێ بـوو کـە لـە ڕێـگا چنگـی کەوتبـوو، بۆیـە وەک بیبیلـەی چـاوی پارێـزگاری ئەکـرد، ماینـە شـێ ڕێـی دووری لـێ نزیـک کـردەوەو هێنـدەی نەمابـوو بـگا بـە مەنـزڵ. هەمـوو هەسـت و هۆشـی لـە پێـش خۆیـەوە گەیشـتبوونەوە ماڵـەوە. تێکـڕای گیانـی بـە ئاواتێکـەوە ئـاوی ئەخـواردەوە، ئـەو هیـوا دورەی ئـەو دوو سـاڵەی ڕابـردووی بـۆی ژیـاوە ئـەوا خەریکـە ببێتـە ڕاسـتی و بـەدی بـێ. زۆری پـێ ناچـێ هەناسـە لـە پیرۆزتریـن شـوێندا هەڵئەهێنـێ و چـاوی بـە جوانتریـن دیمـەن ئەکەوێتـەوە و گوێـی بەشـیرینترین ڕاز و نیـاز پـڕ ئەکاتـەوە.

شـەو ڕاکشـابوو کـە لـە حەوشـەی خۆیانـدا بـێ چرپـە و بەدڵێکـی ئێجـگار شـادەوە دابـەزی.. ماینەشـێ بەسـتەوەو لـە بووکـی نائومێـد و هیوابـڕاو چـووە ژوورەوە. بووکـی ڕەش پۆشـی ئومێـد بـڕاو لـەو شـادییە چـاوەڕوان نەکراوەیـەدا سـام گرتـی و حەپەسـا. زوبانـی شـکا و لەخۆشـیانا فرمێسـکی بەگـوڕ هاتـە خـوار. وەختابـوو لـە خۆیـی بچـێ و ڕاقەنـێ. مەمـۆی پـڕ ئـارەزوو تونـد گرتییـە بـاوەش و بـە سـنگی خۆیـەوە نووسـاند، موچرکەیـێ بـە لەشـیاندا هـات وەک (مەسـاژ) هەمـوو ئێـش و ئـازار وماندووبـوون و ناسـۆریی ئـەو دوو سـاڵە تفـت و تاڵەیەیـی لەبیـر بردنـەوە، وەک هـەر ئێسـتا لـە نـۆژەن بـووک بـۆ مەمـۆ لەپـەردە کرابـێ و مـاوە دوور و درێـژە پـڕ مەینەتەکـەی ڕابـردوو لـەکات بـە هێجـگاری سـڕابێتەوە ئـاوا تێـک ئاڵانـەوە و خۆیانیـان خسـتە کۆشـی نەرمـی هیـوا و ڕاز و نیـازەوە.

تەنانـەت تـا لـەو کامەرانییـە خـەوە شـیرینە بێبـەش نەبـن و بـەو نیـوەی شـەوە دەرنگـەدا پیـرە دایکـی دڵـبرژاو تووشـی ڕاچڵەکینێکـی ئەوتـۆ نەکـەن بەرگـەی نەگـرێ. بڕیارانــدا تــا بەیانیــی ئــاگای نەکــەن و ئــەو مزگێنییــە خۆشــەی پــێ نــەدەن. جـا دوابـەدای سـکاڵا و ڕاز و دڵدارییەکـی گەرمـی بەسـۆزەوە، بەجووتـە بەوپـەڕی دڵنیایـی و بەختـەوەری و بەهیوایەکـی گەشـی بـێ ئەنـدازەوە، چوونـە ژێـر لێفـەی ئەوینـەوە و خەوێکـی شـیرین باڵـی بەسەراکێشـان! بەیانـی زووبـوو، هێشـتا گـورگ و سـەگ بـاش لێکجیـا نەدەکرانـەوە، داپیـرە لـە خەوێکـی ئاڵـۆز و بەسـاما ڕاچەنـی. سـەیری کـرد هەمـوو لەشـی لـە ئارەقـەدا شـڵپەی دێ و هەمـوو گیانـی ئەلـەرزێ.. نـاوی خـوا و پێغەمبـەری هێنـا و سوپاسـی کـردن کـە ئـەوەی دیبـووی تەنهـا خـەون بـوو. بـە ماتـی لـە ژوورەکـەی هاتـە دەرەوە و تاکـو دەسـت نوێـژێ بشـوا و نوێژەکـەی بەیانـی بـکا و وەک هەمـوو پاشـنوێژێک لــە یــەزدان بپاڕێتــەوە تاقانــە جگەرگۆشــە ئاوارەکــەی بــۆ بپارێزێــت و بــەر لــە مردنــی خــۆی جارێکــی دیکــە چــاوی بــە چــاوە گەشــە خۆشەویســتەکانی بکەوێتــەوە، لەنــاکاو گوێــی لــە پڕمەیــێ بــوو. هەســتی ڕاگــرت و چاوەکانــی گوشـین، بـە وردی سـەیرێکی حەوشـەکەی کـرد، تارماییـەک هاتەبـەر چاوییـەوە، نەختـێ لێـی وردبـووەوە و بینـی وڵاخێکـی بـەرزە بەسـتراوەتەوە. سـەری سـوڕما! موچڕکێکـی ترسـناک بـە لەشـیا هـات. هەسـتێکی ئێجـگار سـەخت و کوشـندە لـە دەروونیـا پەنگـی خـواردەوە، ئەمـلاو ئـەولای بەچـاو پشـکنی. کەسـی نـەدی. چـاوی چـووە تەوقـی سـەریەوە. ئەمـە چییـە؟ شـەیتان هـەزار جـار بـە نەعلـەت بـێ، چـۆن ئەبـێ ئەمـە وابـێ! کـەی بـووەو کـەی ئەبـێ! چـۆن ئـەو ژینـە هێنـدە دوونـە تـا ڕۆژێکـی ئـاوای بەپیـری سـەری نیشـان بـدات! کەسـیش نـا بووکـی ئـەم کـە لـە هەمـوو فریشـتەیەکی ئاسـمان بەلایـەوە خاوێنـتر و داوێـن پاکـتر بـووە، بووکـی ئـەم کـە لـە گلێنـەی چـاوی خـۆی خۆشـتری ویسـتووە لـەو زیاتـری پاراسـتووە. ئەشـێ ئەوەنـدە بەدنمـەک و بـێ ئابـڕوو بـێ تـا کارێکـی

ئـاوا دزێـوی لـێ ڕووبـدات! قـەت خـوا بزانـێ ئەمـەی لـێ ناوەشـێتەوە لـە پەنـا سـێبەری مەمـۆی نـازداری دەربـەدەر و ئـاوارەدا دەس لەگـەڵ پیاوێکـی دیکـەدا تێکـەڵ بـکات.. لەکوێـش؟ هـەر لـە لانـەی بووکێنیـدا.. نـە، نـە.. ئـەو بەدکارییـە لـە بووکـی ئـەوا قـەت ناوەشـێتەوە. خـۆ ئەگـەر هیـچ ناپاکییـەک لـە گوڕێـدا هەبـێ، گومانـی نییـە بـووک ئـاگای لـێ نییـە و بـێ خەتایـە.. بـەڵام قوڕبەسـەری، ئـەو ناپاکـەی ئێسـتە وا ماڵـی ئەوانـی گڵاو کـردووە ڕۆح بـۆ کـوێ ئەبـات؟ خـۆ ئەگـەر ڕۆسـتەمی زاڵ بـێ و بچێتـە بـن حـەوت پەڕەکـەی ئاسـمانەوە ئەبـێ ونجڕونجـڕی بـکا و خوێنـی پیسـی فـڕکات!

بـە هەشـتاو گەڕایـەوە ژوورەکـەی خـۆی و خەنجـەرە دەبانەکـەی ڕەحمەتـی هێنـا کـە بـۆ مەمـۆی هەڵگرتبـوو کـەی هاتـەوە بینێتـەوە بـەر پشـتی و خـۆی پێـوە بابـدات. بـە ئەسـپایی دەرگای ژووری بووکەکـەی ترازانـد و ڕامـا! ڕووناکـی سـپێدەی بەیـان لـە درزی دەرگاکـەوە بەکـزی خـۆی کوتایـە ژوورەوە، لـە سـێرەی سـپێدەدا قـژی بووکـی بینـی کـە لـە ژێـر لچککـی لێفەکـەوە دەرچووبـوو، لـە تـەک ئـەوا زەلامێکـی زەبـەلاح بـێ ئـەوەی هیچـی لێـوە دیـار بـێ لـە پاڵیـا ڕاکشـابوو، پیـرە دایکـی کلـۆڵ لـە ئاییـن دەرچـوو، هۆشـی لای خـۆی نەمـا.. ئاگرێـک بەربـووە گیانییـەوە وەختابـوو کڵ و کـۆی دابنـێ. خوێـن بەرچـاوی گـرت، لـە سـاتێکدا هـەزار و یـەک بیـری جیـاواز و سـەدەها وێنـەی هەمەرەنـگ لـە مێشـکی هەتـەرە کراویـا تێپەڕیـن. ئـاگای لـە هیـچ نەمـا، کاتـێ کـە خەنجـەری جەوهـەرداری بـەرز کـردەوە هێنـدە بـە زەبـر و ڕق و کینـەوە بـۆ سـەر سـنگی کابـرای ڕاوەشـاند جووڵـەی لەبـەر بـڕی.. لەگـەڵ خەنجـەر وەشـاندنا قیژەیەکـی وای لێـدا هەمـوو خانووەکـە دەنگـی دایـەوە. بووکـی زراو ڕژاو دای لـە زێـڕەو ڕاپـەڕی. کـە چـاوی هەڵبـزرکاوی بەشـێوەی تۆقێنـەری خەسـووی وەک شـێتی کـەوت و فڕکـەی خوێنـی گەرمـی بینـی کـە زاوا لـە خەڵتانـی گەشـیا شـڵپەی ئەهـات هـەر ئەوەنـدە زمانـی بـوو هـاواری کـرد (ئـەی خـاک بەسـەرم مەمـۆ

گیـان) ئینجـا زوبانـی بەسـتراو لەخۆچـوو.. بەسەرلاشـەی نـەرم و شـلی بـێ گیانـی مەمـۆدا کەوتـەوە.

دایکـی کلـۆڵ شـێت بـوو بـە چیاکـەوت! لـە هەمـوو دۆڵ و بەرزاییەکانـدا ئەگـەڕاو بـە مەمـۆی جوانەمـەرگ، مەمـۆی کوشـتەی دەسـتی خـۆی هەڵئەگـوت و پەنجەکانـی خـۆی ئەکرۆژتـن کـە ئـەو تاوانـەی پێکردبـوون!

# ئەوانەی نامرن
# یان مردووە زیندووەکە

کۆیە، ١٩٨٠/٢/٢١

گۆڕەپانە بەرفرەوانەکە بەسەر خەڵکەکەدا هاتبۆوە یەک، زەلام زەلامی دەسمیی، کووچە و کۆڵانەکانی هەرچوارلای گۆڕەپانەکەیش توانای بەخۆوەگرتنی ئەو حەشامەتەیان نەمابوو، کە وەک شەپۆلێ دەریا، پەیتا پەیتا دەجمینە ئەو ناوەوە بگرە سەربان و گوێسانەکانیش لە ژێر سەنگی باردا دەلەرزانەوە، کات دەمەو ئێوارە بوو زەرد و سوور و ڕەش بە جۆرێک تێکەڵاوی یەکتری ببوون، چرپە و کسپە و نووزە و لاواندنەوە ئاوا لەنێو قریوە قریوو و زریکە زریک و هات و هاوارا شاردرابوونەوە، ئەوەی زۆر بە وردی گوێی بۆ دەنگەکان هەڵنەخستایە و باش سەرنجی نەدابایە و لە ڕاستەقانیی کارەساتەکە بە ئاگا نەبوایە نەیدەزانی شایلۆغان و زەماوەندە،

یاخــود شــین و واوەییلایــە! ســەدان دەســت بەیەکجــاری بــەرەو ئاســمان بــەرز دەکرانــەوە و زرمــە لــە ســەدان ســەرو ســینەدا هەڵدەســێنرا. بەســەدان یەخــە و بــەرۆک دادەڕێــنران چبــوو چبــووی ڕێڕەوییــان لەنێــو زرم و هــۆڕی ســنگ کوتــان و قــژ ڕنینــەوە و ســەردولکەی ئافرەتانــدا ون دەبــوو، فرمێســک و ئارەقــە وەک ئــەوەی لــە کێبڕکێدابــن و وزەی یەکتریــان تاقیدەکــردەوە. هــەر تــاوە ناتاوێکیــش ورەیەکــی گەرمواڵــە هــۆی بەردەوامبوونــی پێدەبەخشــین دیمەنــێ بــوو ترســناک، خەماویــی، جەرگبــڕ و ســامناک، هەمــوو کــەس خــۆی لــە ئاســتیدا بــۆ نەدەگیــرا، پیــاو دەبــوا لەبەرامبەریــدا یــان ددان بەخۆیــدا بگرێــت و ســەرچاوەی هــۆش و هەســتی ببەســتێت، یــان بیدایەتــە قوڵپــی گریانــەوە و ســەری خۆیــی بــۆ هەڵگرتبــاو، لــووس و باریــک بــۆی دەرچووبــا. لــە نێــو ئــەو شــەپۆلەی گیانلەبەرانــدا چەندەهــا پەنجــەی خەماویــی بــۆ لایــێ درێــژ دەکــران. چەنــدان وشــەی پچڕپچــڕ و دژ بەیــەک دەبیســتران. کابرایــەک وەک شــتێکی بزرکردبــێ، بەهەڵــەداوان لــە نزیــک جەماوەرەکــەوە ئەمســەر و ئەوســەری گۆڕەپانەکــەی دەکــرد و بــە بۆڵــە بــۆڵ لەبــەر خۆیــەوە ورتــە ورتــی لێوەدەهــات. (ئــەوە چ قەومــاوە) کابــرا دەیپرســی، کــەس وەرامێکــی نەدایــەوە. لــەولاوە چەنــد کەســانێک تێــوەی ڕامابــوون و فسکەفســکیان بــوو، لەنــاکاوڕا دەنگێکــی گریانــاوی ئافرەتــێ هاتــە بــەر گــوێ (یــان (دەک چــاوی خوشــکت کوێــر بــێ ، بــرا جوانەمەرگەکــەم).

(وەی بمــرم بــۆ بــەژن و باڵاکــەت!) دەنگێکــی دی دەیناڵانــد (باوکــم ڕێ بــدەن بــا تــا زووە ڕایپەڕێنیــن، خــودا هەڵناگــرێ) دەنگێکــی پیاوانــە بــوو بیســترا. (هــەی بــە قوربانــی کۆرپــە تاقانەکــەت بــم، بــرا خێــر لەخۆنەدیوەکــەم) کابــرای ڕەقەڵــە دیســانەوە پرســی: (ئــەرێ ئــەوە چییــە؟ ئــەم هەمــوو خەڵکــە بۆچــی وا لێــرەدا کۆبوونەتــەوە؟) هەرگیــز هیــچ وەڵامێکــی نەدرایــەوە.

(دەک ماڵتــان وێــران بێــت وەک ماڵتــان وێــران کردیــن. ئــەی خــودا هەڵینگەرێــت).

دەنگــی ئافرەتەکــەی پێشــووتر بــوو، (ئــەی هــاوار پشــتم شــکا خوایــە ئــەم هەمــوو زوڵــم و ســتەمە هەتاکــەی؟ وەی باوکــەڕۆ.. بــرا شــیرنەکەم ڕۆ)

چەنــد زەلامــێ دڕیــان بــە خەڵکەکــە دەدا، زۆر بەزەحمــەت خەریکبــوون شــوێن پێــی خۆیــان بکەنــەوە. دەنگێکــی گــڕ لەنــاکاودا نەڕانــدی (ســەییدی عالــەم حەبیبــەن ســەلەوات) (ئەشرەفــی عالــەم پێغەمبــەر ســەلەوات... قوببــەی پــڕ نــوور ڕەســولەن ســەڵەوات). هــەر زوو بــە زوو چــوار زەلام شــانیان دەکــرد بەبــن دارە مەیتەکــەدا و تەکانیــان دەدا. قەڵەباڵغییەکــە وەک مــار جینگڵــەی دەدا، لــە هەمــوو لایەکــەوە بــووە زیڕوهــۆڕ و لەخــۆدان! چەنــدان ئافــرەت بــە دەسرۆکــەی ســوور و زەرد و چەندانیــش بــە قــژی لەمەچــەک ئاڵێنــدراودا شــین و ڕۆڕۆیــان دەکــرد. هــەرزەکاران، کــوڕ و کــچ، سروودیــان دەگــوت، پیاوانیــش ماتەمینــی دایگرتبــوون.

هەندێــک دەســماڵ بەدەســتەوە، تــاوە نــا تــاوێ چــاوە ئەبڵــەق و ســوور هەڵگەڕاوەکانیــان پێدەســڕینەوە. هەندێکیــتر ســەریان نابــووە بەرەخۆیانــەوە، توانــای ســەر هەڵبڕینیــان نەمابــوو.. هــی دیکەیــش هەبــوون، تاکــو تــەرا لێــرەو لــەوێ، بــە جۆرێکــی تــر ڕەفتاریــان دەکــرد.. گورگــی برســی ئاســا چاویــان بەنێــو کۆمەڵانــی ئافرەتانــدا دەگێــڕاو هــەر فسکەفســکیان بــوو، بــەڵام زۆربــەی هــەرە زۆری حەشــاماتەکە دامــاو، خەمبــار، دڵتەزیــو، تــوورە و بەکــوڵ هەڵچووبــوون، هەبــوون دەگریــان، هەبــوون کڕوبێدەنــگ. نــاخ پــڕ لــە قیــن، هەشــیان بــوو نەعرەتەیــان دەگەیشــتە کەشــکەڵانی فەلــەک: داوای تۆڵــەو خوێنیــان دەکــرد.

حەشــاماتی نێــو گۆڕەپانەکــە وردە وردە بــە دەوری تەرمەکــەوە دەڕژانــە ســەر شــەقامەکە و ئەوانــی نێــو کووچــە و ســەربانەکانیش بــە لێشــاو دەجمینــە مەیدانەکــەوە.. قــەوارەی کۆبوونــەوەکان تــا دەهــات ئەســتوورتر دەبــوو، داروبــەرد هەڵینەدەگــرت.. گۆڕەپــان و کۆڵانــەکان هــەر ئەوەبــوو نەدەقڵیشــانەوە!

کابــرای ڕەقەڵــە کــە دەنگــی ســڵاواتەکە بــە ئاســتەم پــەردەی گوێچکەکانــی لەرانــدەوە، ســەرێکی دی قاچــە لەرزۆکەکانــی تاودانــەوە و بەهــەر چۆنــێ بــوو

خـۆی گەیانـدەوە نزیـک کۆڕەکـەوە و ئەمجارەیـان بـە پەسـتێکەوە لـە نزیکتریـن کەسـێ کـە تووشـی هـات پرسـیاری کـرد (ئـەرێ ئـەوە کـێ ئەمـری خـوای کـردووە؟) وەرام نەبـوو. لەویتریانـی پرسـی: (ئـەوە کـێ مـردووە؟) کابـرا خەمناکانـە خیسـەیەکی لێکـرد و نەختـێ حەپەسـا بـەڵام، هیچـی نەدرکانـد. لەپاشـانا لای لـە برادەرەکـەی تەنیشـتی کـردەوە و بـە دەنگێکـی گـڕ وتـی (تـۆ سـەرنجی ئـەم ژیانـەت داوە؟ ئـای هەرگیـز بـڕوام نەدەکـرد ژیـان ئـە ئـاوا کۆسـتی گـەورەی تێـدا بێـت!) هاوەڵەکـەی چرپانـدی بـە گوێیـدا (بەڵـێ، بەڵـێ) ژیـان هەمـوو خۆشـیی و ناخۆشـییەکی تێدایـە! تـۆ تەنیـا سـەرنجێکی ئـەم نەگبەتـە بـدە و ئەوجـا بۆخـۆت بیـر لـە ژیـان بکـەرەوە پەنـدی لێـوە فێربـە. تـوو خـودا بـە خەیاڵـی کێـدا دەهـات (مـام کەریـم) ڕۆژی بـەم ڕۆژەدا بـگات! یەکێـک بـە نزیکیانـەوە ڕێـی دەکـرد گوێـی لـە گفتوگۆکەیـان بـوو. بەسەرسـوڕمانێکەوە پرسـی: (بـۆ ئـەم مـام کەریمـە کێیـە؟) کابـرای پێشـوو گوتـی (ئەمـە ئـەو کابـرا ڕەقەڵەیەیـە کـە هـەروا سـەروخوار دەکات و لـەم و لـەو دەپرسـێ، ئـەم خـۆی لێـی شـێواوە ڕەنگـە هەرگیـز بـە خەیاڵیشـدا نەیـەت کـە مردووەکـە کـوڕە گچکـەی خۆیەتـی).

ناڵـەو نـووزەی ئافرەتـان تـا دەهـات ئـەو نـاوەی تەماویـی دەکـرد (مـام کەریـم) بێباکانـە لـەم و لـەوی دەپرسـی و وا پێدەچـوو زۆریـش بـە تەنگـەوە نەبـێ وەرام دەبیسـێ یـا نـە. هـەر لەبەرخۆیـەوە دەیگـوت (جـا ئـەو هەمـوو هـەراو هۆریایـەی بۆچییـە. هـەر ڕۆژ سـەدان کـەس دەمـرن. ئـەدی ئێمەیـش هەمـوو هـەر نامریـن! ڕەنگبـێ تـا ئێسـتە مـن لەگـەڵ تەرمـی هـەزاران پیـرولاودا ڕۆیشـتبێتم.. ژن و پیـاو.. هـەژار و دەوڵەمەنـد.. کەچـی ئـەم بـەزم و ڕەزمەیـان قـەت بـۆ نەکـراوە. چییـە، خـۆ ئەمـە ئیمامـی عەلـی نییـە شـەهید کرابێـت!).

هەمدیـس لـە مێردمنداڵێکـی پرسـییەوە، کـوڕم ئـەوە کـێ ئەمـری خـوای کـردووە؟ مێـرد منداڵەکـە بۆڵەیەکـی لێوەهـات (شـەهیدێکی نەمـرە). (مـام کەریـم) بـە گورجـێ دەسـتی بـرد بـۆ بـن گیرفانیـەوە. وادیاربـوو بـە پەرۆشـەوە بـۆ شـتێک

دەگـەڕا وەکـو بـە لـووت قسـە بـکات بـە مینگـە مینـگ وتـی (ئـادەی بێنـن تـا بۆتانـی مـۆر بکـەم. پەنجـا سـاڵ دەبـێ هـەر کەسـێکی لـەم گەڕەکـەدا مردبـێ، بـێ مـۆری مـن نەنێـژراوە). دەسـتی لـە باخەڵیـدا دەرهێنایـەوە.. هیچـی تێـدا نەبـوو. ئەوانـەی گوێبیسـتی وشـە پچڕپچڕەکانـی بـوون بـە دڵتەنگییـەوە سـەیریان دەکـرد و سـەری خۆیانیـان بـۆ دەلەقانـد. (وەیـڕۆ، هەیـڕۆ.. بـرا جوانەمەرگەکـەم ڕۆ) چریکـەی ئافرەتەکـەی پێشـووی هاتـەوە بەرگـوێ (بەڕاسـتی تێکۆشـەرێکی خۆڕاگـر بـوو) یەکـێ وتـی (شـەهیدە و جێگـەی ناوەنـدی بەهەشـتە). دەنگێکـی تـر، دوانـی تـر لـەولاوە بـەم وشـانە یەکتریـان دەدوانـد.

(دەبا هەڵیگرێتەوە، بڵێ ئاخر لە چیت کەم بوو؟ بابە هار ببوو هار).

(ئەو تەرزانە چاویان سوور بووە، دەنا بۆ وا بەخۆیان دەکەن!)

نەخێـر ئەوانـە دانامەزرێـن.. لەسـەر دەرپێـی خۆیـان دانانیشـن، وەک دەڵێـن و هەرگیـز بـە پلـەو پایـەی خۆیـان قایـل نابـن. دەوجـا چارەنووسـیان هـەر ئەمـە دەبێـت).

لـە سـووچێکی لاتەریکـدا دوو بـۆرە زەلام لەگـەڵ یەکتریـدا بەمجـۆرە کاوێژیـان دەکـرد.

(تـۆش بـاش ئەوانـەت دەستنیشـانکردوون کـە زۆر بەگەرمـی خەڵکەکەیـان جۆشـاندوە؟)

(ئـەدی چـۆن! کاکـی خـۆم بەتایبـەت ئـەو چەنـد دەڵەسـەگە نەگریسـانەی وەکـو شـەیتان گڕیـان بەرداوەتـە گیانـی هەمووانـەوە. دەبـێ ئەمانەیـش بـە توونـدی سـزای خۆیـان وەرگـرن).

(بێگومـان، بێگومـان، بـەڵام، زۆر هۆشـیار و لەسـەرخۆبە هەسـتمان پێنەکرێـت. نەبـادا زەبرێکـمان لێبدرێـت).

خەڵکـی تریـش، هەریەکـە و لـە ڕوانگـە و هەڵوێسـتی تایبەتـی خۆیـەوە قسـەیان دەکـرد.

(پاڵەوانێکی کۆڵنەدەر بوو!)

(ئەم نە یەکەمین و نە دوایین کەسیش دەبێ لەم ڕێگەیەدا ڕۆیشتووە!).

(دەبا وای بەخۆی نەکردایە.. کێ پێی کردبوو؟)

(گەل هەرگیز ئەم ڕۆڵە قارەمانانەی خۆی لەبیر ناکات).

(باشە بۆ کێی کرد؟ کێ گونی بۆ لە خم دەگرێت!).

(بە خوێنی گەشی ئەم جوانەمەرگانە داری ئاواتی گەل سەوز دەبێتەوە و دێتەوە بەر).

(باشە تاکەی ئەمانە هەر بە دوای کڵاوی بابردوودا کەوتوون؟)

(دوژمن) گەر بشتوانێ چراوگی ژیانی هەزاران ڕۆڵەی خەباتگێڕی ئە ئاوا بکوژێنێتەوە، هەرگیز ناتوانێ مەشخەڵی ژیانی گەلە نەبەز و کۆڵنەدەرەکەمان خامۆش کاتەوە!).

ئاپوورەی تووورە وەک ڕەوی شارە مێرووڵە ڕوو لە گۆڕستانەکە ڕێچکەی بەستبوو:

(دەک خوشکت کوێر بێ برالە، بابە گیان، ئەوە کاکی جوانەمەرگمە.. کوڕە جگەرگۆشەکەی خۆتە بەبێ ماڵئاوایی جێمان دێڵێ. ئای کۆستی کەوتوومان.. ئای کڵۆڵ و کەساس خۆمان! لەسەرە مەرگیشدا چاوێکمان پێ بکەوتایە چی دەبوو؟) نووزەی ئافرەتەکەی پێشوو بوو دەلالایەوە. (توخوا خەڵکینە لێم مەگرن. وەی حەیاتەکەم لەبەر برێت.. داخوا چاوەشینە ئومێد لێبڕاوەکانت چەند گێڕابێ.. یا چەند بەتەمای دیدارێکی باوکی پەککەوتە و برای پشت شکاوو خوشکی هەناسەسارد و ژنی سەربەقوڕ و کۆرپەی هەتیوکراو خزم و هەڤاڵ و دۆست و ناسیاوەکانتدا بووبێت! وەی لاڵ بم.. دەبێ لەو ساتە سامناکەدا چیت هاتبێ بەدڵدا، وەختێ لە جیاتی هەرچی دڵسۆزێ بووە تەنیا دوژمنی دڵ ڕەق و پیاوکوژەت لەدەوروبەری خۆت بینیوە ئاخ لەبەر ئەم ڕۆژگارە چەوت و ناهەموارەوە!) (براینە، پیاوی چابن وەرن ئەم ئافرەتانە

بگێڕنــەوە دواوە و دووریــان بخەنــەوە. خــوا هەڵناگرێــت، وا خۆیانیــان کوشــت). پیاوێکــی بەســاڵداچوو دەنگــی چەنــد زەلامێکــی دا. (مــام کەریــم) وەک ئــەوەی تروســکایەک لــە مێشــکیدا درەوشــابێتەوە وەکــو شــتێکی پەنهــان لــە دەروونیــدا خەریکــی ســەرهەڵدانەوە بووبێــت.. زەردە خەنەیەکــی خەماویــی لێــوە لەرزۆکــە ڕەشــهەڵگەڕاوەکانی لەیــەک ترازاندبــوون. هــەر بــەدەم پرســیار و لێتۆژینــەوەی ســەرڕێیدا، وەک وڕێنــە بــکات لەبــەر خۆیــەوە بۆڵەبــۆڵ دەیگــوت:

(جــا ئەمــەی پێنــاوێ. ئــەی بــۆ کوڕەکــەی منیــش ئەمەیــان بــۆچ نەکــرد! خــۆ ئەمیــش لاوێ بــوو بــێ هاوتــا. مرد..نا..نــا.. نەمــردووە کــەی مــردووە؟ بابــە وەڵــلا مــردووە.. چــۆن نەمــردوە؟

(ئــەی گوایــا کوانــێ بــۆ چەنــد وەختــە هیــچ دەنــگ و ڕەنگــی نییــە؟) وشــەکای زۆر بــە گرانــی بــۆ دەردەپەڕێــنران. بــە ئاوازێــک وەک ئــەوەی لــە لووتییــەوە بێتــە دەرێ!

دواکات، پێــش ئــەوەی کۆمەڵــی پیــاوان پێچــی شــەقامەکە قووتیــان بــدات.. دەنگــی ئافرەتــان هەمدیســان ئــەو نێوەنــدەی هەژانــدەوە. لــە تــەک گرمەگرمــی ســنگ کوتــان و لەخــۆدان و قژرنینــەوەدا دەنگێکــی پــڕ ســۆزی لــە قۆرگــدا خنــکاو بیســترا. دەیگــوت:

(توخــودا بەهێمنــی تەســلیم بەخاکــی بکــەن. ئــەی خاکــی نیشــتمان ئــەوا ڕۆڵەیەکــی جگەرســۆزی دیکەشــت بــوو بــە میوانــت، دە توخــوا تۆیــش بــە نەرمــی بیگــرە باوەشــتەوە، خــۆ ئــەم گیانــی خــۆی لــە پێنــاوی تــۆدا بەختکــردووە!) خەڵــک و خــوا لــە گۆڕســتانەوە بــەرەو شــارە بچکۆلانەکــەی دامێنــی چیــا سەرکەشــەکانەوە دەگەڕانــەوە شــار. بــە ڕواڵــەت کــپ و خامــۆش.. لــە ناخیشــدا قوڵپــی دەدا. بەڕێــگاوە دوو کــەس بەمجــۆرە وتوویژیــان بــوو:

گۆڕ هەڵکەن: (بەڕاستی لاوێکی شۆخ و نازدار بوو!)

مــردوو شــۆر: (بــەڵام قــەت نەمدەزانــی بنیــادەم ئــە ئــاوا بــە جوانــی دەمرێــت،

بەسـەر تاتـە شـۆرەکەوە بینیـم، هەرچەنـد شـوێن پەتەکـەی ئاشـکرا بـە ژێـر گەردەنیـەوە دیـار بـوو خوێنـی گەشـی تێوەزابـوو. خومئاسـا شـین هەڵگەڕابـوو، بـەڵام بزەیـەک لێوەکانـی لێکترازانبـوون. وەک لەخـەودا پێبکەنـێ ئـە ئـاوا بـوو!)

لەنێـو کۆڵانەکانـدا، هـەرزەکاران کپیـی شـارە زامدارەکەیـان لـە جەرگـەی تاریکیـدا بـەم سرووده ڕەتانـدەوە.

پێـی نـاوێ بـۆ شـەهیدی وەتـەن شـیوەن و گریـن
نامـرن، ئـەوان وا لـە دڵـی میللەتـا ئەژیـن!.

کۆیە ١٩٨٠/٢/٢١

# چاوەڕوانی

له کۆیه، ١٩٨٨ نووسراوه.
له گۆڤاری ڕامان، ژماره ٢٤ ی ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە.

---

بەیان تازە گزنگی دابوو، تیشکی خۆر دەم و چاوی لوتکەی (باواجی) پاک شتبوو، هەرچی تەپوتۆزی خۆڵە ڕەژووی شەوگاری بەشانوملییەوە بوو دایتەکاندبوو، خۆرەتاو بە پەنجە زێڕینەکانی خەریکی شانەکردنی پرچ و ئەگریجەی داروباری لێرەوارەکەی ئەو تۆقەڵەیە بوو. تاکوتەرای دانیشتوانی شارە خنجیلانەکەی دامێنی ئەو قەدپاڵەیش پێڵووی خەواڵوویان هەڵگلۆفی بوو، بە دوای پێداویستییەکانی گوزەرانا جێ و بانە فێنک و شێدارەکانیان لەسەر بانەکان جێهێڵابوون و لێرەولەوێ پەرتەوازە و هەریەک بەعەوداڵیی مەبەستێکەوە خەریکبوون، ڕۆژەکە ئەگەرچی پەردەی ڕەشی تاریکییەکەی دادڕیبوو، بەڵام نەیتوانیبوو ئەو پەردەکەی تر کە خۆی لە گیانی خەڵکەکەوە

هاڵاندبــوو بڕەوێنێتــەوە.. پــەردەی ئــەو تــرس و دڵەكوتێیــەی دەمێــك ســاڵ بــوو خــەوی شــەوانی لەچاوانیــان تۆراندبــوو، ئاســوودەگیی و هێمنــی لــە فەرهەنگــی زێندەگیــی ئــەو نێــوەدا ســڕیبووەوە و گەمــەی گەمــە ئاسـایی تەنانــەت بــە منداڵــە وردەكانیــش حــەرام كردبــوو، دێوەزمەیــەك بــوو بەســەر ســنگی هەمووانــەوە ڕاكشــابوو! ئــەم لــە ژێــر ســەنگی كۆمەڵەكەیــدا نووشــتابۆوە و نقــە نقــی لێوەدەهــات.

چاوەكانــی لەبەرەخۆیــەوە ڕێگەكەیــان ســەح دەكــردەوە و لەنێــو جۆگەلەكــەدا شــوێنی لەباریــان بــۆ پێیەكانــی دەستنیشــان دەكــرد. ڕەنجێكــی زۆریــدا و ئەوەنــدەی هێزوتوانــای تیایــدا مابــوو خســتنیەكارو بەخەرجیــدان، چەنــد جــاران قاچــی هەڵزەلــی، چەنــد جارێكیــش لــە قوڕولیتەكــەدا چەقــی.. چەنــد كــەڕەت وەختابــوو تەوژمــی ئاوەكــە ڕایقەنینــێ و بــە كۆڵــەوە بیــدا بــە دار و بــەردا. ئــەم ورەی هــەر بەرنــەدا، دەنگێكــی لەوانــە بەهێزتــر لــە ناخیــەوە هــاواری لێدەكــرد، هەســتێكی لەوانــە قووڵــتر پاڵــی پێوەدەنــا. كۆڵەگەیەكــی لەوانــە گشــتیان قایمــتر پاڵپشــتی دەكــرد و نەیدەهێشــت هــەرەس بێنێــت.. بیــری دەكــردەوە ژن و منداڵەكانــی زۆر بــە پەرۆشــەوە لــە كۆڵێتــی ڕەزەكــەی ئەوبــەر چەمەكــەوە ســك هەڵدەگوشــن و لــە (چاوەڕوانیــی) گەڕانــەوەی ئەمــدا تــاس دەیانباتــەوە.. ئــەم بــۆ خــۆی ئــەم بەیانییــە تێروپــڕی خــواردووە، تینوگوڕێكــی چاكــی تیــادا گــەڕاوە.. ئــەو تلیانــە تەماتەیــەی ڕۆژی پێشــتر هێنابوویــە بــازاڕەوە بــۆ دوكانەكــەی (قادراغــە) ئــەم بەیانییــە پارەكــەی وەرگرتبــوو. وەختــێ بەبەردەمــی دوكانەكــەی (وەســتا عەلــی) دا گــوزەری كــرد بۆنــی ســی و جگــەر مێشــكی كاس كــرد و لــە دڵــی خۆیــدا گوتــی: (لەمێــژە تامیــم نەكــردووە، كــوڕە ئەحــە، هــەی نامــەردت نەكــەن.. وەرە ئیمــڕۆ بــا بیكەیــن بــە جــەژن، خــوا دەزانــێ ســبەی چــی دەبێــت!) بەبــێ ســێو دوو لێكــردن بــۆ ژوورەوە ملــی نــا ســێ شــیش جگــەری خــۆش و بەتامــی بــە دوو كولێــرەی گەرمــەوە هەڵلوشــی و ســێ نەفــەری سەفەریشــیان بــۆ پێچایــەوە لــە دڵــی خۆیــدا

وتـی "ئەمەیـش بـۆ ئـەوان".

لـە ژێـر قورسـایی بارەگرانەکەیـدا لەبەربەرەکانـی دژی قوڕولیتـەو گابەردەکانـی نێـو ڕووبـارە چەمووشـەکەدا، بەهیـواو شـادمانیەکەوە بیـری لـە خێزانەکـەی دەکـردەوە و هەنـدێ دی بـەوە دڵـی دەگەشـایەوە کـە ئـەوان چەنـد بـەم (داوەتـەی) ئـەم بەختیـار و سوپاسـگۆ دەبـن. تروسـکەی بەختەوەریـی و حەسانەوە لـە شـەوەزەنگی دەروونیـدا دەبریسـکایەوە و پڕشـنگی دەدا.

تەکانێکـی دیکەیـدا و لـە چەمـە خوڕەکەیـەوە پەڕییـەوە. ماندوێتـی پشـتە کۆڵەکـەی لێکردبـۆوە کەپکـە شـاخێک و هـەر ئـەوە بـوو لـە ژێریـدا نەدەپلشـیایەوە.. ئاخێکـی سـەردی هەڵکێشـا و بەبـێ ویسـتی خـۆی چرپانـدی (هـەزار ڕەحمەتـت لێبـێ کەرەشـین!) ئەمـەی وتـوو ئارەقـەی نێوچەوانـی بەلاجانـگ و سـەروبرۆ و پەیوەسـتەکانیدا دەهاتـە خـوار و بـە کزەبـای ئـەو سـبەینە سـەحەرییە فێنـک دەبـۆوە. دیسـانەوە لـە دڵـی خۆیـدا بـەراوردی دەکـرد (کەرەشـین بۆمـان وەک بـاوک و بـرا وابـوو، کۆڵەگـەی پشـتمان بـو.. داری دەسـتمان بـوو، باروبـەر و کـۆڵ هەڵگرمـان بـوو. لەوەتـەی ئـەو شـەوەوە کـە درایـە بـەر لێزمـەی گوللەبارانـەوە بەبـێ هیـچ تاوانێـک بـە ناهـەق شـەهید کـرا ئێمـە پەکـمان کەوتـووە و دەسـتوپێمان بەسـتراوە و.. ئەمەتـا بارەکـەی (ئـەو) بـۆ (مـن) ماوەتـەوە..

ئەحمـەد ئەئـاوا لەناخـەوە دەینالانـد.. بـەدەم سـکالاوە قاچەشـەکەتەکانی بـەدوای خۆیـدا ڕادەکێشـان.. بـێ ئـاگا لـەوەی (ئـەوان) لـەولاوە مشـتومڕیان بـوو یەکێکیـان دەیگـووت (بزانـە بزانـە نەگریسـە چـۆن ناپاکێکـە بزانـە چتۆبارێکـی بۆیـان لەخۆبارکـردووە، ئاخـۆ دەبـێ چییـان پێراسـپاردبێت! ئاخـر خۆرایـی نییـە بـەم سـبەینە زووە لـەم شـوێنە چۆلـەدا پەلەپەلیەتـی و تەنانـەت ئاوڕێکێـش ناداتـەوە! ئەویتریـان گوتـی (بەخـوا بڕواناکـەم هیچـی لـە هیچـا بێـت. دەشـێ خاوەنـی ئـەو باخـە بێـت و بـۆ ماڵـی خـۆی بگەڕێتـەوە.. یەکەمیـان وتـی (نەخێـر

تـۆ ئـەم سـەگبابانە بـاش ناناسـیت.. ئەمانـە هـەر هەموویـان دوژمنـن.. ناپاکـن. لەسـەرەوە گوایـا کـوڕی باشـن و دۆسـتی خۆمانـن. کەچـی لـە ژێـرەوە لەگـەڵ (گورگـەکان دان و چەشـنی مـار پێمانـوەدەدەن).. دووەم گوتـی: "مـن ئـاوای تێناگـەم، ئـەو کابرایـە گـەر هیچـی بـە خـۆ شـک ببردایـە ئاوەهـا حەیـی عەلـەڵا بـەم بـارەی بەسەرپشـتیەوە بـەم نـاوەدا نەدەڕۆیـی! یەکەمیـان: (ئـەدی ئاغـا) مـان دوێنێکـە نەیفەرمـوو بەمانـە بـڕوا نەکەیـن هەرچـی لەخۆمانـا نەبـووە بـە (دوژمـن)ی بزانیـن و ئـەوەی بەقـەد تۆزقاڵـێ گومانمـان لێـی هەبـێ لەناوببەریـن؟ ئـەوە چەنـد جـار دەنگمانـدا کەچـی هەروەکـو لەگـەڵ ئەویشـمانا نەبـێ وایـە.. نـە ڕادەوەسـتێ و نـە وەرامیـش دەداتـەوە".

لەماڵـەوە (سـەفین) بـە دایکـی دەگـووت "دایەگیـان تـۆ بڵێیـت باوکـم لەبیـری نەچێـت دیوانەکـەی (حاجـی قـادر)م لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ بێنێتـەوە؟" لـە وەرامـدا دایکـی گوتـی: "بەخـوا کـوڕە شرینەکـەم زەحمـەت، چونکـە هەرچەنـد کـە ڕۆیـی هـاوارم کـرد و پێـم وت وا بزانـم گوێـی لێنەبـوو، خـۆت دەزانـی لەوەتـەی دەسـتڕێژەکەی کـە ئەوێجـارێ لەبـن گوێیـدا کردبوویـان، گوێـی بەتەواوەتـی گرانبـووە و هەمـوو شـت نابیسـتێ؟

ئـەم بـە نقەنـق و بـە خۆشـییەکەوە، ڕووەو مـاڵ لـە بنبـارە گرانەکەیـەوە تەکانـی دەدا و هەنـگاوی ورد و لەسـەرخۆی دەهاویشـتن. بـارە قورسـەکە هەمدیـس (ڕەحمەتی)یەکـەی بەیـاد کـردەوە. لـە تەکیـدا ئەمجارەیـان بیـر و ئەندێشـەی دوورتـر بڕیانکـرد (کوێخالـە)ی بێکـەس و بەسـتەزمانی کەوتـەوە یـاد کـە بـە سـەموون فرۆشـییەوە گوزەرانـی خۆیـی دابیـن دەکـرد. ماوەیـەک پێشـوتر سـەر لـە بەیانییـەک مـەلا بانگیاندابـوو (کوێخالـە) بەتەقەتـەق عەرەبانەکـەی دەسـتیی پـاڵ پێوەدەنـا و، بـەدەم گۆرانـی گوتنـەوە- سـا ئایـا بـۆ تـرس لەخـۆ دەرکـردن بـوو بـێ، یـا خـود بـۆ خۆپێناسـاندن بووبێـت، سـەرەوخوار بـەرەو بـازاڕی شـارە نیمچـە خامۆشـەکەوە دەهاتـە خـوار. چەکـدارە (حەرامـزادەکان) لـەو نزیکانـەدا

لــە بۆســەدابوون، بەبــێ دەنگـدان عەربانــە و پاڵنەرەکەیـان دایــە بــەر دەســترێژی گوللــەوە. دەرحــاڵ نــە دەنگــی (کابــرا) مــاو نــە خڕخــڕەی (عارەبانەکەشــی) کشــوماتییەک ئــەو نێوەنــدەی داگرتــەوە، تاماوەیەکیــش جگــە لــە حەپەحەپــی چەنــد ســەگێک، هیــچ دەنگێــک نەدەبیســترا (ئەحمــەد) بــەو بیرەوەرییــە زۆر نارەحــەت بــوو. دڵــی بــە جــارێ گــوشرا.. خەموپــەژارە باڵیــان بەســەرداگرت و تاماوەیــەک وڕوکاس بــوو. ئــاگای تەنانــەت لــە هەنگاوەکانــی خۆشــیەوە نەمابــوو، لێکــی دەدایــەوە مــرۆڤ بــۆ چەکــی دروســتکردووە! لــە مێشــکی خۆیــدا بــە هەمــوو بارێکـدا وەریچەرخانـد تـا سـەرەنجام گەیشـتە ئـەو ڕایـەوە کـە (چـەک) هــەر نەبوایــە چاکــتر بــوو، چونکــە ئەوەنــدە خراپەکاریــی پێکــراوەو ڕەچەڵەکــی مرۆڤــی پــێ لەنێوبــراوە و دژی خــودی مــرۆڤ خۆیــەوە بەکارهێــنراوە نیــو ئەوەنــدە بــۆ ســوود و لەبەرژەوەندیــی ئادەمیــزاددا نەبــووە! دوایــی پــەژارەی ئەوەیــش بــوو هەمــوو شــەوێک تــا درەنگانــێ بەهــۆو بەبــێ هــۆ.. لەختوخۆڕایــی بــەزم و ڕەزم و ئاهەنگــی تەقوتــۆق ســاز دەکرێــت و ئاســمانی شــار بــە جۆرێــک گــڕ دەدرێــت وەک لەبــەرەی هــەرە پێشــەوەی جەنگێکــی کوشــندە دابێــت ئاوەهایــە! (ئــەم) ئاڵــوودەی ئــەو لێکدانــەوە و ســەرقاڵی ئــەو چەشــنە ئەندێشــە و بۆچوونانــەی بــوو کــە لەپــڕ مارێــک لــە ژێــر پێیــدا دەرپــەڕی و (ئەحمــەد) لەناکاوییــدا ڕاچڵەکــی بەبــێ ویســتی خــۆی پشــتەکۆڵەکەی فڕێــداو بــە دوای مارەکــەدا کەوتــە غــاردان. (ئــەوان) کــە لەوکاتــەدا دیســانەوە دەنگیاندابــۆوە و هاواریــان لێکردبــوو خــۆی بــدا بــە دەســتیانەوە و بوەســتێت، نەیانهێشــت ئەمجــارە لــە چنگیانــا دەرچێــت و خــۆی ڕزگار بــکات.

یەکڕاســت دایانــە بــەر دەســترێژی کلاشــینکۆفەکانیانەوە و بەزەوییانــەوە نووســاند و یەکســەر لەچەنــد چرکەیەکــدا گەیشــتنە ســەر لاشــە کونکــون کراوەکەیــەوە.

پــاش ئــەوەی هیچــی ئەوتۆیــان پــێ نەدۆزییــەوە کــە بــۆی دەگــەڕان بارەکەیــان هەڵڕشــت دییــان (قشــپل و زبــڵ)ی ئــاژەڵ بــوو، ســاتەوەختێ نائومێــد بــوون و

حەپەسـان.

دووەمیـان بـە ترسـێکەوە گوتـی: نەمگـوت هیـچ نییـە! ئەوجـا چ بکەیـن؟"
یەکەمیـان بەسـاردییەکەیەوە زۆر لەسـەرخۆ وەڵامـی دایـەوە "چبـووە خـۆ ئەمـە یەکـەم کـەس نییـەو دواکەسـیش نابێـت. تـۆ بـۆ ئەوەنـدە سـاکار و نەفامیـت؟ نـاکا لـەوە بترسـیت وا بزانیـت یەکێکـی بێگوناهـمان کوشـتووە! ئـەدی ئـەم تۆیشـەبەرە و نـاو و جگـەرەت نەبینیـوە؟ ڕەفیقەکـەی بـەدەم ڕۆیشـتنەوە (بەڵـێ، دیومـە. ئەوجـا ئەمـە چییـە؟ یەکەمیـان بەزەردەخەنەیەکـی تـەوس ئامێـزەوە وتـی "ئەمـە بەڵگەیەکـی ئاشـکراو ڕوونـە، ئەمـە گرنگتریـن بەڵگـەی باوەڕپێکـراوی گومـان لێنەکـراوە کـە ئـەوەی کوشـتوومانە نـەک هـەر تاوانبـار، بگـرە تاوانکارێکـی زۆر خەتـەر و ترسناکیشـە! ئـەدی ئـەم کتێبەشـت نەبینیـوە کـە لـە بنـی باخەڵیـدا حەشـاریدابوو؟" دووەمیـان تارادەیـەک تـرس و دوو دڵیـی لەروخسـاریا دەخوێندرایـەوە، لەگـەڵ هەنگاوهەڵێنانانـدا لـە ناخییـەوە دەیـووت "تڕحێـو، بەخـوا تـەڕ وانییـە!"

وەختێکیـش خەڵـک و خـودا بەسـەر لاشـەی بێگیانـی ڕەقهەڵاتـوودا ڕاگەیشـتن پارچـە کاغەزێکـی پـەڕی دیوانەکەیـان دۆزییـەوە بـە باخەڵـی کورتەکـە خوێناوییەکەیـەوە نووسـابوو، ئـەم دێـڕە شـیعرەیان تیـادا خوێنـدەوە کـە نووسرابـوو:

"لەبەر حیزە بەخۆیی و ناتەبایی لەژێری حیزی حیزان بووینە دۆشەگ!"

کۆیە ١٩٨٨

*تێبینـی: (١) ئەوەیـان زادەی خەیـاڵ نییـە، ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینەیە و ئێسـتا گۆڕەکـەی (کوێخالـە) بەدەسـتی (جاشـەکان) بەناحـەق کـوژراو، لەبـن دارەکـەی (کەندەکـۆخ)ی نزیـک بـە سـەرچاوەی (حەمامـۆک) لەدامێنـی شـاخی (سەرکەشـی (باواجی)دایـە!*

چیرۆک بۆ منداڵان

# ورچ و مەیموون

گۆڤاری (کاروان) ژمارە ١٩ نیسانی ١٩٨٤

---

منداڵە خۆشەویستەکان:

هەبــوو.. نەبــوو کــەس لــە خــوا گەورەتــر نەبــوو، کــەس لــە پێغەمبــەر خۆشەویســتتر نەبــوو، کــەس لــە درۆزن ڕوو ڕەشــترنەبوو، دەگێڕنــەوە دەڵێــن: لــە زەمانێکــی کۆنــدا وڵاتــێ هەبــوو مەیموونــی تیــادا دەژیــان، جێگایەکــی زۆر جــوان و دڵگــر و بــە پیــت بــوو، پــڕ بــوو لــە ڕووبــار و کانیــاو و باخــو باخــات و دار و درەختــی میوەجاتــی جۆربەجــۆر.. ئــاوی ســازگار، هــەوای فێنــک، کوێســتانێ بــوو بەهەشــتی ســەرزەمین خــۆی بــوو، مەیموونــەکان بــە کامەرانــی و شــادییەوە، بــێ گــرێ و گــۆڵ و تەنــگ و چەڵەمــە تیایــدا ڕۆژگاریــان دەبــردە ســەر و هیــچ خەمێکیــان نەبــوو، لەولایشــەوە نزیــک وڵاتەکەیــان دەشــتێکی گەرمەســێری بــێ

پیـت و بەرەکـەت هەبـوو ورچـی تیـادا دەژیـان. وڵاتـی ورچـەکان دەمێـک بـوو هیشـک و برینـگ هەڵگەڕابـوو، بەجـۆرێ بـە چنگـە چـڕێ و بەهـەزار دەردی سـەر نەبوایـە خـۆراک و بژیـوی ڕۆژانـەی تیایـدا بەرچنـگ نەدەخـرا. بۆیـە هەرسـەکان هێنـدە لـەڕولاواز و بـێ هێـز ببـوون هـەر ئەوەتـا گیانیـان بـە بـەرەوە مابـوو، واڕێکـەوت ڕۆژێکیـان برسـییەتی و تێنووەتـی وای لـە ورچێـک کـرد سـەری خـۆی هەڵگـرێ و بـڕوا تـا گەیشـتە مەڵبەنـدی مەیموونـەکان. کـە چـاوی بـەو شـوێنە کـەوت چـی ببینـێ، هەروەختابـوو لـە تاوانـا شـێت و هـار بێـت! کەوتـە قەپـاڵ گرتـن و مشـە کـردن.. لـەوەڕا.. لـەوەڕا.. هەتـا ورگـی ئاوسـا، تاکـو چوارپەلـی ڕەپ نەبـوون لـە هـەڵ لووشـین نەکـەوت. کاتـێ ئێـوارە بەمشـەمش و لرفـە لـرف گەڕایـەوە. هاوەڵەکانـی بـەرەو پیـری هاتـن و لـە دەوریـدا کۆبوونـەوە، لـێ هاتنـە پرسـیار و سەرزەنشـتیان کـرد چونکـە زۆریـان خـەم لێخواردبـوو کـە بـێ سـەرو شـوێن ڕۆیشـتبوو. کـەس نەیزانیبـوو چـی بەسـەرداهاتبوو، ورچەیـش بـە هـەوس و فیزێکـەوە چـی دیبـوو چـی خواردبـوو، بـە مینگـە مینـگ بـۆی گێڕانـەوە. هەمـوو شاگەشـکە کـردن ئـەم هەواڵـە گەیشـتەوە سـەرۆکی ورچـەکان. سـەرۆک نـاردی بـە شـوێنی داو سـۆراخی هەواڵەکـەی لێکـرد. مـام ورچ بەنـازو فیـزەوە بـۆی باسـکرد و تێیگەیانـد کـە ئـەو شـوێنە چ بەهەشـتێکە بۆخـۆی.

مناڵە خۆشەویستەکان:

سـەرۆک نـاردی پیاوماقـوڵ و ڕیـش سـپی ورچانـی کۆکردنـەوەو کەوتنـە پـرس و ڕا دەربڕیـن، بڕیاریانـدا هێـرش بەرنـە سـەر ئـەو بەهەشـتەوە داگیـری بکـەن. چونکـە چەنـدان سـاڵە مەیمـوون ئـەو بەهەشـتە دەخـۆن. ئیـتر نـۆرەی ئەوانـە لەمـەولا بیکەنـە چایـەری خۆیـان. بـۆ گوایـە خـوا هـەر بـە مەیموونانـی داوە؟ ئـەی ورچ مافـی ژیـان و خۆشـگوزەرانیان نییـە؟

سـوپای ورچـان شـەونخوونیان کـرد و شـەو لـە نـاکاودا هەڵیانکوتایـە سـەر وڵاتـی مەیموونـان و لەشـکری مەیموونانیـان شـکاند و وڵاتەکانیـان داگیـر کـرد،

مەیمـوون لەخاکـی خۆیانـدا دەرکـران پەڕاگەنـدە و پـەرش و بڵاوبـوون و کەتنـە هەنـدەران. ورچـی داگیرکـەر کەتنـە ئاسـوودەیی و خۆشـییکەوە لـە خەویشـدا هەرگیـز خەونیـان پێـوە نەبینیبـوو، ئیـتر تێروتەسـەل بـوون. هێزیـان وەبەرهاتـەوەو ملیـان تـا دەهـات ئەسـتوور دەبـوو.

مناڵە خۆشەویستەکان:

مەیموونـی ئـاوارەی دووره وڵاتیـش ژینیـان لـێ تاڵکـراو لـەو خاکـە وشـک و گەرمەسـێرەدا دۆزەخیـان بـۆ داخرابـوو. ڕۆژ بـە ڕۆژ لەڕوگـەڕ دەبـوون و بێهێـزی و بێزاریـی سـواری ملیـان دەبـوو.. هـەر ئەوەتـا نووزەیـان لەبەرداما‌بـوو، ڕۆژێکیـان دونیادیتـە و قسـەزانەکان چوونـە لای سـەرکردەکەیان و سـکاڵای حاڵـی پەشـێوی خۆیانیـان لاکـردو گوتیـان ئەگـەر بێتـو چارەسـەرییەکی دەردی خۆیـان نەکـەن ئـەوا بێگومـان تێکـڕا لەنـاو دەچـن و کاریـان تـەواو دەبـێ. پیرەمەیموونـی بەسـاڵاچووی دانـا نەختـێ فکـری کـردەوەو ئەنجـا ڕووی کـردە ڕیـش سـپییەکان و گوتـی ئێـوە هەقتـان بەسـەر دانەبـێ، تەنیـا چیتـان لـێ داوا دەکـەم ئەنجامـی بـدەن و هیچـی تـر. گوتیـان: فەرمـوو هەرچـی تـۆ ئەمـر دەکەیـت سـەرمان لەڕێتـە و سـەرۆک گوتـی: دەباشـە ئیمشـەو سـێ چوارێکتـان لەگەڵمـدا وەرن و بمبەنـەوە نیشـتمانە داگیرکراوەکەمـان و لـەوێ هەنـدەم لێـدەن. هەتـا لەپەلوپـۆم دەیەخـن، ئەوجـا بەجێـم بێڵـن و بگەڕێنـەوە بـۆ ئێـرە. سـێ شـەوی تـر. بەبـێ تـرس هەمووتـان بگەڕێنـەوە نیشـتمانی ئازادکـراو و بـە بەهەشـتی دێریـن شـاد و گوشـاد ببنـەوە.

لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن هـەر ئـەو شـەوەیش بەڕێکەوتـن. گەیشـتنە سـنووری دارسـتانەکەی پێشـوویان و سـەرۆک داوای لێکـردن شـلوکوتی بکـەن. بـەڵام ئـەوان ڕوویـان نەهـات و دەسـتیان نەچـوو ئـەو ناماقوۆڵییـە بکـەن. پیرەمەیمـوون گوتـی: چیتـان پێدەڵێـم هـەر ئەوەیـە. ئەگـەر دڵسـۆزی گـەل و نیشـتمانی خۆتانـن ئـەوە دەبـێ بـە قسـەم بکـەن. کـە دیتیـان چاریـان نییـە هەڵسـان بـە هەرسـێ چواریـان سـەرۆکی خۆیانیـان وا دارکاریـی کـرد هیـچ کێیەکـی سـاخی نەمـا و ئێجـگاری

لەپەلوپۆکـەوت. ئینجـا بـە چـاوی فرمێسـکاوییەوە بـە هەنسـکی گریانـەوە داوای بەخشـین و دوعاخوازیـان لێکـرد و لـە یـەزدان پاڕانـەوە بیپارێـزێ سـەریخا و لاشـەی نیوەگیانیـان لـەوێ جێهێـڵاو گەڕانـەوە هەوارگـەی خۆیـان.

جـا منالّـە خۆشەویسـتەکان، بەیانیـی لەگـەڵ گزنگـی خـۆردا، کـە گیانلەبـەران لەخـەو هۆشـیاربوونەوە و جووڵەیـان تێکـەوت و هەریەکـە بـۆ لایـێ بـۆ لـەوەڕ و مژومـۆڕ بـەو نـاوەدا پـەرش و بڵاببوونـەوە، ورچکیـان گوێـی لەنـووزە نـووز و ناڵـە نـاڵ بـوو، هەسـتی ڕاگـرت و سـەرنجی دا، بـەرەو لای ناڵـە ناڵەکـەوە چـوو، دی ئـەوا پیـرە مەیموونێکـی کۆنەسـاڵ لەسـەردەم لێـی کەوتـووەو لـە گیانەڵادایـە. لێـوەی نزیـک بـۆوە و دوانـدی، مەیمـوون تـکای لێکـرد بیباتـە لای پاشـای خۆیـان و گوتـی کـەوا شـتێکی گرنگـی پێیەتـی. خەبـەر گەیشـتەوە سـەرۆکی ورچـەکان و ئەمیـش فەرمانـی دا مەیموونـەی بـۆ ببـەن، ورچ هاتـن مەیموونیـان هەڵگـرت و بردیانـە دیوەخـان، لەبـەردەم سـەرۆکدا دایانـە زەوی، سـەرۆک داوای لێکـردن تەنیایـان بەجـێ بێڵـن، ورچ دیوەخانیـان چـۆل کـرد، ئەنجـا سـەرۆک لـە پیـرە مەیمـوون هاتـە دەنـگ و پـرس: تـۆ چ کارەیـت و لێـرەدا چـی دەکەیـت و، بـۆ ئـاوات بەسـەرهاتووە؟ مەیمـوون بـە نووزەیکـەوە گوتـی: گـەورەم منیـش پاشـای مەیموونانـم، لەسـەر ئێـوە وام بەسـەرهاتووە ورچ پرسـی: چـۆن؟ مەیمـوون وتـی: مەیموونـەکان هاتنـە لام و داوایـان لێکـردم پەلامـاری ئێـوە بدەیـن و ئـەم وڵاتـەی لەمـەڕ خۆمانتـان لـێ بسـەنینەوە.. منیـش ئەرێـم لەگـەڵ نـەدان و گوتـم ورچیـش بـرای ئێمـەن.. ئێمـەش چەنـدان سـاڵ بـوو ئـەم وڵاتەمـان دەخـوارد، بـام ئەوانیـش چەنـد سـاڵێ بیخـۆن، چەنـدی کردیـان و کۆشـایان ڕێگـەم پێنـەدان و لەگەڵیانـدا نەهاتمـە ڕایـێ.. جـا لێـم هەڵگەڕانـەوە و گومانیـان کـرد کـە مـن نۆکـەر و سـیخوڕی ئێوەبـم. لەبـەر ئـەوە لـە سـەرۆکایەتیان یەخسـتم و هەندەیـان لێـدام هەروەختابـوو بشـمکوژن. ئەنجـا منیـان هێنـا هەتـا سـنووری وڵاتـی ئێـوە ڕایانکێشـام و لـەوێ فڕێیانـدام و گوتیـان: مـادەم تـۆ سـیخوڕ و پیـاوی ورچـە

داگیرکەرەکانی دەبێ بچیتەوە لای ئاغاکانت و لەوێدا بژیت، بەو نیازەیش کە ئێوە بێگومان دەمکوژن و دەمخۆن، ئەمە بەسەرهاتی من. گەورەم ئەمەشتان پێ بڵێم، گەورەم ئێستێ هەرچی مەیموونی لە دنیادا هەن کۆبوونەوەتەوە و یەکیان گرتووەو لەشکریان کردووە. خەریکن لەم زوانەدا بەسەرتاندا دابدەن، پیرە ورچ نەختێ بیری کردەوە ئەنجا باشە، جا بە ئێمە دەوێرن؟ مەیموونی شل و کوتکراو گوتی: سەرووەرم لەبەر ئەوە کە ژمارەیان ئێجگار زۆرە هەموو قسەیان یەکە و پیلانەکەشیان ئەوەیە کە بەشەو هەڵیکوتنە سەرتان و ڕێگەتان نەدەن بەخۆ بکەون و بەرگری خۆتان بکەن.. بۆیە وابزانم دەردەستتان دێن و پەریشانتان دەکەن. پیرە هەرەس پرسی، باشە ئەی چار چییە؟ مەیموونی زامدار وتی بەڕای من تاکە ڕێگا ئەوەیە کە ئێوە دەس پێشخەری بکەن و بەرلەوانەوە بەسەریاندا بدەن و پیلانەکەیان لێ پووچەڵ بکەنەوە دەنا کارتان کراوە و حیسابتان تەواوە، مام ورچ ڕیش سپی و پیاو ماقووڵانی کۆکردنەوە و حیکایەتەکەی بۆ گێڕانەوە و داوای ڕاوێژی لێکردن. لە پاش گفتوگۆ و ڕانیشاندان هەموو بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە دەستپێشخەری بکەن و پەلاماری مەیموونەکان بدەن بەرلەوەی ئەمان بێنە سەریانەوە جا مام ورچ ڕووی کردە مەیموون و گوتی: باشە ئێستێ مەیموونەکان لە کوێ دان؟ پیرە مەیموون تۆزێ داماو لە پاشان گوتی گەورەم، ئەمان لە شوێنێکی نهێنیدا کۆبوونەتەوە و خەریکی خۆسازدانن، جێگاکەیان سەخت و پەنهانە، ورچ گوتی دەباشە بەپێشمانکەوە و ڕێنماییمان بکە. مەیموون گوتی: قوربان خۆت دەیزانی من کەڵکی ڕۆیشتنم نەماوە مام ورچ وتی: باشە هەڵت دەگرین مەیموون وتی زۆر چاکە، بەڵام بۆ ئەوەی کارەکەمان ئاشکرا نەبێ و مەیموونەکان پێمان نەزانن، دەبێ هەر بەشەو بڕۆین و ڕۆژانەش خۆما بشارینەوە، مام ورچ گوتی چۆنت لاباشە وا دەکەین.

منداڵە خۆشەویستەکان: با درێژەی پێنەدەین کە ئێوارە داهات گشت

ورچـەکان گردبوونـەوە پیـرە مەیموونیـان سـواری پشـتی ورچێکـی مـل قـەوی کـرد و بـوە پێشـڕەویان.

لەشـکر بەدوایـەوە بـەرەو وڵاتـی مەیموونـان بـەڕێ کەوتـن. ئـەو شـەوە تـا بەیانـی پیـرە مەیمـوون بـە ڕێگایەکـی سـەختی دژوار و هـەوراز و نشـێو و هەڵـەت و پەڵەتـی دابـردن کـە لـەوە پێـش زینـدەوەری پیـادا نەڕۆیشـتبوو.

کـە ڕۆژهـەڵات گەیشـتنە شـوێنێکی چۆلـی گـەرم و کـەم ئـاوەوە پیـرە مەیمـوون گوتـی، دەبـێ ئیمـڕۆ تـا ئێـوارێ لێـرەدا خۆمـان حەشـار بدەیـن، ورچ هەمـووی هیـلاک و برسـی و تینـوو بـوون ئـەو ڕۆژە لـەوێ مـۆڵ بـوون بـۆ ئێـوارێ سـەرلەنوێ کەوتنـەوە ڕێ و ملـی هـەردوو هەڵدێـڕ و شـاخی هـەزار بەهـەزاری پێگرتنـەوە، ورچ زۆر شـەکت و ماندوبـووون لـە مەیموونیـان پرسـی: ئەوەچـی بـوو هـەر نەگەیشـتین؟ هـەی مـاڵ خـراپ ئـەوە بـۆ کوێـمان دەبەیـت؟ ئەمیـش دەیگـوت ئارامتـان ببـێ، ئـارام چاکـە هێنـدەی نەمـاوە ئـەی نەمگـوت شـوێنەکەیان دوور و سـەختە؟ بـەو جـۆرە مەیموونـی کۆنەسـاڵ ڕێ گورکێـی پێدەکـردن و کام شـوێن سـەخت و نالەبـار بـوو بەوێیـدا دەبـردن. هەموویـان وەرس بووبـوون ژمارەیەکـی زۆریـان لـە ڕێـگادا جێـمان و دەریـان نەدەبـرد. چەندانیـان لەبرسـانا کەوتـن و ژمارەیەکـی زۆریشـیان لەبـەر بـێ ئـاوی لـە تینوتیانـا خنـکان.. چەندانیشـیان لـە شـاخدا هەڵدەێـڕان و ڕاسـت بوونەوەیـان بـۆ نەبـوو سـەرتان نەیەشـێنم، لـە ڕۆژی سـێیەمدا پیـرە مەیموونـی دانـا پاشـماوەی لەشـکری شـەکەت و وزە لەبـەر بـڕاوی ورچانـی گەیانـدە دەشـتێکی بیابانـی گەرمەسـێری هێشـک و برینـگ. نـە تەڕایـی تیـادا بـوو نـە دەنکـە خۆراکێـک، هێشـتا ڕۆژ ڕمبـی بـەرز نەبـوو بـۆوە کـە ئـەو نـاوە کـوورەی حەمـام ئاسـای گـەرم داهـات تەنیـا تاکەسـێبەرێک لـەو نـاوەدا نەبـوو خـۆی تیـادا مـات بـدەن. بـەرد و زیـخ و خـۆڵ وەک تەنـوور سـوور داگەڕابـوون، پاشـای ورچـەکان زمانـی دوو بسـت شـۆڕ ببـووەوە لـە پیـرە مەیموونـی پرسـی: ئـەوە کـوا لەشـکری مەیموونـان لـە کوێیـە؟ تـۆ چیـت بـە ئێمـە

کــرد و بــۆ کوێــت هێناویــن هــەی نەگبــەت؟ ئــەوا لەشــکرەکەی منــت لەناوبــرد و ئــەوەی کــە ماوەتەوەیــش تــا ئێــوارە قــەت یەکێکــی بــە ســاخیی لــێ دەربــاز نابێــت؟ پیرەمەیمــوون بــە شــادومانییەوە دەســتێکی بــە دەم و چــاوی خۆیــدا هێنــا و شــوکرانەی خــودای کــرد و بــە پێکەنیــن و بــە قینــەوە گوتــی: ئــەی خاکتــان بەســەر! گــوێ بگــرە مــام ورچــی گەمــژەل و بــێ مێشــک، ئێــوە بــە زۆرداریــی و بــە ناهــەق و وڵاتــی ئێمەتــان داگیرکــرد، داد و مافتــان پێشــێل کــرد. ئێمەتــان لــە نیشــتمانی خۆمانــدا وەدەرنایــن و بــێ مــاڵ پەراگەنــدەی هەندەرانتــان کردیــن. منیــش کــە ســەرۆک و دڵســۆزی هۆزەکــەی خــۆم بــووم بڕیارمــدا هــەر تۆڵەتــان لــێ بســێنمەوە. نیشــتمانی خۆمــان لــە ئێــوەی داگیرکــەر و زۆردار پــاک بکەینــەوە، بــەڵام ئێــوە زۆردەســت و بەهێــز و ئێمەیــش بێکــەس و کــەم دەســت بوویــن، دەمزانــی بــە شــەڕ و شــۆڕ دەرقەتــی ئێــوە نەدەهاتیــن، دەبــوو بــە هــۆش و بــە تەکبیــر بــە ئامانــج بگەیــن و ملتــان پــێ کــەچ بکەیــن و چۆکتــان پــێ دابدەیــن، جــا ئــەم پلانــەم دانــا بــۆ ئــەو مەبەســتە پیــرۆزەوە کــە بەچــاوی خۆتــان دیتــان چۆنــم جێبەجــێ کــرد. ئێســتاش هەتــا ئێــوارێ نــە مــن نەکــەس لــە ئێــوە لــەم گەرمەســێرەدا بــە گیــان نامێنــێ مەیموونەکانیــش هــەر ئیمشــەو سەربەســت و ئــازاد بــە شــادیی دەگەڕێنــەوە هەوارگــەی بــاب و باپیــران.. ئێــوەش هەرچیــم لێدەکــەن بیکــەن و باکــم نییــە مــن بــۆ ئەمــە ســەری خــۆم دانــاوە. بــەم جــۆرە مناڵــە خۆشەویســتەکان ســەرۆکی مەیموونــەکان، ســەری خــۆی لــە پێنــاوی ســەرفرازیی وســەربەخۆیی نیشــتمان و ئازادیــی و کامەرانــی گەلەکەیــدا بەخشــی بــۆ ئــەم ئامانجــە پیــرۆزە لــەم ڕێگایــەوە خــۆی کــردە قۆچــی قوربانــی.. مەیموونەکانیــش کــە گەڕانــەوە خاکــی ئازادکراویانــەوە پەیکەرێکــی جــوان و نایابیــان بــۆ ســەرکردە مەزنەکەیــان دروســتکرد لــە پاداشــتی ئــەو جوانمــەردی و فیداکارییــەوە هەتــا مابــوون هــەر بەڕێــز و نەوازشــەوە یادیــان دەکــردەوە.

*تێبینی: ناوەرۆکی ئەم چیرۆکەم لە شاعیری مەزن (کاک عەونی)م بیستووە.*

# گوڕنەتەڵە

لە فۆلکۆری کوردیمانەوە

نووسەری نوێ ژمارە (٢٩) ئابی (٢٠٠٥)

منداڵـە خنجیلانـە ڕۆح سـووکەکان، دەمـەوێ لـە خەرمانـی بەپیـزی فۆلکلـۆرەوە هـەرە دەوڵەمەندەکەمانـەوە حەقایەتێکـی خـۆش و بەتامتـان بـۆ بگێڕمـەوە.

ڕەنگبـێ هەندێکتـان بپرسـن داخـۆ (فۆلکلـۆر) چـی بـێ! بەڵـێ فۆلکلـۆر ئـەو سـامانی لـە بـن نەهاتـووەی کەلتـوور و دابونەریـت و وێـژەو هونەرەیـە کـە پێشـنیانمان بـۆ ئێمەیـان جێهێشـتووە و پشتاوپشـت لەبـاب و باپیرانمانـەوە بۆمـان ماوەتـەوە و دەمـاودەم پێـمان گەیشـتووە. ئـەو کەلەپوورەیـە کـە موڵکی تێکـڕای گەل و نەتەوەیـە و هیـچ کەسێ بەتەنهـا خاوەنـی نییـەو نـاوی دانـەر یـان نووسەریشـی هەرگیـز نەبیسـتراوە و نەزانـراوە.

جگەرگۆشـە ئازیـزەکان، کاتـێ ئێمەیـش وەکـو ئێسـتای ئێـوەی خۆشەویسـت

منـداڵ بوویـن، بـاری ژیـان و گوزەرانمـان تـا بڵێـی جـوداواز بـوو، ئەوسـاکەی زۆربـەی زۆری خانووەکانمـان کـۆن و چکۆڵـە و قوڕینەبـوون، عاردەکـەی لەجیاتـی کاشـیی و شـتایگەر و چیمەنتـۆ گلێنـەو خۆڵەپـووت بـوو، بـن میـچ و ساپیتەو سـەربان لـە داری خۆماڵـی دروسـت کرابـوون، قەندیلـە و فانـۆس، کارەبامـان بـوون. هاوینـان لـە جیاتـی (ئێرکۆندیشـن و ئیرکوولـەر وپانـک) بـە باوەشـێن خۆمـان فێنـک دەکـردەوە و لەجێـی (یەخچـاڵ و بەفرکـەرە) شـەربە و گـۆزە و کووپەمـان هەبـوون و بـۆ زسـتانیش ئاگردان و زۆپـای دار و گەرمیـان دەکردینـەوە.. شەوچەریشـمان هـەر (مێـوژ و گوێـز و لەتکـە هەرمـێ یـا سـێو و تـووی وشـک و هەنجیـری خۆشـکراو و قەسـپ و خۆرمـا) بـوو. بـۆ قەنەفـە و سیسـەم و دۆشـەگی ئیسـفەنج لبـاد و بـەڕەو مافـوور ڕایەخـمان بـوون و دانیشـتنمان لـە عـەرد یـا لەسـەر سـەکۆ دەبـوو، خۆراکـی سـەرەکیمان (سـاوەر و مـاش و نیسـکێنە و نـۆک و کەشـک و دۆینـە و دانـدۆک) بـوو، کەچـی پڵاو و برنـج و قبووڵی هـەر (جـەژن لەسـەر جـەژن) بـوون، ماسـتاو و دۆ، بیبسـی و کۆکامـان بـوو. لـە جێـی (ڕادیـۆ و تەلەڤزیـۆن و ئەتـاری و سـەتەلایت) یـش ئـەوا لاوک و حەیـران و بەیـت و بەنـد و سـەربوردە و حەکایەتـی خـۆش خۆشـمان بـوون کـە دەنگخـۆش و بەیتبێـژ و قسـەزان و حەکایەتخـوان کـۆڕی مەجلیسـی شـەوانەیان پـێ گـەرم دەکـردن، یانەخـۆ داپیـران وەک لایەلایـە منداڵانیـان پێدەخەوانـدن! جـا شـەوێکی سـاردی زسـتانە بـە ڕۆح ئاگردانـە گەرمەکـەوە لـە نێـو شـڕە نوێنەکەمـدا لەسـەر سـک لێـی ڕاکشـابووم و نقـەم لەخۆمـەوە بڕیبـوو. هەمـوو هەسـت و هۆشـم بـەلای داپیرمـەوە بـوو کـە وەک پیشـەی هەمـوو شـەوێکی بـە دەسـتێک وردە وردە پشـتمی دەخورانـد و پەیتـا پەیتـاش حەقایەتـی بـۆ دەکـردم، سـەرتان نەیەشـێنم، نەنکـم وەکـو هەمیشـە دەسـتی بـە گێڕانـەوەی چیرۆکەکـەی کـرد و گوتـی: ڕۆڵـە گـوێ بگـرە:

”هەبـوو، نەبـوو چ لـە خـوای گـەورە مەزنـتر نەبـوو، کـەس لـە پێغەمبـەری ئاخـری زەمـان خۆشەویسـتر نەبـوو، کەسـیش لـە بەنـدەی درۆزن ڕوورەشـتر نەبـوو، پیرەمێردێـک وەختـی خـۆی میوانمـان دەبـوو ئـەم حەقایەتـەی بـۆ کردیـن و گوتـی:

دەگێڕنــەوە دەڵێــن لــە زەمانێکــی کۆنــدا، لــە داوێنــی شــاخێکی بڵنــد و سەرکەشــدا شــارۆچکەیەکی ئاوەدانــی خنجیلانــە هەبــوو. چیاکــە زۆر بــەدارو بــارو جەنگــەڵان بــوو، ئێوارانــی هاوینــە زوو سـێبەری لەشـارۆچکەکە دەکـرد و بـە شـنەی شـەماڵێکی نـەرم و سـازگار شـارو دەوروبەرەکـەی فێنـک دەکـردەوە، خەڵکـی شـارەکە تێکڕایـان خـزم و کەسـوکاری یەکـتری بـوون، تەبـا و ڕێکویـەک بـوون، یەکتریـان خۆشدەویسـت و لەهــەر شــتێکدا یارمەتــی یەکیانــدەدا. لەخۆشــیی و ناخۆشــیدا (لەشــین و شــایی دەسـتەوایی) هاوبـەش و خەمخـۆری یەکبـوون، هەربۆیـە هەموویـان شـاد و کامـەران گەلـەک بـە بەختـەوەری دەژیـان! ئەوبەروبوومـەی لـە ناوچەکـەوە چنگیـان دەکەوت قەناعەتیـان پێدەکـرد و لـە هیچیـان کـەم نەبـوو، دەسـتودەم پـاک، دوور لـە ڕق و کینـە و گومـان و تەماحـی و دڵپیسـی، درۆ و دووڕۆیـی و ناپاکـی و دوژمنایەتیـان هەر نەدەزانــی، لەبــەر ئــەوە نەیاندەزانــی خــەم ماڵــی لــە کوێیــە و هەمیشــە وەک بــرا دەژیـان. ڕۆڵەکانـم، ئاسـمانی وڵاتمـان لـەو سـەردەمانەدا لە ئێسـتێ شـین و سـافتر بوو، هەردوچیـاکان بەلێـرو چڕوپڕتـر بـوون. کشـتیار و جووتیـارەکان بـە گاسـنی خۆماڵیـی وەرد و زەوییـان دەکێـڵان، تراکتـۆری جووتکردنمـان (گـوێ درێـژ و هێسـتر و گاجـووت) بـوو، سـەپان بـەداس و قەینـاخ درەویـان دەکـرد و بـە جەنجـەڕ و گێـرە دەغڵیـان دەکوتایـەوە و بـە شـەنەی دارە کاودانیـان لێـک جـوێ دەکـردەوە و خەرمانیـان سـوور دەکـردن. پۆشـاکمان شـاڵی و شـەپەک و لەباتـی پاڵتوپەسـتەک و کورەجـەو فرەنجـی و کەپەنـەک بـوون و لەبـری قۆنـدەرەش کڵاش و یەمەنی سـوور و کارەکی (کاڵەک) سـەر بـە گوڵینگـەی ئاوریشـم لە پێ دەکـران، برایەتی هاوسـێیەتی، خزمایەتی و دۆسـتایەتی پـڕ بەهێـز بـوون و گیانـی هـەرەوەزی و زبـارە و دەسـتەوایی بەسـەر هەرشـتێکیتردا زاڵ بـوو، درۆ و فرتوفێـڵ و قۆڵبڕیـن و بەدڕەوشـتی و تەماکاریـی لـە ئـارادا نەبـوون. گـەورە بچووکیـان خۆشدەویسـتن و گچکـە ڕێـزی گەورانیـان دەگـرت و هەرگیـز لـە قسـەو ڕاوێژیانـا دەرنەدەچـوون. داراو هەبـوو یارمەتـی نەبووانیـان دەدان. کەشـی زسـتانان ئەوەنـدە سـەخت و تەڕوتووشـی دەبـوو، هێنـدەی بەفـر تێدەکـرد هاتووچۆ

نەدەماو، کەس ئەم ماڵ و ئەوماڵی بۆ نەدەکرا مەگەر بەسەربانانددا بوایە، لەو کاتانەشدا خێزان لەبەر ئاگرداندا کۆڕیان دەبەستن و شەوانە تێکدەقرژان و باپیرە، یان داپیرە هەقایەت و سەربوردەی خۆش و بەتام و پڕ سوودیان دەگێڕایەوە لەپاشانا هەموویان بەسەریەکەوە لەژێر لیفە شڕەکەدا لێی ڕادەکشان! هەتا شەویکیان لەناکاودا بۆ یەکەمین جار تووشی کارەساتێکی سامناکی چاوەڕوان نەکراو هاتن کە لەناخەوە هەموو دانیشتوانانی شارەکەی هەژاند و دێوزەمەی ڕەزاگرانی خەم و پەژارە باڵی ڕەشی بەسەر دڵ و دەروونیانەوە بزەی بەسەر لێوانەوە نەهێشت و ترووسکایی ڕووناکیی لەبیرو مێشکیاندا کوژاندەوە. ئەوەبوو دەستەیەک لەمنداڵانی شار ئەو شەوە تا بەیانیی نەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان. هەندێ خەڵکی شارکردیان و کۆشان هیچ سەروسۆراخێکیان بۆ نەکران و لە هیچ لایەکدا هەواڵ و شوێنەوارێکیان لێیانەوە چنگ نەکەوتن. هەربۆیەش دایک وباوکان براو برازا و خوشک و خوارزاو مام و مامۆژن و ئامۆزا، خاڵ و پلک و پوورزا، دەروجیرانان و گشت خەڵکی شار خەمبار و دڵتەنگ بوون، ماتەمی و پەژارە دایگرتبوون، ئەو شەوە خەو نەچووە چاوانی هیچ کەسێکەوە و بەنائومێدیی ڕۆژیان کردەوە. ئەمە با لێرەدا بووەستێ. لەولاشەوە با بزانین منداڵەکان لە کوێ بوون و چیان لێقەومابوو! ئەو ڕۆژە منداڵە وردیلە دڵخۆشەکان بەبێ پرس و ئاگایی دایبابیانەوە لەنێوخۆیاندا ڕاوتەگبیریان کردبوو، لێبڕابوون بۆ چیلکە کۆکردنەوە بچنە جەنگەڵەکەی بناری چیاکەی دەرەوەی شارەوە. لەوێدا دوای گەڕان و سووڕان و دارو چیلکە کۆکردنەوە شەکەت و ماندوو دەبن و شەویان بەسەردا دێت و ڕێیان لێ بزر دەبێ. هەرچەن دەکەن نازانن چ بکەن و بۆ کوێ بچن، ترسێکی زۆریان لێدەنیشێت. شپرزە دەبن و سەری دنیایان لێ دێتەوە یەک. هەرە ساواکانیان دەس بەگریان دەکەن. ئەوانی تر سام و پەژارە دایاندەگرێ و لە ترسانا زمانیان دەشکێ. هەراشترەکان دان بەخۆیاندا دەگرن و دەکەونە ڕاوتەگبیر! وەختێ دەبینن لە دوورەوە ئاگرێک دیارە و لەلایەکی

دیکەشـەوە گوێیـان لـە حەپەحەپـی سـەگان دەبێـت. ئەوسـا دەکەونـە ڕاوێـژ و یەکێکیـان دەپرسـێت، دەڵـێ "بـە تروسـکە تروسـکی ئاگـر بڕۆیـن، یـان بـە وەڕە وەڕی سـەگ؟ زۆربەیـان دەڵێـن "وەڵـلا بـا بـە تروسـکە ئاگـر بڕۆیـن، ئاوەدانـی تریشـە" هەمـوو دەڵێـن "باشـە" و بـەرەو ئاگرەکـەوە مـل دەنێـن. هـەر دەڕۆن و هـەر دەڕۆن و هـەر دەڕۆن هەتـا لـە ئاگرکـەوە نزیـک دەکەونـەوە، کـە تەماشـا دەکـەن چ ببینـن! دەبینـن پیرەژنـە دێـوی چوارمەشـقی لەبـەر ئاگرەکـە و لێـی پاڵکەوتـووە، مەمکـی ڕاسـتەی خسـتۆتە سـەر شـانی چەپـی و مەمکـی چەپـەی هاویشـتۆتە سـەر شـانی ڕاسـتەیەوە. ئەوەنـدە ناشـیرین و ڕەزاقـورس و دزێـو بـوو وەختابـوو لەخۆشـیانا بـاڵ بگـرێ. لـە دڵـی خۆیـدا وتـی "ئـەوا نێچیـر بەپێـی خـۆی بـۆم هاتـووەو بـۆ خۆراکـی یـەک هەفتـەم گۆشـتی تەڕونـەرم و ناسـک مسـۆگەر بـووە". گورجـێ هەسـتا بەپیریانـەوە چـوو، بەخێرهاتنێکـی گەرمـی لێکـردن. منداڵـەکان حەپەسـابوون، تـرس زمانـی بەسـتبوون، نقەیـان لێـوە نەهـات، چـوون لەبـەر ئاگرەکـەوە لێـی دانیشـتن. هەریەکـەو لـە دڵـی خۆیـدا هـەزار شـتی بەخەیاڵـدا دەهاتـن. بـەڵام بەهـۆی شـەکەتی و برسـییەتی زۆرەوە، کـە پیـرە دێـو نانـی دەرخـواردان و جێـی بـۆ داخسـتن هەنـدەی نەبـرد پێلووەکانیـان سسـت بـوون و خـەو باڵـی ئەفسـووناویی خـۆی بەسـەریاندا هەڵکێشـا و ئاگەیـان لـە مەحمـوودی بـێ زەواڵ نەمـا! بـەڵام لەناویانـدا کوڕێکـی ژیکەڵـە و پیتـۆڵ هەبـوو پـەی بەنیـاز و مەبەسـتی دڵەدێوەکـە بردبـوو. دەیزانـی (ئـەو ماسـتە بـێ مـوو نییـە) بۆیـە بڕیاریـدا بـە هیـچ جۆرێـک نەخەوێـت و هەتـا ڕۆژ دەبێتـەوە هـەر ئێشـکچی هاوەڵەکانـی بێـت، کاتێـک منداڵـەکان هەسـت و چرپەیـان لەبـەر بـڕا، پیرەژنـە دێـو مرخـی لـێ خۆشـکردن و بانگـی کـرد "هـۆ منداڵینـە، کـێ خەوتـووە و کـێ نەخەوتـووە؟ بـە گورجـی مناڵـە ژیـرو وریاکـە هاتـە وەرام و گوتـی "وەڵـلا داپیرەگیـان هەمـووی نووسـتوون و بـەس (گوڕنەتەڵـە) نەبـێ نەنووسـتوە" دێـوە زۆر تـوڕە بـوو گوتـی "گوڕنەتەڵـە، ئـەی تـۆ بـۆ ناخەویـت؟" ئـەم وتـی: "وەڵـلا دایکـم فێـری کـردووم تـا تێـر تێـر برێشـکە نەخـۆم ناخـەوم" دێـوە هەڵسـا چـوو یەک

کۆتـک تـۆ و شـووتی و گوڵەبـەڕۆژەی بـرژاوی بـۆ هێنـا. گوڕنەتەڵـە دەنـک دەنـگ و لەسـەرەخۆ دەیخـوارد هەتـا کاتەکـەی پێـوە بکوژێ و شـەوەکە بەسـەرببات، هەرکـە تـەواوی کـرد خـۆی ماتکـردەوەو دێـوە خەنـی بـوو، ئەوسـاکە بـە ئەسـپایی و بەچرپـە گوتـی "منداڵینـە کـێ خەوتـوە، کـێ نەخەوتـووە؟" هەمدیـس گوڕنەتەڵـە وەرامـی دایـەوە و گوتـی: "وەڵـلا داپیـرە گیـان، دایکـم وای فێرکـردووم و هەمـوو شـەو تـا بەسـەرەد و بێژینـگ ئـاوم بـۆ نەهێنـێ خـەوم لێناکەوێـت!" پێـرە دێـو بەناچاریـی و بێزارییـەوە سـەرەدو بێژینگـی هەڵگـرت و بـەرەو کانیاوەکـەی ئـەو بـەرێ ملـی نـا. پـڕی کـردن لـە ئـاو و بـە پەلەپـەل گەڕایـەوە و وەلـێ، کـە گەیشـتەوە ماڵـەوە تنۆکـێ چییـە ئاویـان تێـدا نەمابـوو، چەنـدان جـاری تـر بـەو شـێوەیە چـووە سـەرکانی و گەڕایـەوە. ئەوجـا بـە گوڕنەتەڵـەی گـوت "هـەی سـەگە، ئاخـر چـۆن ئـاو بەسـەرەد و بێژنـگ دێـت؟ گوڕنەتەڵەیـش لەسـەرەخۆ پێـی گـوت "وەڵلاهـی داپیـرە گیـان، دایکـم هەمـوو کونەکانـی سـەرەد و بێژینگەکـەی بـە قـوڕ دەگرتـن و پـڕ لەئـاو دەیهێنانـەوە، دێـوە پتـت لێدابـا شـەقی دەبـرد و هێنـدە تـووڕە ببـوو نەیدەزانـی چ بـکات، ناچـار بـە قسـەی گوڕنەتەڵـە گەڕایـەوە بـۆ ڕەش و سـپی دەهـات لێـک جـودا بکرێنـەوە. گورجـی گوڕنەتەڵـە بەخـۆ کـەوت و منداڵەکانـی لەخـەو هەڵسـاندن و بەپەلـە پـڕووزێ دارو چیلکەیـان بەسـەریەکدا کەڵەکـە کـرد. چـی بزگـوڕ و پێخـەف هەبـوون هەموویـان پێـداداو و خۆیـان ئامـادە کـردو بـە فەرمانـی گوڕنەتەڵـە بـە پێچەوانـەی ڕووکاری کانیاوەکـەوە بـە ماتەمـات و بـێ خشـپە و چرپـە، وەک تیـر بـەرەو شـار بـۆی دەرچـوون. کاتێـک بـە درەنگـەوە دەڵـە دێـو بەبێژینگـە ئـاوەوە هاتـەوە، هـەر لـە دووڕا هاواریکـرد "مناڵینـە کـێ خەوتـووە، کـێ نەخەوتـووە؟" کـە هیـچ وەرامێکـی نەهاتـە بەرگـوێ لـە خۆشـیانا شاگەشـکە بـوو، سـەرەد و بێژنگـی بەئـاوەوە تـوڕ تێهەڵـدان، کەرتکەچیـا ئاسـا خـۆی ڕمانـدە سـەر گیشـەی داروچیلکەکـەدا بەخەیاڵـی مناڵـە نەرمونیانەکانـەوە، قرچـە قرچـی دارو چیلکـە ئەونـاوەی پڕکـرد. وەختابـوو هەمـوو پەراسـووەکانی تێـک بشـکێن، دەسـتی کـردە ناڵەنـاڵ و بۆڵەبـۆڵ و جنێـودان،

زوو بـه فێڵەکەیانـی زانـی و وەکـو هـار کەوتـە گـەڕان و پشـکنین بـە شـوێنیاندا. لـە حەژمەتانـا دەسـتی خـۆی دەشـکاندەوە و بەکۆڵەمسـت لەسـەرو پۆتەڵاکـی خـۆی دەدا و بـە نەعرەتـەی ترسـناک ئـەو نـاوەی دەهەژانـد!

منداڵـە خۆشەویسـتەکان لەولایشـەوە دایـک و بـاوک و خـزم و کەسـانی گوڕنەتەڵە و هاوەڵەکانـی هـەر لەگـەڵ گزنگـی بەیانـەوە بەهەڵـەداوان لەشـار دەرچوبـوون بـۆ سـۆراخی جگەرگۆشـەکانیان و لـە نزیک دارسـتانەکەوە لەگـەڵ منداڵـە بزربووەکانیاندا پێکـتری شـاد و گوشـاد بوونـەوە و شـایەتمانی بـە هەقیـان هێنـاو فرمێسـکی شـادی لەچاوانیـان دابـاری. دوای ماچکـردن و دڵدانـەوە و ڕازونیـاز و گلەوگازەندەیەکـی زۆر، پۆلـە مناڵـە هەتـەرە بـووەکان بەڵێنیانـدا بـۆ هەتـا هەتایـێ جارێکیـتر هەڵەیەکـی دیکـەی ئاوەهـا هەرگیـز دووبـارە نەکەنـەوەو بەبـێ پـرس و ڕاو ئاگاداریـی و ڕەزامەندیـی دایـک وباوکیانـەوە بـۆ هـەچ لایـەک نـەڕۆن و دوورنەکەونـەوە. ئەوجـا لـە سەرتاسـەری شـارەکەدا بـوو بـە جـەژن و شـادیی و سـەرجەم دانیشـتوانەکان سـەر لەنـوێ گەشـانەوە و کردیـان بـە شـایی و هەڵپەڕکێـی ڕەشـبەڵەک. منیـش هاتمـەوە و کاڵەکـم دڕاو هیچـم پێنەبـڕا".

بـەڵام هـاوڕێ ئازیزەکانـم، مناڵـە خۆشەویسـتەکان، لێتانـی ناشـارمەوە چـی بـێ لـە ئێـوە نهێنـی بێـت! بـڕوا بکـەن هێشـتا داپیـرەم دوا وشـەکانی تـەواو نەکردبـوون کـە مـن خەوێکـی قـووڵ بردمیـەوە و هەتـا چێشـتەنگاوی ڕۆژی دواتـر خەبـەرم نەبـۆوە و ئـاگام لـە دنیـا نەمـا!

# شانۆنامە

# "دز بوو!"

کۆیە ١٩٥٨/٦/١٠

دزی ئاشـکرایە، دەردێکـی سـاماناکی ناهەمواریـی کۆمەڵایەتییـە و دز لەپلەیەکـی هـەرە نـزم و بێرێزیایـە لەنـاو گـەل و ئەنجامێکـی ڕەشـی پـڕ مەینەتـی سـووکی و چرووکـی و حەیـا چـوون و دەربـەدەری باوەشـی بـۆ گرتۆتـەوە.. دزیـش یـەک ڕەنـگ نییـە و زۆر چەشـنی هەیـە و دز لـە گەلـێ شـێوەدا خـۆی ئەنوێنـێ، ئەمـەوێ لێـرەدا وێنـەی جـۆرە دزێـک بگریـن کـە خەریکـە وەک ئەژدەهـا ژەهـری کوشـندەی لەنێوانـی گەنجەکانمانـا ئەڕێـژێ و ئەیەوێـت تەمەڵـی و پشـت بـەردان و بـڕوای بەخـۆ نەمـان و سسـتی لـە هـەوڵ و کۆشەشـا کۆڵدانیـان فێـرکا و تووشـی چـارە ڕەشـی و دەردەسـەری و خەفـەت و ڕەنجەرۆیـی مایەپووچـی و دواڕۆژێکـی تەنگوتـاڵ و پڕمەترسـییان بـکات.

دزیــی لەخــۆ کــردن، دزیــی لەمامۆســتا کــردن، دزی لــە قوتابخانــە و زانیــن و زانســتی وتەقــەلای خەڵــک و کۆمــەڵ کــردن، ئــا ئــەم هەمــوو کارە چەوتــوو خــوارە و ئــەم تاوانــە گــەورە و بــێ فەڕانەیــە کــە لــە وشــەی "قۆپیــە"دا پێچــراون! "قۆپیەکــردن" ڕەوشــتێکی زۆر ناشــیرینە، خــووی دز و درۆزن و بــێ مێشــک و نابــەکار و ترســنۆک و تەمــەڵ و تەوەزەلانــە، لام وایەهیــچ جیاوازییەکــی ئەوتــۆی نییــە لەگــەڵ تاوانــە هــەرە دڵبڕەکانــی کۆمەڵایەتــی، تەنیــا مەگــەر ئــەوە نەبــێ کــە خــۆی ســەرچاوەی زۆربــەی ئــەم گونــاه و تاوانانەیــە و سەردەســتەی هەمووشــیانە، بەتایبەتــی بــۆ کــوردەواری، چونکــە میللەتــی کــورد ئیمڕۆکــە ڕێگەیەکــی ســەخت و دوور و پــڕ دڕک و داڵــی لــە پێشــە و بــۆ بڕینــی و گەیشــتن بــە ئامانجــە پیرۆزەکانــی پشــتی بــە هــەوڵ و کۆششــی لاوەکان بەســتووە. چاوەنــواڕە کــە ڕۆڵەکانــی قــۆڵ و بــازووی لــێ هەڵماڵــن بــە چەکــی هــۆش و زانیــن و خــووی بــەرز و ئازایەتــی و چســت و چالاکــی بێنــە بەربــاری خەبــات، نــەک خــوو بدەنــە "قۆپیــە" و ڕێگــەی ڕاســتەقینە ون کــەن، هــەر لــە یەکــەم قۆناخــا بیەخــن و دوژمنــان بەگــەل خۆشــکەن!

جــا قۆپیــە و قۆپیــە کــردن وەنەبــێ هــەر کارێکــی خــراپ بکاتــە ســەر ئــەم کەســەی پێــی هەڵئەســتێ و بــەس، بگــرە ڕەگــی گــەل ئەهەژێنــێ و ژیانــی کۆمەڵایەتــی ئەلەزرێنــی و ئەبێتــە هــۆی دواکەوتــن و نەخوێنــدەواری و هــەژاری و ڕۆژی ڕووناکــی ڕاســتی بــە تەمێکــی ڕەش و تاریــک ئەپۆشــێ!

**"پەردە ئەکرێتەوە"**

**کات** (شەوی تاقیکردنەوەی دوایی ساڵ)

**شــوێن:** (لــە ژوورێکــی خنجیلانــەی بــە ئەلەترێــک ڕوونــاکا) چــالاک لەســەر مێزێــکا دانیشــتووە، چەنــد پــەڕاوی و کاغــەز و پێنــووس و ناملکــەی لەبەردەمایــە لەنــاکاو گوێــی لــە دەنگــی دەرگا ئەبــێ و ئەچێتــە دەرەوە، دەرگا ئەکاتــەوە و شــێرکۆ یەتــە ژوورەوە).

**شێرکۆ:**

شەوباش چالاک.

**چالاک:**

شــەوت خۆشــتر، فەرمــوو ژوورەوە، بــە خــوا بــاش بــوو هاتــی شــێرکۆ، دەمێکــە چاوەنواڕتــم، بەڵکــە ئــەم شــەو خۆمــان ئامــادە و پــڕ چــەک ئەکەیــن بــۆ بەیانــی. (ئەچنــە ژوورەوە، بەرامبــەر یــەک دائەنیشــن).

**شێرکۆ:**

(چاوێــــک بەســــەر مێــــزەکا ئەگێــــڕێ) وا دیــــارە چــــالاک پشــــتی (شکســــپیرت) شــــکاندووە.

**چالاک** (بەپێکەنینەوە):

بەخــوا ئەگــەر مــن پشــتی شکســپیرم شــکاندبێ، (لویــس پاســتۆریش) وەک پاڵــەوان چــوار مێخــەی کێشــاوم، لــەولا مێشــکم دە ئاخنــم لەمــلا دەرئەپەڕێــت، نازانــم چــی بکــەم؟

**شێرکۆ:**

هــای لــە بــرات نەکــەوێ! چــۆن وا ئەبــێ! لویــس پاســتۆر دارێکــی هەنــدە بــەرز نییــە دەســتت نەیگاتــێ!

**چالاک:**

کاکــە گیــان ئاخــر تێــی ناگــەم چــۆن ئــەم کتێبەیــان بــۆ دانــاوی،

بـــۆچ ئێمـــە زوبانـــی ئینگلیـــزی ئەخوێنیـــن یـــا کیمیـــا و فیزیـــا و پزیشـــکی ئـــاژەڵ؟

**شێرکۆ:**

باشـــە ئـــەی مامۆســـتا هەمـــووی بۆنەکردینـــە ئـــاو و دۆ و تێـــی گەیاندیـــن؟

**چالاک:**

(بـە فیـزەوە) بـرا، ئاخـر مـن لەکـوێ و (کریستەلایزیشـن و فارمـن تێشـن و سـپۆنتینەس جێنەریشـن) لـە کـوێ؟

**شێرکۆ:**

ئەی گوایە بە تەمای چیت؟

**چالاک** (بەپێکەنینەوە):

هـــەروەک جـــاران، پارچـــە پســـوولەی بچـــووک و نووســـینێکی ورد و (قۆپیـــە بـــۆڕ!).

**شێرکۆ:**

قسـە قسـەی لـێ ئەبێتـەوە، داخـوا ئیمـڕۆ لـە دەرسـی عارەبیـدا چـۆن بوویـت؟

**چالاک:**

چـۆن بووبـم! وەڵامـی پرسـیارێکم لەسـەر قۆپیەکـە نەخـش کـرد، یەکـی تریـش لـەولاو لەمـلا، نەختێکیـش خـۆم ئەمزانـی، ئیـتر پەنجاییەکـم مسـۆگەر کـردووە.

**شێرکۆ** (بەپەرۆشەوە):

هاوڕێـی خۆشەویسـت، وەرە مـەردی خـوای بـە ئامـۆژگاری بـرات کـە واز لـەم بەدکارییـە بێنـە، چـاوت لـەو پیشـە پیسـە نەبێـت، بخوێنـە باشـترە.

**چالاک:**

(بەتەوسەوە) ئەنجا من ئەو مێشک و هۆشەی تۆ لە کوێ بێنم تا بەڕاستی بخوێنم!

**شێرکۆ:**

بۆچ، گوایا تۆ مێشکت نییە! ئەی ئەو کەللە زلە کای تیایە؟ نە بەخوا، ئەم وشانە هیچیان ڕاست نینە، تۆ ئەگەر بێت و لە جیاتی ئەم هەموو ورد نوسینەوە و نەخش و کون و قوژبن پڕکردنەوە، کاتی خۆت بە خوێندنەوە و ئەزبەرکردن ڕابوێری، بێگومان زۆر سوود ئەبینی و لە ماوەیەکا ئەتوانی بێ ترس بچیتە هەر تاقیکردنەوەیەک و لە هەر فەرمانێکا سەرکەویت، خۆ ئەگەر هەمیشە چاو لە ڕاستی بپۆشی و خۆت نەزان کەیت لە ئەنجاما هەردەم مایەپووچ و پەشیمان ئەبیت.

**چالاک:**

شێرکۆ وا بەم ڕێگە سانایە گەیشتمە پۆلی پێنجەم، کەسی نەمرێ هەندە نەماوە، ئەم پلەیەش ئەبڕین و ڕزگاریمان ئەبێت.

**شێرکۆ** (بەداماوییەکەوە):

کەسی کاکی ئاخر مەترسی گەورە ئەمڕۆیە، پۆلی پێنجەم شتێکی کەم نییە، قۆناخێکی سەخت و گرنگە، دوو ڕیانە، چارەنووسی ژیانی قوتابیە و دواڕۆژی دیاری ئەکات، پێویستە بە هەموو هێز و تواناوە پارێزگاری بکەین، نەرخی بزانین و بە فێڕۆ لە دەستی نەدەین، جا ئاشکرایە (قۆپیە کردن) هەموو وەختێک مەترسیی لێ ئەکرێ وپڕە لە سەر ئێشە و تەنگ و چەڵەمە، مەردوم ئەخاتە دڵە کوتە و تەلەزگە و تەگەرەوە، کە

گیـراش، ئـەوا ڕەنـج و پـارە و تەمەنـی سـاڵێک بـوو بـە کا و درایـە دەم بــاوە!

**چـــالاک** (لــە مەراقــان هەڵئەســێ و ســەر لــە پەنجــەرە ئەباتــە دەرەوە و بانگـی خوشـکی ئـەکات) کـەژاڵ، کـەژاڵ! (لـە خـوارەوە دەنگێکـی ناسـک وەڵام ئەداتــەوە).

**کەژاڵ:**

بەڵێ کاکە گیان، چی ئەفەرموویت؟

**چالاک:**

خوشکم ئەگەر چایەو قاوە ئامادەیە بۆمان بێنە سەرەوە.

**کەژاڵ** (بەزوبانێکی نەرم و شرینەوە):

بەڵێ کاکە، وا بۆتانی تێ ئەکەم.

(چالاک ئەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی و ڕووبەڕووی شێرکۆ دائەنیشێ).

**شێرکۆ:**

کاک چــالاک لەخــۆت مەگــۆڕە و مەخڵەتــێ، گریــمان هەرگیــز قۆپیـەت لەدەسـت نەگیـراو تـا سـەر بـەم ڕێگـە چەوتەیـا چوویـت و دواییــن خوێندنــا هێنــا، ئەنجــام ئەبیــت بــە چــی؟ بــا بڵێیــن پارێــزەر! وای خــاک بەســەر ئــەم لــێ قەومــاوە ماڵوێرانــەی تــۆ لــە دادگای پشــتیوانی ئەکەیــت! گومانــم نییــە، ئەگــەر خۆیشــی بــێ تــاوان بێــت، تــۆ بــە قســە خواروخێــچ و پارێزگارییــە نەزانانەکــەت گوناحبــار و دووچــاری کۆســپ و ســزا و بەندیخانەشــی ئەکەیــت!

**چالاک** (بەکزییەوە):

خۆم ناکەم بەپارێزەر.

**شێرکۆ** (گوێی ناداتێ):

یـا ئەبیـت بـە ئەندازیـار، خـۆ هـەر پـرد و ڕێـگا و بانـو خانوویەکـی

تــۆ سەرپەرشــتی بکەیــت، ئەبــێ پێــش تەواوبوونــی دوعــای بــۆ بخوێنــی.

**چالاک** (بە بۆڵەبۆڵ):

من لەکوێ و ئەندازیاری لە کوێ؟

**شێرکۆ** (سەرنجی قسەکانی چالاک نادات):

یــان بــە پزیشــکی دەرئەچیــت؟ وەی داد و بێــداد لــە چنــگ ئــەو دەرمــان نووســین و تیمارکردنــەی پێــی هەڵئەســتیت، خــۆ لــە هەمــووی ســاناتر، ئەگــەر ڕەش بەختێــک دەردی ڕیخۆڵــە کوێــرەی بــوو، ئــەوا ڕاســتەوخۆ دەرمانــی ســک چوونــی پــێ ئەکــڕی و پاســپۆرتی چوونــە گۆرســتانی ئەدەیتــە دەســت!

**چالاک** (پەست ئەبێ):

شێرکۆ واز لەم فیشاڵە بێنە، کەی قەپاڵی وا زلم وەشاندووە؟

**شێرکۆ:** (درێژە بە وتارەکەی ئەدا):

یــا لەرێگایەکــی کــورت و ســاناوە چنــگ لــە هەمــوو چەنگێــک گیــر ئەکەوێــت و ئەچێتــە قوتابخانەیــەک بــۆ منــاڵ فێرکــردن، وای قــوڕم بەســەر، تــۆ خــوا ئەگــەر پێــم نەڵێــت بزانــم چیــت نیــازە فێریــان کەیــت وچــۆن و چەنــد؟ یــا ئەگــەر خــوا کــردی قوتابییەکــی ژیــر و بلیمــەت پرســیارێکی کــرد و خۆیشــت وەڵامەکەیــت نەزانــی، چــی ئەکەیــت و چــۆن دابینــی ئەکەیــت؟ یــا شــتێکی هەڵــە و خواریــی لــە مێشــکا دەئاخنــی، یــا ســوور هەڵئەگەڕێــی و ئەلەرزیــت و دڵ پــڕ ئەبیــت و ئــەوەی بەســەرو گوێلاکــی ئــەم بەســەزمانەی کــە هەمــوو تاوانەکــەی ئەوەیــە بــەدڵ ئەیــەوێ ڕاســتی فێــر بێــت؟ (خورپــە لــە دەرگاوە یــەت، کــەژاڵ دوو پیاڵــە چــا ئەهێنێتــە ژوورەوە و لەســەر مێــزەکا لەبەردەمیانــی دا ئەنــێ و ڕوو ئەکاتــە شــێرکۆ) ئێــوارە بــاش

کاک شـێرکۆ.

**شێرکۆ:**

ئێـواره بـاش، خوشـکه بەڕێزەکـەم، چۆنیـت کـەژاڵ خـان، چاکـی شـوکر؟

**کەژاڵ:**

سوپاسـی هەسـتی برایەتیـت ئەکـەم کاک شـێرکۆ، داخـوا چـۆن لـە کاکـم ئەگەیـت و چـی لـێ ڕائەبینـی؟

**شێرکۆ** (بەخەندەیەکی کزەوە ڕوو ئەکاتە چالاک):

ئومێد ئەکەم بەدڵی خۆمان بێ و سەرکەوێت.

**کەژاڵ:**

خـوا خۆشـت کا و لـەزارت بنـووڕێ شـێرکۆ گیـان، تکایـە ئـاگاداری بکـەن و دڵنیـام کـە بـە هیممەتـی برایەتیتـان بگاتـە ئـاوات (ئەچێتـە دەرەوە). (شــێرکۆ و چــالاک چــا ئەخۆنــەوە و ماوەیەکــی کــورت بێدەنـگ ئەبـن. دوایـی شـێرکۆ ئـەم کڕبوونـە ئەپچڕێنـێ و ئەڵـێ).

**شێرکۆ:**

بام چالاک گیان ئەنجا نەختێک (لویس پاستۆر) بخوێنینەوە.

**چالاک** (بەشەرمەوە):

بەخـوا بـرا تـازە خوێندنـەوە بـۆ مـن هیـچ بـە هیـچ نـاکات، تـۆ واز لـە مـن بێنـە و کاتـی خـۆت بـە هـۆی منـەوە مەکـوژوە، لـەم ڕایـەم هـەر یەکەمـان بـە فرمانـی خۆیـەوە، تـۆ بـە خوێندنـەوەو تێگەیشــن، منیــش بــە نەخشــەکەمەوە خەریــک بیــن، ئەگــەر تائێسـتە پشـتم تـێ کردبـێ و پەنـام بـە قۆپیـە بووبـێ، ئـەوا بـەم درەنـگ وەختیـەش چـارم ناکـرێ و لـەم دەقـە دەرناچـم.

(شـێرکۆ، ناچـار کـڕ ئەبـێ و دەسـت ئەکاتـە خوێندنـەوە، چـالاک بـە ورد

نووسـینەوەو دزیـی خەریـک ئەبێـت، تـا کات درەنـگ ئەبـێ و خـەو سـەریان تـێ ئـەکات.)

شێرکۆ (سەیرێکی کاتژمێر ئەکا):

ئـای بـرا خـۆ وا شـەو شـڕ بـوو، زۆرم خەویـەت، چـالاک گیـان ئەگـەر ڕێ هەبـێ ئەمـەوێ بـڕۆم.

**چالاک** (ماندووبوون و بێهێزی لە دەنگیا دەرئەکەوێ):

فەرموو، فەرموو گیانەکەم شەو باش.

(تا بەردەرگا لەگەڵی ئەچێت و بەڕێی ئەکا).

**چالاک:**

ئومێد ئەکەم خەوێکی خۆش بکەیت و خەونی خاس بدینیت.

**شێرکۆ:**

منیـش ئەخـوازم لـەو مەترسـی و ڕێگـە چەوتـە دەربـاز بیـت و بەیانـی لـە تاقیکردنـەوەدا سـەرکەویت.

(چـالاک دەرگا دائەخـا و ئەچێتـەوە ژوورێ، پـاش ماوەیەکـی کـەم خـەو ئەیباتـەوە و ئەکەوێتـە پڕخـە پڕخـەوە).

(پەردە).

**پەردەی دووەم**

بـۆ بەیانــی لــە هۆڵــی تاقیکردنــەوەدا هــەر قوتابییــەک لــە شــوێنی خــۆی دانیشــتووە. مامۆســتا هەڵســوڕێنەرانی تاقیکردنــەوە پــەڕی پرســیارەکانیان بەســەرا بــەش ئەکــەن و لــە جێگــەی خۆیــان بــێ دەنــگ ئەوەســتن.

(قوتابیــەکان هــەر یەکــە و بــە گوێــرەی توانــا و بیریــان ئەکەونــە خوێندنــەوە و نووســینی وەڵامەکانیــان، شــێرکۆ پرســیارەکانی بــەلاوە ســانایە و ڕووی گــەش و دڵخۆشــکەر هــەر تــاوە نــا تاوێــک ســەیرێکی چــالاک ئــەکا و لەمەراقــا پەســت ئەبــێ کــە ئەبینــێ چــالاک دۆش دامــاوە و تــک تــک ئارەقــەی تــرس و شــەرم و ناچاریــی دەرئــەکا).

(دوای ماوەیەکی کەم دەنگی مامۆستایەک ئەبیسترێ).

**مامۆستا** (بەهێواشی):

چالاک سەیری ئەولاو ئەملا مەکە!

**چالاک** ڕوو ئەکاتە پێشەوە و دەست هەڵئەبڕێ:

مامۆستا.. مامۆستا.. مامۆستا!

**مامۆستا** (بەساردیی):

چیت ئەوێت؟

**چالاک** (سوور هەڵئەگەڕێ):

مامۆستا..

(**مامۆستا** ئەگاتە لای، چالاک دەنگی نزم ئەکاتەوە).

مامۆستا ئەم وشەیە مانای چییە؟

**مامۆستا** (بەتەوسەوە):

پرسیارکردن نییە و منیش ئینگلیزی باش نازانم!

(مامۆســتا ئەگەڕێتــەوە جێــگای خــۆی، هەنــدەی پێناچــێ دەنگــی مامۆســتایەکی تــر یــەت، بــە تونــدی ئەقیژێنــێ).

**مامۆستای دووەم:**

چـالاک! ئیـتر بەسـیەتی، ئەمـە دواجـارە، چیـتر پەلـەی قۆپیـە و دزی بکەیـت، خۆتـی تیـا ئەچیـت. هەڵسـە، هەڵسـە، بچـۆرە سـەر ئـەو تەختـە دوور و بەولایـەوە و بـە تەنیـا دانیشـە.

(چالاک بە دڵشکاوی ئەگوازێتەوە).

(هـۆڵ کـش و مـات و بـێ چرپەیـە. لەنـاکاو دەنگێکـی سـامناک وەک هـەورە تریشـقە ئەگرمێنـێ و شـوێنەکە ئەهەژێنـێ:

**مامۆستای سێیەم** (بە هەموو هێز و توانایەوە):

چـالاک، هیـچ نەبزویـت، ئـا بێنـە ئـەم پارچـە پسـوولەیەم بدەیـەو و پێنووسـەکەت دانـێ و بچـۆ دەرەوە.

**چالاک** (هەموو لەشی ئەلەرزی):

بۆچ مامۆستا، چیم کردووە؟

**مامۆستا** (بەتوڕەییەوە):

پێت ئەڵێم قۆپییەکەت بێنە و بڕۆ!

(مامۆستاکانی تر لەسەریا کۆ ئەبنەوە و پەشێوی پەیدا ئەبێ).

**چالاک** (بەشەرمەزارییەوە):

مامۆستاکان، ئەمجارەش ببەخشن.

سەرۆکی هۆڵەکە (بەدڵتەنگییەوە)

کـوڕم، تـازە کار لەکارتـرازا! دزییەکـەت ئاشـکرابوو، چـوار پێنـج جـار مامۆسـتاکانت ئاگاداریـان کـردی و لێـت بـوردن، چەنـد جاریـش ئامۆژگارییـان کـردی و گوێـت نەدانـێ.

(دەفتـەری چـالاک ئەسـتێنێ و بـە ڕەنگێکـی سـوور نیشـانەیەکی ڕاسـت و چەپـی لـە سـەر ئـەکا و لـە ژێریـا بـە تیپـی زل زل ئەنووسـێ: (قۆپیـە و دزی) و پسوولەکەشـی بـە دەرزیـەوە پێـوە قایـم ئـەکات، خۆیشـی لەگـەڵ مامۆسـتاکە

ناویـان لەسـەر مـۆر ئەکـەن. چـالاک بـە کوڵـی گریـان و فرمێسـکی قەتیـس مـاو، چاوێکـی خوێنـاوی پـڕ قیـن و مەینەتیـی بـە مامۆسـتا و قوتابـی و هۆڵەکـەدا ئەگێـڕێ و بـەزۆرداری خـۆی ئەکێشـێتە دەرەوە. ئـەم خەڵکـە هەمـووی سـام ئەیانگـرێ و بـە پەرۆشـی دەسـتیان لەنووسـین ڕەق ئەبێـت، تـا دەنگـی شـاقاوی چـالاک لـە هەنـگاوە نارێکـە شـێواوەکانی نامێنـێ و خۆیشـی لـە چاویـان ون ئەبێـت. تەنانـەت شـێرکۆش کـە ئـەم ئەنجامـەی چالاکـی هەمیشـە لەبەرچاوبـوو، زۆر پـەرۆش و پەشـۆکاوە، نازانـێ چـی بـکا و چـی بڵـێ، لـە ڕاسـتیا تـا ماوەیەکـی ئەتاسـێ و ناتوانـێ هیـچ وشـەیەک دەربـڕێ. ئەنجـا ڕوو ئەکاتـە سـەرۆکی مامۆسـتایان و بـە خـەم و داخـەوە لێـی ئەپرسـێ).

**شێرکۆ:**

توخـوا مامۆسـتا ئەبـێ ئەنجامـی ئـەم کارەسـاتە بـۆ چـالاک چـی بێـت؟

**سەرۆکی مامۆستاکان** (بەدڵ بڕاویی)

ئەنجامـی کـوڕم، ئەنجامـی ڕەنجەڕۆیـی و لەدەسـچوونی ڕەنـج و تەمەنـی سـاڵێکی دوور و درێـژە.

(شـێرکۆ لـە داخـان ناتوانـێ چیـتر بنووسـێ، هەڵئەسـتێ و بەدڵتەنگـی دەفتەرەکـەی ئەداتـە دەسـت مامۆسـتا و بـە کزیـی هۆڵەکـە جـێ ئەهێڵـێ).

(پەردە).

**(پەردەی سێهەم)**

**بەشی یەکەم  لە دوای مانگێک**

**کات:** پاش نیوەڕۆیە

**شوێن:** ناو باخچەی ماڵی ئاهەنگە

”دەســتەیەک لــە ئافرەتــان بــە جلوبــەرگ و خشــڵی هەمەجــۆری کــوردی ڕازانەتــەوە، خەنــدە و پێکەنینــی لــە دەمیانــا ون نابــێ، کامەرانــی و شــادمانی لــە ڕوویانــەوە ئەدرەوشــێتەوە، بــە بۆنــەی ســەرکەوتن و بەیەکــەم دەرچوونــی ئاهەنگــەوە، ئاهەنگێکــی نایابــی خنجیللانــەی خۆماڵــی ئەگێــڕن. لەســەر ئــاوازی..

”نەشــمیل کچــە کــورد یــاری وەفــادار.. چــاوکاڵ خوێــن شــیرین، ناســک و نازدار“.چۆپــی شــێخانی ئەکــەن، ئاهەنــگ بــە ڕوویەکــی گــەش و پاکــەوە بەناویانــا دێ و ئەچــێ و خزمەتیــان ئــەکا. لــە کۆتایــی چۆپیەکــەدا دائەنیشــنەوە و چایــە و میــوە ئەخــۆن و ئەکەونــە گفتوگــۆ و پێکەنیــن.“.

**پەرژین** (یەکێ لە دەستە خوشکانی ئاهەنگ):

تۆ خوا ئاهەنگ گیان ئەی بۆ ئاوازتان بانگ نەکردووە؟

**ئاهەنگ:** (تۆزێ گرژ ئەبێ)

بەخــوا پەرژیــن خــان، بانگــم کــرد و ســێ جاریشــم بــە شــوێنا نــاردووە. بــەڵام چــی بکــەم نەهــات و بەشــدارمان نەبــوو.

**پەرژین:** (لەسەرخۆوە)

چــی بکەیــن؟ ســووچی خــۆی بــوو. ئەمەیــە ئەنجامــی دزی و (قۆپیە)کــردن. چەنــد جارمــان پــێ ئــەوت بەتایبەتــی تــۆ چەنــد کــەڕەت ئامۆژگاریــت ئەکــرد و ئــەم ئەنجامــە ڕەشــەیەت ئەهێنایــە بەرچــاوی، کەچــی بــە گوێــی نەکردیــن و وازی لــەو ڕەوشــتە بــەدە هــەر نەهێنــا!

**ئاهەنگ:** (بەکزی)

ئەمـــەش لەچارەرەشـــی و بەختـــی کەچـــی خـــۆی و خێزانـــە لـــێ قەوماوەکەیەتـــی.

**پەرژین:** (نەختێ ئەبوژێتەوە).

ئیـتر ئـەوەی چـوو چـوو، بـا لەسـەرچووانا نەچیـن، تـازە داد نـادات! پێـی نـاوێ ئەمەنـدەش خۆمانـی پێـوە خەریـک کەیـن و هەنـدەی خەمـی لـێ بخۆیـن، ئیمسـاڵ ئـەوا ڕۆیشـت، ئومێـد ئەکەیـن بـۆ سـاڵی داهاتـوو پەنـدی لـێ وەربگـرێ و نەچێتـە سـەر ئـەو ڕێ و شـوێنە زیانبەخشـەوە. هەڵسـە.

(ڕوو ئەکاتە دەستەی کیژان).

هەڵسن دەی خوشکان، با شاییەکی سێ پێیەش دابەستین.

"هەموو دەستی یەک ئەگرن و لەسەر ئاوازی تایبەتی هەڵپەڕکێ ئەکەن".

(پەردە).

**بەشی دووەم**

**هەمان کاتە**

**شوێن:** لە ماڵی ئاواز

"ئـاواز بـێ دەنـگ دانیشـتووە، خـەم و پـەژارە لـە ڕوویـا ئاشـکرا دیـارە، لـە نزیکیـەوە دایکـی خەریکـی دورمانـە، لـە نـاکاو گەلاوێـژی دەسـتە خوشـکی دێتـە ژوورەوە و دەسـت ئـەکا بـە قسـان"

**گەلاوێژ:** (ڕوو ئەکاتە ئاواز)

ئـــاواز، تـــۆ بـــۆ نەچوویتـــە ســـەر ئاهەنگەکـــەی "ئاهەنـــگ"ی دەستەخوشـــکت؟ ئیمـــڕۆ ســـێ جـــار نـــاردی بەشـــوێنتەوە؟

**ئاواز** (بە تووڕەییەکەوە):

ئەوجـا تـۆ چیـت پێدایـە؟ ئاهەنـگ سـەرکەوتووە و لەخۆشـیدایە، مـن بۆچـی بچـم؟

**گەلاوێژ:**

ئاخـــر ئـــاوا جـــوان بـــوو کـــە تۆیـــش بچیـــت و لـــە خۆشـــیەکەیانا بەشـــدار بیـــت.

**ئاواز:** (بە ڕەنگێکی زەردەوە)

خوشـکم بەخـوا بـەدڵ لـە ئاهەنگەکەیـا بەشـدارم، بـەڵام ئـەوەی ڕاسـتی بـێ، ڕووم نەبـوو بچـم.

**دایکی ئاواز:** (بە تەوسەوە):

ئەنجـا خاتـوون جەنابـت کـەی ڕووت ئەمەنـدە تەنـک بـوو؟ کـەی وا شـەرمن بوویـت؟

**ئاواز:** (لەبەرخۆیەوە)

دەی، دەی، ئەتۆش.

**دایکی ئاواز:** (بەلاساکردنەوە)

ئـەدی، دەی.. دەی تـۆش! ڕاسـت ئەکـەی! ئـەدی ئەگـەر ئەمەنـدە ڕووت قایـم نەئەبـوو، تۆیـش بەگوێـی ئاهەنگـت ئەکـرد و ئەتخوێنـد و وەک ئـەو دەرئەچوویـت و ئێمـەش ئەحەسـاینەوە..! بـەڵام کچـم، ڕووی چـی و شـەرمی چـی؟ چـی پەکـت پێکەوتـووە! ئاخـر ئەمەیـش ناوچـەوان ڕەشـی خۆمانـە.. دەنـا خـۆ تـۆ پێـش لـەو خەڵکـە کەمـتر نـی.

ئـاواز هیـچ وشـەی بـۆ نایـە و هەنسـکی گریـان گـەرووی ئەگـرێ و سـەری لەبەرخـۆ ئەنـێ و بـە هـەردوو دەسـت چاوەکانـی دائەپۆشـێ. بـەڵام هـەر چەنـدی ئـەکا خـۆی بـۆ ناگیرێـت و ناچـار ئەداتـە پڕمـەی گریانـەوە. دایکـی گەلاوێـژ، بـە دڵتەنگـی سـەیری ئەکـەن و بـێ دەنـگ ئەبـن و لـە پاشـانا خەریکـی دڵدانـەوەی ئەبـن.. وردە وردە پەردەکـە دائەدرێتـەوە.

# شێت

هەولێر، ١٩٥٦/١٢/٢٠

**سەرەتا**

لەم سەدەی بیستەما، لەم کاتە کە ئادەمیزاد توانی هێزی ئەتۆم بدۆزێتەوە و بە ئارەزووی خۆی بۆ بوژانەوە و کامەرانی یا بۆ وێران کردن و لەناوبردنی مرۆڤایەتی بەکاری بێنێ، لەم دەورانە کە میللەتانی گێتی بۆ پێشەوە هەنگاو ئەبەن و بەرگی تەمبەڵی و نەزانی و نەخوێندەواری کۆن ئەدڕن، لەم زەمانە کە بەشی زۆری گەلانی دونیا وازیان لە درۆ و دەلەسە و فرت و فێڵ و بیروباوەڕی کۆنەپەرستی هێناوە، زۆر بە پەرۆشی ئەڵێم لەم وەختە ناسک و تەلەزگەیە نەتەوەی ئێمە لە خەوی هەزار ساڵەی پرخە پرخ ئەکات، بەشی زۆری میللەتی کورد لە گێژاوی نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشیا خنکاوە، باوەڕی بەدرۆی

بێجێ و گەلێ شتی سەیر و چەوتی تر هەیە، تازە ئەیانەوێ نەخۆشی بە نووشتە و کشتەک و ودعا چاک بێتەوە، دڵنیانە کە جنووکەو شەیتان هەیە و شێخ ئەتوانێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و شێت لە چەنگیان درێنێ. زۆر تەمبەلی پێچک ئەستووری گەلۆری مل کۆڵەگە هەن لە دز و درۆزن، بەولاوە چیتر نیینە، کە نەختێک (کەسک) ئەکەنە سەر، داری جامبازی ئەگرنە دەست، ڕیشی پان و پەرچەمی پڕ لە ئەسپێ، بەرئەدەنەوە بەناوی شێخ و هیممەتی شێخ وجاخی شێخن خەڵکی نەزانی بەستەزمان تەفرە ئەدەن و پارە و پوولیان لێ بەرئەدەنەوە، نووشتەیان بۆ ئەکەن و لەناوشار و دێیەکانا ئەگەڕێن گەلێ کەسی بێ تاوان بە خۆڕایی لە ژێر زەبری دار ئەکوژن، گۆیا شێتن بە لێدان ناوان ئەڵێن، ئەمانە شێخ نینە! نەخێر شێخەکان لەمانە دوورن، شێخی بەڕاستی دوژمنی ئەم تەرزە کەسانەیە. شێخی ڕاستەقین لەمانە وەک گورگ لە خوێنی یوسفا بێ خەتایە. ئەمانە سەگی هارن، ماری ژەهردارن، کرمی گەلێ نەخۆشی کۆمەڵایەتیمانن. پێویستە بە هەموو توانایەکی بەرهەڵستی و بەربەرەکانی بکرێن.

**شێت**

**بۆ شانۆ نووسراوە**

"ئازاد و پووشۆ کوڕی مام عەوڵان، برا گەورە، ئازاد، گەنجێکی شۆخ و شەنگ، زانا، ئازا، ڕەوشت باش، چوارشانەی تێک چەقیووە، پووشۆ تازە لە بەهاری ژینا نەونەمام منالێکی لاوچاک، ئێسک سووک، مەند و قسەخۆشە، تەنیا لە تەمەنی هەشت ساڵیا تووشی نەخۆشییەک بووە.

مام عەوڵای باوکیان پیاوێکی هەژاری دەستکورتی، نەخوێندەواری دیندارە، هەمینی خێزانی ئافرەتێکی داوێن پاکی بە حەیا و ناموسە، مێشکی پڕە لە بڕوای بەجنوکە و شەیتان و گیانداری نەبینراو کە ئەتوانن دەست لە کاری ئادەمیزادا بدەن".

**پەردەی یەکەم**

**بەشی یەکەم**

**شوێن:** ژوورێکی تەنگی شێدار لەخانوویەکی کۆنا

**کات:** دوای نیوەشەو

"هەمیـــن خـــەوی لەچـــاوا شـــکاوەتەوە و بـــە شـــپرزەیی لـــە ڕۆخ پووشـــۆ هەڵتووتـــرکاوە و دڵۆپـــی گەرمـــی فرمێســـکی لەســـەر کوڵمەکانـــا وەســـتاوە، پووشـــۆ لەنـــاو جێگەیـــا ماتـــو و بـــێ هەســـتە، چرایەکـــی کـــزی دووکـــەڵاون. نیشـــانەیە کـــە ژوورەکـــە زۆر تاریـــک نییـــە! مـــام عـــەوڵا و ئـــازاد لـــەم بـــەرەوە بەجلوجـــۆڕ خۆیـــان پێچـــاوە و پرخـــە پرخـــی خەویانـــە".

**هەمین** "بەگریانەوە":

ئـــۆف! خوایـــە بـــە خراپـــەی خۆمـــان لەگـــەڵ نەکەیـــت، بـــە ڕەحمـــی خـــۆت بمانبەخشـــیت.

**مام عەوڵا** ڕائەچەنێ و سەیری هەمین ئەکا،

هـــا ئافـــرەت! چیـــە مـــا دیســـانەوە دەســـتت پـــان کردۆتـــەوە و لـــە یـــەزدان ئەپاڕێیتـــەوە؟

**هەمین** "بەتووندی"

بـــۆچ ئـــەی گوایـــە هانـــا بـــۆ کـــێ بـــەرم؟ لـــەم زیاتـــر کـــەس هەیـــە شـــایانی پەرســـتن بێـــت؟

**مام عەوڵا** "تۆزێ گرژ ئەبێت":

خـــوا نەخواســـتە (حورمـــێ) مەبەســـم ئـــەم باســـە نییـــە، بەڵـــێ، بێگومـــان هەریـــەک پـــەروەردەگار هەیـــە کـــە ئەبـــێ هەمـــوو زینـــدوو و مـــردوو کڕنۆشـــی بـــۆ بکـــەن، و چاوەنـــواڕی خێـــر وبەخشـــین بـــن. هـــەر لـــە مـــار و مێـــروو، دار و بـــەرد، دەعبـــا و دڕنـــدە و جانـــەوەر تـــا ئادەمیـــزاد هەمـــوو یـــەک کردگاریـــان هەیـــە و بـــەس! تەنیـــا نزانـــم

بـۆچ بـەم نیوەشـەوە درەنگـە و بـێ وەختـە نووکـە نـووک ئەکەیـت ئەشـکی چـاو ئەبارێنـی؟

**هەمین** "بەسۆزی گریانەوە"

ئاخ! پیاوەکە پووشۆ زۆر نەخۆشە.

**مام عەوڵا** بە "شێواوی":

چی؟ چی؟ نەخۆشە؟ واتا توشی دەردەکە بووەتەوە؟

**هەمین** "هەناسەیەکی سارد لە دەروونیا یەتەدەر"

ئا.. ئا ئێ هم.. اهوو هووهو (قسەی بۆناکرێ).

**مام عەوڵا** "بە کزی":

ئافـرەت نەختـێ لەسـەرخۆبە، هەرچـی خـوا بیـکا هـەر ئـەو باشـە، مەگریـە بـا تووشـێ ناشـکوری نەبیـن، هەڵسـە دوعـای خێـری بـۆ بکـە لەمـە باشـترە، بـا خواوەنـدی گـەورە (غەزەبمـان) لـێ نەگـرێ.

**هەمین** "هەندێ کڕ ئەبێت" باوکی پووشۆ لە مام عەوڵا نزیک ئەبێتەوە

بـۆچ ئـازاد لەخـەوا ڕاسـت ناکەیتـەوەو بـە شـوێن شـێخ کاکەیـا بنێرێـت؟ زووکـە مـەردی خوابـە کـوڕە پووشـۆ زۆر پەرێشـانە؟

**مام عەوڵا** بیر ئەکاتەوە:

ئاخـر ئافـرەت بـەم دەمـو دەسـتە شـێخ کاکـە بـۆ خاتـری جەنابمـان خـۆی لـە خـەوی شـیرین نـاکات! ئـارام بگـرە، بەیانـی سـەر لـە زوو کـە چوومـە نوێژکـردن لەگـەڵ خۆمـا ئـەی هێنـم، لـەم ڕۆژەوە شـێخ هاتووتـە ئـەم شـارە هـەر لەمزگەوتـی گەڕەکـی خۆمـان نوێـژ ئـەکات.

**هەمین:**

بەخـوا پیاوەکـە لـە چاکـە و دینـداری و وجاخزادەیـی باسـی ئەکـەن، ئەڵێـن شـێت و هـاری لـە ژێردەسـتا چـاک ئەبێـت، ئـۆ هممەتـی

شـێخ لـە هانامـان بێـت، خوایـە، خوایـە پـێ و قەدەمـی خێـر بێـت!

**مام عەوڵا:**

ئافـرەت، پشـت بـە خـوا بەسـتە، ئینشـاللا پووشـۆ بەشـی خۆمانـە، تـۆش ئامادەبـە سـەماوەرەکە ئیمـڕۆ جـۆش دەو بزانـە ئەگـەر هیـچ ڕووئمـان لـە مـاڵا هەیـە، ئـەوا چەنـد زرۆبـی و ناسـکە نانێـک بـۆ شـێخ سـازدە.. (ئەچێتـە دەرەوە).

**هەمیـن** "ئەچێتـەوە لای پووشـۆ، بـە دڵ سـووتاوی تەماشـای ئـەکا و دووبـارە گەواڵـەی ئەشـکی چـاوی یەتـە خـوار".

خوایـە بـۆ خاتـری گەورەیـی خـۆت و خۆشەویسـتی پێغەمبـەری ئاخـری زەمـان، چارەیەکـی ئـەم بەسـتەزمانە بکەیـت، خوایـە مەرگـم پێـش مەرگـی کەویـت. خوایـە، بـۆ خاتـری کاک ئەحمـەدی شـێخ شـیفای بدەیـت.

پەردە.

**بەشی دووەم**

"ڕۆژهەڵاتــە، هەمیــن لەبــەر قۆریــە و ســەماوەر دانیشــتووە، زرۆبــی و ناســکەنان لەســەر دیلکێــک پێچــراون، ئــازاد بــە خەمبــاری لــە ســووچێکا بیــر ئەکاتــەوە، پووشــۆ لــە نــاو جێــگا کەوتــووە، شــێخ کاکــە بەخــۆ و ســەرو کــەزی و داردەســتی لەگــەڵ مــام عــەولا یەنــە ژوورەوە. هەمیــن ڕووی نەختــێ ئەپۆشــی و لەگــەڵ ئــازاد لەبەریــان هەڵئەســتن".

**شــێخ کاکــە** "پــاش ئەمــەی تەماشــایەکی هەمیــن و ئــازاد و خواردنەکانــی ئــەکات".

خوشــکم مەترســە "ئینشــاللا" بــە حــەول و قووەتــی خــوا و بــە هیممەتــی جــەددی بــاوک و باپیــرم، ئێســتە چاکــی ئەکەمــەوە و لــەم بەڵایــە ڕزگاری ئەبێــت!

**هەمین** "بەشەرمەوە"

وەی بەقوربانــی وجاخــت بــم، یــا شــێخ! هــەر بەتەمــای پــەروەردەگار خــوا ئەزانــێ کــە ئێمــە چەنــد پشــتمان بەوجاختــان قایمــە، هــەی خــوا لــە زارت بنۆڕێــت، وا خۆمــان (تەســلیمی) خۆتــو وجاخــت کــرد، ئەنجــا ئــارەزوی خۆتــە! شــێخ کاکــە "ســەرو مێــزەری ڕێــک ئەخــات" بــە پشــتیوانی یەزدانــی گــەورە، هــەر ئێســتە چــارەی ئەکــەم. ئــا لەگەنــە ئاوێــک بێنــە.

**مام عەولا** بەڕێز لێنانەوە،

قوربــان یــا شــێخ فەرمــوون بــا جــارێ نــان بخۆیــن، ئەنجــا! شــێخ کاکــە "بەتەوســەوە" باشــە، بــاش ڕاســت ئــەکا بــا نانەکــە لــە گــۆڕێ هەڵگیــرێ ئەوســا ســانایە.

"نــان ئەخــۆن. کــە تــەواو بــوون هەمیــن هەندێــک ئــاو ئەکاتــە لەگــەن لــە پێــش شــێخی دائەنێــت، شــێخ کاکــە بــە ئــاوەکا ئەنــۆڕێ، چەنــد "ئایەتێــک" ئەخوێنــێ

و دوعـا ئـەکا، زیـک زیـک پەیـدا ئەبێـت، شـێخ (ئەگرژێتـەوە) بـە زوبانێکـی نەبیـسراو فسـکە فسـک ئـەکا، ئەنجـا ڕوو ئەکاتـە خێزانەکـە.

**شێخ کاکە** "بەگرژی":

مـام عـەولا ئـەوا (استیخارەم) بـۆ پووشـۆ گرتـەوە، (لەمـە چیترەکانـم، بانـگ کـرد و لێـم پرسـین، یەکێکیـان وتـی: پووشـۆ ئـاوی گەرمـی ڕژتـووە و (بسـم اللـە)ی نەکـردووە، کوڕەکـەی سـووتاندووە، ئەنجـا ئەبـێ بەهـەر جۆرێـک پووشـۆ نـاوی ئـەم (لەمەچێتر)ەمـان پێبـدا، ئەوسـا ناوەکـە ئەنووسـم و ئەیخەمـە نـاو ئاگـر، کـە سـووتا پووشـۆ دەربـاز ئەبێـت و خـودا شـیفای ئەنێرێـت.

مـام عـەولا و هەمیـن و ئـازاد سەرسـوڕماون، زاریـان بـەش بۆتـەوەو زوبانیـان بەسـتراوە.

**مام عەولا** نەختێک یەتەوە سەرخۆ،

ئەنجا قوربان چی ئەفەرموویت؟

**شێخ کاکە:**

پێویستە ئەم ژووره بۆمن و پووشۆ و لەمەچێترەکان چۆل کەن.

(ئەوان ئەچنە دەرەوە)

**شێخ کاکە** "ڕوو لە پووشۆ ئەکا"

پووشـــۆ، کـــوڕم مەترســـە مـــن شـــێخ کاکـــەم، شـــای ئینســـان و ئەجندانـم، نـاوی ئـەم جنۆکـەم دەرێ کـە ئـازارت ئـەدا، تـا لـە ژێـر چنگیـــت دەربێنـــم.

**پووشۆ** "بەشێواوی چاوی ئەکاتەوە و ئەنواڕێتە شێخ"

ناوی چییەو ئەجندەی چی یا شێخ؟ من کەسیان ناناسم.

**شێخ کاکە** "چاوی لێ سوور ئەکاتەوە"

پێـــت ئەڵێـــم مەترســـە، مـــن بێگانـــە نیمـــە، جلـــەوی جنۆکانـــت

وا لــە دەســتمایە، بڵــێ بزانــم کامەیانــە وا گرفتــاری ئــەم دەردەی کردوویـــت؟

**پووشۆ** "ئەترسێ":

بەســەری تــۆ یــا شــێخ لەمانــە ئــاگادار نیمــە، بــۆچ گوایــە مــن شــێتم؟

**شێخ کاکە** "پەست ئەبێت و دەست ئەداتە حەیزەران":

نــە، تــۆ شــێت نیــت، مــن شــێتم، وا نییــە؟ ڕاســتە مــن شــێتم، مــن بــە داران لــە پووشــۆ ئــەدات، ئەنجــا نــاوان بڵــێ دەی، ئەگــەر نــاوان نەیەژێــت لــە ژێــردارا ئەتکــوژم.

**پووشۆ** "هاوار ئەکا"

بەخوای یا شێخ چ ناوان نازانم، ئاخر چی بڵێم؟

**شێخ کاکە** "هەر زیاتر پەست ئەبێت و دارکاری ئەکا"

هەتیــوی حەرامــزادەی شــێت وشــوور یــا نــاوان ئەڵێــی یــا جارێکــی تــر بەســاخی چــاوت بەدایــک و باوکــت ناکەوێتــەوە. هــەر ئێســتە گیانــت دەرئەهێنــم.

**پووشــۆ** (هەمــوو لــەش هــاڕاوە، لــە داخــان چریکــەی ئەچێتــە تاقــی ئاســمان، هیــچ هــۆش و ئــاگای لــە خــۆ نەمــاوە، لــە ئێــش و ئــازارا چەنــد وشــەیەکی بــێ مانــا دەر ئەبڕێــت).

ئاخ! ئۆف! شێت! شێخ! جنۆکە.. سوژن.. دەرزی.. درێشە..ناو..

**شێخ کاکە** "گەش ئەبێتەوە":

ئادەی، دەی کوڕم، ناوەکانی تریش، مەترسە بزانم کێ ماوە؟

**پووشۆ** "بێهۆشە"

هەر هاوار ئەکات.

لــەدەرەوە ئــازاد گوێــی لــە هــاوار و فیغانــی پووشــۆیە، زۆر دڵتەنــگ و پەســت

ئەبێ، ئارەزوو ئەکات بچێتە ژوورەوە و خەمی خۆی بەشێخا بڕێژێ، دایک وباوکی ڕێگەی نادەن، ئەڵێم ئەوا پووشۆ لەگەڵ جنۆکان شەڕ ئەکا و شێخ (لەمەچێترەکان دارکاری ئەکا).

**پووشۆ:**

ئەی هاوار.. ئاخ.. داخ.. وای..

"لەخۆ ئەچێت".

**شێخ** لە پسوولەیەک ئەنووسێت (سووژن، دەرزی، درێشە، ئاخ، داخ..) عەولا و هەمین بانگ ئەکاتە ژوورەوە:

وەرن، وەرن مزگێنی بێت و لەم تەنگوچەڵەمەیا ڕزگار بوون.

**هەمین** "بەدڵخۆشی"

توو خوا یا شێخ "پڕ ئەبێتە دامێنی و لچکە کەوای ماچ ئەکات" وەی بە قوربانت بم، وەی لەبەر وجاخت گەڕێم، تو خوا چۆن؟

**شێخ کاکە** "پێ ئەکەنێت"

پێنج (لەمەچێتر) پووشۆیان دەردەست کردبوو، واناویانم نووسیوە لەبەرچاوی پۆشوو ئەیان سووتێنم، ئەنجا پووشۆ هەتا هەتایە لە داویان دەرباز ئەبێت.

"شێخ کاکە پسوولەکە ئەخاتە ئاگردانەکەوە (سەرقەلەمانەی) خۆی وەرئەگرێ و ئەچێتە دەرەوە، هەمین و ئازاد بۆ لای پووشۆ ئەچن، دەست بە هاوار و گریە و لەخۆدان ئەکەن. مام عەولا ماتوو بێ دەنگ و سەرسامە، تەماشایان ئەکا و لە هیچ ناگات..

پەردە.

**(پەردەی دووەم)**

**شوێن:** لە چایخانەیەکا

**کات:** دوای نیوەڕۆژە

ئازاد بەتەنیا دانیشتووە، دڵتەنگ و خەمبارە.

**نەوزاد** "بە گورجی یەتە ژوورەوە"

هـا ئـازاد، چییـە دیسـان لـە گۆمـی بیرکردنـەوا مەلـە ئەکەیـت" بـۆچ وا غەمگینـی؟

**ئازاد** "بەهێواشی"

بەسـەری تـۆ، هاوڕێـی خۆشەویسـت، خۆشـم نازانـم تووشـی چـی بوومـە!

**نەوزاد** "بەپێکەنینەوە،

ئـای لەمـن نەکـەوێ، بـرام گـوێ مـەدەرێ، هیـچ تەگەرەیـەک نییـە بەسـەرنەچێت، وەرە جانـم واز بێنـە، لـە بەهـاری ژینـا خـۆت دووچـاری دەردی خەمناکـی بیرکردنـەوە مەکـە، دونیـا ئەمـە ناهێنـێ، هەمـووی پێنـج و دوو ڕۆژێکـە و ئەبڕێتـەوە. هەڵسـە، هەڵسـە بـا بڕۆینـە سـەر شـایی وا "دلاوەری" برادەرمـان ژن ئەهێنـێ و ئاهەنـگ و چۆپـی ئەگێـڕێ.. هـا! هـا! هـا! چەنـد خۆشـە پیـاو لـەم تەمەنەیـا بووکـی بـۆ بـەرن. هـا! ها!هـا! (پێئەکەنـێ).

**ئازاد** "بەداماوی"

برا نەوزاد، ئەزانی لە چی بیر ئەکەمەوە!؟

**نەوزاد** "بەهەوەس"

بێگومان نە.

**ئازاد** "ئەگرژێتەوە".

نیـازم وایـە کارێـک بـە "شـێخ کاکـە" بکـەم بـا بـە دەواری شـڕی

نەکردبێــت!

**نەوزاد** "بە پرسیارەوە"

شێخ کاکە؟ ئا.. بۆچ.. چۆن؟

**ئازاد** "بەئاخەوە"

ئـەی نازانـی "شـێخ کاکـە" پووشـۆی بـرا بچووکمـی لـە ژێـر زەبـری دارا کووشـــت؟ "هەناســـەیەکی درێژهەڵئەکێشـــێ" ئـــەی بەنـــاوی "شـــێت و لەناوبـــردن" لەشـــی ناسکوشـــلکی بـــە کوتـــان هەنجـــن هەنجـــن نەکـرد؟ ئـەی گوایـا پووشـــۆ بۆچـــی کۆچـــی دوایـی کـرد، بەخـوا هەنـدە نەسـاغ نەبـوو کـە بـەم ئەنجامـە بـگات، خـۆ ئەگـەر پزیشــک تیــماری بکردایــە بــێ شــک بــە ئاســانی چــاک ئەبــوو، "ماوەیەکـی بێدەنـگ ئەبـێ لـە پاشـان ئاخێـک هەڵدێنـێ". ئـۆف پـارە! چـۆن بوونـت هـۆی ژیـن و نەبوونـت هـۆی مردنـە؟ لـەم زەمانــە پیــس و چەوتــەدا هەرچــی (پوولێکــی نەبێــت پوولێــک ناهێنــێ) ئــاخ زانیــن، چــۆن دەســت نەکەوتنــت هــەزاران بــاوک و دایکــی وەک هــی مــن تووشــی نەگبەتــی و جــەرگ ســۆتان ئــەکات؟

**نەوزاد** "بیرئەکاتەوە"

باشە ئەنجا گوایا چی ئەکەیت؟

**ئازاد** "هەڵئەستێ و ئەڕوا"

پێویســتی بــە وتــن نــاکات، دوایەخــۆت ئەزانــی چــی ئەکــەم، "نــەوزاد لــە جێگــەی خۆیـا سسـت ئەبـێ، واقـی وڕمـاوە، سـەیری ئــازاد ئــەکا تــا لــە پێــش چــاوی ون ئەبێــت".

پەردە.

**پەردەی سێیەم**

**بەشی یەکەم**

**لەماڵی مام عەوڵا**

**هەمین** "بەنووکەنووک"

پیاوەکـــە! پووشـــۆی جەوانەمـــەرگ بـــە نەونەمامـــی چەمایـــەوە و هیشـــک بـــوو، وا ئازادیـــش دایکـــی لەبـــەری گـــەڕێ، تووشـــی ئـــەم دەردە پیســـە ترســـناکە بـــووە "ئەنووزێتـــەوە" خوایـــە هـــاوارە، یاڕەبـــی نەبێتـــە ناشـــکوری ئەمـــی تـــرت بۆخـــۆت بـــردەوە ئەمەمـــان بـــۆ بپارێـــزی.

**مام عەوڵا:**

ئازاد کوڕم، چیتە کەسی باوکت؟

**ئازاد** "خۆی نەزان ئەکا"

بڕۆ (شێخ کاکە)م بۆ بێنە! دەرمانی دەردم لە دەست ئەوایە.

**مام عەوڵا** "بەناچاری"

بەرخم.. ئاخر شێخ کاکە.

**ئازاد** "گفتوگۆ لەگەڵ خۆی ئەکا"

ئـەی بەڵاگێـڕت بـم، ئـەدی.. قوربـان ئەمزانـی هـەر تـۆ چـارەی ئـەم دەردەســەرییەم ئەکەیــت.. یــا شــێخ، یــا شــێخ، مــەڕۆ.. چاوەکــەم.. توخــوا ئەگــەر بچیــت..

**هەمین** "لەسەرەخۆ"

باوکــی ئــازاد، خێــرت ئەگاتــێ، ئازابــە شــێخ بێنــە. کــوڕە قیڕوســیا هەرچــی چــوو چــوو، ئەمــی ترمــان چــوو، بەلکــە ئەوەمــان ئەبــێ.. ئــۆف.. ئــی هــی.. ئــی هــی.. ئــی هــی..

**مام عەوڵا** "بەنابەدڵی"

باشە ئافرەت، وا ئەچم، پەنامان بە یەزدان.

(ئەچێتە دەرەوە)

**(بەشی دووەم)**

**(هەر لە ماڵی مام عەوڵا- پاش دوو سەعات)**

**ئازاد** "بەکزی"

یـا شـێخ قووربانـی وجاخـت. تـۆزێ دڵ نـەرم بـە، ئـەم "لەمـە چێترانـە" زۆرت لـێ ئەترسـن، وا لێـم ئەپاڕێنـەوە کـە نەهێڵـم زۆر ئازاریـان بدەیـت...

**شێخ کاکە** "بەهەوەس"

ئـای چـۆن! قوڕیـان بەسـەر ئێسـتە تۆڵـەی تۆیـان لـێ ئەسـتێنم. ئـا بـەس ناویانـم بـدەرێ.

**ئازاد** "ئەپاڕێتەوە":

قوربـان یـا شـێخ، ئەمانـە هـەر ژێردەسـتی جەنابتانـن، لـە ڕاسـت تـۆدا جولانەوەیـان نییـە، لەبـەر دڵـی مـن ئەمجـارە بیانبەخشـە.

**شێخ کاکە:**

باشە، ئەنجا چییان لێم ئەوێ؟ چۆن دڵنیا ئەبن؟

**ئازاد** "بە نووزە نووز"

شـێخم، لـە پێشـا داردەسـتەکەت فڕێـدە، لەپاشـان تـا گومانبـڕ بـن، خـۆ حەدیشـم نییـە بـەڵام "لەمەچێـترەکان" ئـارەزوو ئەکـەن، ئەگـەر پێـت ناخـۆش نەبێـت، لەرێـی خـوا بـا دەسـتەکانت بـەم پەتـە بەسـتم، تـا مەترسـییان نەمێنـێ.

**شێخ کاکە:** "سەری ئەسووڕێ"

ئاخر هەتیو ئەمە چۆن ئەبێت؟

**ئازاد** "بە وریایی"

یــا شــێخ گیــان، خــۆ ئەمــە لــە گەورەیــی خۆتانــە و هیــچ زیانــی نییــە.

**شێخ کاکە** "دەستی بۆ درێژ ئەکا":

باشــە کــوڕم، و ائەمــەش ئەکــەم تەنیــا بــەم ســەگانە بڵــێ جارێکــی تــر نەخڵەتێــن پەنجــە لەپەنجــەم بــدەن.

**ئازاد** "بەهەوەس دەستی شێخ توونd توونd شەتەک" ئەدا:

قوربان چ حەد و ڕایان ئەکەوێت؟

**شێخ کاکە** "بەهێواشی"

ئەنجــا مەترســە، بەرخــم، دەی وەک شــێران نــاوی ئــەم بەدانــەم پــێ بڵــێ.

**ئازاد** "دەست ئەداتە داری، شێخ چاوەکانی سوور هەڵئەگەڕێن"

ئازاد مەترسە، تۆ ناوان بڵێ.

**شێخ کاکە** "لەترسان ئەشێوێ و لە هیچ ناگات"

دانیشــە کــوڕم، دانیشــە ئــەم ترســە بــەردە، لەســەرخۆبە، زووکــە نــاوان بڵــێ.

**ئازاد** "بەسەریا ئەنەڕێنێ"

خێــرا نــاوان بڵــێ، ناشــێخی شێتووشــوور، "یــا نــاوان بڵــێ، یــا دونیــای ڕوون جارێکــی تــر بــە چــاوی خــۆت نابینیــەوە" شــێخ ئەداتــە بــەردار.

**شێخ کاکە** "ئەقیژێنێ":

کــوڕە تــۆ شــێت بوویــت؟ ئــەوە چــی ئەکەیــت، ئــای، ئــای وامەکــە، ئــەی هــاوار، ئــاخ، ئــۆخ، کــوڕە بەســە.

(ئــازاد هەنــدەی دارکــووت ئــەکات هەمــوو ڕق و کینــی خــۆی پیــا ئەڕێژێــت،

شـێخ ئەکەوێتـە هـاوار هـاوار و چریکانـدن).

**ئازاد** "بەدڵخۆشی"

هــەی مەلعونــی ئــاوەگڵ چــۆن تــۆ بەدەســتی پیســت پووشــۆی دامــاوی قوڕبەســەری بــرات کوشــتم، منیــش گیانــی ناپاکــی بۆگەنیــت ئەنێرمــە دۆزەخ، بمــرە.. بمــرە،، بمــرە باشــترە نــەک وەک ســەگی نیمگێــڕ هــەر ڕۆژە یەکێــک زامــدار کــەی و جەرگــی خەڵــک بســـووتێنێ.

(شێخ هەر هاوار ئەکا، هەموو لەشی گووراوە).

**هەمین** "لەبەر دەرگا لە دەرەوە"

پیاوەکــە، ئــەم هــاوار هــاوارە دڵــم ئەگووشــێ، جارەکــەی تریــش ئــەم هــاوار هــاوارە ئەهــات. کــوڕە ئەمــە بــێ ســووڕ نییــە.

**مام عەوڵا:**

ئافــرەت ئەمــە دیســانەوە جەنگــی شــێخ و ئــازادە لەگــەڵ (جنۆکــەکان)دا.

(هاوار هاواری و ناڵە فیغان ئەگاتە بەری ئاسمان)

**هەمین:**

بەخــوا شــەڕی شــێخ بــێ یــا هــی شــەیتان، مــن خــۆم بــۆ ڕاگیــر ناکــرێ..

"لەنـاکاو دەرگا ئەکاتـەوە سـەر گازەی پشـتێ و ئەحەپەسـێ، کـە شـێخ چـاوی بـە دەرگـەی کـراوە ئەکەوێـت وەک گورگـی هـار هەڵپەکـراو بەدەسـتی بەسـتراو دەرئەپـەڕێ و ڕائـەکا، ئـازاد لەدوایـا ئەبـەزێ، بـەڵام دایـک و باوکـی بەشـێواوی ئەیگـرن، شـێخ ئەگاتـە کۆڵانـە و هـەر ڕائـەکا، مناڵـە وردکـەی گـەڕەک چاویـان پێـی ئەکەوێـت، وا ئەزانـن شـێتە و بـە فۆفـۆ و هەڵـلا هەڵـلا ئەکەونـە شـوێنی. هەرکەسـێ تووشـی یـەت بـە شـێتی ئەژمێـرێ و پەلـەی گرتنـی ئـەکات. شـێخ

کـەوای لـێ ئەبێتـە بـاڵ و هـەر فڕتکـە لـێ ئـەدا و هەنـگاوێ بـە دوو ئـەکا تـا لـە شـار دەرئەچـێ و لەچـاوا گـووم ئەبێـت، خەڵکـەکان بـە واقـی وڕیـان سـەیری یەکـدی ئەکـەن و لـە جێگـەی خۆیانـا کـڕ ئەبـن.

(پەردە).

# رزگاری

هەولێر، ١٩٥٩

**بەشدارانی ئەم چیرۆکە:**

١. پیرەباب ٢. سمە ٣. هەمین ٤. جاسماغە ٥. نۆکەر ٦. وتاربێژ ٧. کۆمەڵانی خەڵک.

**پەردەی یەکەم**

**بەشی یەکەم**

**کات:** زوستانە.

**شوێن:** "کۆڕێتی پیرەباب"

**پیرەباب:**

پیرەمێردێکی پشت چەماوەی بەساڵاچووی لێکەوتوو، لە

کونجێکــی کۆنــە کــەلاوەی ســاردداڵەســەر لەتــەلبادێــکاکەوتــووە.

**هەمین:**

کیژێکــی جوانکیلانــەی ئــادگار ڕێکــی لــە تەمەنــی دوانــزە ســاڵیا، بەلایــەوە نیشــتۆتەوە.

**باوک:**

ئــاخ لەبــەر گەردونــی چەپگــەر! (بــە کۆکــەوە) ڕۆڵــە هەمیــن، زۆرم ســەرمایە، قــەت بزانــە چارەســەرێکم لــێ ناکــەی!

**هەمین:** (بە دڵتەنگی)

دەک کوێــر بــێ زەمانــەی دوون! خــوا نەبوونــی و هــەژاری بگــرێ، باوکــە گیــان، نازانــم چــی بکــەم! بەخــوا دڵۆپــێ نــەوت گومــان نابــەم، خۆیشــت ئــاگاداری. بڕکــە دارێکــمان لــە مــاڵا نییــە. (کەچــە پاڵتۆیەکــی شــڕی ونجــڕ و پینــاوی لەبــەر خۆیــا دائەکەنــێ و بــۆ باوکــی درێــژ ئــەکات) فەرمــوو گــەورەم، ئەمــە لەخــۆت وەرپێچــە بەڵکــو نەختــێ هەســت بــە گەرمایــی ئەکەیــت.

**پیرە باب** (وەریناگرێ):

نــا نــا کیژۆڵــەی خۆشەویســتم، گــوڵ خونچــە دوانــزە بەهارییەکــەم، مــن ژینــی تاڵــم بەســەربرد و چیــم لــە چیــا نەمــاوە. خــۆم ئــەم ژینــە مەرگەیــەم هــەردەم لــە مــردن ســەخت و گرانــترە، لــەم جیهانــە تەنگــو تاریکییــە بــێ فــەرەدا ئێــوە نەبــێ چیــم مــاوە؟

**هەمین:** (فرمێسک لە چاویا ئەگەڕێ)

باوکە گیان.. توخوا ئەم قسانە مەکە.

**پیرەباب:**

ئازیزەکــەم، بەخــوا لەبــەر تــۆ و ســمەی بــرا ڕەش بەختەکــەت نەبوایــە چــاوم بــەم چەرمەســەرییەوە نــە ئەبــووا! لــە کردگاریــش

تەنیـا ئەمـە ئەخـوازم کـە ئێـوەم بـۆ بپارێـزێ و بـە چـاوی خـۆم لـە ڕۆژێکــی ئــازادا بتــان بینــم!

**هەمین** (بەهەنسکی گریانەوە):

خوا کەریمە!

(سمە بە چەند پارچە نانێکەوە لە تۆڕێکی چڵکنی پیناویا دێتە ژوورەوە).

**سمە:**

بابە گیان چۆن بوویت.

**باوک:**

ئیشــەللا بــاش ئەبیــن، بەرخــم وەرە بزانــم چیــت بــۆ خوشــکی نەشــمیلەی داوێــن پاکــی لــە ژیــن بــێ بــەش و پیرەباوکــی چاوکــزی داربەدەســتی خۆتــا هێنــاوە؟

**سمە** (یەستە):

بەخــوا بابــە جیهانێکــی ســەخت و نالەبــارە، کــوڕە خــۆ دڵــی ئــەو خەڵکــە وەک بــەردی بــن گــۆم ئــاوا ڕەقــە و ڕەش هەڵگــەڕاوە! بــۆ هــەچ ماڵێــک ئــەڕۆم (هیــچ حــازر نییــە) دەرگا دائەخەنــەوە، هەندێکیــش گاڵتــەم پــێ ئەکــەن و ئەڵێــن بچــۆ بــۆ لای نــووری ســەعید! بەخێـوت کات". نازانـم ئەمـە چییـە و ئـەو (نـوری سـەعید) ە کێیــە؟

**باوک** (گرژ ئەبێ):

خـوا یارمـان بـێ کۆرپـە ساوایەکەم، قـەی نـاکات ئومێـدەوارم خـوا دەرگایەکـمان لـێ بکاتـەوە. (ڕوو ئەکاتـە هەمیـن) وەرە هەمیـن، کچـم بـا قاوەڵتییـەک بکەیـن.

پێکــەوە هــەر ســێیان ڕۆخــە نانــە ڕەق و ئەســتورک ئەقرتێنــن، لــە پاشــانا پیرەبــاب ڕوو ئەکاتــە ئاســمان و دەســتەکانی بــەرز ئەکاتــەوە و ئەڵــێ:

**باوک:**

ئـۆف خوایـە! دەنـا مەرگـی ئـەم دوو شـەتڵە نەمامانـەم نەبینـم، خوایـە بیکـەی بـە خاتـری خۆشەویسـتی خـۆت ئـەم وەزعـە نالەبارەیـە بگۆڕیـت و تەختوتاراجـی زوڵـم و زۆداری بڕوخێنـی، خوایـە هەقـی ئـەم بەسـتەزمانەم بـۆ بسـێنێتەوە!

**(پەردە)**

**- بەشی دووەم-**

پیرەبـاب لەگـەڵ هەمیـن لـە کۆڕێتـا هەڵتووتـرکاون، لـە پڕێـکا سـمە ئـەکا بـە ژوورەوە.

**سمە:**

ڕۆژتان باش!

**باوک** (بە پێکەنینەوە)

ڕۆژت باشـتر جەرگـی شـیرینم، ئـا وەرە بزانـم ئـەم بـەزم و زرمەیـە لـە کـوێ فێربوویـت؟

**سمە** (بەگەشی):

کـوڕە چـۆن، ئەبـێ مـن ئـەو هەمـوو هـاوڕێ و برادەرانـەم هەیـە ئـەوان هـەر ڕۆژە شـتێکم فێـر ئەکـەن.

**باوک:**

باشـە باشـە کەسـی بابـی، زۆر حـەز ئەکـەم لـە تـەک دۆسـتیی دڵسـۆز و ڕەوشـت پـاکا پەیوەنـدی پەیـدا بکەیـت. بەرخـم، دونیـا هەتـا هەتایـە هـەروا نابێـت و هـەر وەک لـە کوردەواریـدا ئەڵێـن ”جووجەڵـە تـا ئەمـرێ هـەر لـە ژێـر سـەبەتەدا نامێنێتـەوە!“ هیـوادارم ئێـوەش ڕۆژێکـی پڕشـنگدارتان ببـێ، (لەپـاش بـێ دەنـگ

بوونێکـی کـورت) ئـای سـمە، بێـژە بزانـم دەنگوبـاس چییـە و چیـت لــە هەگبەدایــە؟

**سمە:** (بەخەندەوە)

بەخـوا بـاوە گیـان، هیـچ خۆشـییەکی تـۆ (نەختـێ مەنـد ئەبـێ). ئـا.. بەخـوا ڕاسـت ئەکەیـت بابەگیـان، چـاک بـوو بەیـادت هێنامـەوە، ئیمـڕۆ بـەلای ماڵــی جاسـماغەدا تێپەڕیـم، لەبـەر دەرگاکـە خـۆی وەسـتابوو، بانگـی کـردم، دە فلسیشـی پێـدام و گوتـی بـە باوکـت بڵـێ "هەتـا ئێـرە بێـت".

**پیرەباب:** (ڕائەمێنێ و ئەکەوێتە لێکدانەوەیەکی قووڵ).

کوڕم جاسماغە نەیوت چیم لە باوکتا ئەوێ؟

**سمە** (خێرا):

نە بەخوا هەر ئەمەندەی وت و بەس.

پیرەبــاب هەڵئەســتێ جلوبەرگــە شــەڕەکەی ئەکاتــە بــەر و داردەســەکەی هەڵئەگـرێ و لەسـەرەخۆ ئەچێتـە دەرەوە و ڕێـی ماڵـی جاسـماغە ئەگرێتـە بـەر. پـاش ماوەیـەک ئەگاتـە خانووەکـە، نۆکـەرێ پەلـی ئەگـرێ و ئەیباتـە دیوەخانـە، جاســماغە لەســەر لا تەختێکــەوە دانیشــتووە و ڕادیۆکــەی کردۆتــەوە و جگــەرە ئەکێشــێ.

**نۆکەر** (بەڕێز گرتنێکی زۆر کە زیاتر لە ترس ئەکا دێتە ژوورەوە):

ئاغەم سەلامەت بێ، ئەوا پیرەباب هاتووە.

**جاسماغە:** (بەسەری لووت)

با بێتە ژوورەوە.

(نۆکەر ئەڕوات و پیرەباب یەتە ژوورەوە).

**پیرەباب** (بەلەرزەوە):

سەلامون عەلیکم.

**جاسماغە** (هەر لە جێگەی خۆیەوە) (عیک السلام)

فەرموو دانیشە.

**پیرەباب** (پاش ڕامانێک)

لە دوورەوە دائەنیشێ، جاسماغە جگەرەیەکی بۆ ئەهاوێت.

**جاسماغە** (دوای ماوەیەک بێدەنگی):

ئەزانی بۆ ناردوومە بە شوێنتا!

**پیرەباب** (زاری بەش ئەبێتەوە):

نە بەخوا ئاغەم سەلامەت بێ، خێرە ئینشاللا.

**جاسماغە** (ناوچەوانی گرژ ئەکا):

تۆ بێ کەس و هەژاری، منیش حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم. ئەڵێن کچەتێویکت هەیە ها ئەوا ئەم دە دینارە بۆخۆت بێ و چەتیوەکەت بنێرە بۆمان! با ئێوەش گوزەرانتان باش بێ و ئەویش بۆخۆی لە ماڵی ئێمەدا بە کارەکەری بحەسێتەوە.

**پیرەباب** (دڵی خۆرپە ئەکات):

ئاخر.. ئاخر..ئاخر پاشام هەمین ڕووناکی چاومە و لەجێی دایک و باوک و دین و دونیامە، چلۆن؟

**جاسماغە:**

کوڕە خۆت بێ هۆش مەکە، چییەوە، خلەفاوی! (لەبەرخۆیەوە) نازانم ئەم ڕەشوورووتە ناکەس بەچانە بۆچ وازوو ئەخلەفێن و لەخۆیان بایی ئەبن؟

(ڕوو ئەکاتە پیرەباب):

یانی چی پیرە، خۆ نیازی پەنجا دیناریش ناکەیت؟

**پیرەباب:** (بەداماوی)

نــە بەخــوا میــرم! چ حــەدد و وارم ئەکــەوێ ئــەم ناماقوڵیــە بکــەم! بــەڵام قوربــان بەخــوا.. بەخــوا نازانــم.

**جاسماغە** (بە تورەیی قسەی پێ ئەبڕێ):

کــوڕە چیــڕەی مــەدەرێ و چەنــەی لــێ مــەدە، چییــەوە خــۆ پەریــت لــە مــاڵا نییــە؟

**پیرەباب:** (بەدڵشکاوی)

نەخێــر، نەخێــر، قوربــان نــە پەریــم هەیــە و نــە مەلیکــە (زیــن) تەنیــا چەتیوێکــی پیســی پەلۆســی چڵکنــی بــێ کەســوهەژاری بەدبەختــی لێقەومــای زۆر لێکــراو نەبــێ.. ئەمــەش چــاک بزانــە، ئەگــەر لــە برســانا بتلێمــەوە، لەســەرمانا ڕەق هەڵێــم و لــە جیاتــی خــۆراک پێســت و ئێســقانی خــۆم بخۆیــن ئینجــا لــە هەمــوو ســامانەکەت زیاتــرە، بــە هەمــوو ســەروەتەکەت ناتوانــی هەمیــن لەمــن بکڕیــت و بیــری چەوتــی تاوانبــاری کــچ فرۆشــتنم بخەیتــە مێشــکەوە.. بــا پــارەو پوولــی دونیــا هــەر بــۆ ئێــوە بــێ و هــەژاری و دەردەســەری و لێقەومــان و ماڵوێرانــی گشــتی بــۆ ئێمــە مانــان بێــت.. ئیــتر بمێنــن بەخێــر، (کوتوپــڕ هەڵئەســتێ و بــە پەســتی و بــە بــێ هێــزی ئەچێتــە دەرەوە، جاســماغە لــە ڕق و کینــە و هەڵچوونــی دەروونیــا ئەحەپەســێ و هیچــی بــۆ نایــە، جگەرەکــەی دەســتی ونجــڕ ئــەکا و فڕێــی ئــەدات).

پەردە.

**پەردەی دووەم**

**بەشی یەکەم**

دوای شەش مانگ، چواردەی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨

(پیرەباب لەماڵەوەیە لەگەڵ هەمینا گفتوگۆ ئەکات)

**پیرەباب:**

گیانە شیرینەکەم، ڕۆڵەی بێکەسی پاکی بێگەردم هەمین گیان، من وا لە هەڵدێری ژینا گلۆر ئەبمەوە، تەنا یەک کەسەرم لەدڵایە کە بە چاوی خۆم ئەو ڕۆژەم نەدی ئێوەی هەژار و هاوبەشی دەرد و خەمتانیانی تیا گەشەدار و بۆژاوە بێت، ئەو مۆژدەیەم نەبیسی کە دوژمنان و زیندە بەچاڵکەرانمان لەناوبەرین و تۆڵەی خوێنی هەزارەهای وەک ئێمەمانانیان لێ بکرێتەوە.

(سمە بەراکردن دێتە ژوورەوە)

**سمە:**

بە دەنگێکی زۆر بەرزەوە: مزگێنی بێ، مزگێنی باوکەگیان، مزگێنی بێ چەتیو هەقە! ها! ها! ها! موژدە، موژدە، پیرەی دونیادیدە و هەمەی خونچەی نەپشکوتوو! هەیهای هایهای.

(لەخۆشیانا هەڵئەپەڕێ و پێ ئەکەنێ و شەق ئەدا لەخۆیا و ئەچریکێنێ)

**پیرەباب:** (واقی وڕماوە):

کوڕە چیتە سمە؟ هەتیو شێت بوویت، سمە؟

**سمە:** (دەستی ئەکاتە ملی هەمین و ئەوی تر ئەخاتە دەستی باوکیەوە):

مزگێنی بێ لەگەڵ موژدە بێ لەگەل، موژدە بێ لە ئێو لە من، لە داروبەرد و دەعبا و دڕوندە! جەژنتان پیرۆز، وا دونیا گۆڕا! (پیرەباب و هەمین ئەحەپەسێن).

**پیرەباب:**

هێواش کە کوڕم، با بزانین چ بووە و چی قەوماوە؟!

**سمە:** (ڕایان ئەکێشێتە دەرەوە):

دە وەرن گوێ بگرن، وەرن سەیرکەن، وەرن وەرنە دەرەوە و بزانن چی هەیە و چی ڕوویداوە! (لە دەرەوە خەڵکێکی ئێجگار زۆر کۆبوونەتەوە و خۆپێشاندانێکی گەورە لە شەقامەکەدا تێ ئەپەڕێ. هەموویان سوور هەڵگەڕاون، دەسیان بۆ ئاسمان بەرز بۆتەوە هاوار ئەکەن، لاوێکی گەنم ڕەنگ لەسەر بەرزاییەکا وەستاوە و نامەیەکی لەدەستیایە ئەیخوێنێتەوە و ئەڵێ):

**وتارخوێنەر:** (بە دەنگێکی گەرم و بەتین و بەرزەوە):

ئەی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، موژدەتان لێ بێ، وا سوپای ئازاد و قارەمانی عێراق، بە پشتیوانی هێز و کۆمەڵە دڵسۆزەکانی گەلەوە، لەم ڕۆژە پیرۆزەدا، چواردەی تەمموزی نەمری ساڵی ١٩٥٨ بە چاونوقانێک وەک شێر ڕاپەڕی و تەخت و تاراجی ڕژێمی کۆنەپەرستانەی زوڵم و زۆری شایەتی و سەر بە ئیمپریالیزمی بێگانەی ڕیشەکێش کرد و گەل و نیشتمانی خۆشەویستی لە دیلایەتی و بەندیواری و زۆر و ستەما ڕزگار کرد و کۆمارێکی کۆرپەی ئازادی دامەزراند کە لە سێبەریا ئەبێ هەموو چینە نیشتمانییەکان بحەسێنەوە و کامەرانی و سەربەستی و برایەتی لەمەیانیا گەشە بکات..

(چەپڵە) (پاش چەپڵە لێدانێکی زۆر و هاتو هاوار یەکێکی تر هاواری کرد).

ئەی نیشتمانپەروەرەکان، موژدە بێ، وا شۆڕشی پیرۆزمان زۆداری و چەوسانەوە و دەستدرێژی و پیلانگێڕی و هۆی شەڕهەڵگیرساندنی

لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتا تەفروتونــا کــرد، لاشــەی خایــەن و میللــەت فرۆشــە بــێ شــەڕەفەکانی لــە شــەقامەکانی پایتەختــا وەک ســەگی تۆپێــنراو ڕاکێشــا و جلــەوی میللەتــی نایــە دەســت ڕۆڵــە جگەرســۆزەکانیەوە و پشــتی نۆکــەر و داتاشراوەکانــی شــکاند. ئیــتر جەژنتــان پیرۆزبــێ! مــوژدەی ئــازادی وسەربەســتی و بەختیــاری و کامەرانیتــان ئەدەینــێ، ئــەی چینــی هــەژار ئیمــڕۆ جەژنــی ئێوەیــە، جەژنــی گەلــە، جەژنــی هەمــوو ئەندامێکــی پــاک و بەشــەڕەفە، ئیــتر بــۆ پێشــەوە.. لەرێــگای گەیشــتن بــە ئامانجــە پیرۆزەکانتــان. هــەر بــژی برایەتــی نەپســاوەی کــورد و عــەرەب.

خەڵکەکە:

بژی، بژی، بژی..

دەســتی ئەکرێتــەوە بــە چەپڵەرێــزان و هــاوار کــردن، خەڵکەکــە وردە وردە بــە شــەقامەکەدا ئــەڕۆن و پاشــماوەیەکی زۆر لــە کۆرێتــی پیرەبــاب دوور ئەکەونــەوە و لــەو ســەری شــەقامەکەدا ون ئەبــن. پیرەبــاب و ســمەو هەمیــن بــە گوشــادی و سەرســوڕمانێکەوە حەپەســاون و ســەیری یەکــتری ئەکــەن و پــێ ئەکەنــن، ئەنجــا پیرەبــاب دەســتیان لــە مــل ئــەکا و بــە جــووت ناوچاوانیــان مــاچ ئــەکا و چەنــد فرمێســکێک بــە ڕوومەتــە چرچەکانیــا دێتــە خــوار و پــەردە دائەدرێتــەوە.

پەردە.

**بەشی دووەم**

پاش چەند مانگێک

(سمە و هەمین و پیرەباب لە ماڵەوەن. سمە لە دیمەن و ڕوویا وا دیارە کە ئێستە هاتووەتەوە ماڵەوە).

**سمە:** (بە خەندەییەکەوە):

بابە مزگێنی بێ!

**پیرەباب:** (بەهەستێکی باوکانەوە):

چییە و دیسان سمە گیان!؟

**سمە:**

باوکە ئیمڕۆ بانگیان ڕاهێشت کە کۆماری کۆرپەی خۆشەویستمان داوای لە گەل کردووە دەستی یارمەتی بو خوشک و هەژارەکانیان درێژ بکەن و هەتا وەکو ئەم نەگبەتی و چەرمەسەرییە لە بنەڕەتا چار ئەکەن ئەوا جارەکی هەفتەی یاریدەدان و باربۆکردنی زوستانی هەژار و لێقەوماوان پێک ئەهێنن.

**پیرەباب:** (بەخەندەیەکەوە) :

ئێی، چۆن؟

**سمە:**

واتا هەرکەس بەپێی توانا و ئارەزووی خۆیەوە پارە و شتوومەک ئەبەخشی و بەسەر ئێمە و هاوتاکانمانی دابەش ئەکەن.

**پیرەباب:** (بەپێکەنینەوە):

کوڕە هەر بژی جەمهورییەت، بەخوا خەڵکەکەش دڵ و دەروونیان گۆڕاوە و بە ڕەحم و دڵ نەرم بوون. بەڕاستی ئەو ڕۆژەی زۆر بە گەرمییەوە چاوەڕوانی بووم ئەوا هاتە دی و هەر

بەخێـر بێـت، وا ئێمـەش لـە سـایەی جەمهورییەتـەوە لـە سـەرما و سـۆڵەی زوسـتانی ئەمسـاڵ ڕزگار ئەبیـن، ئیـتر وەرن بـا پێکمانـەوە هـەر هـاوار کەیـن و بڵێیـن: هـەر بژیـت جەمهوریـەت.

سمە و **هەمین:** (پڕ بەدڵ)

بژیت، بژیت، با بژیت!

**پیرەباب و هەمین:**

بژیت.. با بژیت.. بابژیت!

**هەمین:** (بە دەنگێکی ناسک و بەسۆزەوە):

بژیت ئاشتی لە جیهانا.

**سمە و پیرەباب** (دەستی یەک ئەگرن و هەر سێیان ئەگێڕنەوە).

بژی، با بژیت. با بژی.. بژیت..

(پەردە)

# وانیە، بەڵام با وا بێ!

پێشکەش بەو بووک و زاوا دڵسۆزانە بێ کە لە ڕێگای دڵداریی و خۆشەویستیانا هەزارەها کۆسپ و تەگەرەیان بڕیوە و لە ژینی خێزانیانا زۆرەها "بەکرۆکە" ئەبەزێنن!

**پەردەی یەکەم**

**شوێن:** ژوورێک لە ماڵی نورەدین ئاغا

**کات:** ئێوارەیەکی سەردەمی پاییزە.

ئاغاژن کراسێکی ڕەشی گوڵ سپی و کەوایەکی خامەیەکی مۆر لەبەرا و سەرو کڵاوێکی زێڕ بە چۆچە و کرمۆکە و بلبلەوە لەسەرا، بازن و گۆ لە مەچەکا و جووتە حجیلەک لەپێدا، لە نزیک دەرگاوە نیشتۆتە بەر سەماوەریی هەشتی و خەریکی چایی و قاوە کردنە. گوڵاڵە، کچی گەورەی لەدەستە چۆپییەوە دانیشتووە، کیژێکی باڵابەرزی قەد باریک و پەرچەم ڕەشی چاو بەڵەکە. کەمێ زەردایی سپات لە ڕووی سپی و بێگەردیا هێندە نیگا شیرین

و دڵگــری کــردووە بــە وێنــەی ڕۆژی گــەش ئەدرەوشــێتەوە. کراســێکی ئاودامێــن تەنکــی لەبەرایــە و ســوخمەیەکی گــوڵ گوڵــی بریقــەداری بەســەرا کــردوووە و گوڵەبەرۆکێکــی پێــوە دووروواوە، لــە تەنیشــتیەوە گەلاوێــژی دەستەخوشــکی دانیشــتووە کــە لەتــەک ماڵــی پووریــا بــە مێوانــی هاتــوون. لــەو بــەرەوە پــوورە فاتمەخــان و شــانازی کچــی و خونچــەی هاوســێیان دانیشــتوون. هەموویــان جــل و بەرگــی کــوردی هەمەرەنگیــان لەبەرایــە. لــە دەســتە ڕاســتی ئاغاژنــەوە، لەســەر مێزێــکا ڕادیۆیییــەک بــە بەرگێکــی ســپی نەخشــێنراوا داپــۆشراوە، پەنجــەرەکان کراونەتــەوە و پــەردەکان هەڵدڕاونەتــەوە.. کزەباییەکــی فێنــک دێتــە ژوورەوە.

**ئاغاژن:** (بەرووخۆشی و بەدەم قاوە تێکردنا)

وەی، فاتمــە خــان یاخــوا بەخێربێــن، بەســەری پێغەمبــەر هێنــدە یــادی ئێوەمــان ئەکــرد هــەر ئەمانــوت ئــەوە ئەبــێ بــۆ دیــار نەبــن؟“ توخــوا ڕۆڵــە (ڕوو ئەکاتــە گوڵاڵــە) لــەم ڕۆژانــە چەنــد باســمان کــردوون؟

**گوڵاڵە:** (بە خەندەییەکەوە)

یاخــوا بەخێربێــن ســەرچاوان، وەی ئــەرێ بەخــوا چاومــان هــەر بەڕێوەتــان بــوو. دایکــم هــەردەم ناوتانــی لەســەر زارا بــوو..

**فاتمە خان:** (ئەگرژێتەوە):

خــوا تێکــی نــەدا، یاخــوا بــە خــدری زینــدە، ئێمــەش ئــەو چەنــد ڕۆژە هــەر پێــوە بوویــن ســەرێکتان لــێ بدەیــن، بــەڵام ڕێــک نــە ئەکــەوت و ڕێــک نــە ئەکــەوت.

**گوڵاڵــە:** (دوای ئەمــە کــە قاوەیــان لەبــەر دائەنــێ و چوکلاتیــان پێشــکەش ئــەکا، بەخەنــدەوە)

ڕەنگە ڕۆژێ هەر خەریکی تەون و نەخش و دوورمان بووبن!

**شاناز:** (لێوی خۆی وەرئەگێڕێ)

ئە..وو – ئەدیی.

**فاتمەخان:** (هەڵئەداتێ)

نـا بـە خـوای، کچـم، لـە کـوێ؟ (پـاش کڕبوونێـک) ئـەدی ئـەوە ڕەنگـە هـەر دانیشـن خۆیـان بـەو شـتانەوە خەریـک کـەن!

**گەلاوێژ** (بە بێزەوە)

ئەوجا کێ ئیمڕۆ خۆی بەو تەرحە شتانەوە ماندوو ئەکا؟

**گوڵاڵە:** (بە پێکەنینەوە)

ئینجا بۆ؟ گوایا چی تیا بەستەیە؟

**فاتمەخان** (فنجانەکە ئەخاتەوە سەر ژێرەکەی- بە گورجی)

ڕۆڵـە، بەخـوا هیـچ.. خۆزیـا ئێسـتە ڕێـمان هەبوایـە پێـمان بکرایـە.. بـەلام ئەڵێـی چـی؟ ئـەرێ خەڵکـی ئـەم زەمانەیـە هەنـدە بایـی بوونـە و لـە خۆیـان گـۆڕاون نەبێتـەوە!

**شاناز:** (بە فێزەوە)

ئەنجـا ئـەوە بـۆ ئەمـە لـە خۆگۆڕانـە! ئـەو نەخـش و دورمانـەی تـۆ دە ڕۆژی پێـوە خەریـک ئەبـی بـە (مەکینـە) هەمـووی بـە دینارێـک پێـک دێ و زۆر لـە دەسـتکار باشـتر و پووختەتریشـە.

**فاتمەخان** (بەکزییەوە)

ئاخر نازانی، بەرخم، هەتا ئەو دینارە پەیدا ئەکرێ.

**ئاغاژن:** (ئەیەوێ باسەکە بگۆڕێ)

ئێستە پێتان نەوتین ئەو ماوەیە بۆ دیار نەبوون؟

**فاتمەخان** (نەختێ گەش ئەبێتەوە)

ئەمـەی ڕاسـتی بـێ، ئاغـاژن، خۆتـان ئەیزانـن، لـەم ڕۆژانـەدا، ماشـەللا، میوانیـی ئەمەنـدە لەبـاوە ئەگـەر هـەر ئێوارەیـەک بـۆ ماڵێـک و شـەویش بـۆ شـوێنێکی تـر بچیـت ئـەوە ئینجـا بـە

تــەواوی پــێ ڕاناگەیــت و بــەر هەمــووان هــەر ناکەویــت.. زۆران دۆســت و ناسـیاوی وەک ئێــوە ئــاوا گلەیــی ئەکــەن.

**ئاغاژن:** (بەتەوسەوە)

ئا.. دە باشە، باش. وا دیارە زۆر ئەگەڕێن!

**فاتمەخان** (بێ باک):

کچــێ بــۆ ناگەڕێیــن؟ ئــەدی چییــە؟ تۆخــوا دونیـا هەنــدە ئەهێنــێ خۆتــی بــۆ لــە کونــی ژوورەوە بشــاریتەوە و بایەکیشــت لــێ نــەدا؟ ئــەرێ بــە (حەزرەتــی غــەوس) ئەگــەر لەبــەر منداڵــەکان و باوکــی شــاناز نەبوایــە، بــە قیســی شــەوانیش بەمــاڵ نەئەکەوتمــەوە.

**شاناز** (بەشەرمەوە)

وەیڕۆ، کچی دایە!

**فاتمەخان:** (بەتەوسەوە):

کچــێ دەی دەی، کچــم خــۆ چ عەیبــە و شــوورەیی نییــە، لــەوە خۆشــتر هەیــە بــۆت دەســت بــدا، هەمیشــە خــزم و کــەس و دۆســت و دراوســێی خــۆت بەســەربکەیتەوە و هــەر ڕۆژە لــە ماڵێــکا، لەگــەڵ جــۆرە کەســێکا بەیەکــەوە ڕای بوێــرن.

**گەلاوێژ:** (بە دەنگێکی قەڵەوا)

کچــێ، بەخــوا پــوورم ڕاســتە، ئــەدی چییــە هــەر خــۆت حەپــس کەیــت؟ هەنــدە لــە ماڵــەوە خەڵــک هــەر ئێســتاش هەڵدێــن.

**ئاغا ژن:** (بەماناوە)

بەتاییەتی بۆ کچی عازەب، ئەگەر..

(گوڵاڵە فنجانەکان کۆ ئەکاتەوە لای دایکی دایان ئەنێ).

**فاتمەخان** (سەیرێکی شاناز و کچەکانی تر ئەکا):

ئەگــەر گــەورە کــچ خــۆی کــرد بــە مجێــوری ماڵــەوە، ئــەوا وەک

ئـەو گوڵـە گەشـە ناسـک و بۆنـدارەی لـە چـۆل و بیابانێـکا وایـە کـە سـیس ئەبـێ و هەڵئـەوەرێ بـێ ئـەوەی هیـچ کـەس بیبنـی یـا بۆنـی بـکات.

**خونچە** (کە تا ئێستا بێدەنگ بوو لەپڕ):

ئەمـە ڕاسـتە فاتمەخـان، بـەڵام کـوڕ و جحێڵـی ئـەم زەمانـە ئەمەنـدە چـاو لـەدەر و بـێ شـەرمن کـە ..

**گەلاوێژ** (بە پێکەنینەوە)

ژنیش بە ناشکوری ناڵێم هەندە بە قسەو قسەرۆکن.

**خونچە** (تەواوی ئەکا):

کچێ عازەب خۆ ڕەنگ نییە هەر خۆی بەدەرخات!

**شاناز:** (دوای کڕبوونێک)

راسـتە بابـە ئـەو خەڵکـە وا نەگـۆڕاوە خـۆش بێتـەوە، هەرچـی هەیـە ئـەوا دەمـی داپچڕیـوە و یـەک بسـت زمانـی دەرهێنـاوە!

**ئاغاژن:** (چای تێ ئەکا):

چۆن؟ تێناگەم، ئەبێ شتێک قەومابێ!

**گەلاوێژ** (سەیرێکی خونچە ئەکا):

کچـێ ئـەدی خونچـەی بەسـتەزمان چـی کردبـوو ئـەو هەمـوو دەهۆڵەیـان بـۆ کوتـا؟

**گوڵاڵـە** (چاییـان بـۆ دائەنـێ و کیـک و بسـکوێت پێشـکەش ئـەکا و ئەگەڕێتـەوە شـوێنی خـۆی دائەنیشـێ):

ئـەرێ بەڕاسـت، ئـەوە چـی بـوو؟ ئێمـەش شـتێکی ئاوامـان بەرگـوێ کـەوت؟

**گەلاوێژ:**

وای لێهاتـووە کچـی عـازەب، بگـرە دایکـی گـەورە کچیـش بـۆ

ماڵێــکا نەچــن کــوڕی عازەبیــان هەبــێ.

**ئاغاژن:**

ئێی، ئەنجا ئەوە چۆن بوو؟

**شاناز:** (بسکویت ئەخوا):

ئــەی دنیایــان بــە درۆ پــڕ نەکــرد گوایــە خونچــە حــەزی لــە (حەســەنەفەندی) کــردووە؟

**خونچە** (بەگرژییەوە):

وەی ڕوویان ڕەش بێ، پف! چ حەدد و ڕایەکیان ئەکەوێ.

**ئاغاژن:**

ئەو حەسەنەفەندییە کێیە؟

**فاتمەخان:** (بە فیزەوە):

کچێ حەسەنەفەندی کوڕی یا ڕابی. کوو، نای ناسیت؟

**ئاغاژن:** (لەسەرەخۆ)

چ کارەیە؟

**خونچە** (بەتەوسەوە):

کچــێ خۆرکــی لێکــەوێ کەچــە ئەفەندیلۆکەیــە، چییــە؟ موعەلیمــی گوندانــە. ئەنجــا ئــەوە چییــە توخــوا هەتــا خەڵــک بێــزی بــێ هــەر باسیشــی بــکات!

**گوڵاڵە** (نەختێ گرژە):

ئەنجا موعەلیمی گوندان بۆ (کەچە ئەفەندیلۆکەیە؟)

**فاتمەخان** (بەتەوسەوە):

نــە بەخــوا کچــم بــۆ؟ چونکــە مانگــێ مســتە پارەیــەک وەرئەگــرێ؟ کەچــە بــێ و کەچــە نەبــێ، بەخــوا چ عەیبــی نییــە و بەختــم چــاک، چاکــە.

**ئاغاژن:**

باشە، ئەجا ئەو بەند و بالۆرەیە لە چییەوە هات؟

**شاناز** (پارچە کێکێی لەدەستایە، ئەیخوا):

رەشـــیدەفەندی ژنـــی ئەگواســـتەوە، ســـێ ڕۆژ و ســـێ شـــەوان ئاهەنـــگ و شـــایی و ڕەشـــبەڵەک بـــوو. جارێکیـــان لـــە چۆپیەکـــەدا حەســـەنەفەندی ئەچێتـــە دەســـتی خونچـــەوە.

**خونچە** (هەڵئەداتێ):

ئاخـــر ڕەشـــیدەفەندی خزمـــی خۆمانـــە، ئەبێتـــە ئامـــۆزای خانـــەی کچـــی پـــووری خاڵۆژنـــم.

**فاتمەخان** (بەگورجی)

خزمێکی ئێجگار نزیک

(پارچە کێکێک ئەخوا).

**ئاغاژن:**

ئەرێ خانە ئێستە چۆنە و لە چیدایە، خونچەخان؟

**خونچە:**

زۆر باشـــە. ماشـــەللا بەروماڵێکـــی هەیـــە چـــاوی کوێـــری پـــێ ڕوون ئەبێتـــەوە. دوو هـــۆدەی ســـپی، یەکێکـــی پـــڕ لـــە تەخـــت و قەنەفـــە، ئـــەوی تریـــان پـــڕ لـــە ڕایـــاخ و مافـــووری کاشـــانە، هەیـــوان و کەڵەگـــی و حەوشـــەیەکی گـــەورە، ئـــەو هەمـــوو شتوومەکەشـــیان هەیـــە هیـــچ شـــتێکی تـــازە دەرناچـــێ کـــە نەیکـــڕن.

**گوڵاڵە:**

ئەنجـــا ئـــەوە چـــۆن دەری ئەهێنـــێ، خـــۆ مووچـــەی مێردەکـــەی هەنـــدە نییـــە؟

**فاتمەخان** (هەڵئەداتێ):

ڕۆڵــە، بــۆ دەری ناهێنــێ؟ خــۆ پــارە نــادات. هەمــوو شــتێ ئەمــڕۆ نەبووەتــە (قیســت)؟

**ئاغاژن:**

ئەی ئەم (قیست)ە پارەی پێ ناوێ؟

**گوڵاڵە:**

چۆن پارەی پێویست نییە؟ وەختا بڵێم دوو قات ئەوەستێ.

**فاتمەخان:**

راســتە، بــەڵام ئێســتەش هــەر قازانجــە. کــوا مانــگ بــە مانــگ شــتێکی کــەم بدەیــت کــە هــەر پێوەیشــی دیــار نابــێ و کــوا هەمــوو پارەکــە لەســەریەک بژمێریــت؟

**شاناز** (بەناز):

هەرچۆنــێ بێــت ئەگــەر قــەرد و ئەگــەر نەخــت، خانــە خــوا دەرگای لێکردۆتــەوە و لــە خۆشــیدایە.

**ئاغاژن:**

ئــۆهـ لێــی تێــک نەچــێ، بــە کاک ئەحمــەدی شــێخ زۆر حــەزم کــرد چونکــە خانــە ئێجــگار ئافرەتێکــی بــاش و بێدەنــگ و خــزم دۆســتە.

**فاتمەخان** (بەتەوسەوە):

کچــێ کــوا لــە خۆشــیدایە کچــم؟ ئەمــە کــەی خۆشــی وا ئەبــێ؟ بــەو قورئانــەی بــە خــەڵات بــۆ پێغەمبــەر هاتۆتــە خــوار، هەنــدە وشــک و قرچۆکــە هــەر ناجووڵێتــەوە نــەکا برســی بێــت. بــۆ ڕۆژێ ســەر بــە ماڵێــکا ئــەکا، یــا ســەد کــەس ڕووی تــێ ئــەکا پوولێکــی لــێ هەڵئــەوەرێ! پــف! تخــوا بەمانــەش ئەڵێــن (ژن)! بــۆ چــما مناڵەکانــی خــۆی تێــر ئــەکا، یــا مێردەکــەی خــۆی پــێ خزمــەت ئەکرێــت؟

**گوڵاڵە** (سەری سوڕماوە):

ئەنجا کەس ماڵی خۆی بەشیوەتەوە؟ دوایی، بخوا، نەخوا کە خراپە و زیانی بۆ کەس نەبێ، کێ چی پێدایە؟

**فاتمەخان:** (ئەگرژێتەوە):

وەی توخوا گوڵاڵەخان، ئەمە چۆن وا ئەڵێیت! پەکوو ئەی ماڵی دونیا ئەگەر بۆ دونیا نەبێ بۆچی باشە؟

**گەلاوێژ** (لێوی خۆی با ئەدا):

هەروەک ئەڵێن (ماڵی نەخۆری بۆ چەکمە بۆری).

**خونچە** (بە فیزەوە):

توخوا ئەگەر باسی ئەو تەرزانە بکەن! خۆ خزمی خۆمیشە، بەڵام ئەو نەدیتکە و ناکەس بەچانە کەی ماڵی خۆیان بە قوڕگا ئەچێ، وەکێ خێرێکیان لێ ئەبینێ؟ ئۆهـ، بە قوربانی خوابم، ئەو تەحرانەش ئەکاتە خاوەن ماڵ و مێردا!

**گەلاوێژ** (بە گەرمی):

ئەشەدەم باللە!

**خونچە** (درێژەی پێ ئەدا):

ئەجا ئەو چاوپانانە خۆیان هەیە هەتا چاکەیان پێ بکرێ. بڕۆ سەیری ئەو بەرماڵەیان بکە بزانە قەت هیچی لەسەر هیچایە؟ بەم زادەی ئەمەکمان کردووە، هەندە تەمبەل و تسخنە ئەوەی بۆی دێتەوە ماڵەوەش پێی بە عەمایەت نایە. حەرام بێ (لێوی خۆی وەرئەگێڕێ). ئەو پاشۆل بە میزانە نازانم چۆن لەماڵ و مێردان ئەحەوێنەوە؟ ئۆهـ، لەبەر ئەو پیاوانەش کە بەم (ژنۆکانە) ڕازی ئەبن!؟

**فاتمەخان** (بەساردیی)

ڕۆڵــە، ئەمانــە بەختوباڵیــان قایمــە. لەدەســت عەبدانــدا نیــە، خــوا بەختــی ئەســتوور کــردوون.

**گوڵاڵە** (لە مەراقانا ئەگرژێتەوە):

ئێســتا تــۆ بــی خــوا، ئــەو بەســتەزمانە لەماڵــی خۆیــا، ئەگــەر خراپــەی کەســی نەبــێ، ئێــوە بــۆ پەســت ئەبــن و دڵــی خۆتانــی پێــوە تەنــگ ئەکــەن؟

**فاتمەخان** (بەفێزەوە):

پــەح! ئەوجــا ڕۆڵــە، بــۆ خەمــی لــێ ئەخۆیــن! ئێمــە چاکــە و مرووەتــی ئەوەمــان ئەوێــت، ئەڵێیــن بەڵکــە نەختــێ کاری تــێ ئــەکا و بۆخــۆی ئەبــێ بــە "ژن" ئەگینــا، هــەلا هەلابێــت، چــما بێزمــان ئەهێنــێ هــەر ناویشــی بێنیــن؟

**ئاغاژن:** (پێئەکەنێ):

ئێســتە ئەمــەی پــێ نــاوێ! بــا بێینــەوە ســەر باســەکەی خۆمــان، ئێــی، خونچەخــان، ئینجــا ئــەو ڕۆژەی چوونــە ســەر شایی ڕەشیدەفەندی؟

**خونچە** (هەناسەیەک هەڵئەکێشێ):

ئەنجــا ئــەو ڕۆژە (ڕوو ئەکاتــە گوڵاڵــە) ئــەوە نەبــوو هاتــم زێڕەکانــی تــۆم خواســتەوە؟

**گوڵاڵە** (بەهەوەسەوە):

ئــەو ڕۆژە کــە (گەردەنــە و گۆبــەرۆک و عاشــق بەنــد و پشــتێنەکەمت) خواستەوە؟

**خونچە** (نەختێ بەشەرمەوە):

ئــاە، ئــەو ڕۆژە لەگــەڵ خاڵۆژنــم و کچەکانــی گەرەکمانــا چوویــن بــۆ ســەر شــایی ڕەشــیدەفەندی. شــاییەکە لــە ژن و لــە پیــاو مۆنجــەی ئەهــات! ئاخــر ڕەشــبەڵەک بــوو. ئێمــەش تەپێکــمان پێــدادا. بــە

ڕێکـــەوت مـــن کەوتمـــە دەســـتی حەســـەنەفەندی (بـــە حەزرەتـــی ڕەســـول اللـــە) هەتـــا نـــەش هاتینـــە دەرەوە هـــەر نەمزانـــی لـــە دەســـت کێـــش دام؟

(گوڵاڵە ئیستکانەکان ئەهێنێتەوە لای دایکی، دائەنیشتەوە).

**ئاغاژن:** (بەگەرمی)

ئێی! ئەنجا ئەمە چی تیا بەستەیە؟

**شاناز:** (بەخێرایی)

دوای ئەو ڕۆژە سێ چوار جاریش چووەتە ماڵی حەسەنەفەندی.

**خونچە** (بەتوڕەیی):

دوو جار، دوو.

**شاناز** (بە توندی):

سێ جار.

**خونچە** (پەستە):

ئـــەرێ ئـــەوە بـــۆ هەنـــدە نەبـــاوەڕن؟ ئاخـــر هـــەر ئـــاوا شـــتی بچـــووک گـــەورە ئەکـــەن. (بـــە دەنگێکـــی بـــەرز) دەنـــا بـــە (غەوســـی خاکـــی بەغـــدا) لـــەو ڕۆژەوە دووجـــار زیاتـــر چـــاوم بـــەو ماڵـــە نەکەوتووەتـــەوە! دەی

(ئاغـــاژن چایـــی تێئـــەکا و گوڵاڵـــە دیســـانەوە بۆیانـــی دائەنـــێ و ئەگەڕێتـــەوە شـــوێنەکەی).

**ئاغاژن:**

ئێ هەر ئەمەندە؟

**گەلاوێژ** (بەماناوە):

ئـــەرێ بەخـــوای، ئاغـــاژن، هـــەر ئەمەنـــدە چەنـــد جارێکیـــش بـــە زمانـــی ســـووتاوی لای چەنـــد کەســـێکا باســـی حەســـەنەفەندی کـــردووە

و گوتوویەتـی کوڕێکـی بـاش و گفتولوفـت خۆشـەو لاوێکـی قـۆز و بـە دڵـە!

**خونچە** (ئاخێک هەڵئەکێشێ):

ئەنجـا توخـوا ئەمـە چـی تیایـە؟ (پـاش کڕبوونێـک): ئـەرێ وەڵـلا ئێسـتاش ئەڵێـم بـە بـرام بـێ کوڕێکـی هەنـدە بـاش و قسـە خـۆش و بەدڵـە، هەنـدە پیـاوە نەبێتـەوە. ئـەو ڕۆژەی هەتـا ڕۆیشـتووین ئـەو هـەر بەخێرهاتنـی کردوویـن و گوتوویـە" "بەخێربێـن، سـەری هەردووچـاوم، گەورەتـان کردیـن" لـە دواییـدا ناردوویەتـی ئـەو هەمـوو مێوەجاتـەی بـۆ کڕیویـن و چەنـد جـار بەدایکـی وتـووە کـە بـۆ ئێـوارەش (ئیزنمـان) نـەدات.

**فاتمەخان** (پیالە ئەخاتەوە سەر ژێرەکەی):

بابە، خوا لێم هەڵناگرێ، کوڕێکی باش و زۆر بەدڵە.

**گەلاوێژ:**

وەی ئـەرێ ئەهـا بـە هەقـی خـوای ئەوەنـدە کوڕێکـی چاوتێـرە نەبێتـەوە. ئـەو ڕۆژە لـە بەغـداوە هاتبـۆوە، ئـەو هەمـوو شـتوومەکەی بەدیـاری بـۆ دایـک و خوشـکەکانی و بـە قیسـی بووکەشووشـە و پەپەجانشـی بـۆ خوارزاکانـی هێنابـوو.

**شاناز** (بەتەوسەوە):

دینـم هەقـە وایـە، خەڵـک بـۆ خـوا بڵـێ، حەسـەنەفەندی وەک ئـەو ئەفەندیکۆکـە دان لـە سـنگ هاتووانـە نییـە کـە کـەس خێـری پوولەکیـان لێـوە نابینـێ.

**گوڵاڵە** (دڵخۆش نییە):

کام ئەفەندی دان لە سنگ هاتوو؟

**شاناز** (بە حیلکەحیلکەوە):

کچێ، با کەس نا باسی مامۆستا قادری خۆمان بکەین.

گوڵاڵە (ڕائەچەنێ. بە نەرمی)

مامۆستا قادر کێیە؟

**شاناز:**

پوورزای گەلاوێژ.

**گوڵاڵە** (بە دەنگێکی بە سۆز):

ئێ! ئەنجا مامۆستا قادر دان لە سنگ هاتووە؟

**شاناز:**

هـوو! ئـەرێ بـەو پێغەمبـەرەی هەنـد وشـک و قرچۆکـە هەتـا هەنـدی دی. ئەمـە گەلاوێـژی پـوورزای، سـەدجار چووبێتـە شـار و مەملەکەتـان، چـما جارێکیـان کراسـێک، پشـتە کەوایـەک، سـەعاتێک و یـا جووتـە سـۆڵێکی بـۆ هێنـاوە؟ قـەت سـەرەمانگێک (پێنـج دینارێکـی) لەدەسـت نـاوە؟ لای خـۆی مودیـری سـانەوییە و مسـتەپارەیەکی وەرئەگـرێ.

**ئاغاژن** (بەتەوسەوە):

چـۆن، گەلاوێژخـان، پـوورزات هیچـت بـۆ نـاکا؟ کـوو، توخـوا پارەشـت ناداتـێ؟

**گەلاوێژ** (بەبێزەوە):

پـاح! نـا بەوخوایـەی ئاغـاژن، کچـێ لـە کـوێ ئـەو تەرزانـە چیـان لـێ هەڵئـەوەرێ؟

**خونچە** (بەتەوسەوە):

هەرناوە ناو نەبێ یەکدوو دیناری ئەداتێ.

**گەلاوێژ** (بێ باک):

ئەنجـا ئـەوە چییـە؟ بـە سـێ مانـگ جارێـک ئەگـەر بـە هـەزار نـاری عەلـی و بـە زۆر دوو سـێ دینـاری لـێ بسـێنم. ئەمـە لەجیاتـی ئـەوەی هەمـوو سـەرەمانگێک هیـچ نەبـا هـەر نیـوەی معاشـەکەی لـە مسـتی مـن بکردابایـە.

**گوڵاڵە** (بە ماناوە):

ئـەی باوکـت گەلاوێژخـان؟ (ئیسـتکانەکان کۆئەکاتـەوە و لەگـەڵ سـەماوەرەکە بەلایـان ئەنێتـە سـووچێکەوە).

**گەلاوێژ** (بە پێکەنینەوە):

ئەنجـا بـاوک باوکـە و پـوورزا پوورزایـە، سـت گوڵاڵـە، ئـێ هەردووکیانیـش دیـارە و جیایـە.

**ئاغاژن:** (لەبەرخۆیەوە):

ئەی باشە، ئەو پارەیەی چی لێ ئەکا؟

**فاتمەخان** (بە توندی):

چـی لـێ ئـەکا؟ ئـەوەی ئەیکاتـە دەمـی بـاوک و بـاوەژن و زڕ خوشـک و براکانیـەوە و ئـەوەی ئەمێنێتـەوەش کـەس نازانـێ لـە کـوێ تەقەتـی ئـەکات؟ ئێسـتا ڕەنگـە هەنـدی جووەکـی هەبـێ!

**گوڵاڵە** (بە گوشادی):

کەواتە یارمەتی باوک و ماڵەوەیان ئەدات!

**فاتمەخان** (بەگرژی):

حـەو و! ئـەرێ بـە (خـدری زینـدە) بـۆ ئـەوان وەک هیـچ کـەس نەڕمـاوە! پیـرۆزە و مناڵەکانـی لافـی ئاغایـان لـێ ئـەدەن! کچـێ خـۆ پوولێکیـان پێـوە نەهێشـتووە و لەبـەر ئـەوان قادرەفەنـدی هەتـا ئـاوا بـێ قـەت نابـێ بـە هیـچ!

**گوڵاڵە** (ڕووخۆشە):

چـی تیـا بەسـتەیە، ئـەی خەڵـک بـۆ دایـک و باوکـی خـۆی نەبـێ بـۆ کـێ بـێ؟

**فاتمەخان:**

راسـتە، گوڵاڵەخـان، بـەڵام ئەگـەر ئەتزانـی لەدەسـت ئـەو بـاوک و زڕدایکـەدا ئـەو کـوڕە لـە چ (ڕەزاڵـەت) و دەردەسـەری و هەژاریـی و ناخۆشـیەکا پێگەییـوە!

**گوڵاڵە** (بە شانازی):

ئەنجـا هـەژاری و نەبوونـی عەیـب نییـە، ئەگـەر بەوهۆیـەوە زۆر ئـازار و ناسـووری تـووش هاتبـێ، یـا بـاوک و باوەژنـی، بەهـۆی دەس کورتـی و نەخوێنـدەواری و نەزانینـی خۆیانـەوە لەگەڵیـا بـاش نەبووبـن، ئـەوە جێگـەی شـانازییە، بگـرە پێویسـتە لەسـەری کـە ئـەو بۆیـان چـاک بـێ و هەتـا هەتایـە نابـێ دڵیـان بڕەنجێنـێ. هیـچ منەتیشـی تیـا نییـە کـە خوشـک و بـرای خـۆی بەخێـو ئـەکات.. خـۆ بێگانـە نیـن.

**فاتمەخان** (بەرۆشەوە):

کچـێ ئاخێـر، ڕووتیـان کردۆتـەوە، نـە ئەهێڵـن ببێتـە خـاوەن پووڵێکـی خـۆی، نـە ئەیەڵـن ژنـی پـێ بێنێـت. (پەسـتە): دەی دەی، توخـوا دەبـا ئـاوای لـێ بکـەن، (دوای کڕبوونێـک) باشـە، هەمـوو سـووچ و خەتـا لەخۆیەتـی، کـەس خـۆ بـە تۆبـزی لێـی ناسـەنێ! حەیفـە؟ تـا ئەمـرێ هـەر ئـاوا ڕووت و ڕەبـەن نەبـێ!

**ئاغاژن:**

ئەی وتیان (نازاداری) خاڵۆزای هێناوە؟

**خونچە:**

نـە بەخـوا، کچـێ بیسـت کـچ زیاتـر خـۆی بـۆ دانـاوە، هەتـا ئێسـتا نـاوی چەنـد کەسانێکیشـیان لـێ هێنـاوە.

**گوڵاڵە** (بۆ فاتمەخان):

ئەی بۆ وتت ئەوەندەی جووەکی هەیە؟

**ئاغاژن** (لەسەرەخۆ بۆ گوڵاڵە):

ڕۆڵە، گوڵاڵە!

**فاتمەخان** (تێک ئەچێ):

ئـەدی بڵێـم چـی نازانـم؟ ئـەرێ کابـرا بـۆ وا نـاکا؟ هەرچـی ڕاسـت بـۆوە لەسـایەی سـێبەرا کۆڵـە مەعاشـێک وەرئەگـرێ، ئاخـر مانـگ چییـە هـەر بۆخـۆی دێ و ئـەڕوات!

**ئاغاژن** (گرژە):

وەی توخـوا ئەگـەر وابڵێیـت، فاتمەخـان، تـۆ ئەزانـی هەتـا پـێ ئەگـەن و معاشـوکەکی ئەپچڕێنـن چـۆن ئـاوی چاویـان دێ و چ ئـەرک و ڕەنجێـک ئەکێشـن! خوێنـی خۆیانـە.

**فاتمەخان:** (بەشەرمەوە):

خـوا کوێـرم کات، مەبەسـم لـە سـت گوڵاڵـە نییـە، ئەزانـم ئـەم چەنـدی پێـوە مانـدوو بـووە، ئـێ کـوڕان خـۆ هەنـدە گـران نیـە، ئاغـاژن، هـەر بەچـاو نوقانێـک ئەگەنـێ، ئێسـتا ئـێ ئەوتـۆ معاشـی وەرئەگـرن، (دەنگـی بـەرز ئەکاتـەوە): ئـەرێ، ئەوانـە و ئـی وەک حەسـەنەفەندی حکومـەت نازانـم چـۆن ئـەو پارەوپوولـە جوانەیـان ئەداتـێ؟

**ئاغاژن** (پێئەکەنێ):

هـا. هـا. ئەهـا! دەبـا بێینـەوە سـەر باسـەکەی خونچـە و حەسـەنەفەنی ئـێ؟

**فاتمەخان** (دوای خەندەیەک نەختێ بیر ئەکاتەوە):

ئێــی گیانــت. هــاە! ئەنجــا حەســەنەفەندیش ئــەو (قســەیەی) بیســتووەتەوە.

**گوڵاڵە** (بەشەرمەوە):

ئەویش ئەنجا خوازبینی خونچەی کردووە؟

**شاناز** (لە پڕێکا)

نــە، نــە. حەســەنەفەندی وتوویــە بــۆ ئەمــەی قســەو گۆتەگۆتەکــەی عالــەم ببــڕێ و نیشــانی خەڵکــی بــدا کــە درۆیــە، خونچــە ناخــوازێ. (بەپێکەنینــەوە): ئەهـــم.. گوایـــا ئەگـــەر ئـــەو دەهۆڵەیـــان بـــۆ نەکوترابایــە.. لەوانــە بــوو.

**خونچە** (بەداخەوە):

ئامــان، شــاناز! دەی دەی، دەبــا نەخەڵەتابــێ، ئەنجــا حەســەنەفەندی ســەگی کام بەردەرگایــە؟

**شاناز** (بەتوندی)

بۆ حەسەنەفەندی چی عەیبەکی هەیە، خونچەخان؟

**خونچە** (پەستە):

دە بڕۆ، بڕۆ، تۆخوا چۆن ئەم قسەیە ئەکەیت؟

**شاناز** (بەتەوسەوە):

بۆ؟ ناکا شەرمت پێی بێ؟

**خونچە** (هەر پەستە):

شــەرمم پێــی بــێ و پێــی نەبــێ، توخــوا حەســەنەفەندی ئــی وەیــە خەڵــک بێــزی بــێ هــەر باسیشــی بــکات؟

**گەلاوێژ** (هەڵئەداتێ)

وەیڕۆ، خونچە! ئەمە لە کەیەوە؟

**فاتمەخان** (بەتەوسەوە):

ڕۆڵە، بەخوا ئی دڵی نییە، گاڵەتان لەگەڵ ئەکات!

**خونچە** (زەردهەڵئەگەڕێ):

توو خوا، فاتمەخان ئەتۆش!

**شاناز** (بەبێزەوە):

بابە ئەنجا بۆ گاڵتە ناکات؟ خونچە لای وایە هەر ئەو (خونچەکەی) جارانیش نەماوە!

**گەلاوێژ:**

بەخوا ڕاست ئەکەیت، منیش وام بۆ دەرئەکەوێ! ئای لەو مەکرۆیەی!

**ئاغاژن** (دڵتەنگە):

ئێستا ئەمەی پێناوێت، ئێوە بۆ هەندە قووڵی ئەکەن؟

**گەلاوێژ** (بەتوندی):

نا، نا.. ئاخر چۆن پەست نابین، تو خوا! ئەڵێی هەر ئەو خونچەیەش نییە کە ڕۆژ و شەو هەڵئەستێ و دائەنیشێ هەر بە حەسەنەفەندییەوە هەڵئەخوێنێ و کردوویەتیە وێردی سەر زوبانی!

(گوڵاڵە ترێ و هەرمێ و شووتییان بۆ دائەنێ و دائەنیشێتەوە).

**گوڵاڵە** (بەشەرمەوە):

دەی، دەی توخوا دە ئەم لاپەڕەیە وەرگێڕن (ئەچێ ڕادیۆکە ئەکاتەوە). دەبا بزانین ڕادیۆکە چی ئەڵێ (دەنگی شەماڵ بەرز ئەبێتەوە لە گۆرانی "هەرێ لەیلی" هەموویان بێدەنگ ئەبن، ئەنجا وردە وردە لەگەڵ گۆرانییەکە بە چەپڵە لێدانێکی

ڕێــک و بــە دەنگێکــی تێکــەڵاو ئەکەونــە گۆرانــی وتــن.

**خونچە** (بەخەمباری لە دوای کۆتایی گۆرانییەکە):

ئاخــر گشــتی ســووچی خۆمــە، ڕاســتە ئەڵێــن (هــەر ئەقڵــە لــە خەســارەتێکەوەیە!) منیــش ئەگــەر شــەرمم بەخــۆم بــێ و عــار بێنــم جارێکــی تــر لەگــەڵ ئێــوە نەگەڕێــم، ئــاوا تووشــی ئــەم گێچــەڵ و دەردەســەرییە نایــەم.

**فاتمەخان** (ڕووی گرژ ئەبێ):

ئێمــەش ئەگــەر چــاوەش و دەمەزەنێکــی وەک تــۆ بەگــەڵ خۆمانــا نەدەیــن، ئاوامــان بەســەر نایــەت!

**ئاغاژن** (دڵی خونچە ئەداتەوە):

دەی، دەی کچــم، لــە دڵــی خۆتــی مەگــرە. (بــۆ فاتمەخــان): پێــی نــاوێ فاتمەخــان، توخــوا ئەگــەر..

**خونچە:** (بەدەم هەنسکەوە پەستە):

نــا، ئەتــۆ نازانــی، ئاغــاژن.. دیــارە ئــەوان لــە حەیاچوونــی مــن ئەگەڕێــن، ئەمــە خــۆ یەکەمجــار نییــە، ســەرمان بــە هــەر ماڵێــکا کردبــێ، یــا بــۆ هــەر شــوێنێکا چووبیــن، ئــەوا ئــەم باســەیان کردووەتــەوە و ئــەم زۆڕنایەیــان ژەنیــوە..

**فاتمەخان** (ڕووی گرژتر ئەبێ):

وەی ڕووت ڕەش بــێ، خونچــە، هــەی، تووخــوا لەمــەش تۆبــە؟ کچــم زوڕنــا لێــدان هــەر پیشــەی تۆیــە.. چاوەشــی هــەر لــە ڕەچەڵەکــی ئێــوە ئەوەشــێتەوە. دەک شــەرمەزار بیــت.

**گوڵاڵە** (زۆر دڵتەنگە):

کچــێ تــوو خــوا ئەگــەر ئــەم باســە، نەگــۆڕن! فاتمەخــان، شــاناز خونچــە، گەلاوێــژ، دە فەرمــوون، فەرمــوون نەختــێ مێــوە بخــۆن.

**فاتمەخان** (دەست بە خواردن ئەکا):

ڕۆڵە بە قوربانت بم ئەوجا خۆ کەس چی نەگوتووە.

**شاناز** (لەپڕ):

هەر بۆخۆی دڵی پڕ و لە کوڵە، جا بە هەمووشێ هەڵئەچێ.

**گەلاوێژ** (میوە ئەخوا):

ئینجـــا بـــۆ هەڵئەچـــێ؟ ئێمـــە چـــی بکەیـــن حەســـەنەفەندی نایخوازێـــت؟

**خونچە** (بە ڕقەوە):

ئۆ حەرام بێ! کەواتە ئەوە دیارە (تۆ) ئەخوازێت..

**گەلاوێژ** (لێوەکانی وەرئەگێڕێ):

کـــچ چ حـــەدد و وجوودەکـــت ئەکـــەوێ! حەســـەنەفەنی هـــەر بـــۆ (تـــۆ) باشـــە، بـــۆ تـــۆ.. نەخەڵەتابـــی جارێکـــی تـــر ئەمـــەت لـــە زارا دەرچـــێ.. هـــۆو!

**فاتمەخان** (بەساردیی):

حەسەنەفەندی جارێ هەندەی نەخواردووە..

**خونچە** (بەداخەوە):

ئەگـــەر حەســـەنەفەندی هەنـــدەی نەخواردبـــێ، دەنـــا لەســـایەی خـــواوە کەســـی تریـــش داوای نەکـــردووە.

**فاتمەخان** (پەستە):

ئـــۆوە.. دەی، دەی (ڕوو ئەکاتـــە ئاغـــاژن و گوڵاڵـــە): بـــەو ڕســـق و زەوادەی ئەمەکـــمان کـــردووە ئاغـــاژن، هەراســـانیان کردوویـــن هەنـــدی بنێرنـــە خوازبێنـــی شـــاناز و لـــە دەمیـــان بدەینـــەوە..

(شاناز سوور هەڵئەگەڕێ).

**خونچە** (بەتەوسەوە- لەناکاو):

ئەوە کێ؟

**فاتمەخان** (تۆزێک ڕووخۆشی ئەبێ):

سـەد کـەس (هەرمـێ بـە چەقـۆ لـەت ئـەکا و ئەیخـوا). کێـت بـۆ بژمێـرم؟ خـۆت بـاش ئاگاداریـت چـۆن "دارافەنـدی" لێـمان بۆتـە قیـڕ و بنێشـت و بـە هیـچ بابەتێـک وازمـان لـێ ناهێنـێ! چەندانـی لـە دارافەنـدی بـەرێ و جـێ تریـش زۆرجـار بەبـەر گوێـی باوکـی شـانازیان هەڵاویشـتووە.

**شاناز:** (بە هەردوو دەست خۆی ئەڕنێتەوە):

کچێ دایە بەسە دە ببڕێتەوە.

**ئاغاژن** (بەهەوەسێکەوە):

کام دارافەندی؟

**گوڵاڵە** (بەتەوسەوە شەرم لە ڕوویا دیارە):

رەنگە ئەمیشیان موعەلیمی گوندان بێ!

**فاتمەخان** (بەگەرمی):

نـا بـە خـوای کچـم گونـدی چـی! هـەر لەناوەڕاسـتی شـارایە. مانگـێ مسـتێک پـارە وەرئەگـرێ و هەنـدە هەندەشـی چنـگ ئەکەوێـت.

**ئاغا ژن** (بەزەردەخەنەییەکەوە):

ئەبێ دختۆر بێ!

**فاتمەخان** (قاچ ئەخاتە سەر قاچ):

کچـێ چـی پـی ئەڵێـن! لـە تیلخانەیـە، ئـەو هەمـوو تەلەفـوون و پـوول و و پۆسـتەیەی لەبەردەسـتایە.

**خونچە** (لەپڕێکا):

ئەنجا خۆ نەیویست.

**فاتمەخان** (ئەحەپەسێ):

ئـەو نەیویسـت یـا ئێمـە نەمـان دایـە؟ ڕۆڵـە بـە خـوای دەسـتی تۆشـیان مـاچ ئەکـرد.

**خونچە** (بەهەوەسەوە):

ئـەدی ئـەوە بـۆ دەسـتیان مـاچ نەکـردن؟ ئـەی بـۆ دارافەنـدی لای چەنـدان کـەس وتوویـە کـە تـازە بـە کراسـی بەریشـیا نایەوێـت؟

**گەلاوێژ** (بەتەوسەوە):

وەی خەمـێ! ئەنجـا ئەگـەر نەیویسـت چ بـوو؟ کچـێ دەی دەی، دەبـا هـەر بۆخۆیـان بڵێـن! ئەهـا، قوڕیـش نەخـۆن نایـان دەینـێ.. قـوڕ.

**شاناز** (زۆر پەستە و بەخۆی داشکاوەتەوە):

ئـۆهـ خۆرکیـان لـێ کـەوێ.. (بەهێـز) کچـێ دایـە گەلـە، ئێسـتە ئـەوە بـۆ ئابـڕووم ئەبـەن؟ ئـەرێ گەردەنتـان ئـازاد نەبـێ ئەگـەر نەیڕبنـەوە، دە ببڕێتـەوە، حـاە!

**فاتمەخان** (لەسەرەخۆ):

بەسـەری تـۆ دایکـی سـت گوڵاڵـە، خـوا مەرگـی شـانازم نیشـاندا ئەگـەر سـەری تـۆ بـەدرۆ بخـۆم، خونچـە مەکرۆیـەی شـەش دەرە خۆیـش خـۆ ئەیزانـی چەنـد جـار دارا فەنـدی قوڕبەسـەر ناردوویەتییـە داخـوازی و چەنـد کەسـی پێـوە ناویـن، ئێسـتەش هـەر بەرۆکـمان بـەر نـادات.

**شاناز:** (بەدڵتەنگی سەیری کاتژمێرەکەی مەچەکی ئەکات):

ئـەوا ڕۆژئاوایـە، (بەڕقـەوە) هەڵسـن دایـە، بـا بڕۆیـن، چیـتر توانـای بیسـتنی ئـەم حەیاچوونـەم نەمـا.. ئامـان ئامانـی خوایـە (هەڵئەسـتێ).

**گوڵاڵە** (بەنەرمیی)

دە جارێ زووە، زوو شانازخان، توخوا دانیشەوە.

**ئاغاژن** (بۆ فاتمەخان):

ئێی؟

**فاتمەخان** (بەساردی):

ئێـی گیانـت. خـۆت ئەیزانـی ئاغـاژن، دایکـی ێمـرێ جـارێ شـانازم زۆر منالّـە بـە خـوای هـەر لـە ئێسـتاوە ئـی ئـەوە نییـە بچیتـە بـەر مـاڵ و مێردانـەوە.

**خونچە** (هەڵئەداتێ):

بەڵـێ، تـام شـیری خـاوی لـە دەمـا دێ! ئەوجـا لەبـەر ئەمەبـوو، یانەخـۆ دارافەنـدی پەشـیمان بـۆوە! چونکـە لەسـەر مارەیـی و خشـل و زێـڕا پێـک نەهاتـن!

**گەلاوێژ** (پەستە، هەڵئەستێ):

وەی ڕۆ، چ دەم و زارێکـی پێوەیـە؟ ئەنجـا دەبـا ڕێـک نەکەوتووبـێ! خـۆ وەک حەسـەنەفەندی نەبـوو! چـاک نییـە ئـەو خوازبێنـی کـرد و ئێمـە خۆمـان لەقەمـان لێـدا! (هەڵئەسـتێ): ئـەوە حەسـەنەفەندی هـەر خـۆی تـێ نەگەیاندوویـت ئـاوا ئەکـەی، ئـەی ئەگـەر خوانەخواسـتە بێناردایـە داخوازیـت ئەبـوو چیـت بکردایـە و چـۆن دونیـات بخواردایـە! بـەڵام دڵنیابـە، ئەبـێ هـەر بـەو ئـاوات و بـەم داخـەوە ئـەم سـەرەت سـپی کەیـت.

**خونچە** (هەڵساوە بە گورجی و بەدەنگێکی بەرز):

ئینجـا چ بـوو؟ بـوو: بـوو، نەبـوو کـەڕە پـوو! ئەونـا هەزارانـی وەک ئـەو. چـاک نییـە ئەمـن هـەر لـە منالّیـەوە دڵـی خـۆم نەداوەتـەوە. بـە (فەخـری عالـەم) تـا ماویـت ئەتـۆش ئەبـێ هـەر بڵێیـت ئـەم (نانـە بـەو دۆشـاوە). مامۆسـتا قـادر لەخەونـی شەوانیشـا تـۆی

بەخەیاڵـدا نایـەت. (گوڵاڵـە نەختـێ ڕائەچەنـێ).

**فاتمەخان** (هەڵساوە):

حـەی، حـەی، حـەی، بابـە لەبـەر ئـەم دەم و پلـەی! خـۆ کـەس دەروەسـتی نایـەت، دەبـڕۆن بـڕۆن کچـم (ڕوو ئەکاتـە شـاناز و گەلاوێـژ) بـا بڕۆیـن، ئەوجـا ئـەوە کـێ لـەم زار دا درایـە ئەباتـەوە، ڕۆڵـە؟ پەکـووە! چ زۆر زان و پێکرایـە! ئـەم دەمـە ئـەوە چـۆن شـل نابـێ و ناسـووێت هەنـدە وەک مەقـەس لێکـی ئـەدات؟

**شاناز:** (هەڵساوە و عەباکەی ڕێک ئەخا):

ئینجـا چ پەکـی پێکەوتـووە؟ بۆیـە گوایـا نایناسـن؟ بـە (حەزرەتـی غەوسـی گەیلانـی) ئەگـەر لەبەیانییـەوە تـا نیوەشـەو چەنـە لێـدا و هـەر بـی ڕێسـێ ئینجـا هیـچ نییـە و لای وایـە بـای دێـت.

**خونچە** (خۆی ڕێک ئەخا، هەستی بەسەرکەوتنێک کردووە):

وەک ئێـوە.. بـە ناشـکوری ناڵێـم ئێـوەش چیتـان تیـا نەهێشـتۆتەوە و هەنـدە بـێ دەم و پـەل و بەسـتەزمان و کوێـرەوار نینـە!

**فاتمەخان** (خۆی ئامادە کردووە):

خـوا تێکـی نـەدات، ئاغـاژن، مـاڵ هـەر ئـاوەدان بـێ. دە بەخێـر دانیشـن، گوڵاڵەخـان

(ئەیەوێ باسەکە بگۆڕێ و بچنە دەرەوە).

(ئاغاژن و گوڵاڵە تا بەردەرگای حەوشە بەڕێیان ئەکەن.)

**ئاغاژن** (بەروویەکی گەشەوە):

وەی بەخێرهاتـن سـەرچاوان، زۆر گەورەتـان کردیـن، کچـێ زوو زوو دیاربـن، دیـار. کاولخانـەی خۆتانـە.

**گوڵاڵە:** (واقی وڕماوە):

بەخێربچـــن و خواتـــان لەگـــەڵ بـــێ. تـــۆو خـــوا ئەگـــەر هیچـــی لـــە دڵـــی خۆتانـــا بگـــرن! وەیـــش کـــوو خۆشـــییەکەیان لـــێ بـــووە بـــە ناخۆشـــی!

**فاتمەخان** (لە دەرگا ئەوەستێ):

نـــا، نـــا کچـــم گوڵاڵەخـــان، ئەتـــۆ لـــە دڵـــی خۆتـــی مەگـــرە. ئـــەوان لـــەم بەزمـــە ڕاهاتـــوون، وەختـــا بڵێـــم ئەگـــەر هەمـــوو ڕۆژێـــک چەنـــد جـــار ئـــەم کـــۆڕە نەبەســـتن و ئـــاوا یەکـــتر نەشـــۆنەوە و لـــە ئەنجامـــا ئاشـــت نەبنـــەوە ئـــەوە هـــەر دڵیـــان دابیـــن نابـــێ! (ئـــەڕوا).

**ئاغاژن** (بەتەوسەوە لەبەردەرگایە):

ئۆخـــەی.. لـــە منیـــان کـــەوێ! بەخـــوا چـــاک ئەکـــەن، کچـــێ ئـــەدی چییـــە، دونیـــا هەنـــدە ناهێنـــێ نـــا!

**گەلاوێژ** (لەدەرگاوە):

بزانـــە چـــۆن ئەوانیشـــمان دڵتەنـــگ کـــرد! ئەمـــەش هەمـــووی لـــە ســـایەی ناخونچـــە خانـــەوە. (ئـــەڕوات).

**خونچە** (بەگەرمی):

ئەوجـــا بـــۆ لـــە ســـایەی منـــەوە، یـــا نـــا گەلاوێـــژ؟ بـــەو (پێغەمبـــەرەی ئاخـــری زەمانـــی) هەمـــووی ئەتـــۆ بزانـــی! (ئـــەڕوات).

**ئاغاژن** (بەخەندەوە):

کچـــم، بـــە خـــوا ئێمەتـــان هیـــچ دڵتەنـــگ نەکـــردووە. وەی، حەیـــف نییـــە! چـــۆن وا ئەڵێـــن.

**گوڵاڵە** (بە خەندەییەکی بەماناوە):

بـــە پێچەوانـــە ئێمەتـــان ســـەربەرز کـــرد. (بۆخـــۆی) ئـــەوەی ڕاســـتی بـــێ هەرگیـــز شـــتی ئـــاوا ســـەیرم نەبینیـــوە و قـــەت ئەمەنـــدە

پێکەنینــم نەهاتــووە.

(**فاتمەخــان** و **شــاناز** و **گەلاوێــژ** و **خونچــە**، چەنــد هەنگاوێــک لــە دەرگا دوور کەوتوونەتــەوە، تێکــڕا ئەڵێــن):

بەخێــر دابنیشــن، خــوا تێکــی نــەدات، ئاغــاژن، ســت گوڵاڵــە، بــە دوعــا، توخــوا ئەگــەر نەگەڕێنــەوە ژوورەوە، شــەرمەزارتان کردیــن!

(**ئاغاژن و گوڵاڵە**):

دە بەخێربچــن، خواتــان لەگــەڵ بــێ، بەخــوای، زۆر زۆر گەورەتــان کردیــن.

(بــە جووتــە بەمانــاوە ســەیری یەکــتری ئەکــەن و بــە قاقــای پێکەنینــەوە ئەگەڕێنـــەوە ژوورەوە و دەرگاکـــە لـــە دوای خۆیانـــا دائەخـــەن).

پەردە.

(پەردە، دووبارە ئەکرێتەوە، دیمەن و شوێن وکات نەگۆڕاون).

(گوڵاڵــە، بــە تەنیــا خــۆی ئــەکا بــە ژوورا، نزیــک دەرگاکــە ماوەیەکــی کــورت ئەوەســتێ، بــێ دەنــگ هەســت ڕائەگــرێ، ئەنجــا لــە ژوورەوە، زۆر بــە ئەســپایی دەرگاکــە دائەخــا و خــۆی بەرئەداتــەوە ســەر لا قەنەفەیــەک، لــە ژێــر ســوخمەوە لەســەر ســینەیا نامەیــەک دەرئەهێنــێ. بــە هــەردوو دەســت ئەیگــرێ، ئەمدیــو ئەودیــوی پــێ ئــەکا و زۆر بــە ســۆزەوە پیایــا هەڵئەڕوانــێ. ئەنجــا ماچــی ئــەکا و بۆنــی پێــوە ئــەکا پێــش ئــەوەی بیکاتــەوە و بــە دەنگێکــی نزمــی لــە بیســتن نەهاتــووا بکەوێتــە خوێندنــەوە و دووبــارە و ســێ پــات و دە پــات کردنەوەیــا. پاشــماوەیەک نامەکــە ئەپێچێتــەوە و چەنــد جــار مــاچ و بۆنــی پێــوە ئــەکا و بــەدەم و چــاوی خۆیــا ئەهێنــێ. نەختــێ کــڕ ئەبــێ. ئەپەڕێتــەوە ئەوبــەر و ڕادیۆکــە ئەکاتــەوە. دەنگــی گۆرانــی (لەیــارەوە) بــەرز ئەبێتــەوە، گوڵاڵــە دووبــارە

نامەکـە ئەکاتـەوە و لەسـەر ئـاواز و دەنگـی گۆرانییەکـە بەنامەکەیـا هەڵئەخوێنـێ و چاوەگەشـــەکانی پیـــادا ئەخشـــێنێ. لـــە کۆتایـــی گۆرانییەکـــەدا، هەمدیســـان ئەکەوێتــەوە ماچکردنــی نامەکــە پێــش ئــەوەی بیپێچێتــەوە، ئەنجــا ئەیخاتــەوە یاخــەو باخەڵــی ژێــر لاسـوخمەی چۆپەیـا و بــە هــەردوو دەسـت ئــەی نووســێنتە سـەر دڵییـەوە و چـاوە فرمێسـک تـێ زاوەکانـی ئەبڕێتـە دیمەنێکـی دەسـکردی بـە دیوارەکـەی ئەوبـەر هەڵـواسراوا. ئـاخ و هەناسـەیەکی ئێجـگار قـووڵ هەڵئەکێشـێ. ئەوسـا دەسـتەکانی لەنامەکـەوە ئەگوازێتـەوە بـۆ چـاوە ڕەشـە سـوور هەڵگـەڕاوە بــە قولپەکانیــەوە و ڕووی ســپی زەرد هەڵگەڕاویــی گەواڵــە پیاهاتــووی بــە پەنجــە نەرمۆڵەکانــی دا ئەپۆشــێ.. ئەکەوێتــە هەنســک و کولپــەی گریانــەوە.

(دەنگــی موزیقەییێکــی نــەرم لــە ڕادیۆکــە ئەبیســترێت و وردە وردە پــەردە دائەدرێتــەوە).

پەردە.

**پەردەی دووەم**

**(شەوێکی پایز، لە ژوورێکا، لە یانەی فەرمانبەران)**

(کاتژمێر: نۆی ئێوارە نیشان ئەدا)

(پــەردە ئەکرێتــەوە، ژوورێکــی بچکۆلانــە، دوو مێــزی تیــا ئەبنیرێــت، هــەر مێزێــک چوارکورســی بــە دەورا دانــراوە. یــەک لــە دوو مێــزەکان پاشــماوەی خواردنــەوەی لەســەر بەجێــماوە و تــا ئێســتە پــاک نەکراوەتــەوە. ئــەوی تریــان وا دیــارە ئەوشــەوە کــەس لێــی دانەنیشــتووە. دارافەنــدی و خورشــیدی هاوڕێــی بــە جووتــە دێنــە ژوورەوە و ســەیرێکی هــەردوو مێــزەکان ئەکــەن. "دارافەنــدی لاوێکــی بەخــۆوەی نــە کــورت و نــە درێــژە، لــە تەمەنــی بیســت و پێنــج ســاڵیدایە، ڕەنــگ ســپی، مــوو ڕەشــە، پرچــی کورتــی بــۆ ســەرەوە بردۆتــەوە، چاکەتەکــەی بەســەر هــەردوو شــانیا داداوە. کراسێکی ســپی لەبەرایــە، باخەکــەی کردۆتــەوە و قەرەوێتــە ئاســمانیەکەی ملــی شــل کراوەتــەوە. چاکەتەکــەی لــە دیوارەکــەوە بــە بزمارێــکا ئــەکا و لەســەر کورســیەکا لێــی دائەنیشــێ. خورشــید کــە لــە هەمــان تەمەنایــە و گەنجێکــی کورتەبــاڵای تێــک چەقیــووی ســەر زلــە، قژوگودلــەی لەناوەڕاســتەوە کەرتــە و هەربەشــەی بەلایــەکادا هێنــاوە، لەســەر کراســێکی ســپۆرتی گوڵگوڵییــەوە قەرەوێتەیەکــی زەردی لــێ نەوەشــاوەی بەســتووە، بــێ چاکەتــە، ئەنگوســت بەژێلــەی کارەبــاوە ئەنــێ و بەرامبــەر دارا، لەســەر کورســیەکا دائەنیشــێ).

**خورشید:**

دوای ئەمــە کــە پاکەتێکــی (پلایــەر) و چەرخێکــی ڕەنگاوڕەنــگ دەرئەهێنــێ و جگەرەیــێ دائەگیرســێنێ و بــە فێــزەوە مــژی پێــوە ئەکێشــێ و دووکەڵەکــەی بــە هــەوادا بڵاوئەکاتــەوە، بــۆ دارافەنــدی ڕائەگــرێ). فەرمــوو، جگەرەیــێ بــە بــا بکــە.

**دارافەندی:** (بە زەردەییەکەوە):

سوپاس ناخۆم.

**خورشــید** (پتــێ لــە جگەرەکــەی خــۆی ئــەدا و پاکــەت و چەرخەکــە ئەخاتــە ســەر مێزەکــەوە):

ئــا ئێــرە شــوێنێکی بــاش و چۆڵــە! هــاە! کــەس گوێــی لــە قســەو باســمانا نابــێ. (بــۆی لــە دەنگــی زیلەکــەوە دێتــە ژوورەوە، ســەر کراســێکی ســپی وەک بەروانکــەی لەبەردایــە، دوو گلاس ئــاو لەســەر مێزەکــە دائەنــێ و دوایــی (بەخێرهاتــن کردنیــان، ئەڵــێ) فەرمــوون، چیتــان ئەوێــت؟

**دارافەندی:**

چیتان هەیە؟

**بۆی:**

گۆشــتی بــرژاو، جگــەر، گورچیلــە، کەبــاب، کوبــەی موســل، چلفــرای، مێخلەمــە، کولباســتی، کریــم چــاپ، مریشــک.

**خورشید** (بەپێکەنینەوە بۆ بۆی):

کوڕە خواردنەوە چیتان هەیە، خواردنەوە؟

**بۆی:**

هەمــوو شــتێک، مەســتەکی، زەحــلاوی، دیانــا، فەریــدە، برانــدی، وێســکی، شــەراب.

**دارافەندی:**

بۆ من بیرەی دیانا بێنە و دوو شیش کەبابم بۆ هەڵگرە.

**بۆی**:

باشە، بەسەرچاو، ئەی تۆ، خورشیدەفەندی، چی ئەفەرموویت؟

**خورشید:**

بـۆ مـن؟ هـەروەک جـاران چارەکـێ مسـتەکی (بـە پێکەنینـەوە): بـەڵام لـە شـانزە هوقەییـەک بێـت، هـا، بزانـە، مـەزەش چیتـان هەیـە؟ جـارێ دوو سـەلاتە و دوو جاجیـک و دوو هەنارمـان بـۆ بێنـە.

**بۆی:**

بەسەرچاو، ئەی خواردن، چیت بۆ هەڵگرم، خورشیدە فەندی؟

**خورشید:**

کوبەی موسڵ، بەڵام لەناو ڕۆنا سوور بکرێتەوە، ها!

**بۆی:**

باشە بەسەرچاو.

(بۆی، مێزەکەی تر پاک ئەکاتەوە و خێرا ئەچێتە دەرەوە).

**خورشید:**

کاک قادر بەدەر نەکەوت!

**دارافەندی:**

بڵێم چی؟ ئەگەر مێوانی نەبێ، ڕەنگە ئێستە پەیدابێ.

خورشید لەم ڕۆژانە زۆر عادز و بێ دەنگە، نازانم بۆ؟

**دارافەندی:**

راسـتە، منیـش هەسـتم پێکـردووە، ئـەو هـەر لەخۆیـەوە زۆر لێـک ئەداتـەوە، خـەم لـە هەمـوو شـتێکا ئەخـوا، جـا ئیمـڕۆ.

**خورشید ئەفەندی** (خۆی قیت ئەکاتەوە):

بۆ، ئیمڕۆ چی بووە؟

**دارافەندی:** (بە دەنگێکی ئێجگار نزمەوە).

ئیمـڕۆ پەرۆشـی ئـەو خەڵکەیەتـی کـە ئـاوا هـەژار و بەندیـوار

و دەربــەدەرە و بەتایبەتــی کــە لــەو هیواگەشــەیا جــارێ نائومێــد بــووە کــە لــە ئاســۆدا ئەدرەوشــایەوە!

**خورشیدئەفەندی** (تۆزێ گرژ ئەبێ):

هەیهــوو، هەیهــوو! ئەنجــا ئــەو بــۆ ســەری خــۆی بــەدەردی خەڵکــەوە ئەیەشــێنێ! گوایــا کــەس ئــاگای لــە خەمــی ئــەوا هەیــە؟

**دارافەندی** (بەخەندەییەکەوە):

ئاخــر ئــەو وەک ئێمــە تێنــاگا و لــەم ڕووەوە بیروباوەڕێکــی جیــاوازی تایبەتــی هەیــە.

**خورشیدئەفەندی** (جگەرەکە ئەکوژێنێتەوە):

کــوڕە، دەی، دەی ئــەو ئەگــەر سبەی شــتێکی بەســەراهات و لەســەر ئــەم خەڵکــەوە تووشــی نەگبەتــی و لێقەومــان بــوو، کــەس قــوڕی بــۆ ئەپێویــت؟ نــە بەخــوا.. بگــرە هــەر مــن و تــۆ ســەر کۆنــەی ئەکەیــن و ئەڵێیــن؟ لێــی بگــەڕێ توخــوا بــا وای لێبێــت، کابــرا هــار بووبــوو، ئەگینــا لەچــی کــەم بــوو! (لــە تەقــەی دەرگاکــە بــێ دەنــگ ئەبــێ، بــۆی دێتــە ژوورەوە، بیــرەو عــەرەق و مەزەکانیــان بــۆ دائەنــێ و دوای ئەمــە کــە خورشــید شــتێکی لــە مســت ئەنــێ ئەچێتــە دەرەوە.

**دارافەندی** (گڵاسەکەی پڕ ئەکا لە بیرەی سارد):

بــا ئــەم باســە بگۆڕیــن، مــن و تــۆ ســەری بــاش لــێ دەرناکەیــن و وەک ئەڵێیــن "زوبــان بــەڵای ســەرە!" هــەروەک وتــم قــادر بەجۆرێکــی تــر تــێ ئــەگا و لــە بڕوایەکــی ترایــە.

**خورشیدئەفەندی** (پێکێ بۆخۆی ئەکا و بەرزی ئەکاتەوە):

بەخوا ڕاست ئەکەیت، فەرموو لە چاوت.

**دارافەندی** (پەرداخەکەی خۆی بەرز ئەکاتەوە و لەپێکی خورشیدی ئەدا):

نۆشـی گیانـت بـێ! ئەخۆنـەوە، بـە مـەزە خـواردن و خـوێ پیاکردنیـا خەریـک ئەبـێ. لـە زرمـەی پێـی مامۆسـتا قـادرا ئـاوڕ ئەدەنـەوە. مامۆسـتا قـادر دێتـە ژوورەوە، لاوێکـی شـۆخی کەڵەگەتـی، ناوشـان پانـی گەنـم ڕەنگـی، مووڕەشـە، هەرچەنـد لـە ڕوویـا خـەم لـە خۆشـی زیاتـر ئەبیـنرێ، بـەڵام هـەردەم خەندەیەکـی دڵگـری هەمیشـەیی لەسـەر لێوایـە، پرچـی کورتـی لـە پێشـەوە بـۆ سـەرەوە هەڵدراوەتـەوە، ناوچاوانـی پـان کـردووە. قـەدە جلێکـی قاوەیـی هاوینـی لەبەرایـە و قەرەوێتەکـەی کـە لـە ڕەنگـی چاکەتەکـە نزیکـە، نەختـێ لەگـەڵ یاخـەی کراسـە سـپییەکەیا شـل کراوەتـەوە.

**مامۆستا قادر** (بە دەنگێکی نەرم):

شەوتان باش، ئەوە لە کوێ خۆتان شاردۆتەوە!

**دارا و خورشید** (پێکەوە):

شەو باشتر. فەرموو، فەرموو ئەوە بۆ وا درەنگ هاتیت!

**مامۆستا قادر** (لەسەر کورسیەکا، لەناوەندیانا دائەنیشێ):

بەخـوا لـە قوتابخانـە بـووم. ئـەم ئێوارەیـە دوو دەرزی دواییـم هەبـوو.

(دارا و خورشید بەخێرهاتنی ئەکەن. خورشید جگەرەیەکی پێشکەش ئەکات).

**خورشیدئەفەندی** (پاکەتەکەی بۆ ڕائەگرێ):

فەرموو.

(زیلەی کارەباکە لێ ئەدات).

**مامۆستا قادر**: (وەریناگرێت):

سوپاس. وازم لێهێناوە.

**خورشیدئەفەندی:**

لەکەیەوە!

**مامۆستا قادر** (بەخەندەیەکەوە):

لە پێرێ وە.

**دارافەندی:**

داخوۆ ئێستا قوتابیانی شەو چۆنن؟

**مامۆستا قادر** (بەپێکەنینەوە):

چـۆن بـن! قوتابـی چـی! کـوڕە خـۆ بـۆ خوێنـدن و فێربـوون نەهاتـوون. هـەر ئەمەتـا شـەڕ بـە خوێنـدن و قوتابخانـەوە ئەفرۆشـن.

**دارافەندی** (بەپێکەنینەوە):

چۆن؟

**مامۆستا قادر:**

ئـەی چییـە؟ ڕۆژێـک بێـن، سـێ ڕۆژنایەنـەوە، زۆربـەی زۆریـان پەرتـووک و پـەراو و بگـرە پێنووسیشـیان نیـە، خـۆ ئامادەکـردن و هـەوڵ و زیرەکـی و بێدەنگـی هـەر ناناسـن، لـە قۆپیـە و گزیشـا خـۆ هاوتایـان بـۆ نادۆزرێتـەوە، ئەنجـا (بەپێکەنینـەوە) بـە بـاڕە بـاڕ و بـە زۆریـش خۆشـی و ناخۆشـی (دەرچوونیـان) ئەوێـت؟

**خورشید ئەفەندی** (بەتەوسەوە):

سـا ئـەو هەمـوو سەریەشـە و خۆماندووکرنـەت لەچـی؟ (پـێ ئەکەنـێ) دەبـا چەنـد دینارەکـی لەگـەڵا نەبێـت!

**مامۆستا قادر** (پێئەکەنێ):

ئەهـەم! کـوڕە پـارەی چـی؟ بەسـەری هەردووکتـان ئەگـەر ویژدانـم لـێ بگـەڕێ و بـۆ ڕاژەی گشـتی نەبـێ پێـی تیانانێـم. (بـۆی دێتـە ژوورەوە).

**خورشیدئەفەندی** (بۆ بۆیەکە):

بزانە مامۆستا قادر چی ئەفەرموێت.

**مامۆستا قادر:**

درەنگ نییە؟

**خورشیدئەفەندی:**

کوڕە دەی دەی، درەنگی چی، ئێستا مریشک هەڵنەنیشتوون!

**مامۆستا قادر:**

دە باشە (بۆ بۆی) بیرەی دیانام بۆ بێنە.

**خورشید ئەفەندی:**

یەکـدوو مـەزەی تریشـمان بـۆ بێنـە (بـۆ مامۆسـتا قـادر) ئـەوە بـۆ یاخـەی (دیانـا)ت گرتـووە!

**مامۆستاقادر** (بەخەندەوە):

ئادر (دایانا) خواوەندی جوانییە.

(بۆی قاپ و شووشە بۆشەکان ئەباتەوەو ئەچێتە دەرەوە).

**مامۆستا قادر:**

ئێوە، چیە ئاوا ملتان داوەتە خورادنەوەی هەمیشەیی!

**خورشیدئەفەندی:** (جگەرەیێ دا ئەگیرسێنێ):

لـە خەمـی دونیـاوە، چـی بکەیـن، ئـەی گـڕی دەروونمـان بەچـی دامرکێنینـەوە!؟ (بەمانـاوە ڕوو ئەکاتـە دارافەنـدی) وا نییـە کاک درا، هەـەە؟

**دارافەندی** (هەناسەیێ دەکێشێ):

راسـتە بەتایبەتـی لـەم زەمانـەدا کـە پیـاو دەسـەڵاتی بەسـەر شـتێکادا نەشـکا، ئـەوا ناچـارە بەهـۆی مـەی و سەرەخۆشـیەوە فەرامۆشـی بـکا و لەبیـر خـۆی بەرێتـەوە.

(بــۆ ماوەیــەک هەموویــان بێدەنــگ ئەبــن، خورشــیدئەفندی هــەر مــژ بەجگەرەکەیـەوە ئەنـێ و بـۆ سـەرەوە دووکەڵەکەکـەی فـوو ئـەدا و سرنجـی لـێ ئەگـرێ، بـۆی دێتـە ژوورەوە و بیـرەی مامۆسـتا قـادر و مـەزەکان لەسـەر مێزەکـە دائەنـێ، (پەرداخێـک بـۆ مامۆسـتا قـادر پـڕ ئـەکاو لێـی ئەپرسـێ):

**بۆی:** (بۆ مامۆستا قادر):

کاک قادر خواردنت بۆ هەڵگرم؟

**مامۆستا قادر** (خوێ بە سەلاتەکەوە ئەکا):

یەک شیش گوشتی برژاوم بۆ هەڵگرە.

**بۆی:**

بەسەرچاو، چیترتان ناوێت؟

**دارافەندی:**

بیرەیەکی تریشم بۆ بێنە (بۆی ئەچێتە دەرەوە).

**خورشیدئەفەندی:** (پێکی خۆی بەرز ئەکاتەوە):

فەرموو کاک قادر، فەرموو.. لە گیانی تۆوە.. لەچاوی یارەوە.

**مامۆستاقادر** (پەرداخێکی ئەدا لە پێکی خورشید و دارافەندییەوە):

لەگیانی هەموومانەوە ئەخۆنەوە.)

**مامۆسـتاقادر** (پەرداخەکـە سـەرە مێزەکـەدا ئەنێتـەوە و کەوچکـێ سـەلاتە ئەخـوا. بـۆ (خورشـیدئەفەندی):

ئێ کاک خورشید ئێستە لەگەڵ یارا چۆنی؟

**خورشیدئەفەندی** (پتێ لە جگەرەکەی ئەدا و بە هەواییەکەوە):

زۆ باشم. هەرگیز لەمە باشتر نابم.

**مامۆستاقادر:**

چۆن! واتا هەروەک جارانی، یاخۆ گۆڕانێکی تازە بووە؟

**دارافەندی** (بەپێکەنینەوە):

هە هاە. ئەنجا خورشیدئەفەندی و گۆڕان کەی وتراوە؟

**خورشیدئەفەندی** (بە بزەیەکەوە):

ئەو دەمە باشە پیاو بگۆڕێ کە گۆڕان سوودمەنتر بێ!

**مامۆستاقادر** (ئەگرژێتەوە):

ئەها! ئەبینم وەک پیتۆڵ ئەدوێیت! بەڵام بزانم چۆن؟

**خورشــیدئەفەندی** (فـڕێ لـە عەرەقەکـەی ئـەدا و کەوچکـێ هەنـارە ئەخاتـە دەمیــەوە و مژێکــی درێــژ بــە جگەرەکەیــا ئەنــێ):

جــارێ مــن هەنگاوێــک لەپێــش هەردووکتانــام. جــا کــەی ئێــوە گەیشــتنەوە (مــن) و ڕێگایەکــی باشــترم دۆزیــەوە ئــەوا ئــەو کاتــە (گــۆڕان) ئاســانە!

**مامۆستا قادر** (کورسیەکەی نزیکتر ئەکاتەوە):

تێناگەم بە چ فیتێکا لێ ئەدەیت!

**خورشیدئەفەندی** (بەماناوە):

دارافەندی بۆتی ورد ئەکاتەوە

(سەیری دارافەندی ئەکا).

**دارافەندی** (پەرداخەکەی بۆ دەمیا ئەبا):

بەخوا بابە منیش سەرم لێ دەرناچێت!

**خورشیدئەفەندی** (پێئەکەنێ):

هــا. هــا هــا. چــۆن کەســتان تــێ نەگەیشــت؟ ئەهــا کــوڕە وا دیــارە مــن زۆر گرنگــم هــا! (مــژێ لــە جگەرەکەیــا ئەگــرێ) بوەســتن، ئێســتا هەمــوو شــتێکتان بــۆ ڕوون ئەکەمــەوە و هیــچ گرفتێکتــان لەدڵــدا ناهێڵمــەوە. (بــە عــەرەق قوڕگــی خــۆی تــەڕ ئەکاتــەوە)، جگەرەکــەی ئەکوژێنێتــەوە. باشــە، مامۆســتا قــادر، دارافەنــدی بــا بێینــەوە

سـەروکاری خۆمـان. بـا ئـی بـن بـەڕەی بێنینـە سـەر بـەڕەی، ئێمـە هەرسـێکمان لەسـەر ژن هێنـان بوویـن هـاە؟!

**دارافەندی** (نەختێک گرژ ئەبێ):

ئەهۆ هۆ... هاتینەوە سەر یاسینی گۆلکێ!

**خورشیدئەفەندی:**

هـەر چۆنـێ بێـت، دە بـا ئێسـتە هـەر یەکێکـمان بەڕاسـتی دەردی خـۆی هەڵڕێـژێ و بـێ پێـچ و پەنـا بـاس و خواسـی خـۆی بگێڕێتـەوە، ئەنجـا بزانیـن کـێ ڕاسـتە و کـێ پێویسـتە بگۆڕێـت، باشـە؟

**مامۆستا قادر و دارافەندی** (دوای ئەمەی سەیرێکی یەکتر ئەکەن):

باشە زۆر باشە.

**خورشید ئەفەندی** (بە بزەییەکەوە، پێکەکەی بەرز ئەکاتەوە):

کەواتە لە چاوی ڕاستییا..

مامۆسـتا قـادر و دارافەنـدی پەرداخەکانیـان لەپێکـی خورشـید ئەفەنـدی ئـەدەن، لـە چـاوی دڵسـۆزیا. ئەخۆنـەوە و مـەزە ئەخـۆن.

(بۆی دێتە ژوورەوە، شووشە بیرەیێکی تری بۆ دارافەندی هێناوە).

**خورشید ئەفەندی** (بۆ بۆی):

ئەهـا دیانابیەکـی تریـش بـۆ مامۆسـتا قـادر بێنـەوە و پێکەکـی بەغدایـی بـۆ بەنـدە و دوو دانـە هەنـاری نازەنینیشـمان بـۆ ورد بکـە.

**بۆی:**

بەسەرچاو

(بۆشەکان هەڵئەگرێ و ئەچێتە دەرەوە).

**خورشید ئەفەندی** (جگەرەیێ دائەگرسێنێ).

لەکێوە پێیدا بێین؟

**مامۆستاقادر** (بەهێواشی)

تۆ خۆت سەرەتاکەی دابمەزرێنە.

خورشـید ئەفەنـدی (مژێـک لـە جگەرەکەیـا ئەگـرێ و دووکەڵەکـە لـە کوونـە لووتییـەوە بـە بـا ئـەکات)

باشـە، زۆر باشـە مـن.. مـن.. ئەحـم.. مـن ئەڵێـم ئـەم دونیـا دوونـە هەنـدە ناهێنـێ پیـاو خەمـی لـێ بخـوا و ئاخـی پێـوە هەڵکێشـێ، تەمەنیـش ئەمەنـدە درێـژ نییـە تـا بـە هەنـدی هەڵگرێـت، جـا چۆنـت بـۆ هـات ئـاوای بـاژۆ، تـا بـۆت ئەکـرێ و دەسـت ئـەدا، بۆخـۆت هـەر ڕای بوێـرە.

**دارافەندی:**

تۆ، چۆنی ڕائەبوێریت؟ هێی.

**خۆرشـــیدئەفەندی** (ســۆتەکی جگەرەکــە ئەپرژێنێتــە نــاو تەپلەکــەی ســەر مێزەکــەوە):

مــن هەمــوو شــتێک لای مــن فشــەیە، هەمــوو ئافرەتێکیــش لای مـن وەک یەکـن، کـێ بـە ڕوومـا پێکەنـی ئـەو خۆشەویسـتمە، هـی پـەری نەبـوو، نـازدار، ئـەو نەبـوو، گولیـزار. چ زۆرە کـچ زۆرە.

**دارافەندی** (فڕێ ئەکا بە گلاسەکەوە):

ئەمەیە ڕابواردنەکەی تۆ؟

**خورشید ئەفەندی** (پێ ئەکەنێ):

نـە، هـا. ها.هـا (بەتەوسـەوە) ئـەی وەک جەنابـت، یـا وەک مامۆسـتا قـادر بکـەم؟ لـەو هەمـوو ژن و ئافرەتـە جوانانـەوە خـۆم گیـرۆدە و بەنـدی یـەک ئافـرەت بکـەم، هێـی، لەسـەر ئەمیشـا هەمیشـە تووشــی دڵتەنگـی و دەردی وەرەم بـم، هـاە؟

**مامۆستا قادر** (بەخەندەییەکەوە)

من بۆ؟

**خورشیدئەفەندی:**

بوەستن. ئێستا بۆ هەردووکتانی ساخ ئەکەمەوە.

**دارافەندی** (وەک بە زۆر قسان بکا):

باشە تۆ چی ئەکەیت؟

**خورشید ئەفەندی** (مژێ لە جگەرەکە ئەگرێ و ئەیکوژێنێتەوە):

کاکە لەو کاتەدا کە تۆ بە عادزیی و ڕووگرژییەوە لە دایەرەوە ئەگەڕێیتەوە ماڵەوە و هەزار و یەک بیری ناخۆشی ئەکەیتەوە و خەم و پەژارە باڵت بەسەرا ئەکێشێ، لەو دەمەدا کە مامۆستا قادر نوقمی دەریایی قووڵی بیری دڵدارییەو حەپەساوی ناز و نازداری یاری وەفاداریەتی و لە قوتابخانەوە چەشنی سەرخۆش، بەرەو ماڵ ئەبێتەوە، ئەو کاتە هی بەندەی برا بچووکتان، یاخەی لێ ئەکەمەوە و قیت و قۆز بەبەر دەرگای قوتابخانەی سانەوی کچانا ڕائەبوورم. وەک لە باخێکی لە گوڕەی بەهارا چاوم بەو گوڵ و خونچە نازادارانە ڕوون ئەکەمەوە.

**دارافەندی:** (نەختێ پەستە):

ئێی؟

(بۆی دێتەوە ژوورەوە، گشت بێدەنگ ئەبن، بۆیەکە بیرەو عەرەق و هەنارەکان دائەنێ و شووشە و قاپە بۆشەکان ئەباتە دەرەوە و ئەڕوات).

**مامۆستاقادر**: (سەری بۆ ئەلەقێنێ):

ئێی؟

**خورشید ئەفەندی:**

ئێ، ئێ؟ بە جادەکەدا ئەڕۆم تا زۆربەی کچەکان پەرت و

بـڵاوەی لـێ ئەکـەن، ئەوسـا لـە شـوێنی چاوەڕوانکردنـی پاسـەکەدا لـە نزیـک ئافرەتەکانـەوە ئەوەسـتم، نـاوە نـاو، ئافتـاوی چـاو جـوان ئاوڕێکـم لـێ ئەداتـەوە و منیـش چـاوم ئەبڕمـە چـاوە جوانەکانییـەوە، ئەنجـا لـە شـەرمانا کوڵمەکانـی وەک سێوی لاسـووری "شـەقڵاوە" ئـاڵ ئەبـێ و ڕووی خـۆی وەرئەگێڕێـت. تەزوویـەک بـە لەشـما دێـت، هـەر مەپرسـە.

**مامۆستاقادر** (ئەخواتەوە):

باشە!

**خورشید ئەفەندی** (ئەخواتەوە):

ئەوسـا کـە پاسـەکە هـات، لـە پـاش هەموویانـەوە، منیـش بەسـەر ئەکـەوم و بەرامبـەر "ئافتـاو" بـە پێـوە ئەوەسـتم، تـا دائەبـەزێ، ئینجـا هەتـا ئەگاتـەوە دەرگای ماڵەوەیـان بـە فیکـە و فیـک و پیـا هەلووتـن و توانـج تێگرتنـا دوور بـە دووریـی دوا بـە دوایـدا ئەچـم. هــی. ..

**دارافەندی** (بە تەوسەوە):

جوانە، جوانە، ئەی "ئافتاو"ی بەسەزمان چی ئەکا؟

**خورشیدئەفندی** (جگەرەیەک پێ ئەکا و هەڵی ئەمژێت)

هــەو! گوایـە چـی بـکات؟ خێـرا خێـرا ئـەڕوات، چەشـنی کـەوی بایزبـەگ! لەنجـە ئـەکات! زوو زوو ئـاوڕم لـێ ئەداتـەوە و هـی.. کـە ئەزانـێ "راوچـی" هـەر بـە دواوەیـە، وەی بـە قوربانـی بـم. لەخۆشـیانا ڕەنگـی هـەڵ ئەبزرکـێ و لێـوە ناسـکەکانیم لـێ وەرئەگێڕێـت. هـی... ها..هـا.. هـا (پـێ ئەکەنـێ): لـە تاوانـا خـۆی ئەکوتێتـە ژووەروە.

**دارافەندی:** (بە دەنگێکی بەرزەوە):

ئۆیـف! یاخـوا موبـارەک نەبـێ.. ئـا هـا. هـا. هـا. (پێئەکەنـێ): بـە خـوا جوانـە.. هـا. هـا. هـا ئـەی ڕابـواردن، ئـاوا نەبـێ چـۆن ئەبـێ؟

**خورشید ئەفەندی** (پێ ئەکەنێ):

هـا. هـا. هـا. گوایـە گاڵتـەم پـێ ئەکـەی! هـی نەخێـر ڕەنگـە ڕابـواردن.. هینەکـەی جەنابـت بێـت هـا! دوور نییـە تـا ئێسـتەیش تەمـات بـە "شـاناز" هـەر مابـێ، هـا؟

**مامۆستا قادر** (پەرداخەکەی پڕ ئەکا):

ئەی گوایە بۆ نەی  مابێ؟

**خورشـــید ئەفەنـــدی** (قومێـــک لـــە جگەرەکـــە ئـــەدا، نەختـــێ ئـــاو ئەکاتـــە پێکەکەیـــەوە):

تۆ کە خوازبێنی ئافرەتێکت کرد و نەیاندا هی.؟

**مامۆستاقادر** (قسەکەی پێ ئەبڕێ):

ئاخر، نەدانەکەیان لەسەر خشل و مارەیی پێک نەهاتن.

**خورشیدئەفەندی** (ئەخواتەوە):

ئەهـۆو هـۆو! ئەمـە بەڵاتریـش.. هـی بـەڵام لەسـەر هـەر شـتێکا بووبـێ، یەکـدوو جـاری تریـش لێـت ڕاسـپاردبێ، هـەر نەیاندابـێ، ئـەوە تـازە هـی، چـۆن چـاوت لـێ ئەبـێ و بـە تەمایـی دائەنیشـی؟

**دارافەندی** (ئەخواتەوە، دڵتەنگە):

کاکـە ئاخـر شـاناز سـووچی نییـە، بگـرە.. هـی.. باوکیشـی ڕای لەسـەرە.

**خورشیدئەفەندی** (بەتەوسەوە):

ئەوجا چی ماوە؟

**دارافەندی** (دڵتەنگ و کزە):

تەنیا دایکە عەیارەکەی نەبێ هی، کەوا لێمان بووەتە بەکرۆکە!

**خورشیدئەفەندی** (بە پێکەنینەوە):

هـا. هـا هـا! لـە ئێسـتەوە خـەم و داخـی خۆتـی لـێ هەڵڕێـژە باشـە، ئەگینـا، کـە بـوو بـە خەسـووی فەرمانـداری بەهێـزت.. هـا. هـا. هی..هـی.. (پێئەکەنـێ): ئەوکاتـە لـە بـێ دەسـەڵاتیا ئەمـە ئەکەیـت.. هـی.. هـە هاهـا.. ئا..هـی. هـی..

ماموٚستا قادر (سەری خۆی بائەدا):

سـەیری، سـەیری چـۆن وەک جۆکـەر بـە هەمـوو بارێـکا لـێ ئـەدات! هـی.

**دارافەندی** (بەخەندەییەکی ساردەوە):

هەقـی هەیـە، ئـەم گاڵتـە و فشـەی بـە دونیـادا دێـت، ئەنجـا بـۆ وا نـاکات؟ هـی.

**خورشیدئەفەندی** (خۆی قیت ئەکاتەوە):

کـوڕە ئاخـر دونیایەکـە خـۆی فشـەیە، ئیـتر بـۆ لـە خـۆت و لەخـۆی بکەینـەو بـار؟ هەنـدە ناهێنـێ.. هـی.. (ئەخواتـەوە):! ئەمـە باوکـی گشـتییەتی ئـەوی تـر هەمـووی درۆیـە. هێـی، هـا. ها.هـا (پێئەکەنـێ) ئەنجـا فاتمەخانـی خەسـووی خۆشەویسـتی تـازە دانـا کەوتـووت داوای چـی و چـی لێکردیـت؟ هـی.

**دارافەندی:** (قومێکی درێژ لە بیرەکەیا ئەدا):

کاکـە لـە ڕاسـتیدا داوای مـاڵ وێرانـی و سـەرگەردانی و ڕووتانـەوەی لێکـردم. هـەم. لـە پێشـا بـۆ مارەیـی داوای ٢٠٠ مسـقاڵ زێـڕ و پێشـەکی و پاشـەکی کـرد.. هـی..

**خورشیدئەفەندی** (بەتەوسەوە):

ئـێ باشـە، ئـەوا زانیـمان تـا نەتوانـی بـە ئاسـانی دەسـی لێبەردەیـت! گوایـە خانـم بەمـەوە ئەهـم ئەتبەسـتێتەوە و زنجیـرت ئـەکا. ئـێ؟

**دارافەندی:**

ئەنجـا، لەبابـەت شـتوومەکەوە، وەک مامۆسـتاکە بـە قوتابیەکانـی ئەڵـێ "ئـەم شـتانەی خـوارەوە بنووسـە" ئەویـش بـە ڕسـتەیەکی ئـاوا ڕێـک و پێـکا وتویـە "ئەمانـەم ئـەوێ بـۆ شـاناز بکرێـن" "تـۆ دەسـتە جلـک: پێنجـی کـوردی، و چـوار قـەدی ئەملـۆدە لـە چاکتریـن بابەتـا، گۆبـەرۆک لـە چـل مسـقاڵ زێـڕ، پشـتێند لـە سـی لیـرەی ڕەشـادی هـی.. سـێ لوولـە سـی مسـقاڵ، شـیلان لـە ١٢ مسـقاڵ، ئەهـم، گەردەنـە لـە ١٥ مسـقاڵ کەمـتر نەبـێ، وردە بازنـی پتـوون لـە پانـزدە مسـقاڵ زێـڕ، هـا. هـا هـی ئەمانـە جگـە لـە ئەڵقـەی ئەلمـاس و گـوارە و وردەواڵـەی تـر.

**خورشـدئەفەندی** (لـە پـاش بێدەنگبوونێکـی بەسامەوە، کـە لەگـەڵ هـەر پارچـە زێـڕی (دارائەفەنـدی باسـی ئـەکا، ڕائەچەنـێ و ئەڵـێ "هەمـم" بـە پێکەنینـەوە:

ها.هـا هـا. ئـەی ئافەریـن پـوورە خەسـووی پاڵەوانـی سـەر ئاسـنینەی خۆشەویسـت! هـی واتـا ئەیەوێـت سـەرتاپای "شـاناز"ی کچـی بـۆ لـە ئالتوونـا بگریـت! هـا! هـا! هـا هـی! هـی! هـی!.. بەخـوا جوانـە، ئـەوە ڕەنگـە وا تێبـگا (دارافەنـدی) نێچیـر لەسـەر عەمـاری زێـڕا هەڵنیشـتووە، هـا! یـا خەزنـەی سـوڵتان مەحمـوودی دۆزیوەتـەوە.. هـی. ئـای باوکـە لەبـەر ئـەو پیرەژنـە جلعـودە پێکرایانـەوە؟

**مامۆستا قادر** (هەناسەیەکی دوورودرێژ هەڵدێنێ و ئەخواتەوە):

دەک ماڵتـان وێـران بـێ هـەی، ئەمـە چییـە؟ وەک دوژمنێکـی بابەکوشـتەیان کەوتبێتـە ژێرچەنـگ و بەجـارێ ئـاوە ڕووتـی بکەنـەوە ئاوایـە، هـی. بابـە، ئاخـر ئـەم قـۆڵ بڕینـەوە و پەڕپووتکردنـە لـە چـی، هـەی خـوا بتانگـرێ!

**خورشیدئەفەندی** (ئەخواتەوە):

فەرمــوو، ئەمەتــا ویــژدان! ئێســتە مارەییەکــە وتمــان قەیــدی نــاکا بــۆ دەستەبەســتکردنی زاوای نەگبەتــە، زاواش ئەبێتــە کــوڕی ئــەو خێزانەیــە، جــا لــە جیاتــی هــی.. هــە. لــە جیاتــی دەســتگرتن و یارمەتــی و باربــۆ کــردن و پــێ گەیاندنیشــیا، ئــەم قــاچ بڕینەوەیــە و ئــەم ســەر لێشــێوان و ڕێلێگرتــن و مــاڵ کاول کردنــەی بــۆ؟ هــی. بــە جارێــک بــۆ هەنــدە پەڕپووتــی ئەکــەن و وای لــێ ئەکــەن، هــی، قوڕبەســەرەی هەتــا هەتایــە لــە ژێربــاری قــەرد و خــاوەن قــەردا بتلێتــەوە و دەرنەچێــت؟ هــی.

**دارافەندی** (بەخەمباری):

گوایا، عادەت وەهایە. هم. بەڵێ. کڕین و فرۆشتن!

**مامۆستا قادر** (دەنگی بەرز ئەکاتەوە):

زۆر لــەم بابەتــەوە دواوم، ئەمــە گوایــە ئــەو جــۆرە دایکانــە وا تێئەگــەن ئەگــەر ئــەو هەمــوو شــتانە بــە زاواکانیــان نەکــەن، هــی، ئــەوا کچەکانیــان بــە چاوێکــی ســووکەوە ســەیریان ئەکرێــت، لەلایەکــی تریشــەوە، لــە نێوانــی ئافرەتانــا بووەتــە ڕکابــەری، کــێ زۆرتــر شــتوومەکی بــۆ کــرا.. هــی.. ئــەو کەســە پەســەندە.

**خورشیدئەفەندی** (مستێ لەناوچاوانی خۆی ئەدات):

وەک خاکــم بەســەر. هــی، کەواتــە ئێمەمانــان هــەر نابــێ.. هــی.. بیریــش لــە ژن هێنــان بکەینــەوە (دوای کڕبوونێــک بەتەســەوە): باشــە ئەمەیــە ڕابــواردن. هــی وا نییــە؟ ها.ها.هــا!

**مامۆستاقادر** (سەیرێکی کاتژمێرەکەی مەچەکی ئەکا):

ئەوا شەو درەنگە، خواردنەکانمان بۆ نەیەت.

**خورشید ئەفەندی** (زیلەکە لێ ئەدات):

بـا بێـت (بـۆ دارا فەنـدی) ئەوجـا کاکـی بـرا تەمـای چیـت بـەو ئافرەتـەوە مـاوە؟ هــی.

**دارافەندی** (دوا تنۆکی بیرەکەی پیا ئەکا و هەناسەیەک هەڵدێنێ):

چـی بکـەم! دڵـم ڕێ نـادات! (بـۆی دێتـەژوورەوە و خورشـیدئەفەندی پێـی ئەڵـێ خواردنەکانیـان بـۆ بێنـێ.) (بـۆی مێزەکـە پـاک دەکاتـەوە و ئەچێتـە دەرەوە).

**خورشید ئەفەندی** (جگەرەیەک دائەگیرسێنێ):

هــاە! دڵــت ڕێ نــادات! هــی. بەســتەزمان! (ڕوو ئەکاتــە مامۆســتا قــادر) ئــەوە ڕەنگــە مامۆســتا قادریــش هــەر ئــەم بیانــووەی بەدەســتەوەگرتبێ کــە هــی.. دڵــی ڕێنــادات!؟

**مامۆستاقادر** (ڕووی ئەگەشێتەوە):

بەخوا.. من بڵێم چی؟

**خورشید ئەفەندی** (نەختێ سرنج ئەداتە دووکەڵی جگەرەکەی):

باشــە، پەیوەندیــی تــۆ و خوشــکە "گوڵاڵــە" گەیشــتووەتە کــوێ؟ هــی.

**مامۆستاقادر** (بەکزییەکەوە):

هەر وەک خۆیەتی..

**دارافەندی** (بەهەوەسێکەوە):

چۆن؟ بەم زووانە چی نامەی تری نەهاتووە؟

**خورشید ئەفەندی** (بەخەندەییەکەوە):

ڕەنگە تۆش بە "نامە" دڵی خۆت بدەیتەوە؟

**مامۆستا قادر** (دوگمەیەکی تر لە بەرۆکی کراسەکەیا ئەترازێنێ):

ئەگـەر بڵێیـت نامەکانـی شـێتیان کـردووم ئـاخ! بەتایبەتـی نامەکـەی

ئـەم دواییـەی هـەر بـە جارێـک ئارامـی لـێ هەڵگرتـووم.. ئـاخ
(لەبەرخۆیـەوە)
(نامەکەت گەیشت یاری وەفادار،
لە دڵما نەی هێشت برین و ئازار،
لە خۆشیان وشەم نەهاتە سەرزار
فرمێسکی شادیم بە گوڕ هاتە خوار
وائەبێ نامەی زەنگین بۆ هەژار
... ئاخ.

**خورشید ئەفەندی** (بەپێکەنینەوە):

دەفەرمووە ئەوە بوویتە بوێژیش، ئەی چیت ئەوێ؟

(لـەم کاتـەدا گوێیـان لـە گۆرانـی (لەیـارەوە) ئەبـێ کـە لـە ڕادیۆگرامەکـەی هۆڵەکـەوە بـەرز ئەبێتـەوە. بـۆی دێتـە ژووەروە، خواردنەکانیـان بـۆ دائەنـێ و ئەچێتـە دەرەوە. کـە نزیـک دەرگا ئەبێتـەوە، مامۆسـتاقادر بانگـی ئـەکات. بـۆی ئاوڕێـک ئەداتـەوە و هەڵوێسـتەک ئـەکا).

**مامۆستا قادر** (بۆ بۆیەکە):

ئـا تووخـوا، نەختـێ دەنگـی گرامەکـە بـەرز بکـەرەوە، لـە دوای ئەمـەش گۆرانـی "ئەمێرەکـەم، دڵگیرەکەم"مـان بـۆ لێـدە، باشـە هـەی!

**بۆی:**

بەسەرچاو

(ون ئەبێ) دوای کەمێـک دەنگـی گۆرانییەکەبەرزتـر ئەبـێ. هـەر سـێیان بـەدەم نانخواردنـەوە گوێـی لـێ ئەگـرن و سـەری بـۆ ئەلەقێنـن. کـە تـەواو بـوو ئەنجـا دەنگـی "فوئـاد" بـە گۆرانـی "ئەمیرەکـەم" بـەزر ئەبێتـەوە و هـەر سـێکیان جـارێ واز لـە خواردنەکـە ئەهێنـن و بەتایبەتـی مامۆسـتاقادر زۆر بەسـۆزەوە گۆرانییەکـە

لەگـەڵ ڕادیۆگرامەکـە ئەگێڕنـەوە، لـە دواییـدا ئەکەونـە سـەر خواردنەکەیانـەوە).

**دارافەندی** (لەناکاو):

ئەنجارە، چی بۆ نووسیویت؟

**مامۆستاقادر** (دەمی خۆی ئەسڕێتەوە، چاوەکانی بە گران ئەکاتەوە):

هـەهە... هەرچەنـدە لـە نامەکانیـا داوای لێکـردووم کەنابـێ هیـچ کـەس پـێ بزانـێ، بـەڵام ئـاخ! چەنـدی ئەکـەم دڵـم دابیـن نابـێ.. هـی.. ئێـوەش کـە لەخـۆم دڵسـۆزترن و ئێمـە بـە هەمـوو شـتێکی یەکـتر ئەزانیـن، هــی.. نهێنـی یەکدیـمان بۆیـەک هەڵگرتـووە، ناتوانـم هـی. چیـتر لێتـان بشـارمەوە (ئاخێکـی گـەرم هەڵئەکێشـێ و لەپڕێـکا جگەرەیـەک دائەگیرسـێنێ و ئەکەوێتـە مژیـن).

**خورشید ئەفەندی** (بەپێکەنینەوە):

ئای هەی! دیارە "نامەی یار" فێری جگەرشت ئەکات! ها!ها!

**مامۆستاقادر** (سەرێکی دوکەڵی جگەرەکە ئەکا):

برایانـم چیتـان لـێ بشـارمەوە! بەرادەیـەک گیـرۆدەی ڤیـان و خۆشەویسـتی گوڵاڵـە بـووم لـە ڕووی هـەر ئافرەتێـکا بگـرە لەنـاو پەرداخـی بیـرەدا، لەسـەر نانخواردنـا تەنانـەت لـە خەویشـا ئـەوا وێنـەی پڕتـەوی ڕوخسـارە نازدارەکـەی یـار ئەبینـم (هەناسـەیەک هەڵدێنـێ). ئـاخ! بگـرە خـەو و خواردنـم لـێ هەڵگیـراوە و چەنـد.. هـی چەنـد زێـتر بیـری لـێ ئەکەمـەوە خۆشەویسـتیم بـە تیـن تـر و دڵداریـم بەگوڕتـر ئەبـێ..

**دارافەندی** (لەخواردن بۆتەوە و زۆر بە پەرۆشەوە گوێی ڕایەڵ کردووە):

هەقی تۆیە!

**خورشیدئەفەندی** (خواردن تەواو ئەکا و جگەرەیەک دائەگیرسێنێ):

ئەنجا ئەوا چۆن، بە ناوی ئاشکرا، نامەتان دێ و ئەچێ؟

**مامۆستاقادر** (بە بزەییەکەوە):

بێگومان نە، ئەو بەناوی "خوشکی بچووک و تا مردن دڵسۆزتان" و منیش بەناوی کیژێکی دەستەخوشکیەوە. بەڵام دڵمانوشەوهەستبەجۆشییەکترئەناسێتەوە.ئۆفخوایە!

**خورشیدئەفەندی** (بەپێکەنینەوە):

هی، هم، ئای پیرە، هەندە فێلبازیت!

**دارافەندی** (بەسۆزەوە):

ئێ! لەنامەکەی دواییا چی نووسیبوو؟

**مامۆستاقادر** (مژێکی درێژ لە جگەرەکەیا ئەگرێ):

کاکە هەموو شتێکی نووسیوە ئەڵێ، وەک (من) (ئەو) یش هەردەم وێنەی (من)ی لە خەیاڵایە، وەک (من) (ئەو)یش لە دەستە خۆی نیە (من) ی لەبیر ناچتەوە، تەنانەت ئەڵێ: لە خەویشا لەگەڵ وێنەکەما ئەکەونە گفتوگۆ و عتاب!

**دارافەندی** (بەسۆزەوە):

خۆزگەم بەخۆت بکا! ئەنجا چیت ئەوێ؟

**خورشید ئەفەندی** (ئەپرسێ):

ئەی لەسەرچی وەستاون؟

**مامۆستا قادر** (مژێکی تر بە جگەرەکەوە ئەکێشێ):

کاکە دایک و باوک و براکەی.

**خورشید ئەفەندی** (بەپەرۆشەوە):

چۆن هی؟

**مامۆستاقادر** (بە هەناسەیەکی ساردەوە):

بەڵـێ، دایـک و بـاوک و براکـەی لـەم بڕوایـەدان کـە گوایـە ناشـێ کچـی ئـەوان بـە بێگانـە یـا بـە یەکێـک شـوو بـکا کـە لـە خێزانـی خۆیانـا یـا لـە چینـی خۆیانـا نەبـێ. ئەمـەش گەورەتریـن کۆسـپەیە لـە ڕێگەمانـا.

**دارافەندی** (بە وردی):

ئەی گوڵاڵە چی ئەڵێ؟

**مامۆستا قادر:**

کاکـە گیـان گوڵاڵـە هیچـی بەدەسـت نییـە، ئەگینـا ئـەو لەنامەکانیـا نووسـیویەتی (تـا مـردن هـەر دڵسـۆزی منـە و، هـەر فرمانێکـم جێبەجـێ ئـەکا.) تەنانـەت ئەڵـێ "ئەگـەر مـن داوای لێبکـەم، تـا کـو بـۆ "هەڵگرتـن" ئامادەیـە. بـەڵام لـە ماڵـەوە زۆر.. ئـاخ.. زۆر دەسـت بەسـەر و پەرێشـان و لـە ئازارایـە.

**خورشید ئەفەندی** (بە خێرایی):

ئەی بۆ..هی.. وەستاویت؟

**مامۆستاقادر** (هەناسەیەک هەڵئەهێنێ):

ئـەی خوایـە، بزانـە حەیـای خـۆم و (گوڵاڵـە) و ئـەم بنەماڵەیـەش نابـەرم. هـی... نەخێـر.. نەخێـر، کاکـە گیـان (دوای بێدەنگبوونێـک): نەخێـر، هـەر ئـاوا، بـەدەم خـەم و داخـی نائومێـدی دڵدارییـەوە بتلێمـەوە باشـترە لـەوە کـە بەهـۆی منـەوە (گوڵاڵـە) تووشـی دڵتەنگـی بـێ و نـاو و ناوبانگـی بکەوێتـە دەم و زاری خەڵکـەوە و هـی.. پەنـد و بالـۆرەی پێـوە هەڵبەسـتن!

**خورشید ئەفەندی** (خۆی قیت و چاوەکانی زەق ئەکاتەوە):

کاکە قادر ئێستا تۆ سەرخۆشیت؟

**مامۆستا قادر** (بە حەپەساویی):

نە. بۆ؟

**خورشیدئەفەندی** (ڕوو ئەکاتە دارا):

ئەی تۆ، کاک دارا؟

**دارافەندی** (سەری سووڕماوە):

نەخێر..هی. بۆ؟

**خورشید ئەفەندی** (بێ باک):

زۆر چاکـە. منیـش چـۆن ئەزانـم ئێـوە ناوتـان (قـادر و دارایـە) ئـاواش ئەزانـم کـە (مـن) سـەرخۆش نیمـە و بەهەنـدەی تریـش هـەر سـەرخۆش نابـم. (مامۆسـتا قـادر و دارافەنـدی بـە پێکەنینـەوە سـەیری یەکـتری ئەکـەن و سـەریان بـا ئـەدەن).

**مامۆستا قادر** (بۆ خورشیدئەفەندی):

ئەنجا مەرامت چییە؟

**خورشید ئەفەندی** (جگەرەکەی هەڵئەمژێ و فوو بە دووڵەکەیا ئەکا):

ئێمـە هـەر سـیامان بـەدڵ لەسـەر ژن هێنانیـن، هـاە؟ ئێسـتە تێکـڕا گرفتـاری تەگەرەیـەک هاتوویـن، هەرچەنـدە پەیوەسـتی بـە خۆمانـەوە هەیـە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا تەگەرەیەکـی سـەختی کۆمەڵایەتیـە و هـی.. پێویسـتی بـە لێکۆڵینـەوە و چارەسـەرکردنێکی تـەواوا هەیـە. هـی.

**مامۆستا قادر** (بەخەندەییەکەوە):

دیسـانەوە کەوتیتـەوە پیتۆڵـی؟ یـا خەریکـە بێیتـە سـەر ڕێگـەی ئێمـە و دان بـە گۆڕانـا بێنـی؟ هـی.

**خورشید ئەفەندی** (بە هەوەسێکەوە):

برایانـم نـە پیتۆڵـی و نـە گـۆڕان، تەنیـا ئێسـتە ناوێـرم قسـە بکـەم،

ئەترسم ئەو کەسانەی ئاوا ئێمە ئەبینن، یا ئەگەر هاتوو ئەمە لە پەردەی چیرۆکێکا نووسرایەوە، خوێنەرەکانی بەسەرخۆشمان تێبگەن و وا بزانن هیچ ئاگامان لە خۆمانا نییەو قسەو گفتوگۆکەمان بایەخی بۆ نەبێ. (دوای بیرکردنەوەیەک) بەڵام هەروەک هەرسیانمان دانمان پیاهێناوە، بڕیارمان لەسەردا. هی کە زۆر چاک بە ئاگا و هەستین و ئەم وتوو وێژەیەمان.. هی تەنیا قسەی مەست بوون و سەرخۆشی و ئەنجامی مەی نییە.. هی..

**دارافەندی** (خەوالووە):

ئێ... هی.. ئەنجا چی ئەفەرموویت؟

**خورشید ئەفەندی** (جگەرەکە فڕێ ئەدا شێوەیەکی کارزانانە ئەگرێ):

لەو هەموو ئافرەتی وا زۆرەوە کە زۆرەهایان بە ئاواتەوەن ئێمەمانان داوایان بکەین، هەرکەس لە ئێمە دڵی بەیەکێکا چووە و بە گەرمی هەوڵ ئەدا بە پاکی ببێ بەهاوڕێی ژیانی و ماوەی تەمەنی لەگەڵدا باتەسەر، هی. کەچی خوا بەدکاران بگرێ هی. کەچی ئاوا ڕێگەمان لێ ئەگیرێت و لە دڵمان ئەدرێتەوە هی..

**دارافەندی** (دەنگی بەرز ئەکاتەوە):

ئاخر هەر لەبەر ئەم تەنیا هۆیەشەوەیە کە ئەو هەموو گەنج و لاوەی لە تەمەنی ئێمە تا ئێستا ژنیان نەهێناوە و هەر ئاوا ماونەتەوە هی.

**خورشید ئەفەندی** (بەخەندەیەکیساردەوە):

هەروەها ئەو هەموو خونچە گوڵە ناسکۆڵانەش بوونەتە پیرە کچە و شەو تا درەنگ بە هیوای داخوازی کارا خەو ئەیان

باتــەوە.. هــی..

**دارافەندی** (بە بزەیەکەوە):

مــام پیتــۆڵ، کــە ئــاوا دەردەکــە ئەزانیــت، کەواتــە ئەبــێ دەرمانەکەشـیت دۆزیبێتــەوە. هــی. چــاری ئەمــە چــۆن ئەکرێــت؟ هــا!

**خورشید ئەفەندی** (هەست بە خۆشی سەرکەوتن ئەکات)

چــار.. هــی.. چــار لــە گۆڕانایــە! هــی.. ها.ها.هــا (پــێ ئەکەنــی و پەنجەکانــی بەنــاو قژەکەیــا ئەهێنــێ). ئــەم بــەلای ناگەهانــە ئــاوا چارەســەر ئەکرێــت کــە ئێــوەش بگۆڕیــن و بێینــە ســەر ئایینــی مــن هــی. بەسـیە، چیـتر بـەداخ و بـە هیـوای "نامـەوە" خۆتـان دووچـاری وەرەمــی دڵــداری مەکــەن. ئەهمــم.. ئێــوەش وەک بەنــدەی بــرا بچووکتــان خۆتانیــان لێــوە لالــووت بکــەن و..هــی.. لەلایەکــی تــرەوە.. لــە جــادە و شــەقامەکانا چاوبازییــان لەگــەڵا بکــەن، هــی.. ئەنجـا ئەبینـن چـۆن دایـک و باوکیـان بـە پێـی خۆیـان بووکتـان بـۆ ئەهێننــە ماڵــەوە.. هــا. ها.هــا.. هــی.

**دارافەندی** (بەهێمنی):

هە.. ئێمە چۆن ئەمەمان پێ ئەکرێت؟

**مامۆستاقادر** (بە دەنگێکی بەرز و لەسەرەخۆ):

پێــمان بکــرێ و نەکــرێ ئەمــە چــار نییــە. گیانەکــەم، چــار ئەمەیــە کــە ئەبــێ ئــەو بیروبــاوەڕە تەســکە لــە مێشــکی خەڵــکا بێنینــە دەرەوە (ئەگرژێتــەوە): جــارێ خۆمــان ئەبــێ لــە دۆزینــەوە و هەڵبژاردنــی هەڤاڵــی ژینــا هێنــدە دوو دڵ نەبیــن، فلانــە کــچ خــۆی وایــە و وا نییــە، و فیســکە کــچ لــە بەدبەختیــا یەکــێ لــە خزمەکانــی کەموکوڕییەکــی هەیــە، یــا لــە هەمــوو شــتێکا پێرفێکــت نییــە!

دارافەندی (بەپێکەنینەوە):

چونکە ئەو ئافرەتە جارێ دروست نەکراوە، ها! ها!

**مامۆستا قادر** (لەسەر باسەکەی ئەڕوا):

لەمەش گرنگتر ئەمەیە کە پێویستە دایک و باوک و برایانە بە گیانێکی بەرزی ڕاست و پێشکەوتووانە ئاو بدەین کە لەگەڵ چەرخی مانگی دەستکرد و کەشتیی ئاسمانیا بگونجێ.

**خورشید ئەفەندی** (وەک خەوتوو ماتە):

ئێی..؟ هی.

**مامۆستا قادر:**

واتا گۆڕانێک زۆر زۆر پێویستە، بەڵام نەک من و دارافەندی بگۆڕێین و ئایینی (تۆ) بگرین، نەخێر. بەڵکو ئەبێ ئەم گۆڕانە لە کۆمەڵ و ڕەوشت و خووی خەڵکا بێ، (هەناسەیەک هەڵدێنێ) ئەو کۆمەڵەی کە مەگەر (دەنگی خۆی نزم ئەکاتەوە): کە مەگەر ئاوا تەنیا لە کاتی مەی خواردنەوە و سەرخۆشییا بوێرین بە دزییەوە باسی شتێکی وەک ژن هێنانا بکەین، کە هیچیشی تیا بەستە نییە! هی.

**خورشید ئەفەندی** (هەڵئەسێ):

هی.. ها.ها. (بەپێکەنینەوە) ئەنجا هەتا خۆمان بەم دەردە گرانەوە خەریک ئەکەین و ئەو باروسەرباره بە سەنگە لە دڵی خۆمانا بارئەکەین، هی.. بۆ.. باشتر نییە گوێ بە هیچیا نەدەین و ها.ها.ها باشتر نییە وەک من ڕای بوێرن..؟ هی.. تۆ چیت وت کاک دارافەندی؟

**دارافەندی** (هەڵئەستێ سەری بۆ با ئەدات):

ئی.. بە خوا براکانم هەردووکتان ڕاست ئەفەرموون!

**مامۆستا قادر** (بەپەرۆشەوە):

بــرادەر، بــاری گرانــی چــی؟ ئــی، ئــەی ئێمــە تێنەکۆشــین و هــەوڵ نەدەیــن کــێ بیــدا! دەبــا ئێمــە ڕێ بگرینــە بــەر، جــا ئەگــەر بــە قۆناخیشــا نەگەیشــتین و بوویــن بــە قووچــی قوربانیــی، ئــەوا ســوودی بــۆ گەنجانــی دوای ئێمــە، بــۆ منــاڵ و نەوەکانمــا ئەبــێ.

**خورشیدئەفەندی** (بە دەنگێکی نزمەوە):

هــی. ئێمــە ئەبینــە قووچــی قوربانــی.. بــۆ ڕۆڵەکانمــان، ها.هــا.. هــا. هــی.. هــی.. هــی.. (پــێ ئەکەنــی). ئەنجــا ئەمــن ئەگــەر ژنــم نەبــوو ئــەوە چــۆن ڕۆڵــە و نــەوەم لــە پــاش بەجــێ ئەمێنــێ؟ هــە هــم.. وەی خێــری پێــوە نەبــێ. کــوڕە دەبــڕۆ بــڕۆن، هــی.. ئێمــە ڕائەبوێریــن چیــمان لــەم بەزمەدایــە؟!

**مامۆستاقادر** (هەڵساوە، دەستی ئەخاتە سەرشانی خورشید و دارافەندییەوە):

فەرمــوون، کاکــە گیــان، فەرمــوون ڕابوێــرن. (خەندەیــەک لێوەکانــی دائەگــرێ) فەرمــوون ڕابوێــرن.. ئــی.. بەخــوا چــۆن مــن ئەیزانــم، ئێــوەش باشــتر ئەیزانــن کــە.. "وانییــە، بــەڵام جــارێ بــا وابــێ!" لــەم کاتــەدا دەنگــی گۆرانــی "بابڵێــن خەڵکــی حەســود بــا بڵێــن" بــەرز ئەبێتــەوە، هەریەکــە ســەیری ئەوانــی تــر ئــەکات، لــە بــێ هێزیــدا بــەلادا ئەچــن، بــە ئاوازێکــی خــاوەوە گۆرانییەکــە ئەگێڕنــەوە.. چاکەتەکانیــان لــە بزمارەکــە ئەکەنــەوە و ئەیخەنــەوە سەرشــانیان، بــێ ئــارەزوو خۆیــان ڕائەکێشــن و ئەچنــە دەرەوە!! تــا ئــەوان ون ئەبــن، وردە وردە پــەردە بــە کۆتایــی گۆرانییەکــە دا ئەدرێتــەوە؟

**پەردە**

بایز بەگ، ١٩٦١/٨/٢٣

# ئەگەر بایە و .. ئەگەر باران
# (ئەو ڕەنجەی با دەیبا)

کاروان، ژمارە ١٣ی تشرینی یەکەم١٩٨٣

(پەردەی یەکەم)

(دوکانی حاجی مارف، دوو لاتەختی کۆن لەملا و لەولاوە دانراون.. لەبنەبانییەوە کورسییەکی ئانیشکەدار هەیەو لەبەردەمییەوە مێزێک بەپارچە پەڕۆکێکی کۆن و چڵکن داپۆشراوە. لە پشت کورسییەکەوە لەنێو دیوارەکەدا قاسەیەکی کۆنینە دەبینرێ کە هەمیشە داخراوە. لە قوژبنێکی دوکانەکەدا هەندێ شرە گونییە و داوە بەن بەسەریەکەوە کۆمەڵ کراون).

(کات چێشتەنگاوێکی ڕۆژی هەینییە، حاجی مارف لەسەر کورسییە ئانیشکە دارەکەوە دانیشتووە. چاوێلکەیەکی تۆزاوی بۆ خوێندنەوە لە چاو کردووە لەوە دەچێ لە دەستی خەڵکی کڕیبێتەوە، چونکە نە بە ڕێکی

بەسەرلووتییەوە دەچەسپێ و نە لەوەیش دەکا بە چاکی بتوانێ بخوێنێتەوە. دەفتەرێکی زلی لەبەردەستایە لەسەر مێزەکەوە، کورتە قەڵەمێکی بەدەستەوەیە. لەسەر پارچە کاغەزێکدا شت دەنووسێ و خەریکی کۆکردنەوە و لێکدان و دەرهێنان و دابەشکردنە. بەچرچولۆچی دەموچاو و کزی دیدەیدا لەوە دەچێ تەمەنی لەبان شەستەوە بێ.. کەشیدەیەکی پانی لەسەرایە و کەواو سەڵتەیەکی مەیلە و کۆنی لەبەردایە. کراسەکەی بێ یاخەیە و پشتێنێکی قایشی بەستووە.. مناڵکارێکی ڕووتەڵە دێتە ژوورەوە.. زەنبیلێکی بەتاڵی لەبن هەنگڵدایە).

**حاجی مارف:** (بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ)

هەتیو حەمەکە. ئەوە چیت بەسەرهات؟

**حەمە:** (بە هەناسە بڕکێوە)

مام حاجی، ئاخر هەتا شتەکانم کڕین و بردمنەوەماڵەوەتان...

**حاجی مارف:**

ئێ باشە ئەی حاجی ژن هیچی نەگوت؟

**حەمە:** (زەنبیلەکە دەخاتە ژێر لاتەختێکەوە)

نەخێر، نەخێر.

**حاجی مارف:**

باشە ئەی کوا باقی پارەکە؟

**حەمە:** (قیت دەبێتەوە)

مام حاجی، شتەکان بای نۆ پەنجایی و چل فلووس بوون.

**حاجی مارف** (سەیری دەکا)

ئێ منیش نیو دینارم دابوویتێ، ئەی کوا باقییەکە.

**حەمە:** (بە تێڕامانێکەوە)

مام حاجی دە فلووس دەمێنێتەوە، فەرموو ئەمەش دە فلووسەکە.

**حاجی مارف:** (دەس بۆ سەر مێزەکە درێژ دەکا)

بێنــە، لێــرەدا داینــێ (حەمــە دە فلســییەکە دادەنــێ و بەگرژییــەوە دەگەڕێتــە دواوە بــۆ نزیــک دەرگاکــە و دادەنیشــێ... حاجــی مــارف دە فلســییەکە هەڵدەگرێتــەو و لــە بنــی باخەڵیــدا زرنگــەی لێــوەدێ.

ڕەحــمان دێتــە ژوورەوە. پیاوێکــی کەڵەگەتــی ڕەقەڵــەی ڕەنــگ زەردە و تەمەنــی چــل و پێنــج ســاڵێک دەبــێ. کورتــەک و شــەرواڵێکی بۆرکەڵــەی پینــاوی لەبەردایــەو جامانەیەکــی ڕیشــوەداری بەســتووە. لــە ڕوخســاریدا دیــارە وەک لەخۆشــیدا بووبــێ و لــە نــاکاودا هەرچــی خەفەتــی ئــەم دونیایــە هەیــە نرابێتــە ســەر ســنگییەوە).

**ڕەحمان:**

سەلامونعەلیکم.

**حاجی مارف:**

وەعەلەیکموســـــەلام وەرەحمەتوللاهــــی وەبەرەکاتوهــــو، فەرمــــوو، فەرمــــوو دانیشــــە. (قەڵــــەم و کاغەزەکــــە دادەنێــــت).

**ڕەحمان** (لەسەر لاتەختێکیانا دادەنیشێ).

**حاجی مارف:** (جگەرەیەکی زەلی بۆ ڕادەگرێ).

بەخێرهاتیت فەرموو.

**ڕەحمان:** جگەرەکە وەردەگرێ)

خۆشبیت مام حاجی.

(جگەرەکە دادەگیرسێنێ و دەکەوێتە مژیینیەوە).

**حاجی مارف:** (چاویلکەکەی دادەنێ)

ئــێ کاک ڕەحــمان چۆنــن؟ چاکــن! ئــەوە لــە کوێیــت دەمێکــە دیــار نیــت.

**ڕەحمان:** (بە کزییەوە)

بەخوا بڵێم چی، مام حاجی خۆیشم نازانم بۆ دیار نیمە.

**حاجی مارف:**

ئەی باشە کاروبارتان چۆنە؟ خۆ شوکور وەزعتان چاکە؟

**ڕەحمان:** (قومێ ئەدا لە جگەرەکەوە بە دووکەڵەکەیدا هەڵدەڕوانن)

کاروبــار؟ جــا ناشــکوری نەبــێ چ کاروبــار هەیــە هەتــا چــۆن بــێ و چــۆن نەبــێ؟

**حاجی مارف:** (دەکرژێتەوە)

بۆ کاکە بۆ؟ خانەخواستە چی بووە؟

**ڕەحمان:** (بە ئاخێکەوە)

مامە حاجی، خۆت دەیزانێت.

**حاجی مارف:** (تێوەی ڕادەمێنێ)

خۆم! خۆم چی دەزانم؟

**ڕەحمان:** (بە سستییەکەوە)

ئــەدی بڵێــم چــی؟ ئاخــر ئــەی خــۆت نایزانیــت حــاڵ و بــار چۆنــە و چــۆن نییــە! بــێ دەرامەتــی و بــێ ئیشــی و دەســتکورتیەی و.. ئیــتر.

**حاجی مارف:** (دەگرژێتەوە)

ماڵــت بــە قــوڕ نەگیــرێ. جــا هــەر لەبــەر ئەمەیــە وا پەرێشــانیت! داخــۆ گوتــم خــوا نەخواســتە چــی ڕوویــداوە! حەمــە (بانــگ دەکات) هەتیــو حەمەکــە!

**حەمە:** (بە هەڵەداوان بەرزە پێ دەبێ)

بەڵێ مامە حاجی!

**حاجی مارف:**

بڕۆ بڵێ دوو دیشلەمەمان بۆ بێنن. جامێکیش ئاو بێنە.

**حەمە:**

بەڵێ، بەڵێ، هەر ئێستا (دەچێتە دەرەوە).

**حاجی مارف:** (بەخەندەیەکەوە)

تــۆ لــەم لایەنــەوە هیــچ خــۆت دڵتەنــگ مەکــە، هــەی لەمنــت نەکــەوێ، ئــەی مامــی خــۆت چییــە؟

**ڕەحمان:** (بە ئومێدێکەوە)

ئاخر..

**حاجی مارف:** (قسەی پێ دەبڕێ)

جـا ئەگـەر مـن بـۆ ڕۆژێکـی ئـاوا نەبـم ئـەی بـۆ کـەی ئەبـم؟ نـا، کـوڕی خـۆم نـا، دڵـت هیـچ نـەکات..

(چایەچـی دوو پیاڵـە چـای تـاڵ و جامـە ئـاوێ دەهێنـێ. ئاوەکـە دەداتـە حاجـی مـارف و هەریەکەیـان پیاڵـە چایەکیـان بـۆ دادەنـێ. حاجی ئـاو دەخواتـەوە و دەیداتە ڕەحـمان. ئەمیـش قومێکـی لێـدەدا و چایەچییەکـە وەریدەگرێتـەوەو و دەڕوات).

**ڕەحمان:** (بەدەم دیشلەمە خواردنەوە)

مام حاجی، خۆشم نازانم بڵێم چی؟

**حاجی مارف:** (فڕ لە دیشلەمەکە دەدات)

مــن پێــت بڵێــم، وەکــو پاروپێــرار، پــارەی خــۆت وەرگــرە و نــاوی خــوای لێبێنــە.

**ڕەحمان:**

جا باشە حیسابەکەمان چۆنە و چۆن دەبێ؟

**حاجــی مــارف:** (دیشــلەمەکە تــەواو دەکا و پیاڵەکــە دادەنــێ. دەفتەرەکــە ڕادەکێشــێ. چاوێلکەکــە دەخاتــەوە ســەر لوتییــەوە دەکەوێتــە هەڵدانــەوەی پەڕەکانــی دەفتەرەکــەوە. لــە ئاســتی لاپەڕەیەکــدا دەوەســتێ. دەفتەرەکــە لــە چــاوی نزیــک دەکاتــەوەو دووری دەخاتــەوە و دیســان دەیهێنێتــە پێشــەوە).

ئــا ئەمەتــە خۆیەتــی. حیســابی ڕەحمانــی حاجــی کەریــم.. لاپــەڕە ســیانزە.

**ڕەحمان:** (بە ترسێکەوە)

دۆزیتەوە؟ (لەبەرخۆیەوە). لاپەڕەکەیشمان سیانزەیە!

**حاجی مارف:** (بەڵخۆشییەوە)

بەڵـێ، ئـەی چـۆن؟ ئاخـر بۆیـە دەڵێـن خوێنـدەواری شـتێکی بەکەڵکـە. پیـاو کوێـرە خەتێکـی هەبـێ هـەر باشـە.

**ڕەحمان:** (پیاڵەکە دادەنێتەوە و ڕادەچڵەکێ)

باشە!

**حاجی مارف:** (کۆکەیەک دەکا)

کـوڕم.. ڕاوەسـتە ئاهـەە.. باشـە لـە حیسـابەکەی پێـرار و پارتـەوە شەسـت و دوو دینـار و هەشـت سـەد و چـل و چـوار فلـووس قـەردار بوویتـەوە.

**ڕەحمان:** (بە حەپەساوی، لەبەرخۆیەوە)

دەک خوا لێت هەڵنەگرێ،هەی!

**حاجی مارف:**

خۆ لەبیرت ماوە؟

**ڕەحمان:** (بۆخۆی)

هەمـووی هەشـتا دینـارت دابومـێ (بەدەنگـی بـەرز) بەڵـێ، بەڵـێ. چـۆن لەبیـرم نامێنـێ؟

**حاجی مارف:** (بە خەندەیەکەوە)

ئەمەتـا سـەنەدەکەیش کـە مـۆرت کـردووە لەتـەک حیسـابەکەتدا هەڵگیـراوە.

**ڕەحمان:** (گرژە لەبەرخۆیەوە)

شەش فەردە توتنیشم هەر ساڵەی پێداویت...

**حاجی مارف:**

بــۆ خاتــری ئێــوە مــن لــە زۆر شــتا چــاو دەپۆشــم. کاکــە دونیــا هێنــدە ناهێنــێ ئەگــەر دەســتی لێقەومــاو و دەســتکورتێکی وەکــو ئێــوەی پێنەگــرم پارەوپــوڵم بۆچییــە؟

**ڕەحمان:** (زۆر دڵتەنگە- بۆخۆی)

دوو منداڵــی ناســک و نازداریشــم لەســەر دانــاوەو ئینجــا ئەوەنــدەش قــەرزاری بوومەتــەوە. ئــای لــەم نەگبەتییــە هــای!

**حاجی مارف:** (جگەرەیەکی تریشی بۆ داوێ و خۆیشی یەکێ دادەگیرسێنێ)

باشە ئەمساڵ چەندت دەوێت؟

**ڕەحمان:** (جگەرەکە پێدەکا بیرد ەکاتەوە)

سەد دینار.

**حاجی مارف:** (چاوی ئەبڵەق دەوەستێ)

سەد دینار؟ جا سەد دینارت بۆچییە؟

**ڕەحمان:** (بەبێ هێزییەوە)

ئاخــر خــۆت دەیزانــی لــە بازاڕیشــدا قــەرزداری چەنــد کەســانێکم خــۆ دەبــێ ئــەو قەردانــەش بدەمــەوە.

**حاجی مارف:** (بانگ دەکا)

حەمە.. هەتیو حەمەکە

**حەمە:** (بەپەلە دێتە پێشەوە)

بەڵێ، بەڵێ مام حاجی، ئەوا هاتم.

**حاجی مارف:**

ئــاوەرە ئــەم پیاڵانــە ببــەرەوە خــۆ ناشــکوری ناڵێــم، عالــەم ئەوەنــدە یاغــر و غــەڕا بــوون، کابــرا هــەر نایــە ئێستکانەکانیشــی بەرێتــەوە. بابــە لــە خــوای بەزیــاد بــێ.. پارەوپــوول هێنــدە زۆرە خەڵــک دەربەســت نینــە...

**ڕەحمان:** (لەبەرخۆیەوە)

کوا؟ ئەی بۆ قیچەکیشی بەر مەمانان نەکەوتووە و ناشکەوێ؟

**حاجی مارف:**

دەڵێیت چی کوڕم؟

**ڕەحمان:**

هیچ گوتم سەد.. سەد دینارم پێدەویست.

**حاجی مارف:**

ئاخــر پــارە وەرگرتنیــش دانــەوەی گەرەکــە. ئــێ باشــە چۆنــت پێدەدرێتــەوە؟

**ڕەحمان:** (لەبەرخۆیەوە)

نەوەللاهی، ئێوە مانان خۆشنەبن قەت پێمان نادرێتەوە.

**حاجی مارف:**

چیت وت؟

**ڕەحمان:**

گوتــم ئەگــەر ئەمســاڵ خــوا ڕاســتم بــۆ بێنــێ و توتنەکــەم بــاش و بــێ ئافــات بــێ, ئــەوا هەمــوو قــەردەکان دەدەمــەوە و ســەرم ســووک دەبێــت.

**حاجی مارف:** (تێوەی ڕادەمێنێ)

خــوا بیــکا وابێــت کــێ بــێ حــەز نــەکات کــوڕی خــۆم، بــەڵام بــۆ ئێــوە نەختــێ زەحمەتــە (خــۆی مــۆن دەکا) ئێــوە هێنــدە خۆتــان مانــدوو ناکــەن بڵێــی خــوا بەهەقــە، پــارەی ئێمــە لەبــەر ســێبەردا وەردەگــرن و هــەر لــە سێبەریشــدا دەیخــۆن.

**ڕەحمان:** (لەبەرخۆیەوە)

دەک ماڵــت بەقــوڕ گیــرێ هــەی (بــۆ حاجــی مــارف) مامــە حاجــی

چــۆن خۆمــان مانــدوو ناکەیــن؟ ئێمەمانــان بــە درێژایــی هاویــن لەبــەر گەرمــا و لەبــەر هەتاوێــدا دەشــەقێین و دەتەقینــەوە هیــچ لــە لەشــمانا نامێنــێ. شــەوانیش هــەر خەریکیــن خــەو و خۆراکــمان لــێ هەڵگیــراوە. چــی بکەیــن. بــەڵام کــە خــوا نەیــدا.. نابــێ.. نــا.

**حاجی مارف:** (گرژە)

کــوڕە ئەمــە کــەی خۆماندووکردنــە؟ مــن توتنەوانــی وام هەیــە بیســت فــەردەی بــووە. بیســت، ئەوەتــا عــەزەی فاتــەرەش، پارەکــە بیســت و یــەک فــەردەی کردبــوو. قەردەکانیشــی دامــەوە و بۆخــۆی بیســت و دوو دانــە دینــاری شینیشــی خســتە بــن تەنکــەی باخەڵیــەوە توخــوا تــۆش توتنەوانیــت؟

**ڕەحمان:** (زۆ دڵ تەنگە- ڕووی گرژ و چاوەکانی زەقن)

بەخــوا جوانــە! ئەوەیــە هــەر کــردەی ئێمــە و بــردەی ئێوەیــە! مــن بەخــۆم و خێزانمــەوە ئــەوە دوو ســاڵی ڕەبــەق لەبــری ئارەقــەوە خوێــن دەڕێژیــن و بەوپــەڕی تواناوە ڕەنــج دەدەیــن.. دوو کۆرپــەی ناسکۆڵەشــمان نایــە بانیــەوە و ئینجــاش شەشــت و دوو دینــار و هەشــت ســەد و چــل و چــوار فلــس قــەرزاری جەنابــت بووینەتــەوە. جــا تاکــو ئــەم بایــە لــەو کونــەوە بــێ ئــەوا چــۆن لــە ژێربــاری قــەردی تــۆدا ڕزگارمــان دەبــێ؟ جــا ئەگــەر گورگــەی بەدفــەڕ و ڕەشــە وڵاخەکانــی جەنابــی ئاغــاش نەبوونایــە کــە تووتنەکەیــان لــێ پێشــێل کردیــن ئــەوا ئێمــەش ئەوەندەمــان دەبــوو.

**حاجی مارف:** (پەستە. هەڵدەستە سەرپێ)

ئینجــا کــوڕم هەمــوو شــتێ بــە حیســاب و کیتــاب نییــە؟ باشــە گوناهــی مــن چییــە تووتنەکــەت بــاش پــێ نەپارێــزراوە و بــژارت نەکــردووە؟

**ڕەحمان:** (ئەویش هەڵدەستێ)

ئێ باشە دوازدە فەردە چەند دەکات؟

**حاجی مارف:** (خۆی لالووت دەکا)

باوکم ئەمە قەڵەم و ئەمەش کاغەز، خۆ خوا نەخواستە فێڵم لێت نەکردووە. خوا شایەتە حیسابەکەت بەڕاستی و دروستی کراوە.

**ڕەحمان:** (بەتەوسەوە)

فێڵ! خوانەکا، فێڵی چی، ئینجا مامەحاجی، من کەی ناماقووڵی وا دەکەم، فێڵ چۆن لە پیاوی وەکو ئێوە دەوەشێتەوە!

**حاجی مارف:** (دادەنیشێتەوە)

ئاخر چوزانم، گوتم نەکا دڵت خەتەرەی کردبێ. کوڕم دونیاکە خراپ بووە. عالەمی ئەم زەمانە خوانەناسن. بە درۆ شت بۆ خەڵک هەڵدەبەستن.

**ڕەحمان:** (دادەنیشێ لەبەر خۆیەوە)

ئەی، ئەی ئەی لەو زمان لووسەی کە دەیگێڕێ. (بۆ حاجی مارف). نەخێر، نەخێر.. تەنیا ئەوەندە هەیە نازانم چۆنت هێندە قەرزار بوومەتەوە؟

**حاجی مارف:** (دەچێتە پێستی مەڕەوە)

کوڕم، وەک گوتم، ئێوە هەر ئاگاتان لە خواردنە و هیچی ترە، ئاگاتان لەپاناییەوە نییە. دوایی هەر ئەو پارەیەتان لەبیرە کە بەوشکی وەری دەگرن، لە مەسرەفەکانی ترا خۆتان گێل دەکەن.

**ڕەحمان:** (ڕادەچڵەکێ)

مەسرەفی تری چی، مامە حاجی؟

**حاجی مارف:** (خۆی قیت دەکاتەوە)

مەسرەفـی چـی هـاە؟ جـارێ لـە پێشـەوە پـارەی گونیـە و سـووتڵی و شیشـــەی تووتـــن. ئەمجـــا کرێـــار و حەممالْـــی و وەرگێـــڕان و داگرتنـەوەی فـەردەکان. دوایـی کرێـی ئـەو خانـووەی تووتنەکـەی تیـادا دەنرێـت و هەقـی دۆنـەم و لەسـەرووی هەمووشـیانەوە زیافـەت و دیـاری و بەرتیـل بـۆ سـەرۆک و ئەندامانـی لیژنـەی فەحـس و خەبیـران و تـا دەگاتـە حەممالْەکانـی ئینحیسـاریش. ئەمانـەن مـەسرەف. ئـەی گوایـە توتـن بـەلاش فەحـس دەکرێـت! بەخـوای هەمـووی هـەر قاچانـەوە و دۆشـین و وەرگرتنـە. کـوڕم ئاگاتـان لـە چییـە؟

**ڕەحمان:** (واقی وڕماوە)

جـا، ئـەو هەمـوو کەیـن و بەینـە هـەر دەبـێ شـانی ئێمـە بگرێتـەوە؟

**حاجی مارف:** (بەخێرایی)

ئەی چۆن! تووتن تووتنی ئێوەیە، خۆ ئێمەش بۆتانی نادەین!

**ڕەحمان:** (ماتە)

نە.. نە.. دەڵێم ئاخر..

**حاجی مارف:** (قسەی پێ دەبڕێ)

ئاخروماخـری نـاوێ. ئەمـە حیسـاب و ئەمـە کتیابەکەیـە! بـڕۆ حـەز دەکـەی لەهەمـوو توجـارەکان و تووتنەوانـەکان بپرسـە. کار هـەر ئـە ئاوایـە.

**ڕەحمان:** (بۆخۆی)

جـا شـایەتی ڕێـوی کلـک بـێ دەبـێ چـۆن بـێ! ئێـوە هەمـوو کلکـی خۆتانتـان کردۆتـە یـەک و ئێمەمانانـی بـێ دەسـەڵاتیش دەچەوسـێننەوەو خوێنـی جگەرمـان فـڕ دەکـەن و کەسـیش نییـە

لەسەرمان بێتە دەنگ.. چاریشمان نییە (بۆ حاجی) جا.. بۆ بپرسم؟

**حاجی مارف:** (نەختێ تورەیە)

نا.. نا.. بپرسە کورم پرسیار عەیب نییە. ئەگەر باوەرت نەبێ هەقی خۆتە بپرسیت. دوایی خۆ من بە دواتدا نەهاتووم. ئەگەر دڵت هیچ دەکات ئەوا قەردەکەی خۆمم بدەرەو و چیتر مامەڵەم لەگەڵدا تازە مەکەرەوە.. مەمنوونیشتم.

**رەحمان:** (بە دڵشکاوی- لەبەرخۆیەوە)

وای قور بەسەرم! جا ئەگەر بۆم دەکرا شەرت بێ کڵاویشم بکوتایەتە مەحەلەکەتەوە بە قەلانگ دەرم دەهانی، بەڵام سەرم بۆ کوێ بەرم؟ هەمووتان هەر ئەو شەیتانن! زەروون (بۆ حاجی) جا بە چ قەردەکەت بدەمەوە و مامەڵە لەگەڵ کێدا بکەم؟

**حاجی مارف:** (هەڵدەسێ، یەک دووجار بەنێو دوکانەکەدا دێ و دەچێ. لای رەحمان دەوەستێتەوە. جگەرەیەکی دەداتێ و یەکێ بۆخۆشی دادەگیرسێنێ و دەیمژێ)

توجار زۆرن، خۆ هەر من نیم!

**رەحمان:** (جگەرەکە هەڵدەمژێ)

قوربان، دەزانم هەر تۆ نیت بەڵام بۆ لای هەر کێ بچم پوولێکم پێنادەن. چونکە قەرداری جەنابتانم.

**حاجی مارف:** (دەگرژێتەوە)

ئەی عەینەلمەفەر؟ تۆ نە ئەمە دەکەیت و نە ئەویش.

**رەحمان:** (بە نائومێدییەوە)

ئێستا مام حاجی من هیچم نەگوتووە تۆ خۆت نارەحەت

مەکــە. پارەکــەم بــدەرێ، ئەمســاڵیش دەیکەینــەوە بزانیــن خــوا چۆنــی دێنێتــە پێــش!

**حاجی مارف:** (بەکەش و فشێکەوە)

کوڕم دەزانم هەروا دەکەیت خۆ ئێمە بێگانە نین.

**ڕەحمان:** (لەبەرخۆیەوە)

وەڵلاهــی ئەوەنــدە بێگانەیــن نەبێتــەوە. بــەڵام بڵێــم چــی (بــۆ حاجــی) نەخێــر. نەخێــر، بێگانــەی چــی؟ ئێســتا ســەد دینارەکــە بێنــە و ببڕێتــەوە.

**حاجی مارف:** (خۆی وێک دێنێتەوە)

کــوڕم پێتــم وت ســەد دینــار زۆرە. مــن بــۆ تۆمــە نامــەوێ هێنــدە قــەرزار بیــت. وەک ســاڵان جــارێ هەشــتا دینــار بــەرە، خــوا کەریمــە.

**ڕەحمان:**

ئاخر هەشتا دینار کەمە.. کەم.

**حاجی مارف:** (لە جێگاکەی خۆیدا دادەنیشێتەوە) (بە خەندەیەکەوە)

ئاخــر.. کــەم نییــە و ئــەهە.. (هەڵدەســێتەوە. قاســەکە دەکاتــەوە و هەنــدێ پــارە دەردێنــێ و دەیژمێــرێ) ئەمــە پەنجــا، شەســت، شەســت و پێنــج، حەفتــا و پێنــج، ئەمــە هەشــتا (بــۆی ڕادەگــرێ، فەرمــوو ئەمــە هەشــتا دینــار.. بیژمێرمــەوە) ڕەحــمان هەڵدەســێ پارەکــەی لێوەردەگــرێ و دەیژمێــرێ).

**حاجی مارف:**

خۆ تەواوە؟

**ڕەحمان:**

بەڵێ تەواوە.. هەشتا دینارە.

**حاجـی مـارف:** (لـە قاسـەکەوە سـەنەدی دەردێنـێ.. پـارە زیادەکـە دەخاتـەوە قاسـەکەوە. نەختـێ شـت لـە سـەنەدەکەدا دەنووسـێ، دواى ئـەوەی چاویلکەکـەی خسـتۆتەوە سـەر لووتییـەوە. دەیداتـە دەسـتی ڕەحمانـەوە)

هـا، فەرموو ئە لێرەوە پەنجەی پێوە بنێ.

**ڕەحـــمان:** (ئەمووسـتی چەپـی بـە تـف تـەڕ دەکا، لـە سـتامپاکەی سـەر مێزەکەیـەوەی دەخشـێنێ، سـەنەدەکە مـۆر دەکات)

فەرموو.. ئەمەش ئەنگووستم.

**حاجی مارف:** (سەیرێکی سەنەدەکە دەکا ئینجا دەڕوانێتە ڕەحمان)

دە باشـە بابـی خـۆم زۆر چاکـە موبارەکـە و خێـری پێوەبـێ.. ئینشـاللا ئەمسـاڵ مووەفـەق دەبیـت.

**ڕەحمان:** (پارەکە دەخاتە باخەڵیەوە)

سوپاس من ئەوا دەڕۆم. خوا حافیز.

**حاجی مارف:** (سەنەدەکە دەخاتەوە قاسەکەوە و کلیلی دەدات)

خـوات لەگـەڵ کـوڕی خـۆم، منیـش ئـەوا درەنگـە دەبـێ بچـم بـۆ نوێـژی جومعـە (هەڵدەسـێ) (ڕەحـمان دەچێتـە دەرەوە چەنـد شـتێک لەلاپـەڕە سـیانزەی دەفتەرەکەیـدا دەنوسـێت و لـە پاشـانا لەنـاو چەکمەجـەی مێزەکـەدا قایمـی دەکا) بانگـی حەمـە دەکات. حەمـە وەڵامـی دەداتـەوە.

**حاجی مارف:**

مـن ئـەوا دەچمـە نوێـژێ لێـرە نەبزوویـت هـا. (حاجـی دەچێتـە دەرەوە).

پەردە دادەدرێتەوە.

**پەردەی دووەم**

(شـوێن: سـاباتێکی تووتنەوانانـە لـە دەشـتی (بیتوێـن)دا، جۆگەڵـە ئاوێـک بـە ڕۆخیـدا دەڕوات. چۆڕاوگەیەکـی کـەم ئـاوی پیـادا دێ. لەلایەکـی ژێـر ساباتەکەوە چەنـد شـڕە لێفـە و کۆنـە دۆشـەک بەسـەریەکەوە کەڵەکـە کـراون. بەنزیکیانـەوە پارچـە لبادێـک ڕاخـراوە و سـەرینێکی ئەسـتووری لەسـەر دانـراوە لـە لایەکـەی تـرەوە بەتەنیشـت جۆگەڵەکـەوە هەنـدێ مەنجەڵـی ڕەشـدا گـەڕاو و لەگـەن و قاپـی فافـۆن دەبینرێـن. قـۆری بەسـەر کتلییەکـەوە جۆشـدراوە و هەڵمیـان لێـوە هەڵدەسـتێ.

سـەبەتەیەک بـە بـن میچـی ساباتەکەوە هەڵـواسراوە و نانـی تیایدایـە. یـەک دوو شـەقاو لەوبـەری جۆگاکـەوە چارداخـی تووتنـە- تووتنـی زەرد بـەدارەوە کـراوە و بەڕێـز داوە تووتـن بـە تەنیشـت یەکـدا هەڵـواسراون. لـەلای تـری ساباتەکەوە بـە چەنـد هەنگاوێـک یـەک دوو خـەت تەماتـە و بامیـە و کولەکەیـە و لـەولا تریشـەوە هەتـا چـاو بـڕ دەکات کێڵگـەی تووتنـی شـکاوە و پیـرە مەڕێـک بەسـتراوەتەوە. گیـای لەبەردەمایـە بـە تەنیشـت نوێنەکانـەوە دوو سـێ بوخچـە و پریاسـکە و سـەنووقێکی داری بچکۆلانـە دیـارن.

(کات: پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژێکـی دەمـە و پاییـزە. هـەوران بەئاسـمانەوە هەڕەشـەیانە کـزە بایەکـی نێمـدار گـەڵای شـینایی دەوروبـەر دەهەژێنێتـەوە. خەجـێ ئافرەتێکی ورگنـی ڕەنـگ زەردی سـی و پێنـج ساڵییە خەریکـی دەمدانـی چایەکەیـە. لـە نزیکییـەوە کچێکـی هەشـت نـۆ سـاڵی لـە نێـو پێخەفـی لـەرز و تادایـە و هـەر ناڵـە ناڵیەتـی.. سـوورایی لـە نیگایـدا بـەدی ناکـرێ. ئێسـک و دەمارەکانـی دەسـت و باسـکی زەق دیـارن وەک دەڵێـن بـەگاز بیگریـت گۆشـتی پێـوە نایـە. هێنـدە لـەڕ و لاوازە. ڕەحـمان دێتـە ژوورەوە و بـێ پشـتنێد کورتەکەکـی بەسـەر دەرپێـدا بەرداوەتـەوەو کـە هەرچەنـد لەخـام دروسـتکراوە چلـک و تووتـن وایانگۆڕیـوە ڕەنگـی خـۆی نازانـرێ چـی بـووە. ڕەحـمان ماندووێتـی و دڵشـکان

و خـەم و پـەژارە لـە ڕووخسـاریدا دەبـارێ. بـە لیچکـی کورتەکەکەیـەوە دەسـتە تەڕەکانـی دەسـڕێتەوە و بەبـێ هێـزی بەسـەر لبادەکـەوە پـاڵ دەداتـەوە).

**خەجێ:**

پیاوەکە دواکەوتیت.

**ڕەحمان:** (بە بێزاریەیوە)

چ بکەم ئافرەت. نوێژەکەم کرد و هەندێ تووتنیشم سەروگێڕکرد.

**خەجێ:** (چای بۆ تێدەکا لەبەردەمیا دادەنێ)

قەلبت ساخ بێت.

**ڕەحمان:** (بە دڵتەنگییەوە)

ئەرێ نەورۆز چۆنە ئافرەت؟

**خەجێ:** (لەبن لێوانەوە)

بـە ناشـکوری ناڵێـم چـۆن بـێ! ئـەوە لەوەتـەی هاتوومەتـەوە ژێـر سـاباتەکەوە تـا سـاردی نەکردۆتـەوە و لەرزیـش بـەری نـەداوە.

**ڕەحمان:** (لەسەرخۆوە)

خوا ڕەحمی پێبکات ئافرەت. دەسەڵات چییە!

**خەجێ:** (دادەمێنێ)

خـــوا کەریمـــە، بـــەڵام بەخـــوای پیاوەکـــە زۆر دەترســـم ئەمیـــش بـــەدەردی ئەوانـــی تـــرەوە بچـــێ.

**ڕەحمان:** (چایەکەی خواردۆتەوە ئێستکانەکە دەداتەوە دەست خەجێوە)

باشە چ فەرقێکی نەکردووە؟

**خەجێ:** (خەمبارە)

نـــە بەخـــوا، فەرقـــی چـــی؟ دایکـــی بمـــرێ خراپـــتر بـــووە، چاکـــتر نەبـــووە.

**ڕەحمان:**

ئـێ چ بکەیـن! دوو سـێ ڕۆژان لەسـەریەک بردمانـە سـەر مەرقـەدی پیاوچاکەکـــەوە و جـــەرگ و هەناومـــان بـــۆ کـــردە خێـــر. دوێنـــێ شـەویش چووینـە بـەر دەرگای کابـرای دووژنـەوە و "بەشـەو دەگـرێ تـا بـەڕۆژ بـەر دەدا" مـان بـۆ کـرد و لەسـەر قسـەی ئـەودا فروجـە سـپیمان بـۆی سـەربڕی و دەرخواردیمانـدا. کشـتەک و نووشـتەی حاجـی بابەشـێخیش وان بـە قـوڵ و ناوشـانیەوە!

**خەجێ:** (سەر بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ)

خوایە کەیفی خۆتە. ڕەحمێکی پێ بکەی جوانکەڵەیە خوایە.

**نەورۆز:** (بە دەنگێکی سست و لەرزۆکەوە لەناکاودا)

دایە. کچێ دایە.. وەی.. ئۆف..

**خەجێ:** (خۆی دەگەیەنێتێ)

گیان.. گیان لە دەوری سەرت گەڕێم.. چییە؟

**نەورۆز:** (بەدەم لەرزەوە)

پێم دادەن.. کچێ دایەگیان قەسریم دامپۆشن..

خەجێ (هەڵدەستێ، جاجمێک دێنێ و پێی دادەدا)

چ نییـە کچـم، چ نییـە دان بەخۆتـا بگـرە ئێسـتا ڕەت دەبـێ.. وەی دایکـت هـەلا بێـت.

نەورۆز (بەدەم تاوە دەنووزێتەوە)

کچـێ دایەگیـان ئاگـرم تێبەربـوو.. سـووتام لـە ڕاهـی خـوا لایـدە وا هەنـاوم دەبـرژێ (بـە سسـتی هـەوڵ دەدا لێفـە و جاجمەکـە لـە خۆیـەوە دوورخاتـەوە بـەڵام بـاش تاقەتـی پێـدا ناشـکێ دایکـی لایاندەبـات).

**ڕەحـمان:** (دێتـە نزیکیانـەوە- دەسـت دێنـێ بـە نێوچـەوان و ڕوومەتەکانـی نـەورۆزدا، بـە ئاخێکـەوە سـەری بـۆ دەلەقێنـێ)

ئافـرەت زووکـە پارچـە پەڕۆکێکـم بـۆ تەڕکـە و بیهێنـە (خەجـێ هەڵدەسـێ دەسەسـڕێک دەبـا لـە ئـاوی جوگەلەیەکـدا هەڵدێنـێ و دێتـەوە دەیداتـە دەسـتی مێردەکەیـەوە. ڕەحـمان پەڕۆکەکـە بـە دەم و چـاوی نـەورز دادێنـێ و دوایـی لەسـەر نێـو چەوانیـدا دایدەنـێ).

**ڕەحمان:** (بە پەرۆشەوە)

کێـژم نـەورۆز ئـەوە بـۆ هێنـدە بـێ هورەیـت هـەی لـە باوکـت نەکـەویێ بەحـەول و قووەتـی خـوای هـەر ئێسـتا سـاردت دەکاتـەوە.

**نەورۆز:** (لەگەڵ دانەچۆقەدا)

چبکـەم بابەگیـان بەدەسـتە خـۆم نییـە ڕەبـی خوایـە زوو لـە کۆڵـی ئـەم سـەگە حەسـارییەم بکەویتـەوە. بەڵکـو دایـک و باوکـی کلۆڵیشـم چیـتر بەمنـەوە نەتەلێنـەوە.. (دەگـری).

**ڕەحمان:** (بەسۆزەوە)

نـا کچەکـەم نـا چـۆن ئـەم دوعایـە دەکەیـت؟ خوایـە یاڕەبـی بـە هیممەتـی پیـاو چاکەکـە و حاجـی بابەشـێخەوە زۆر نابـات چـاک دەبێتـەوە ئەنجـا هەریـەک دوو ڕۆژێکـی تـرەوە ئینشـاللا تووتنەکـە دادەگریـن و بەخۆشـییەوە دەچینـەوە کۆیـە. لەوێـش کـراس و کەوایەکـی زۆر جوانـت بـۆ دەکـڕم بەدڵـی خـۆت بـێ بڕیاریشـم داوە ئیمسـاڵ دەتنێـرم بـۆ مەکتـەب.

**نەورۆز:** (چاوەکانی زەق دەبنەوە)

توخـوا بابەگیـان کـراس و کـەوای نوێـم بـۆ دەکـەن دەشـم نێـرن بـۆ قوتابخانـە؟ ئەمـە بەڕاسـتتە؟ دەک خـوا دەسـت بەعومرتانـەوە بگـرێ.

**ڕەحمان:** (بە خەندەیەکی خەماوییەوە)

ئەرێ وەڵلا کچم ئەدی چییە؟

**نەورۆز:** (وەکو تاو و لەرزەکەی سارد بوویێتەوە)

وەی خوا لە منتان نەسێنێ بابەگیان.

**خەجێ:** (بەگوشادییەوە)

ئــەدی کچــم نەمانگــووت ئێســتا بــەرت دەدات هــەر تــۆ چــاک ببــەرەوە هەمووشــتێ بــە کەیفــی خــۆت دەبــێ.

(وردە وردە نــەورۆز ســارد دەبێتــەوە. هەمــوو ئەندامــی لەشــی ئارقــە دەردەکا. خەجــێ بەلیچکــی کراســەکەیەوە ئارەقــەی لــێ دەســڕێتەوە و هیشــکی دەکاتــەوە. نــەورۆز کفــت دەبــێ.. کــپ و بێدەنــگ خــەو باڵــی بەســەردا دەکێشــێ).

**ڕەحــمان:** (بــۆ شــوێنەکەی پێشــوو دەگەڕێتــەوە. کیســە و تووتــن دەگرێتــە دەســت و جگەرەیــەک دەپێچێتــەوە و دایدەگیرســێنێ و دەکەوێتــە مژینییــەوە)

ئا ئافرەت چایەکی ترم بۆ تێکە.

**خەجێ:** (چایەکەی بۆ دێنێ و لەولاوە دادەنیشێ)

پیاوەکــە تووتنەوانەکانــی تــر زۆربەیــان چوونەتــەوە هــەر ئێمــە و ماڵــی مامۆمــەر و کاکەســەن و پــوور فاتــم لــەم نــاوەدا ماوینەتــەوە.. دونیــاش ئــەوا خەریکــە ســارد دەبــێ. ترســیش پەیــدا بــووە گوتــم ئەگــەر چارەیەکــی ئــەو تووتنــەت بکردایــە بەڵکــو ئەمــە خوایــە ئێمــەش ڕزگارمــان دەبــوو بەســەلامەتی..

**ڕەحمان:** (بە نائومێدییەوە سەیری دەکا)

ڕاســتە حورمــێ بــەڵام نازانــم چ بکــەم، دەزانیــت حەفتــەی ڕابــوردوو ســێ جــار چــووم بــەدوای وەســتا فەرەجــەوە بیــت تووتنەکەمــان بــۆ دابگــرێ. ئاخــرە کــە نەیــەت چــی لێبکــەم؟

**خەجێ:**

جا باشە بۆ نایەت؟

**ڕەحمان:** (مژ لە جگەرەکەوە دەدات)

بـۆ نایـەت؟ چونکـە پارەمـان نییـە ئـەو بـۆ ئەوانـە دەچـێ کـە دەسـبەجێ پارەکـەی دەدەنـێ..

**خەجێ:** (بە دڵشکاوییەوە)

جـا خـۆ پارەکـەی ناخۆیـن و هـەر تووتـن فەحـس کـرا پێـش هەمـوو کەسـێ پارەکـەی ئـەو بـدەوە.

**ڕەحمان:** (سەری دەلەقێنێ)

ئـەو دەڵـێ حـازر بەقـەرز نـادات! ئافـرەت خەڵـک وا ملیـان بـۆ پـارە کـەچ کـردووە باسـی پیاوەتـی و چاکـە و دەسـت گرتنیـان لا نەمـاوە. ڕۆژگار وا گـۆڕاوە چـما زەمانـی جارانـە کـەس بـە تەنـگ ماڵـی دونیـاوە نەبـێ؟

**خەجێ:**

ئەنجـا چـی بکەیـن؟ ئـەی خـۆ ناشـکری هـەروا دەستەوەسـان بووەسـتین.

**ڕەحمان:** (جگەرە فڕێدەداتە جۆگاکەوە)

ئافـرەت چ بیکـەم؟ ئـەو ڕۆژە ناچـار چوومـەوە کۆیـە بـۆ لای حاجـی مـارف ئەوەنـدەی کـردم و کۆشـام لـە کەلـی شـەیتان نەهاتـە خـوارێ و پوولێکـی پێنـەدام.

**خەجێ:** (عادزە)

دەک خـوا لێـی هەڵنەگـرێ ئـەو کابرایـە دانـی لـە سـنگیا هاتـووە هەنـدێ جوویەکـی هەیـە ئـەوە بـۆ ئەوەنـدە وشـک و قرچۆکـە ئـەوان لـە پێشـدا ملـمان بـە پەتیانـەوە دەکـەن و لـە دواییـدا پشـتمان تێدەکـەن.

**ڕەحمان:**

جا خۆزیا ئافرەت هەر ئەوەندە بوایە.

**خەجێ:** (بەسەرسامییەوە)

هەر ئەمەندە بوایە! بۆ ئەی چیتر؟

**ڕەحمان:** (بە ئاخێکی ساردەوە)

بەخـوا زۆر تـوڕە بـوو، خـۆی گیـڤ کـردەوە و چاوەکانـی چوونـە تەوقـی سـەریەوە گوتـی گوایـە ئیمسـاڵ پێـمان لێهەڵبڕیـوە و لـە هەمـوو سـاڵێکی تـر زیاتـر پارەمـان خـورادووە. هەروەهـا دەڵـێ بیسـتوویەتی تووتنەکەمـان بـای هێنـدە نابـێ قەردەکـەی ئـەوی لێبدەینـەوە. جـا حورمـێ مـام حاجـی دەسـتی کـردە هەڕشـە و گوڕەشـە و دای بـە بەرگوێـما کـە لەوانەشـە شـیکاتمان لێبـکات.

**خەجێ:** (حەپەساوە)

جا توخوا بۆ ئەمەش ناکات! هەر ئەمەمان پێدەویست!

**ڕەحمان:**

ئافرەت ئەوانە هەموو شتێکیان لێدەوەشێتەوە گورگن.. گورگ!

**خەجێ:** (گرمەیەکی هەور دەبیسێ و ڕادەچڵەکێ)

ئـەرێ وەڵـلا دڕنـدەن! ئەگینـا ئێمـە گوناهـمان چیـە؟ ئـەوا سـێ سـاڵە ئێمـە بـۆ ئـەوە دەڕەنجێنیـن هـەر کـردەی ئێمـە و بـردەی ئـەو بـووە... لـەم سـێ ساڵەیشـدا سـێ پارچەمـان لـە جگـەری خۆمانـا بـە قوربانـی جەنابـی کـرد و ئێسـتەش ئـەو شـکایەتمان لێـدەکات!

**ڕەحمان:** (گرژە، بە دەنگێکی گڕەوە گۆرانی دەڵێ)

چەندم پێ گوتی کچێ خەجێ مەچووە بیتوێنێ
ئاوی ناساز و کچێ خەجێ جەرگت دەردێنێ.

ئافـرەت ئەگـەر ئـەوە کـە پـارە دارە و ئەگـەر ئاغایـە کـە زەویـدارە ئەگـەر

حاجی بابە شێخە کە کەشف و کەرامەتدارە و ئەگەر مەرقەدی پیاوچاکەکەیە کە دوختۆر و خەستەخانەی نەزان و هەژارە بە هەموویانەوە هەزارانی وەکو ئێمەیان بڕیوەتەوە و خوێنیان مژیوین جا چۆن لەم تەونەی جاڵجاڵۆکەدا دەرباز دەبین؟

**خەجێ:** (هەڵدەستێ سەرێک لە نەورۆز دەدات دەبینێ نووستووە دێتەوە لای ڕەحمان پیاڵەکە هەڵدەگرێ و خەریک دەبێ چایەکی تری بۆ تێدەکات- فرمێسک بەچاویدا دێتە خوار و چەندی دەکات خۆی بۆ ناگیرێت دەداتە پرمەی گریانەوە)

وەی دایکت بمرێ کاوە گیان، ئەی لاوە شۆخ و نازدارە جوانە
مەرگەکەم چۆنمان کردیتە پاروویەک و فرێمان دایەتە قورگی
نەهەنگەوە!

**ڕەحمان:** (گوێی لە گرمەی هەورەکە دەبێ و دەحەپەسێ)

ئافرەت ئەگەر کاوە بوو ئەگەر نەشیمل و ئازاد دیارە بەشی
ئێمە نەبوون خوا بۆخۆی بردنەوە.. ڕۆحی مە لە دەست
خوادایە ئافرەت هەموو هەر دەمرین جا درەنگ و زوو..

**خەجێ:** (هەر بە نووکە نووکی گریانەوە)

ڕاستە پیاوەکە مردن بەدەستی خوایە بەلام کێ دەڵێ ئەگەر
ئێمە لەو داوەوە نە ئالابین و نەهاتینایەتە ئەم وڵاتە کاول بووە
یان داو دەرمانێکمان ببوایە کێ دەڵێ ئە ئاوا زوو دەمردن؟

**ڕەحمان:** (دڵی دەداتەوە)

ئافرەت چی بکەین دیارە قسمەتمان لەوە دابووە خۆ هەر
ئێمە نەبووین ئەو خەڵکە هەمووی ڕووی لەم کاسبییە
کردووە.. بە هەزاران خێزانی کڵۆڵ و بێ چارە لەمانەش سەدی
دوانی بۆیان نەهاتوە و بێ وەی نەبوون هەروەکو خۆشیان لێ

نەهاتۆتــەوە.

**خەجێ:** (بە هەنیسکەوە)

ئاخــر پیاوەکــە ڕاســتە برســێتی ڕێــی هــاری پێوەیــە بــەڵام ئەگــەر زوو خەمێکــمان لــە منداڵەکانمــان بخواردایــە لەوانەبــوو..

**ڕەحمان:** (قسەی پێدەبڕێ)

ئافــرەت ئێمــە ئــەوەی لــە دەســتماندا هاتبــێ درێخیــمان نەکــردووە. لــە چوونــە ســەر مەرقــەد و کشــتە و نووشــتە و کــە بەشــەو دەگــرێ تــا بــە ڕۆژ بــەردەداوە چیــتر تــا بۆشــمان کرابــێ دوعامــان بــۆ کــردوون و لــە خــودا پاڕاونەتــەوە..

**خەجێ:** (بە مل کەچییەوە)

راستە بەڵام.. دەڵێم ئەگەر دوختۆرێک داودەرمانێک.

**ڕەحمان:** (بە دڵشکاوی وتەی پێدەبڕێ)

جــا دکتــۆر و دەرمــان و ئێمــە.. کوجــا مەرحەبــا! ئێمــە لــە کــوێ و پزیشــک و نەخۆشــخانە لەکــوێ؟ بــەم هەژارییــەوە چــی دەگەیاندینــە ئەمانــەوە؟ ئافــرەت تــازە کار لــەکار تــرازاوە هەرچــی بــوو بــووە ئــەوەی ڕۆیــی خــوا دەکا ئەمجارەیــان بــە ســەلامەتی دەگەیشــتینەوە کۆیــە.

ســوێند بــێ ئەگــەر لــە برســانا ڕەق هەڵێیــن جارێکــی دیکــە ڕوو لــەم لایــە نەکەینــەوە و لــەم ئیشــە ماڵوێرانکــەرەوە نزیــک نەبیتــەوە. هەســتە قومێکــم ئــاو بــۆ بێنــە.

**خەجــێ:** (هەڵدەســێ دەچــێ گۆزەیــە لــە ڕۆخ جوگەلەکەیــەوە ئــاوی لێــوە دێنــێ، ســەیرێکی ئاســمان دەکات هەورێکــی ڕەش بەســەریانەوە خەریکــە بپروشــێنێ. خەجــێ هەنــدەی دی دڵــی توونــد دەبــێ جامــێ پــڕ ئــاو دەکات و هەڵدەســتێ بگەڕێتــەوە بــن ســاباتەکەوە لــە دوورەوە تارمایــەک بــەدی دەکات

ئاوەکــە بــۆ ڕەحــمان دێنــێ).

فەرمــوو پیاوەکــە لــەدووڕا تارماییەکــم بەرچاوکــەوت هەورەکــەش زۆر تۆقێنــەرە.

**ڕەحــمان:** (قیـت دەبێتـەوە و دەچێتـە لای گۆزەکـە و تەماشـایەکی ئاسـمان دەکا و لـە پاشـانا بـۆ لای تارماییەکـە دەڕوانـێ)

ئافـرەت ئـەوە دوو سـوارن دەڵێـی بـەرەو ئێـرەوەش دێـن خێراکـە دۆشـەگی ڕابیخـە نەبـادا میوانـی ئێمـە بـن.

**خەجێ :** (لەبەرخۆیەوە)

ماڵ بۆخۆی نەبوو میوانیشی بوو!

**ڕەحمان:** (هەر دەڕوانێ)

نەمگــووت؟ بەخــوای ڕاســتەوخۆ ڕوویــان کردۆتــە ئێــرەوە (بەترســێکەوە) ئــا دەی ئافــرەت دەڵێــی پۆلیســن!

**خەجێ:** (واقی وڕماوە)

پۆلیــس! (لێیانــەوە ورد دەبێتــەوە) ئــەرێ وەللاهــی پۆلیســن. (دەســت هەڵدەبــڕێ) خــوای لــە ژوور ســەردا بمانپارێزێــت. ئــای قوڕمــان بەســەر دەبــێ چیــان بــوێ؟

**ڕەحمان:** (نەختێ پەشۆکاوە)

زووکە بن کەپرکە ڕێکخە.. ئەوا گەیشتن..

(خەجێ خەریکی ڕێکخستنی ژێر ساباتەکە دەبێ).

**ڕەحمان:** (دڵتەنگە)

خەجــێ ئــەوا خەریکــە بارانیــش دەبــارێ. بێنــە هەنــدێ جــل وجــۆڕ بێنــە بزانیــن تووتنەکــەی پێداناپۆشــین!

**خەجێ:** (نائومێدە)

جــا ئــەو هەمــوو جلوجــۆڕەی لەکــوێ بێنــم ئــەم تووتنــەی پێــوە

دابپۆشرێـــت؟

**ڕەحمان:** (هیوا بڕاوە)

کچــێ ئافــرەت هەبــێ و نەبــێ... بەخــوا بەیەکجــاری ماڵــمان وێــران دەبــێ.. خــۆ ئــەم بارانــەی لێبــدات خاوەنیەتــی یــەک پەلکــە تووتــن ناکەیــن..

**خەجــێ:** (دەیــەوێ جاجــم و پەتــوو هەرچێکیــمان هەیــە بیانهێنــی، پۆلیســەکان دەگەنــە بەردەمــی کەپرەکــە و بەســەری لووتــەوە ســڵاو دەکــەن).

**ڕەحمان:** (بە خەندەیکەوە لێیان دەچێتە پێشەوە و سڵاویان دەسێنێتەوە)

فەرمــوون. فەرمــوون بــە خێرهاتــن ســەرچاوان فەرمــوون دابــەزن گەورەتــان کردیــن.

**پۆلیسێکیان:** (بەگرژییەوە)

تۆی ڕەحمانی حاجی کەریم کۆیی؟

**ڕەحمان:** (ڕادەچڵەکێ)

بەڵــێ، بەڵــێ فەرمــوون بەخێربێــن فەرمــوون دابــەزن یاخــوا بەخێــر بێــن.

**پۆلیسەکە:** (بەساردییەوە)

نا کاکە دانابەزین.. خێراکە بەگەرمان بکەوە.

**ڕەحمان:** (واقی وڕماوە)

بۆ کوێ قوربان؟

**پۆلیسەکە:** (هەر بە ساردییەوە)

بۆ پۆلیسخانە.

**ڕەحمان:** (بە ئومێد بڕاوییەوە)

بۆ قوربان خێرە؟

**پۆلیسەکە:** (بە توڕەییەوە)

حاجـی مـارف لـە کۆیـەوە دەلـو ئاغـا لێـرەوە شـکایەتیان لێـت کـردووە؟

**خەجـێ:** (کـە خەریکـی تووتـن داپۆشـین بـوو ئـەم وشـانەی بیسـت و بەهەڵەداوانـەوە دێتـەوە لایـان)

شـکایەت؟ وەیـڕۆ بـە قوربانتـان بـم شـکایەتی چـی؟ بـۆ چیـمان کـردووە؟

**پۆلیسەکە:** (بێ بەزەییانە)

ئێمـە نازانیـن.. بـڕۆ تـۆ هەقـت بەسـەرکاری پیاوانـەوە نەبـێ.. (بـۆ ڕەحـمان) یالـلا خێراکـە ڕێگامـان دوورە چیـتر ماتڵـمان مەکـە..

**ڕەحمان:** (بەترسەوە)

باشە کەی شکایەتیان لێمکردووە؟

**پۆلیسەکە:** (سەیرێکی کاغەزێک دەکا)

ئەمەتا بەرواری ١٩٥٤/١٠/٢٠ی تیادا نووسراوە.

**ڕەحمان:** (سەیر دەکا بارانەکە تا دێ خۆشتر دەبارێ).

گەورانـم، هەرچـی دەفەرمـوون سـەرچاو تەنیـا ڕەحمێکـمان پـێ بکـەن تۆزێکـم لـێ ڕاوەسـتن تووتنەکـەم داپۆشـم.. ئەنجـا بـۆ هـەر کـوێ بفەرمـوون ئاڵقـە بـە گوێتانـم.. خزمەتـکارم..

**پۆلیسەکە:** (بێ بەزەییانە)

کاکـە ئـەوە دەڵێیـت چـی؟ سـەیرە! ئـەو خەڵکـە تاوانیـش دەکـەن و دەشـپاڕێنەوە و داوای بەزەیـی دەکـەن. بەزەیـی بـۆ ئێـوە؟

**خەجێ:** (بە پاڕانەوە و لاڵانەوە)

بـە قوربانتـان بـم ئێـوە سـەروەری ئێمـەن بـەو خوایـە هیچـمان نەکـردووە. کـوڕە خـۆ ئێـوەش مـاڵ و مناڵتـان هەیـە.. بەزەییتـان بـە نـەورۆزی کچمانـا بێتـەوە.. ئـەوا بەبـێ کـەس و لـە تـاو لـەرز

وتـادا دەتلێتـەوە و خـۆ هیـچ نەبـێ ئـەم بەسـەزمانە بـێ خەتایـە!

**پۆلیسەکە:** (بە مۆنییەوە)

نـەورۆز! توخـوا ئەمـەش بۆتـە نـاو! دیـارە شـکایەتیان بەخـۆڕا لێنەکـراوە.. (بەتەوسـەوە) ڕەنگـە کاوەشـتان هەبێـت؟

**خەجێ:** (دەداتە قوڵپەی گریانەوە)

ئەی هەردووچاوی دایکی کوێر بن- کاوەی جوانەمەرگ!!

**پۆلیسەکە:** (بە تەوسەوە)

نەمگـووت؟ دەی ڕەحـمان پێشـمانکەوە.. ئـەوا لەسـایەی جەنابتانـەوە هەمـوو گیانمـان بـووە بـە ئـاو زووکـە ئەگـەر ناتەویـت بـە ئەسـپەکانمانەوە بتپلێشـیننەوە ئەمـەش بزانـە فەرمانمـان وەرگرتـووە ئەگـەر بـە خۆشـی بـە پێشـمان نەکەویـت کەپرەکەشـت ئاگـر بدەیـن و بـە ئەسـپێکەوە بتبەسـتینەوە و بـە ڕاکێشـان بتبەیـن.

**خەجێ:** (بەوپەڕی تووڕەیی و بێزارییەوە)

دەک خـوا هەڵینەگـرێ.. ئـای لـەم بـێ ویژدانییـە. (سـەر هەڵدەبـڕێ) دەک خودایـە تێکـی دەیـت کـوڕە خـۆ ئاخـر زەمانـە.

(ڕەحـمان دەچێتـە ژێـر سـاباتەکەوە خـۆی ئامـادە بـکات بـە سـۆزەوە تەماشـایەکی نـەورۆز دەکات و دێتـەوە دەرەوە).

(پۆلیسـەکان بـە هەڵـەداوان ڕەحـمان بەپێـش خۆیـان دەدەن و دوور دەکەونـەوە.. دوای چەنـد هەنـگاوێ ڕەحـمان بـە دڵشـکاوی و بـێ دەسـەڵاتییەوە ئاوڕێـک دەداتـەوە. دەبینـێ وەکـو شـێت خەجـێ هەڵبـەز و دابەزیەتـی و بـێ هیـوا لەگـەڵ تووتنەکـەدا خەریکـە. لـەو کاتەشـدا بارانەکـە بـە ڕێژنـە دا دەکات و بایەکـی توونديـش لەگەڵیـدا هەڵـدەکات و گـەرد و تـۆز لـە چارداخ و لـە زەویـدا هەڵدەسـێنن.

**ڕەحـمان:** (گومـان نییـە کـە ڕەنجـی ئەمساڵەشـیان وا بـا دەيبـات.. بـە

پەستییەوە هاوار دەکا) تۆش چرای تێ هەڵکە گووی تیادا ماوە! من لە دوو لاوە پۆلیسم بۆ هاتوون.. لەلایێ.. لە شارەوە و ئەوی تریشیان لە هەورەوە (بانگێ خەجێ دەکا) تۆش ئافرەت هیچ خەمی من و تووتنەکەت نەبێت.. تۆ بە تەنها ئاگاداری خۆت و نەورۆز بە و بەس (بە دەنگێکی پتەوی پڕ بڕواوە) خوا کەریمە ئافرەت من هەر دەگەڕێمەوە و هەر دەشبێ لە نۆژەن تێهەڵچنینەوە و ژیانێکی کامەران و ئاسوودە وەدەس بێنین.

**خەجێ:** (بە پەرۆشەوە)

خوات لەگەڵ پیاوەکە خوای گەورە پارێزگارت بێ.. چاوەڕوانتین (دەگری).

**پۆلیسەکان:** (بە ئەسپەکانیانەوە تەنگەتاوی دەکەن)

باژۆ برا باژۆ ئەم بالوورانەت لەبەردەم دادگادا ببێژە.

(دەڕۆن)

پەردە دادەدرێتەوە.

# جیهانی جاویدانیی

گۆڤاری سینەما و شانۆ ژمارە (٥) ئاداری ١٩٩٩

## بەشی یەکەم

دیمەنی یەکەم

**کات:** دوا نیوەڕۆیەکی سەرەوپایزە.

**شوێن:** ژوورێک لە خانوویەکی ئاساییدا، کەلوپەلی نێو ژوورەکە ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەنماڵ خێزانێکی مامناوەندیی خوێندەوارن کتێبخانەو قەنەفە و تەلەڤزیۆن و ژنێکی سەر ماش و برنج لە سووچێکدا هەڵتووترکاوە و پیاوێکی بەساڵداچوو بەسەر بەرماڵێکەوە (قورئان) دەخوێنێ. لە دەرگە دەدرێت. نەشمیل دەرگاکە دەکاتەوە. چەند ئافرەت و پیاو بە ژوور دەکەون، سڵاو دەکەن و دادەنیشن.

**مـام حەســەن** (قورئانەکـە) دەپێچێتــەوە و ماچــی دەکات و دەیخاتــەوە نێــو کتێبخانەکــەوە. (بــە ڕوویەکــی خۆشــەوە).

یاخودا بەخێربێن.

**پوور فاتم** (هەڵساوەتەوە)،

بەخێر بێن سەرچاوان گەورەتان کردین.

**میووانەکان** (بەیەکەوە)

خۆش بن، خوا لێتان تێک نەدات.

**پیاوی ١:**

مام حەسەن داخۆ کاک ئازاد چۆنە؟

**مام حەسەن:**

سوپاست دەکەم، خودا ڕەحمی پێ بکات.

**پیاوی ٢:**

چاک دەبێتەوە ئینشاللا.

**پوورفاتم** (بەسۆزەوە):

خوا لەزارتان بڕوانێت.

**ژنی ١:**

ئەی باشە لە کوێیە؟

**پوورفاتم** (خەمبارە):

دایکی بمرێ، لە نەخۆشخانەیە.

**پیاوی ٣:**

لێرە؟

**مام حەسەن:**

نەخێــر، لــە پایتەخــت دەڵێــن لــەوێ بیمارخانەیەکــی تایبــەت هەیــە کاوەی بــرای لەگەڵیــدا چــووە و نواندوویانــە.

**پیاوی ١** (بەپەرۆشەوە):

هیواداریــن ئینشــاڵلا ســەلامەتە و لــەم زوانــەدا بەســپ و ســاخی دەگەڕێتــەوە.

**مام حەسەن:**

خودا خۆشتان کات ئینشاڵلا.

**پوورفاتم** (بەهەناسەیەکەوە):

خــوای دەکــرد ئەمجارەیــان بــە ســەلامەتی دەهاتــەوە، شــەرتبێ مەولوودێکــی بــۆ بکــەم بــۆ کەســی تــر لــەم شــارەدا نەکرابــێ.

**ژنی ١** (بەخەندەیەکەوە):

دەکەوابــوو هــەر لــە ئێســتەوە مــەلا ئەحمــەد دەنگخۆشــان ڕاســپێرین.

**ژنی ٢:**

ئــەرێ وەلــلا، هــەر لــە ئێســتاوە، چونکــە دڵــم زۆر ڕوونــە هــەر ئیمــڕۆ و ســبەی دەگەڕێنــەوە.

**پیاوی ٢** (بە بزەیەکەوە):

خوا ئاگادارە هەموومان دوعای خێر بۆ کاکە ئازاد دەکەین.

**پیاوی ١** (بەپەلە)

ئاخر دەزانن چ کوڕێکە!

**پیاوی ٣** (دەیقۆزێتەوە):

جــا ئەمــە پێویســت بــە وتــن دەکات! خۆزیــا هەمــوو گەنجەکانمــان وەکــو ئــەم بوونایــە!

**مام حەسەن** (بەدڵخۆشییەوە):

سوپاسی هەستتان دەکەم. ئەمە لە چاکەی خۆتانەوەیە.

**پیاوی ١و٢و ٣** (پێکەوە):

نە بەخوا، پیاوەتیی خۆیەتی.

**ژنی ١:**

کاک ئازاد شایستەی هەموو دوعایەکی چاکە.

ژنی ٢:

دە ئینشـاللا بـەو دوعـا و نزایانـە دەبـن کـە ئێمـە هەمووماـن بـۆی دەکەیـن.

**پوورە فاتم** (بەئاخێکەوە):

سەدجار ئامین، خوا ڕەحم بەگشت لایەک بکات.

**پیاوی ١** (پاش بێدەنگییەک):

ئەوجا باشە پایتەخت بۆ؟

مام حەسەن (بەرامانەوە):

بڵێـم چـی وادیـار بـوو لێـرە هیچیـان بـۆی نەکـرد، گەلێکیـان هێنـاو بـرد و دەرمانـی جۆربەجۆریـان پـێ تاقیکـردەوە، وا دیـارە سـوودی نەبـووە (ئاخێـک هەڵدەکێشـێ) ئـەوەی ڕاسـتیش بێـت بڕێکیـش بـە درەنگـەوە هەناردوویانەتـە پایتەخـت.

**پیاوی ٢:**

جا ئەگەر بچوایەتە دەرەوە باشتر نەبوو!

**پیاوی ٣:**

بەرێ وەڵلا، چۆن باشتر نەبوو! دەرەوە و ئێرە وەک یەکە؟!

**مام حەسەن** (دڵتەنگە):

ئاخـر نـە ڕێگـەی دەرەوەیـان پـێ نـەدا! دەڵێـن گوایـا هـەر نەخۆشـێک لای خۆمانـەوە چارەسـەری دەسـت بکەوێـت پێویسـت بـە ناردنـە دەرەوەی نـاکات.

**پوورفاتم** (بە خەفەتێکی قووڵەوە):

ئەوجا خزمینە ناردنە دەرەوەش ئەوەندە ئاسانە! چما ئەرکی دەرەوە بە هەموو کەس دەکرێت؟

**ژنی ١:**

نە بەخوا، دەڵێن ئەوەی بچێتە دەرەوە ئەوەندەی پارە پێدەوێت نەبێتەوە!

**ژنی ٢:**

ئەمە جگە لەوەی کە دەڵێن دەبێ ئەو کەسە زمانزان بێ، خۆ ناشکرێ بە تەنها بچێت، هیچ نەبێ پێویستە یاوەرێکی لەتەکدابێت.

**پیاوی ١** (بە ئومێدێکەوە):

هەرچۆنێ بێت هیوام زۆرە کاکە ئازاد پێویستی بەم کەینوبەینانەوە نەبێت.

**پیاوی ٢** (بە بزەیەکەوە):

نە، نە، خوا یار بێتن نەساخییەکەی ئەم هیچ نییە و ئەو کێشمە کشەی گەرەک نابێت.

**مام حەسەن** (بە سوپاسەوە):

خودا گەورەیە.

(لەو ماوەیەدا نەشمیل ساردی هێناوە و لەگەڵ پەرداخ بۆی داناون، ئەمانیش ساردییەکەیان خواردۆتەوە و نەشمیل بۆشەکانی گلداونەتەوە. دوای ماوەیەک بێدەنگی کە تیایدا میوانەکان سەرنجی وێنە هەڵواسراوەکەی ئازاد دەدەن پیاوەکان سەیرێکی یەکتری دەکەن و پیاوی ١ دێتە گۆکردن).

**پیاوی ١** (بە خاوییەوە):

خزمینە مەرەخەس نەبین؟

**پیاوی ٢ و ٣** (بەیەکەوە):

فەرموون.

**پیاوی ١:**

مام حەسەن بەیارمەتی خۆتان دەڕۆین.

**مام حەسەن:**

جارێ زوو نەبوو؟

**پیاوی ٢ و ٣** (پێکەوە):

نـە بەخـوا، بڕۆیـن باشـە ئێوەیـش پشـوویەک بـدەن. خـودا بیـکا کاک ئـازاد بـە سـەلامەتی بگەڕێتـەوە، ئەوسـا بەخۆشـی دێینـەوە لاتـان!

**مام حەسەن و پووره فاتم:** (بە هەناسەیەکەوە)

ئینشاللا.

**میوانەکان:** (هەڵساون و پێکەوە)

بەخێر بمێنن

(دەڕۆنە دەرەوە).

**مام حەسەن و پوور فاتم:** (بەڕێیان دەکەن).

خواتان لەگەڵ بەخێربچن.

**دیمەنی دووەم**

**کات:** سبەینەیە، چەند ڕۆژێک دواتر

**شوێن:** بەر دەروازەی نەخۆشخانەیەک

(کاوە جانتایەکی لەبن هەنگڵدایە و چۆتە ژێر باڵی ئازادەوە، بە هێواشی و بە ئازارەوە بەرەو سەر شەقامەکە دێن، لەسەر شۆستەکەوە دەوێستن، چاوەڕوانی تاکسی دەکەن. ئازاد حاڵی پێدەچێ شڕ بێت، بۆیە توانای بە پێوە وەستانی نەماوە و هەر زوو بەسەر جانتاکەوە دادەنیشێت.

**کاوە:** (شەکەتیی بە هەموو جەستەیەوە دیارە).

کاکە ئازاد، هەر ئیستێ تاکسی دەگرم.

**ئازاد:** (بە ساردییەکەوە لە دنیای بەردەمیەوە دەڕوانێت)

باشە برام.

(ئەوجا بە دەنگێکی ئێجگار نزم و سستەوە، دەتۆ سەیری ئەم هەموو چەقە چەق و دەنگە دەنگ و ژاوەژاوەی چاک نەبوو لەوێ (پەنجە بۆ خەستەخانەکە و ڕادەدێرێ).

ئەمە نەبوو. لەوێ هەر دەتووت لە دنیایەکی تردا دێت!

**کاوە:** (ڕووێکی هەر لە شەقامەکەوەیە).

بەڵێ، بەڵێ، کاکە جا ئەگەر لەوێش ئاوەها بێت ئەوا کەسی تیادا ناژیت!

**ئازاد** (بێ حەوسەلەیە)

براله چی بوو، ئەمە هەر نەبوو؟

**کاوە** (بەپەرۆشییەوە)

کاکە گیان ئەها هەر ئێستە تاکسێ دەگرم بۆ (نەقلیاتەکە) و لەوێشەوە بەخسووسی قەمەرەیەک دەگرین یەکسەر بۆ بەر دەرگەی ماڵەوەمان.

**ئازاد** (تروسکاییەک لە ڕویدا دەدرۆشێتەوە).

خـوای دەکـرد ئەمجـارەش چـاوم بـە دیمەنـی شـارەکەی خۆمانـەوە دەکەوتــەوە، گــەر بــۆ دواجاریــش بوایــە دیــدەم بــە خــاک و خۆڵــە پیرۆزەکەیــەوە ڕوون و شــاد دەبــۆوە، تێرتێــر هــەوا پــاک و ســازگارەکەیم هەڵدەمژییــەوە و..

**کاوە** (بە پەلەپەل)

ئــەدی چــۆن، کاکــە گیــان! ئــەرێ بەخــوا، هەمــووی چــوار پێنــج ســەعاتی تــر نابــات کــە بــە ئاواتــی خۆمــان دەگەینــەوە.

**ئازاد** (لەناخەوە بەرهەڵستی ئازار دەکات).

تەنیــا ئەمجارەشــیان چــاوم بــە دایــک و باوکــمان و نەشــمیل گیــان بکەوتایەتــەوە ئیــتر هیچــی دیــم نەدەویســت و بــە ئارامییــەوە ماڵئاواییــم لــە هەمــووان دەکــرد.

**کاوە** (لە ناوەوە قوڵپ دەدات):

نــا کاکــە گیــان نــا، ماڵئاوایــی چــی؟ خــودا ياربــێ لــە جــاران چاکــتر دەبیتــەوە و بەڵایشــت لــێ نامێنێــت!

**ئازاد** (نائومێدە):

دەبێ وابڵێیت برا بێکەسەکەم.

**کاوە** (دڵتەنگ و بێزارە، ڕووە و شەقام هاوار دەکات):

تاکسی.. تاکسی.. تاکسی!

**(دیمەنی سێیەم)**

(حەفتەیەک بەسەر دیمەنی پێشوودا تێپەڕیوە).

**شــوێن:** (ژوورێکــی مامناوەندیــی، کەلوپەلــی ئاســایی، پەنجەرەیــەک بەســەر باخچەیەکــدا کراوەتــەوە و پەردەکانــی وەلانــراون. چەنــد لاوێــک دانیشــتوون و

گفتوگــۆ دەکــەن).

**لاوی ١:**

بەڕاستی پرسەو تازیمانەیەکی گەرم و شکۆدار بوو!

**لاوی ٢:**

لەوەیش زیاتری شایان بوو.

**لاوی ٣:**

ســەد حەیـف بـۆ هەڤـاڵ ئـازادی جوانەمـەرگ، دەزانـن چـۆن جێـی خـۆی لـە دڵ و دەروونـی ئـەم خەڵـک و خوایـەدا کردبـۆوە!

**لاوی ١:**

جا براینە بە چ دەچێت؟ ئەم هەر وا بە خت و خوڕا ڕۆیشت!

**لاوی ٤:**

ئــەم تەنهــا بــە جەســتە ڕۆیشــتووە، ئەگینــا بەئــاکار و ڕەوشــتی بەرزییــەوە هەمیشــە لەگەڵماندایــە.

**لاوی ٢:**

رەوانــە پاکەکــەی هەمیشــە بەســەرمانەوە دەســوڕێتەوە و هــەردەم چاودێــری و ڕێنماییــمان دەکات.

**لاوی ٣:**

ئــەوە هیــچ گومانــی تێــدا نییــە، بــەڵام بــۆچ دەبــوا ئــەم گەنجــە پتــەو و بەهێــزە، ئــەم بــڕوا پۆڵایینــە، ئــەم تێکۆشــەر و ئــازاو نەترســە ئــە ئاواهــی ســووک و ســانا لــە دەســتمان دەربچێــت و مەرگــی نــاوادە یەخــەی بگرێــت!

**لاوی ١:**

کاکی برا، ئەجەلی هاتبوو، هەر دەبوو بڕوات.

**لاوی ٢:**

کاکە گیان دەتوانرا چارەی بکرابا.

**لاوی ١:**

براکـــەم: ئەجـــەل کـــەی هـــات ڕەتبوونـــەوەی بـــۆ نییـــە. ئێـــوە بـــۆ بڕواتـــان لـــەق بـــووە؟

**لاوی ٣:**

ئاخر خودا خۆی فەرموویەتی هەر شتە و هۆیەکی هەیە.

**لاوی ١:**

ئامەنتوبیللا.

**لاوی ٢:**

ئاخر بۆیە ئەوە دەڵێم توانای هەبوو چارە بکرێت.

**لاوی١:**

ئـــێ باشـــە ئەگـــەر یەکـــێ ئەجەلـــی هاتبێـــت ئـــەوا چـــۆن چـــارەی دەکرێـــت؟

**لاوی ٤:**

ئـــەو منداڵـــەی دوێنێـــت لەبیـــرە کـــە بـــوو بـــە ژێـــر ئۆتۆمبیلـــەوە و گیانـــی لـــە دەســـتدا؟

**لاوی ١:**

ئا بەڵێ، وادەی تەواو بوبوو.

**لاوی ٤:**

ئەگـــەر شـــۆفێرەکە مەســـت و ســـەرخۆش نەبوایـــە، دایـــک وباوکـــی مناڵەکەیـــش ئەوەنـــدە کەمتەرخـــەم نەبووایـــەن کـــە منداڵیـــان بەتەنیـــا لـــە جادەیەکـــی ئـــە ئـــاوا (قەڵەباڵغـــدا) بەڕەڵـــڵا بکـــەن، تـــۆ بڵێیـــت ئـــەو کارەســـاتە بقەومایـــا؟

**لاوی ١:**

برا، ئاخر هەردەبوا ئەوە ڕوویبدایە.

**لاوی ٢:**

ئاخـر منیـش دەڵێـم گـەر ئاوەهـا نەبوایـە، لەوانەبـوو ئێسـتا ئـەو منداڵـە لەگـەڵ هاوەڵاکانیـدا یـاری بکردایـە!

**لاوی ١:** (دوای دامانێک):

ئەوجـا کۆچـی دوایـی کاک ئـازاد چ پەیوەندییەکـی بەوەیانـەوە هەیـە؟

**لاوی ٤:**

پەیوەندییەکـە ئەمەیـە ئەگـەر پزیشـکانی لای خۆمـان لـە دۆزینـەوە و چارەسـەرکردنی دەردەکەیـدا کەمتەرخـەم وخەمسـارد نەبووانایـە، کاک ئـازاد ئـێ ئـەوە نەبـوو ئـاوا زوو سـەربنێتەوە.

**لاوی ٣:**

ئـەدی چـۆن! دەنـا خـۆ نەخۆشـییەکەی وانەبـوو بـەو خێراییـە تەشـەنە بـکات و دختـۆران دەسـتیانی لـێ بشـۆن!

**لاوی ٢:**

بـرا ناشـکوری نەبێـت نۆشـدارانمان هێنـدە بـە تەنـگ نەسـاخەکانیانەوە نیـن. لەلایەکـی تریشـەوە ئێجـگار سـەرقاڵن لەبـەر ئـەوە بەچاکـی پێڕاناگـەن خەڵکەکـە بـە وردی فەحـس بکـەن.

**لاوی ٤:**

هەرچەنـد کرێکـەی خۆیـان بەتـەواوی دەسـەنن، کەچـی دکتـۆری وا هـەن دوو دوو و سـێ سـێ نەخـۆش پێکـەوە دەبینـن!

**لاوی ٣:**

ئەمە زۆر ڕاستە:

**لاوی ١:** (بەسەرسوڕمانەوە)

چۆن دەبێت؟

**لاوی ٣:**

دەبێـت، مـن خـۆم دیومـە ئـێ باشـە، کاتـێ تـۆ لەبەردەسـتی کاکـی نۆشـداردا ڕاکشـاویت بـۆ فەحـس دەبینیـت دوو ژن یاخـۆ ئافرەتێـک و زەلامێـک وەژوور دەکـەون، کاکـی نۆشـداریش پەیتـا پەیتـا دەکەوێتـە پـرس و لێکۆڵینـەوە لـە تۆیـش و لەویشـەوە و دەشنووسـێت.

**لاوی ١:** (بە حەپەساوییەوە)،

ئەوجـا چـۆن لێـی تێکنەچـێ و دەرد و دەرمانەکانیشـی لـێ ئاڵۆگـۆڕ نابێـت.

**لاوی ٣:**

بێجگـە لەمەیـش، زۆران شـت هـەن تـۆ یـان ئـەوان لەبـەر عەیبـە و لـە شـەرمنی ڕووان بـۆ دکتـۆری بـاس ناکـەن و نایاندرکێنـن، واتـە یارمەتـی دکتۆرەکـە نـادەن دەردەکەتـان بـە دروسـتی دیـاری بـکات و چارەسـەری ڕاسـتەقانی بـۆ بدۆزینـەوە!

**لاوی ٢:**

لەولایشـەوە تیشـککاری و ئەنجامـی تاقیگەکانیـش زۆر جـار وابـووە نـا تـەواو دەردەچـن و سـوود ناگەیەنـن!

**لاوی ٤:** (بەپەرۆشەوە):

ئاوەهـا دەڵێـم بهاتبایـە لێـرە بەجیـددی سـەیر بکرابایـە یـان زوو بنێردرایەتـە پایتەخـت، یانەخـۆ ڕێگـەی چوونـە دەرەوەی پـێ بدرایـە دڵنیـام، مەگـەر هـەر خـوا حـەزی نەکردایـە دەنـا هـەر چـارە دەکـرا و جوانـە مـەرگ نەدەبـوو.

**لاوی ١:**

تازە لەدەست چوو، خوا لێیخۆش بێ، ئینشاللا جێگەی ناوەندی بەهەشتە.

**لاوی ٣:** (بەگەرمییەوە):

ئینشاڵلا.

**لاوی ٤:**

یادی خوالێخۆشبوو دەبێ هەمیشە ڕێبەر و هاندەرمان بێت و لەسەر ئەو ڕێبازەی کە ئەو گرتبوویە بەر سەقامگیر و بەردەوام و سەرکەتوومان کات!

**هەموویان** (پێکەوە):

ئینشاڵلا، ئینشاڵلا، ئەمە بەڵێنی پیرۆزمانە! ئەمە شەرت و پەیمانە.

**بەشی دووەم**

**دیمەنی چوارەم**

(ئازاد وەکو خەوتوو لێی ڕاکێشاوە، وردە وردە بە ئاگە دێتەوە، چاوەکانی دەتروکێنێ بە هێواشی دەستیان پیادا دەهێنێت، تروسکەی ڕووناکییەک بەدی دەکات و تا کۆتایی ئەم دیمەنە دیدەکانی بەو تروسکەیەوە دەبەسترێنەوە).

**ئازاد** (لەبەرخۆیەوە و بەجێیە).

بەناوی خودای میهرەبان و دلۆڤانەوە، سەیرە ئەوا من لەکوێم؟ (پەل دەکوتێ) ئەی ئەوا بۆ هیچ شتێکم لا نییە؟ ئەدی کوان باوک و دایکم و کاوە و نەشمیل (هەست ڕادەگرن) خودایە کەسم لەلا نییە. (بانگ دەکات، بەڵام دەنگی ئێجگار کزە و بە چاکی بۆی دەرناچێت). بابە، بابە، دایکە، ئەرێ هۆ و دایەگیان، کوڕە کاوەی برا، کچێ نەشمیل، نەشمیل، ئەوا بۆ کەسێکتان دیار

نییـه، ئـەی ئێـوە لـە کوێـن؟ بـۆچ دەنگێـک ناکـەن؟ (تروسـکاییەکە نەختـێ دەدرەوشـێتەوە، بـە تەواویـی چاوەکانـی هەڵدێنـێ و گـوێ هەڵدەخـات. هۆشـدارە).

**دەنگ:**

**ئازاد:** گوێ بگرە.

**ئازاد** (بەسەرسوڕمانێکەوە):

بەڵێ، بەڵێ جەنابتان کێن؟ ئەدی بۆ من ناتانبینم؟

**دەنگ:** (پرسیارەکە پشتگوێ دەخات):

ئەمـە کاری پـەروەردەگارە. هەڵسـتە بـا مـژدەی خۆشـیت پـێ بـدەم، دەرچوویـت.

**ئازاد** (گوشادە، لە هەمانکاتیشدا پەشۆکاوە).

زۆر سوپاس بۆ یەزدانی مەزن، بەڵام پێم بڵێ لەچی دەرچووم؟

**دەنگ:**

لە لێتۆژینەوە و پرسینەوەدا.

**ئازاد** (ڕوخساری دەگەشێتەوە):

زۆر سـوپاس بـۆ خوداوەنـدی میهرەبـان، زۆر سـوپاس ئـەوەی ڕاسـتی بێـت هەرچەنـد ترسـم زۆر بـوو، وەلـێ هەرگیزاوهەرگیـز لـە ڕەحمەتـی خـوای گـەورە بـێ ئومێـد نەبـووم.. بـەڵام تـوو بـی خـودا ئـەی شـیرینترین و ناسـکترین دەنـگ، پێـم ناڵێیـت یەزدانـی مـەزن بەچـی لەمـن خۆشـبووە؟ خـۆ بەنـدە کەموکوڕیـم زۆر هەبـوون..

**دەنگ:**

خـودای بەخشـندە و میهرەبـان دەفەرمـووێ بـۆ ئـەوە لێـت خۆشـبووە کـە لـە دنیـادا چاکـەت لـە خراپـەت پتربـووە و نیشـتمان و گەلـی خۆتـت خۆشویسـتوون و لـە سـەریان بەدەنگبوویـت و

خۆشەویستی نیشتمانیش لە بڕواوەیە. ماکی ئادەمیزادیش لە کردەوەکانیدایە، مرۆڤ بە ڕەفتارەکانییەوە دەناسرێت.

**ئازاد** (کامەران و دڵشادە):

بڕوام هەمیشە پتەو بوو، قەتاوقەتیش هیوام نەبڕیبوو. لەخودا بەزیاد بێ سەد شوکور، باشە، ئەدی هاوڕێکانم کوان و چیان لێقەوماوە؟

**دەنگ:**

کامانە هاوڕێ؟

**ئازاد** (بەپەرۆشەوە):

ئەوانەی لەم سەفەرەمانا لەگەڵمدا بوون. بەندە بۆ ئەم گەشتە خۆ بەتەنها نەهاتبووم!

**دەنگ:**

نەخێر، تەنیا نەبوویت، بەڵام هەر یەکە و بەرێی هەقی خۆیدا ڕۆیشتووە.

**ئازاد** (بەتاسەوە):

یانی یەکتر ناگرینەوە و ئەمن نایانبینمەوە.

**دەنگ:**

جارێ نە.

(ڕووناکییەکە گەشتر دەبێت، ئازاد بەچاکی و بە ڕوخسارێکی درەوشاوە و جوانی نوورانییەوە دەبینرێت).

**ئازاد:**

دەی باشە، ئێستێ ئەمن چ بکەم؟

**دەنگ:**

تۆ کە دەرچوویت، لێرە نامێنێتەوە، گەرەکە بڕۆیت بۆ

وێستگەی پلەی یەکەم: هەر ئێستا ڕاسپێردراو دێن و بە فەرمانی یەزدانی مەزن بۆ ئەوێت دەبەن.

**ئازاد** (بەشادمانییەکی دیارەوە).

ئەوجا؟

**دەنگ:**

لەکاتی دیاریکراودا هەر بە فەرمایشتی پەروەردگاری مەزن بۆ ئەو شوێنە دەنێردرێت کە بۆ تۆ و بۆ ئیمانداران تەرخانکراوە، دە ئەمجا هەڵسە و شوکرانە ببژێرە.

(ترووسکە ڕووناکییەکە بۆ ساتەوەختێکی زۆر کورت دەکوژێتەوە و ئەمجا، زۆر بەگەشی هەڵدەگیرسێتەوە. ئێستێ دەوروبەر زۆر ڕۆشنە ئاوازێکی مۆزیقای دڵڕفێنی ئاسمانیی دەبیسرێت.

ئازاد بەپێوە وێستاوە، دەستەکانی بەرزکردوونەتەوە خەریکی نزاو پاڕانەوە و سوپاس و شوکرانەیە!

**بەشی سێیەم**

**دیمەنی پێنجەم**

(ژمارەیەک خەڵکانی هەمە جۆر هەریەک بەشێوەیەک وێستاوە یاخۆ دانیشتووە، وەک ئەوە دێنە بەرچاو بۆ ڕاگوێزان خۆیان ئامادە کردبێ. تێکڕایان ڕۆح سووک و دڵشادن. ئازاد، لەنێویاندا کابرایەک بەدی دەکات و تێوەی ڕادەمێنێ. کابراکە بە تەمەنە و شێوەی ڕوخسار و لەشی گەچڕاوە. بە زەحمەت دەناسرێتەوە. ئازاد لێیەوە نزیک دەبێتەوە و دەیدوێنێت).

**ئازاد** (بەحەپەساوییەوە):

مام حاجی سڵاو.

**حاجی** (تێوەی ڕادەمێنێت):

سڵاو لەخۆتان ناتانناسم. بەڕێزتان کێن؟

**ئازاد:** (دە....):

من ئازادم، مامە حاجی ئازادی مام حەسەن چۆن نامناسیتەوە.

**حاجی** (بیردەکاتەوە):

تووخوا بەڕاستیتە، ماشەڵلا گەورە براویت!

**ئازاد** (گوشادە) :

بەڵێ، بەڵێ.

**حاجی:**

وەختێ من جێمهیشتی تۆ هێشتە مووت لێنەهاتبوو،

**ئازاد:**

بەڵــێ ڕاســتە وابــوو (بــە قووڵــی لــە فکــران ڕادەچــێ) باشــە، مامــە حاجــی تــۆ بــەلای ئێمــەوە مردوویــت.

**حاجی** (سەراسیمەیە):

مردن؟ مردنی چی؟

**ئازاد** (پەشێوە):

بەڵــێ، لــەو دونیــا تــۆ نەخــۆش کەوتیــت، دوای ماوەیــەک خەوتــی لــە نەخۆشــخانە و هامووشــۆی نــۆژدەران و داودەرمــان خــواردن ئەتــو فەرمانــی خــودات بەجێهێنــاو بــوو بــە شــین و گریــان و لەخــۆدان و ســێ ڕۆژانیــش لــە مزگەوتــی گــەڕەک پرســەیان بــۆ دانایــت.

**حاجی** (بیردەکاتەوە):

نــا کاکــە نــا، شــتی وا نەبــووە، ئــەوەی ڕاســتی بێــت دوای ناســاخییەکەم مــن ڕۆژێکیــان ســەفەرێکم کــرد ئەوەبــوو لــە پاســگەکەدا دەســتگیریان کــردم..

**ئازاد** (سەرسامی):

ئێ!؟

**حاجی:**

ئێ ئێ لەوێ پرسیار و لێتۆژینەوەیان لەگەڵدا کردم.

**ئازاد** (بەپەرۆشەوە):

ئەوجا؟

**حاجی:**

ئارام بگرە، با بەتەواوی بۆتی بگێڕمەوە.

(ئــەو نێوەنــدە تاریــک دادێــت، خەڵکــەکان گشــتیان ون دەبــن، شــوێنەکە تەنگەبــەر و ســامناکە، مــام حاجــی لێــی ڕاکشــاوە، دەناڵێنێــت نــاکاو چەنــد دەنگێــک دەبیســترێت).

**دەنگی ١:**

حاجی تۆ گوناهباریت.

**حاجی** (ڕادەچڵەکێ):

ئەی هاوار، بۆ؟ من خۆ نوێژکەر و ڕۆژووگر بووم!

**دەنگی ٢:**

بــە ڕواڵــەت بــووە لەئاســت هەژارانــدا لــووت بــەرز و ڕووگــرژ بوویــت.

**حاجی** (ترساوە):

خودام بەهەق ناسیوە و قورئان خوێن بووم.

**دەنگی ١:**

بـۆ تێگەیشـتن و پەیڕەوکـردن نەبـووە، سـەنگ و تـەرازووت ناتـەواو بـوون، جارێکیـان بـێ سـەوادێ یـەک کیلـۆ ڕۆنـی لێـت کڕیبـێ پەنجـا گرامـت لـێ دزی.

**حاجی:**

ئـەی حاکـم بەسـە، باشـە خـۆ حەجـم کـردوە، ئـەو گوناهانەشـم پـاک کردوونەتـەوە.

**دەنگی ٢:**

بـۆ فریـودان و چەواشـەکاریی بـووە، بـۆ دەسـتبڕی خەڵـک هـەردەم بـەدرۆ سـوێندت بـە کەشـیدەکەت خـواردووە، پـاش حەجەکـەش ڕۆژێکیـان پاشـملە غەیبەتـی ناسـیاوێکی خۆتـت کردبـوو.

**حاجی:**

باوکم من خێروخێراتم زۆر بووە، هاموشۆی مزگەوتم کردووە.

**دەنگی ١:**

بـۆ فێـڵ و خڵەتانـدن بـووە وەلـێ خوداوەنـدی مـەزن فێڵـی لێناکرێـت و هیچـی لـێ ناشـاردرێتەوە و چاکـە و خراپـە لای ئـەم بـزر نابـێ. تـۆ، بـە هانـدان و مەکـری زڕدایـک سـۆزی باوکایەتیـت بـۆ کچـە بێنازەکـەت کـەم بـووەوە، مافـی خۆتـت نەداوەتـێ بەهـۆ و بەبـێ هـۆ سەرزەنشـتت کـردووە و سـزای ناڕەوایشـت داوە.

**حاجی** (زۆر دڵتەنگە):

پەژیوان بوومەتەوە و یەک بە دە زیاتریش تۆڵەم لێکراونەتەوە.

**دەنگی ٢:**

لەهەموویشـی ناڕەواتـر بـۆ سـوود و بەرژەوەنـدی خـۆت لەگـەڵ دوژمنـی خوێنخـۆری وڵاتەکەتـدا دەسـتت تێکـەڵ کـردووە و وەختـێ هـات بـە زۆر خاکتانـی داگیـر کـرد هیـچ بەرگرییەکـت لێنەکـردووە.

**حاجی** (ئێجگار پەرێشانە): خودا ڕەحمم پێبکات ئەنجامم چییە؟

**دەنگی ١:**

فەرمایشـتی پـەروەردەگاری مەزنـە، دەبـێ بایـی ئـەو گوناهـە و

خەتایانــەت لــە ئاگــردا بســـووتێیت.

**حاجی:** (بەهەموو هێزییەوە، هاوار دەکات، وەلێ دەنگی دەرنایەت).

ئەی خاک بەسەرم، وەی ماڵوێران خۆم هەی!

(ڕووناکــی، دیمەنــی پێشــوو، ئــازاد و حاجــی و هەمــوو ئەوانــی تــر بــە دیــار دەکەونــەوە، بەبــێ گۆڕانــکاری).

**حاجی** (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت):

بەمجــۆرە بەندەیــان بــۆ وێســتگەی پلــەی دووەم پەلکێــش کــرد. (ئاخێــک) لەوێشــەوە یەکســەر بــۆ نێــو ئاگــری دۆزەخ فڕێردامــە خــوارەوە و یاخــوا هەرچــی بەنــدەی خودایــە بەشــی تێیــدا نەبێــت!

ئازاد (بەحەپەساویی):

باشە ئەوێ چۆن چۆنییە؟

**حاجی** (دەسەڵەمێتەوە):

دۆزەخە و ئەوجا تۆ بڵێی دەبێ چۆن بێت!

**ئازاد** (ساکارانە)

ئەی باشە کەسی ناسراوت لێ نەبوو؟

**حاجی** (بە بزەیەکی تەوس ئامێزەوە)

بەرێ وەڵلاهی پڕیەتی، ئێ وای تێدانە هەر بە خەیاڵتدا نایەن.

**ئازاد** (بەپەرۆشەوە):

وەکو..

**حاجی** (بێباکانە):

وەکــو، هۆلاکــۆ، هیتلــەر، بەکــرۆک، شــا کــێ و ســوڵتان نازانــم کــێ، ..... هەمــوو ئەوانــەی دەســتدرێژییان کردۆتــە ســەر گیــان و مــاڵ و حاڵــی خەڵکانــی بــێ گونــاه و کــەم دەســەڵات، هــەروا بمنێێتــەوە هــی وای لێبــوو دەیانگــوت بۆمبــی ناوەکــی دروســتکردووە، هەبــوون

گوتیان چەکی کیمیاوی و گاز و ئەو شتە بە کۆمەڵکوژانەی داهێناوە. زۆرەهای ترسیش کەوا دەنگ بوو لە دنیادا دووژمنی مرۆڤایەتی و ئاشتی بوونە و زیانیان بە بێتاوانیان گەیاندووە، یاخود ئایین یان دەسەڵاتیان بۆ سوود و قازانجی خۆیان بەکارهێناوە و خەڵکانی نەزانیان چەواشە کردووە.

**ئازاد** (دڵخۆشە):

وەی دەستخۆش، باشە ئەدی ئەوانی لای خۆمان زۆردار و دڕندە و پیاو خراپ و قۆڵبڕ و مرۆڤ کوژەکان؟

**حاجی** (بە گەرمییەوە):

سەرجەمیان لەوێن و تۆڵەی یەک بە هەزاریان لێدەکرێتەوە.

**ئازاد** (ڕوخساری دەگەشێتەوە دڵشادە):

ئۆخەی هەزار جار شوکر لەتۆ بەزیاد بێ خودای گەورە و دادپەروەرە!

**دەنگێک** (دەبیسترێت):

هۆ و خوداپێداوەکان، ئامادەبن هەر ئێستێ دەگوێزرێنەوە بۆ ئەو شوێنە پیرۆزەی کە هەتا هەتا تێیدا سەرفراز بەختەوەر و کامەران دەبن. خۆشی لە خۆتان.. پیرۆزە، ئەم بەخششەی یەزدان.. شوکرانەی بۆ بکەن.. سودژەی پێزانین بەرن!

(هەر لەو ساتەدا ڕووناکییەکی زۆر بەشەوق و ناوازە کە لەوە پێشتر ئادەمیزاد هەرگیز ئاشنای نەبوە ئەو ناوە سەرتاپا ڕۆشن دەکاتەوە، لە تەکیدا ئاواز و مۆزیقای زۆر بەسۆز و دڵگری ئاسمانیی بونەوەرەکانی ئەوێ دەخاتە ئەوبەری گوشادی و خۆشحاڵییەوە، لە چاوتروکانێکدا ون دەبن!).

**کۆتایی**

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.